

گێژاو
فەرۆخ نێعمەتپوور
رۆمان - ٢٠٢٠

# گێژاو

**ڕۆمان**

**٢٠٢٠**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**ناوی کتێب: گێژاو**

**ژانر: رۆمان**

**تیراژ:**

(١)

من بێزارم،... مەبەستم ئەوەیە ناوم بێزارە،... ناسراو بە بێزاری ماجوومی. کوڕی سەیدی ئاسنگەر. خەڵکی 'بانە'م. یەعنی بە رێکەوت بووم بە بانەیی. ئەگینا ئەگەر دایک و باوکم نەهاتنایە بۆ ئێرە و لە شوێنی جارانیان ژیابان، ئەوا من ئیستا خەڵکی ئەو شوێنەی تر دەبووم. بگرە رەنگە قەت ناوی بانەیشم نەبیستایە. بەهەرحاڵ ئیستا بانەییم. وەک دەڵێن نیشتمانیش شتێک نیە بۆ خۆت هەڵیبژێری. نیشتمان رێکەوتە. وەک چۆن مەرج نیە لەنێوان چەقۆ و کوشتندا پێوەندی راستەوخۆ هەبێ، هەر بەو رادەیەیش لە نێوان نیشتمان و مرۆڤەکاندا پێوەندی راستەخۆ نیە. لە نێوان چەقۆ و کوشتندا دونیایەک شتی دیکە هەیە.

باسی نیشتمانم کرد، بەڵام من لێرە نیم بۆ ئەوەی باسی ئەمەتان بۆ بکەم. بە پێچەوانەوە زۆریش لێی دوورم. من لێرەم بۆ ئەوەی باسی پێوەندیی چەقۆ و کوشتن بۆ ئێوە بگێڕمەوە. پێوەندییەک کە بەڕێکەوت لە ناو ژیانی منەوە گوزەردەکا و رەنگە بگاتە هەندێ شوێنی تریش. من لام وایە ئێمە بە بێ ئەوەی بۆ خۆمان بزانین، هەندێ شتی بەرواڵەت زۆر بچوک، رێک وەک ماجوومییەکانم، دەتوانن گەورەترین مانا لە ژیانماندا پەیدابکەن و بگرە وەهایان لێ بێت کە سەرتاسەری زیندەگی، جا چ کورت بێت و چ درێژ، بۆ هەمیشە داگیربکەن. بەم شێوەیە شتەکە بەڕاستی ببێ بە شت! من لام وایە ئەوەندەی لە دەرەوە بڕیار لەسەر ژیانمان دەدرێ لە دەروونەوە نادرێ. دیارە مەبەستم ئەوە نیە وەک خۆمان هیچ دەورێکمان لەم

چارەنووسەدا نیە،... نا، هەمانە، بەڵام دەرەوە گەورەترە لە ئێمە. ڕێک وەک خانووەکەی دراوسێکەمان و خانووەکەی ئێمە. خانووەکەی بەکرەی زێڕنگەر و خانووەکەی سەیدی ئاسنگەر دەڵێم.

من لێرەم لە ناو ئەم بەسەرهاتەدا بۆ ئەوەی باسی ژیانی خۆم بۆ ئێوە بگێڕمەوە. ئەگینا گەر بە خۆم بووایە قەت ئامادە نەبووم تیایا بم. هەڵبەت با ئەوەیش بڵێم من چیرۆکنووس و شتی لەم بابەتە نیم. من بابایەکی تەواو ئاساییم. ئاسایی لە دایک بووم، ئاسایی ژیام و دەژیم و دڵنیام ئاساییش رۆژێک لە رۆژان دەمرم. هەڵبەت جگە لە یەک ڕووداو کە نازانم تا چەندە دەتوانێ ئاسایی بێت. دیارە زۆرم پێ خۆشە مرۆڤێکی ئاساییم. لەبەر ئەوەی سەرەڕای تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانم، ئاسوودەتر ژیاوم. لای من مرۆڤە ئاساییەکان ئەگەرچی ژیانیان دژوارە، بەڵام ئاسایی تر لەوانەی دەژین وا ئاسایی نین. دژوارییەکانی ئێمە دژوارێکی ئاساییین!

ئەم چیرۆکەی لێرەدا بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، لە ڕاستیدا ئەوە من نیم دەیگێڕمەوە، بەڵکو پیاوێکی ترە کە بەڕێکەوت ناسیم. گوتیان قەڵەمی بەدەستەوەیە و حەزی پێیە بەسەرهات بگێڕێتەوە. وەک باسی دەکەن لە بەر پەنجەرەی ماڵەکەی دادەنیشێ و لە کاتێکدا جگەرە بە لێویەوە دەنێ، رۆژ تا ئێوارە بە پێژامەوە سەیری کۆڵان و خەڵکی دەکا بۆ ئەوەی بەسەرهاتێ بە ڕێکەوت ببینێتەوە و لە ڕێگای نووسینەوە بیگێڕیتەوە. بەهەرحال کاتێک منیش ئەمەم بیست، وتم جا بۆ بۆخۆم نەچم و بۆی نەگێڕمەوە. تا لەبیرم نەچووە دەبێ ئەوەیش بڵێم کۆڵانەکەی ئەو نووسەرە لەپشت قوتابخانەیەکی سەرەتاییەوەیە کە حەسارێک لە حەوشەی مەدرەسەکە جیای دەکاتەوە، کۆڵانێکی درێژ کە بە هاوینان دەمەو ئێوارە پڕدەبێ لە منداڵی عەجول و لەو ژن و کچانەی لەم سەر تا ئەو سەر لەبەر دەرگای ماڵەکانیان رادەوەستن یان بە کۆشێک گوولەبەڕۆژەوە دانیشتوون و پێکەوە ماندوویی و بێتاقەتی ڕۆژەکان

دەردەکەن. ناوی قوتابخانەکە 'پەهلەوی'یە و یەکێک لە دوو قوتابخانەی منداڵانی شارە لە دەیەی پەنجای هەتاوی.

بۆخۆم بە قاچەکانی خۆم چوومە لای. چەنە پیاوێکی جوان چاک و دەروون پاکیش بوو! تەنیا خراپەی ئەوەیە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنێ و ئیتر من نازانم لەناو ئەو چڕەدووکەڵەدا چۆن دەتوانێ چاوی لە رووداوەکانی دەرەوەی پەنجەرەکەی خۆی بێت!... رووداوەکانی کۆڵان دەڵێم. یان بگرە لە پەڕەکانی بەردەمیشی. بێجگە لەمە دەبێ دیان بەوەیشدا بنێم من لەوە تێناگەم کەسێک بیەوێ چیرۆکنووس بێت و حەزی بە گێڕانەوەی رووداو بێت و کەچی ئامادە نەبێ لە ماڵ دەرکەوێ، رووبکاتە دونیا و خۆ بهاوێتە گۆمی گا مەند و بێ بنی و، گا پڕ لە گرمە و لرفەی کەف چڕێنی! رێک وەک 'گۆمە تەنووران'! گۆمەکەی دەشتی بۆیەن لە بناری شاخی نەزەر. ئاخر مەگەر نەک ئەوەیکە چیرۆک هەمیشە لە دەرەوەیە؟... نەک ئەوەیکە رووداو هەمیشە لەو شوێنەیە وا ئێمە لوتمان بە لوتی یەکتردا دەتەقێتەوە؟

بەهەرحاڵ ئەمە کێشەی من نیە. من تەنیا بە شوێن ئەوەوەم کەسێک هەبێ و چیرۆکی خۆمم بۆ بگێڕێتەوە.

کاتێک چوومە لای، پێم وت کاکی نووسەر من شتەکانت بۆ دەگێڕمەوە و ئیتر کەیفی خۆتە چییان لێ بەسەردێنی،... چۆنیان تێک و مەکان دەدەێ و دوواتر چۆن سەریەکیان دەخەیتەوە. خۆت و ویژدانت! پێم وت گرینگ ئەوەیە کاکڵی قسەکانی من ون نەبێ، جا ئیتر خۆت و هونەری خۆت. بە من چی چۆنی پیاهەڵدەڵێی و چۆن چۆنی رێک و پێکیان دەکەی، یاخود لێیان دەقرتێنی. گوتم من ماجوومفرۆشم و لەمە دەگەم. دیارە کاتی خۆی ئەمە لەو کتێبانەوە فێربووم وا بێزاد پێیانی دابووم. ئەویش خوا هەڵناگرێ ئەمەی زۆر لا پەسەندبوو و زۆر خێرا وتی باشە،... وادەکەین! ئیتر منیش لەو رۆژەوە لە بەرامبەریدا لەژێر ئەو سەقفە نزمەدا دانیشتم و

بە کەیفی خۆم ژیانی خۆمم بۆ گێڕایەوە. هەڵبەت نەک لەبەر پەنجەرەکەدا. نە ئەو ئەمەی پێ خۆش بوو و نە من. ئەو لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو کاتانە لەبەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت کە بە شوێن بەسەرهاتەوە بوو و بۆیە ئێستاکە کە دەستی کەوتبوو بە پێویستی نەدەزانی لەوێ دانیشێ،... منیش لەبەر ئەوەی حەزم نەدەکرد خەڵکی لە کاتی گێڕانەوەکانم دا من ببینن. حەزم نەدەکرد دوواتر کاتێک کتێبەکەی دەهاتە دەرەوە، پێیان وابێ ئەمە بەسەرهاتی منە و ئەو برادەرە بۆ خۆی پێکیەوە نەناوە.

بۆ ئەوەی ئێوە لە چیرۆکی ژیانی من بگەن، پێویستە کەسێکی وەک ئەو لە زمانی منەوە بیگێڕتەوە. من سەرەڕای بێزاربوونی خۆم زۆر خێرا بەمە گەیشتم. چیرۆکی ژیان هەرچەند زۆر سادەیش بێت، بەڵام تەنیا کاکی قەڵەم بەدەست مافی گێڕانەوەی هەیە. تەنیا ئەوان بۆیان هەیە بیگێڕنەوە. ئەوان دەیگێڕنەوە نەک لەبەر ئەوەی ئەوەی روویداوە دەیگێڕنەوە، نا، لەبەر ئەوەی ئەوەیشی دەگێڕنەوە وا روونەداوە. بۆیە لێرەوە بەلەزەت دەبێ. دەبێ بە شتێکی تر. جگە لەمە بەڕای منیش ژیانی ئێمە تەنیا ئەوەی نیە بەسەرمان دێت، بەڵکو ئەویشە کە بەسەرمان نایەت و بەڵام حەزدەکەین بەسەرمان بێت. بگرە تەواوی تەمەنمان ئارەزوومان ئەوەیە زیندەگیمان ئەوەی بێت وا لە خەونەکانماندایە. جا ئەمەیش من دەگرێتەوە. رەنگە زیاتر لە هەر کەسێکی تر.

بۆیە ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە چیرۆکێکە دوو نەفەر دەیگێڕنەوە: من و کاکی نووسەر. من و ئەو پێکەوە ئەم چیرۆکە دەگێڕینەوە. جاری وایە ئەوەو جاری وایە من و، جاری وایە هەردووکمان. یان رەنگە بەگشتی هەر ئەوە دەیگێڕێتەوە، چونکە ناوی ئەوە وەک نووسەر بە سەر کتێبەکەوەیە. ئاە، چەند سەرم دێشێ،... نازانم. چەند ماندووم،... تیایا ماوم. ئەمە وەک سینیی ماجوومییەکانم نیە کاتێک ماندوودەبم و قۆلە گۆجەکەمم تەواو لێدێتە ژان، دایبنێم و لە کۆلانێکی چۆڵ و خۆڵینی ناو

یەکێک لە گەڕەکەکانی شار پاڵ بە دیوارێکی گڵێنەوە بدەم و لە گەرمای تاقەتپڕوکێنی هاوینێکی پەنجاکاندا سەرداخەم و بە چیلکەیەک خۆڵەکەی بەردەمم وەربدەم. با ئەوەیش بڵێم من لە سێ جەلەسەدا ژیانی خۆمم بۆ گێڕایەوە، لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە درەنگان. کە لە کۆتایی هەر گێڕانەوەیەکیشدا دەردەکەوتم، کۆڵان تاریک ببوو و لە تاق و تەرا هاتووچووەکانیش کەوتبوو. کاکی قەڵەم بەدەست حەزی لەمە بوو. دەیگوت سەرنجڕاکێشترین چیرۆکەکان ئەوانەن بەیانی زوو دەستپێدەکەن و ئێوارە درەنگان تەواودەبن. ناشزانم کاکی چیرۆکنووس بۆ لێ زیادکردنی بەسەرهاتەکەی من چەند رۆژ و مانگ و ساڵانیش بۆی دانیشتبوو. یان رەنگە هەر لەگەڵ گێڕانەوەکانی من ئەویش شتی خۆی پێ زیاد کردبوو و ئیتر لە سێهەم رۆژدا هەموو شتێک تەواوببوو. ببوو بەو شتەی وا ئیستا ئێوە دەیخوێننەوە. نازانم. ئەمە ئۆباڵی بە ئەستۆی خۆی! من کارم بە سەر ئەم بەشەی نیە. جا داواتان لێدەکەم کاتێک ئەم حەقایەتە دەخویننەوە، لەبەر ئەوەی ئەو زۆرتری سەر خستووە زیاتر بە هی ئەوی بزانن تا من. پێم وابێ وا باشتریشە. یەعنی دەبێ باشتریش بێت! ژیان بە پیاهەڵگوتن و کەم و زیادکردنی دەبێ بە ژیان، ئەگینا خۆی لە خۆیدا بەتاڵ و فشەیە. بۆیە من دڵنیام ئەم چیرۆکە وا ئێوە دەیخوێننەوە قەت روونەداوە!

وەک وتم من بێزاری ماجوومیم کە ئەم رۆژانە هەمیشە هەناسەی سوارە و بە زەحمەت هەوای دەوری سەری هەڵدەمژێ، کەسێک کە هەوڵدەدا بە خاوێنکردنەوەی سینییەکانەوە خۆی مەشغوڵ بکا. سینییەکان دوو دانەی گەورەن، هەڵیاندەگرم و دەیانبەم و لەبەردەم بیری ئاوەکە دایاندەنێم و دەستدەکەم بە شۆردنیان. ئەمە کاری هەموو رۆژێکمە کاتێک لە فرۆشتن دەگەڕێمەوە. لانیکەم دەبێ یەکیان هەموو رۆژێک بشۆم. سینییەکان لە رۆحن و لە کاتی جوڵاندنیاندا کاتێک بەریەک دەکەون، یان لە چیمەنتۆی سەکۆ نزمەکەی بەر بیری ئاوەکە دەدرێن، دەنگێکی

گەورەی ناخۆشیان لێوە دێت، وەها کە بۆخۆیشم جاری وایە دادەچڵەکێم. دەنگێک کە قەت پێی رانەهاتم. بە ئارامی بۆ ئەوەی نەڕوشێن و خەتیان تێنەکەوێ ئەم دیواودیویان دەکەم و، بەو پەڕۆیە و ئەو تایتاوەی لە ناو سەتڵێکی پلاستیکیی کۆن و رەنگ هەڵبزرکاوی سەوزدا گرتوومەتەوە، دەیانشۆم. یەک یەک یاخود هەر یەکیان. پاشان دەچم لەسەر چیمەنە نیوە کەچەڵەکەی دیوی پشتەوەی خانووەکە دایاندەنێم بۆ ئەوەی وشک ببنەوە. سینییەکان شیلاوین و خاوێنکردنەوەیان ئاسان نیە. بەتایبەت کاتێک لەتێکی بچووکیش لە ماجوومیەکان پێیانەوە دەلکێن و وشک هەڵدەگەڕێن،... ئیتر زەحمەتە. بۆ لێکردنەوەیان لەم کاتانەدا سەرەتا هەوڵدەدەم جوان جوان سینییەکان لە ناو ئاودا بخوسێنم و پاشان بە برۆسێکی نەرم بە ئەسپایی بەو دەستەم کە گۆج نیە، لێیان بکەمەوە. ناو سینییەکان تا بڵێی وردەخەتیان تێکەوتووە، بەڵام ئیتر وەهایە. رۆح وەهایە، هەر لەخۆوە خەتی تێدەکەوێ، بەڵام باشییەکەی ئەوەیە رۆحەکە هەر لە جێی خۆیەتی و دەڵێی خەتەکان بە سەریەوە تەنیا نەقشن، نەک شتی تر. هەست ناکەم بە هۆی ئەو خەتانەوە، سینییەکان ناسک دەبنەوە و سەرئەنجام رۆژێک کونیان تێدەکەوێ.

لە کاتی گواستنەوەیان بۆ حەوشەکەی پشتەوە، دیسان هەوڵدەدەم بە دەستە ساخەکەم هەڵیانگرم. دەستە گۆجەکە تەنیا بۆ یارمەتی دانە، بۆ لەنگەرگرتنیانە، گەر هاتوو کەوتن. چ باشیش فریادەکەوێ! دەستە گۆجە کورتەکەم کە تا ئاستی کەمەمەرم دێ، دەخەمە ژێریان و بە پەنجە کورتەکانم هەوڵدەدەم تا بتوانم بەشێکی زۆرتر لە ژێر سینییەکان داگیربکەم. هەتا پانتر، ئەوا هەڵگرتن و هاوسەنگ کردنیشیان ئاسانترە.

ئەمڕۆ بەدەم شۆردنەوە، چاوێک هەڵدەبڕم و سەیرێکی خانووی دراوسێکەمان دەکەم. خانووە دوو قاتە چیمەنتۆییە یەکجار گەورە و سەرنجڕاکێشەکە دەڵێم. ئەو

خانووەی وا تەمەنی بەقەدەر خانووەکەی ئێمە نابێ. ئەو خانووەی وەها مەحکەم دەنوێنێ دەڵێی قەڵایە.

کە ژنەکەم دەچێ بۆ ئەوێ، لە پشت پەنجەرەکەوە بە دزییەوە سەیری خانووەکە دەکەم. ئەو ماڵە، چوار منداڵیان هەیە. دوو کچ و دوو کوڕ. کوڕەکان کاتێک منداڵ بوون یان لەبەر دەرگادا بوون، یان لەسەر باڵکۆنە چیمەنتۆییەکەی قاتی دووهەم خەریکی کایەکردن بوون. کچەکانیش جاران هەمیشە بەدەم دایکیانەوە بوون. ئیستا کەس نابینرێ. کچەکان شوویان کردووە و کوڕەکانیش لە دووکانن. دووکانی زێڕنگەرییەکە. جگە لەو، کە دوواتر تێدەگەن مەبەستم کێیە، نەبێ. لەبەر خۆمەوە بۆڵەم دێ "باشە بۆ؟" ئەوسا بە بەری دەستە ئاساییەکەم بە توندی بە ناوچاوانی خۆمدا دەکێشم و چەند جوێنێکیش حەواڵەی نادیار دەکەم. من کە لە ئەساسدا پیاوێکی جوێنفرۆش نیم، ماوەیەکە یەکجار دەم پیسم لێدەرچووە.

بیردەکەمەوە ئەم ژنەی من بە تەمای شتێکە، یەعنی بە تەمای شتێک بوو. ئەوسا بیر لە هەموو ئەو چەند ساڵە دەکەمەوە کە دووبەدوو بە بێ هیچ منداڵێک ژیانمان بەسەربردووە. ژنەکەم یەکجار دڵی بە منداڵەوەیە. "ئەها،... بە تەمای منداڵە،... منداڵ!" ئەوسا روخسارم سەرتاسەر دەبێ بە خوێن. کەچی کاتێک ژنەکەم لەوێ لە ماڵە دەگەڕایەوە، هیچ لەو سوورییە بە روخسارمەوە نەدەما. دەستبەجێ ون دەبوو. سپی سپی دەبوومەوە. دەکشامەوە و هەوڵمدەدا بچم لە حەوشەکە خۆم بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەم. ئاە، چەندە شەرمەزاری ژنەکەمم!

من کە تاقەتی قسە و باسی خەڵکی و دەمی ناسەلامەتیانم نیە، گێژگێژ مابوومەوە چی بکەم، بەڵام ئەم گێژییە سەرئەنجام ئەوەندەی نەخایاند و ئەمڕۆ کاتێک ژنەکەم بە بوخچەکەی و چارشێوە گوڵگوڵیەکەیەوە گەڕابووەوە، رێک لە ناو دەرگای

ژوورەوە، ئەوەی دەبووایە بەسەریدا بێنم، هێنام،... وەها کە بۆخۆیشم نەمدەتوانی باوەڕی پێبکەم!

سینییەکان بە پەڕۆکە وشک دەکەمەوە و سەر یەکیان دەخەم و هەر لەوێ لە حەوشەکە لە بن میچەکە لەسەر بەرمیلە نەوتەکە دیسان سەر یەکیان دەخەمەوە. پێکەوە قورسن. بە تایبەت فشار بۆ دەستە گۆجەکەم دێنن. هەر بۆیە هەوڵدەدەم بە تەنیا بیانجوڵێنم. دیسان دێمەوە ئەم بەر حەوشەکە و چاو لە خانووە چیمەنتۆییەکە دەبڕمەوە. ژنەکەم هێشتا لەوێیە. دەزانم لە ئان و ساتدایە دەرکەوێ. دادەنەوم تا گسکەکە هەڵبگرمەوەو بیخەمەوە بەر دیوارەکە و، هەر سەر حەوادەدەمەوە، ژنەکەم دەبینم. چەند خەرامان ڕێگا دەبڕێ! کتوپڕ ژەهرە زەردەکەی ناو دەمارەکانم وەها خەست دەبێتەوە کە ناو دەمم تاڵ تاڵ دەبێ و دەستە کورتەکەم دەکەوێتە لەرزین. "نا، وانابێ،... وانابێ!" بەپەلە دەچمە ژوورەوە و زاری دەرگاکە وەک دەمە ئەژدیهایەک قوتم دەدا. چەند ئەم ژوورانە ئارامیم پێدەبخشن. ئەم چوارچێوانە چەند لە هەموو شتێک دوورم دەخەنەوە. سەیری دیوارەکان دەکەم. هیچ شتێک وەک ناو ماڵ نیە، دەتوانێ هەتاهەتایە وەک خۆی بەردەوام بێت، تازە زیاتر لە جارانی خۆی. کارێک دەکا قەت هەست بە تێپەڕینی زەمەن نەکەی. تەنانەت کارەساتەکانیش بچوک دەکاتەوە. ئەوەندە بچوک گەر چاوت لە دەرەوە نەبێت دەتوانی زۆر بە ئاسانی فەرامۆشیان بکەی، بەڵام،... بەڵام لەعنەت لە دەرەوە،... لەعنەت لە کۆڵان و لە جادەکان،... نفرین لەو چاو و دەمانەی هەموو شتێک دەبینن و هەموو شتێک دەڵێن جگە لە خۆیان و لەوەی لە پشتی خۆیانەوەیە.

ژنەکەم دەگاتەوە پەرژینەکە. لە ناو حەوشەکەوە دەستی لە چارشێوەکەی دەترازێنێ، ئیتر وەک عادەتی هەمیشەیی چارشێوەکە تەنیا بە هۆی گیربوونی لە سەری بە جەستەیدا شۆڕدەبێتەوە. چاوم لە سکی هەڵاوساویەتی. سکە نەگبەتەکە. ئەو سکەی

ڕۆژگاری منی ڕەشکردووە. ژنەکەم هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و پاش کەمێک ڕاوەستان بەرەو دەرگای ژوورەوە دێ. لە دەرەوە عەسرێکی ڕۆژێکی هاوینیی خۆشە. من هەمیشە لەم کاتانەدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر ئاشقی ئەوم. پێم وابێ هەر لە عەسرێکی ڕۆژێکی هاوینیش دا دڵم گیرۆدەی بوو.

لە ژوورەوە چەقۆ گەورە و کولەکەی ساڵان چاوەڕوانم بوو. ئەو چەقۆیەی لە دووکانی حاجییەوە بۆمان مابووەوە. ئەو چەقۆیەی من تەنیا وەک بیرەوەریی ئەو ساڵانە هەڵمگرتبوو و، لە گۆشەیەکی ماڵەکە دامنابوو. ئەو چەقۆیەی جاروبارە دەسکەکەی ڕەنگ دەگۆڕێ و دەبێ بە ڕەش! دەبێ بەو چەقۆیەی وا کاتی خۆی بۆ ماڵی فەقێ ئەحمەدم بردەوە. سەیرە! هەڵیدەگرم و بەکاوەخۆ بەرەو دەرگاکە دەگەڕێمەوە و خۆم لەوێ حەشاردەدەم. هەموو جەستەم شەلاڵی ئارەقە. سەرەتا نازانم بە کام دەست چەقۆکە بگرم، بە ڕاست یان بە دەستە گۆجەکەی چەپم. پاش دەستاودەست پێکردنێکی چەند جارە، بڕیاردەدەم بە دەستە گۆجەکە بەدەستییەوە بگرم. هەستم دەکرد مەچەکی ئەم دەستەم بۆ ئەم کارە بەهێزترە، ئەگەرچی جگە لە باڵم پەنجەکانیشی کورتتر بوون. یان ڕەنگە بۆ ئەوەی سەرەڕای بڕیارەکەم دەستە کورتەکەم نەیگاتێ و ئەوەی نەقەومێ وا لە دڵمدا بوو! بۆ ئەوەی قۆلەکەم نەگاتە خەونەکەم. بن باڵم دێشێ و بۆ ئەوەی خۆم لەم دەردە ڕزگاربکەم، کەمێک دەستم دەکێشم. ئاخ لەم ژانە هەمیشەییە! ژانەکە خۆی دەکشێنێتە سەر شانی چەپم و لەوێ دەحەوێتەوە. ژوورەوە، وەک هەمیشە ئەوەندە ئاشنایە کە بڕیارە غەریبەکەم لێم ناکا بە غەریبە. خۆم باوەڕ بەمە ناکەم. ئەوەی بەڵێنە ڕووبدات لام وەک ڕووداوێکی دوور و نامۆ دێتە بەرچاو کە دەکرێ هەر دەم دیسان ون بێتەوە. ئارام پاڵ بە دیوارەکەی پشتمەوە دەدەمەوە.

کاتێک پرشنگ لە دەرگاکە ترازا و خۆی بە ژوورەوەدا کرد، لە گەڵیا هاڵاوی بۆنی جەستەیەکی تازە خۆی بە خانووەکەدا کرد. بۆنێکی بێ گرێ و گۆڵ، بەڵام ئەم بۆنە ناتوانێ من بخەڵەتێنێ، هەستدەکەم لە بنی بنەوەی بۆنێکی تری لەگەڵە، بۆنێکی غەریب و نەفرەتهێنەر. لەو بۆنانەی دەتوانن وێنەی هەموو دونیات لێ لێڵ بکەن و ئیتر هیچ نەبینی. پەلەم نەبوو. هێشتم تا کەمێک تێپەڕێ. ژوورەوە ئەوەندە روون نەبوو تا زۆر خێرا ئاگای لەو جەستەیە بێت وا لە تەنیشتییەوە خۆی حەشاردابوو. بە ئارامی، بەڵام مەحکەم، هەتا مەچەکی گۆجم هێزی تیابوو، لە پشتەوە چەقۆکەم کرد بە جەستەی نەرمی دا. باوەڕم بە مەچەکی خۆم نەدەکرد. بەڵام بەڕاستی ئەوە هێزی مەچەکم بوو یا نەرمیی جەستەی ئەو کە چەقۆکەکە ئەوەندە ئاسان تا دەسکەکەی لێم ون بوو؟ پرشنگ دەنگی لێوە نەهات، تەنانەت لایشی نەکردەوە،... وەک بڵێی بە تەواوی لەلای رووداوێکی ئاسایی بێ. تەنیا ئەوەندە نەبێ یەک دوو چرکەی دووایی، وەک گۆنییەکی پڕ لە لۆکە بە ئارامی بەلادا هات و لە ژێر چارشێوەکەیدا پێش ئەوەی بیگەیەننە قەبران، بە جەستەی شۆراوەوە هەر لەوێدا نێژرا. جەستەی شۆراوی ناو حەمامی ماڵی دراوسێکەم. کاتێک کەوت، قژە خاوەکانی لەسەر بەڕە کۆنەکە پرش و بڵاو بووەوە. قژە رەش و درێژ و خاوەکەی دەڵێم کە من لە تەواوی تەمەنمدا بەڕاستی ئاشقیان بووم.

من بە دەستە گۆجەکەی چەپم پرشنگم کوشت. بەڵام راوەستە! بەڕاستی کوشتم؟ چارشێوەکەی دەڵێ ئا وایە و، کەچی شتێک لەو ژێرەوە دەڵێ نا، وانیە!

(٢)

خانووەکە، خانوویەکی کۆنی پەرپووت بوو لە باوکمەوە بۆم بەجێمابوو. دوو ژوور، دالانێک لە نێوانیاندا، ئاشپەزخانەیەکی درێژ بە گچکە پەنجەرەیەکی بچووکەوە و مەستەراحێک لە حەوشە. هەروەها سەرتەنوور و ژێرخانێک لە پشتەوە کە هەم شوێنی کەل و پەلی جۆراوجۆر بوون و هەم شوێنی مانگاکەمان. خانووەکە سێ لای حەوشە بوو بەو حەسارەوە لە چیلکە و چەوێڵ سازکرابوو. چیلکە و چەوێڵەکان بە هاوینان گیا لێیان دەئالا و بە زستانیش بەفر پیایاندا شۆڕدەبووەوە. لەبیرم دێ باوکم هەمیشە دەستێکی بەم حەسارەوە بوو. لێرەوە پاڵێکی بە دوو چیلکەوە دەنا و لەوێوە دووانی تری رادەکێشا دەرەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تر کەڵکیان لێوەرگرێتەوە. ئەمە قەت کۆتایی نەدەهات. هەمیشە دوو چیلکە لێرەوە زیادی بوون و دووی تر لەو لاوە کەم! باوکم چونکە ئاسنگەر بوو و چەکوچی بۆ حاجییەکی ئاسنگەر لێدەدا (جگە لە چەکوچ لێدان، دەیتوانی داس و تەور و ماڵەغان سازبکا و چەقۆیش تیژبکاتەوە و زۆر وردەکاریی دیکەیش)،

لێرەو لەوێ لە پاڵ داری ئەستور، بە مێڵی ئاسنیش پەرژینەکەی راگرتبوو و بگرە زۆریش خەنی بە پەرژینەکەی بوو. چونکە لە خۆشناوەتییەوە هاتبوو لە جیاتی پەرژینیش دەیگوت چەپەر. لەبیرم دێ لە جیاتی ئەوەی وەک بانەییان بڵێ پەرژینێ لەبەینا بێ، دەیگوت چەپەرێک لەبەیندا بێت! لای منیش چەپەر پەسندتر بوو. لەو دەشتە پەرتەوازە و دوورەشارەدا ورەی دەدامێ. دڵنیایی دەبەخشی. لام وابوو پەرینەوە لە چەپەر لە چاو پەرژین دژوارتر بوو! ئەو میلە ئاسنانە ئیستاکەیش هەر ماون، ئەگەرچی یەکجار ژەنگیان هێناوە، هەر ماون و من زۆر جار دەچم لە لایان دەوەستم و سەیریان دەکەم. دنیایەک بیرەوەرییان تێدایە. جاری وایە هەست دەکەم بیرەوەرییەکان ژەنگەکانن، تا مۆخیان رۆچوون. هەستدەکەم گەر توێ توێ لێیان بکەومەوە ئەوە دەتوانم تا ساڵانی ساڵ لەوە پێش بگەڕێمەوە. بە هەموو وێنەکانەوە. بەڵام من ئەمە ناکەم. لەبەر ئەوەی پێویستم بە هەڵدانەوەی بیرەوەرییەکان نیە. بیرەوەرییەکان هی پیاوە بەتەمەنەکانن، یان هی ئەوانەی وا لە غەریبین. منێک کە هێشتا گەنجم و جگە لەوە نەکەوتوومەتە غەریبایەتیش، ئیتر بیرەوەریم بۆچییە. رەنگە بڵێن بۆ درۆدەکەی، ئەوە نیە باوک و دایکت خەڵکی ئێرە نین و روویان لێرە کردووە! دەبێ بڵێم غەریبایەتی هی ئەوانە و، کە دەگاتە من رادەوەستێ. من لەم شارە لە دایک بووم، جا با لە منداڵدانی دایکێکی غەریبیشەوە بەربووبێتمەوە. هەروەها رەنگە بپرسن ئەی بیری دایک و باوکت ناکەی؟ دەبێ بڵێم بیریان دەکەم، زۆریش بیریان دەکەم، بەڵام هەر ئەوەندە تەنیا بیریان دەکەم و هیچی تر، نە کەمتر و نە زیاتر. ئەم بیرلێکردنەوەیە هەڵناداتە شتی تر. لە راستیشدا پێویست ناکا. من پیاوێکی شوکرم. شوکرم بە ماجوومییەکانم و بە ژنەکەم کە پێم وایە جوانترین ژنی دونیایە. لێتان نەشارمەوە ژنەکەم بەقەدەر ماجوومییەکانم شیرینە. بگرە شیرینتر،... یەکجار شیرینتر! لە هەموو ئەم ساڵانەیش دا لەبەر خۆمەوە و لە دڵی خۆمدا

سوپاسم کردووە کە شووی بە پیاوێکی دەست گۆجی وەک من کردووە. من دەزانم خەڵکی پێیان سەیرە. بۆیە من هەوڵدەدەم قەت پێکەوە و لەگەڵ یەک نەچینە دەرەوە. چۆن دەکرێ پیاوێکی دەست گۆج بە تەنیشت جوانترین ژنی دونیاوە هەنگاو هەڵبێنێ! هەروەها حەزیش ناکەم گوێی لێ بێ کە من ناوێکی تریشم لەوێ لەدەرەوە هەیە. ئەوەیکە من تەنیا بێزاری ماجوومی نیم، بەڵکو گۆجی ماجوومیشم. من دەزانم ژنەکەم دەزانێ گۆجم، بەڵام هەمیشە هەوڵدەدەم وەها لە ئاستیا دەرکەوم کە زۆر ئەو قۆلەم بەدەرەوە نەبێ. بۆ وێنە زۆربەی کات بە لاشاندا بەرامبەری رادەوەستم. بە لاشانی راستدا. تەنیا بە دەستی راست نان و چایی دەخۆم و شەوانەیش ئەو هەمیشە لە ناو جێگاکەدا لە تەنیشتمدا بە لای راستدا پاڵدەکەوێ و دەخەوێ. یەعنی من پێم گوتووە با وابێ. ئەویش زۆر ئاسان بەقسەی کردم. کە قسەیشی لەگەڵ دەکەم چونکە زۆرم خۆش دەوێ سەر وەردەگێڕم و هەوڵدەدەم بەپێچەوانەی جەستەم هەموو روخسارم روو لەو بێت. ئەوسا هەر لەخۆوە، بە هۆ و بێ هۆ، قۆلە ساخەکەم واتە قۆلی راستم رادەوەشێنم. خواهەڵناگرێ لە هەموو ئەو ساڵانەی پێکەوە ژیاوین قەت بە جۆرێک سەیری ئەو قۆلەمی نەکردووە، بگرە گەر دەمەقاڵەیشمان بووبێت ئەوا قسەیەکی خراپی لە سەر ئەو قۆلەمی بە دەمدا نەهاتووە. ئەو یەکجار رێزی ئەو قۆلەم دەگرێ. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاترم خۆش بووێت. ئەوەندە کە من قەت ناتوانم ژیان بە بێ ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم. دەڵێی هەر لە ئەزەلەوە پێکەوە لەدایک بووین. ئەگەرچی لە دوو دایکی جیا. ئەگەرچی ئەو چوار پێنج ساڵێک لە من جەوانترە.

بە پشت خانووەکەی ئێمە بە دیوی رۆژهەڵاتدا دوو چەم هەیە بە ناوەکانی 'چەمی گەورە' و 'زری زێن'. دوو چۆمی بچووک کە بە درێژایی کێوی 'بابۆس' لە 'کانی مەلاحمە' و 'پیرمراد'وە، وەک بەشێک لە سەرچاوەکانیان دەکشێن تا دەگەنەوە

چەمی شار. چەمی شاریش لە 'کەلی خان' و شاخەکانی دەوروبەرییەوە سەرچاوە دەگرێ و بەناو شاردا، بەگەڕەگی خواروویدا تێدەپەڕێ. ئەو چەمەی شیوی حەمەکەڕ و چەمی سۆغانانیشی دەهاتنەوە سەر.

من ئەوەتەی لەبیرم دێ هەر لەم خانووەدا بووم. نازانم باوکم چەند ساڵ پێش لەدایکبوونی من دروستی کردبوو، بەڵام من لێرە لە دایک بووم و گەورە بووم. کە بیردەکەمەوە دەبینم هەموو شتێ لەم خانووەدا وەک ساڵانە. هیچ شتێک نەگۆڕاوە. وەک هەمیشە تەپۆڵکەی بانەکۆن لەبەردەمی ئێمەدا لەولاترەوە قوت بووەتەوە و کێوی 'ئاربەبا'یش لە باشور خۆی دەنوێنێ. لە بەشی باکووریش کێوی 'دووزین'ە. ئەو کێوەی وا زووتر لە هەموو کێوەکانی تری دەوروبەری شار کە وەک دیوار چواردەوەری شاریان تەنیوە، بەفرەکەی دەتوێتەوە. لەبیرم دێ باوکم هەمیشە بۆنی ئاسن و بۆنی دووکەڵی دەدا، کاتێک دەهاتەوە لە ئاوی بیرەکەی حەوشە دەست و دەموچاوی دەشۆرد، هەر لەوێ لە سەر بەردە پان و لووسەکە نوێژی دەکرد و ئەوسا کە دەهاتە ژوورەوە دایکم دەستبەجێ چاییەکی بۆ تێدەکرد. چاییەکی خەستی کوڵاو. باوکم کە حەزی لە رادیۆکەی بوو، دەستبەجێ دەستی دەدایە و لە دووای جیق و فیقێکی زۆری گەڕاندنی پێچەکەی، سەرئەنجام لەسەر ئێزگەیەک ئارامی دەگرت. جگە لە رادیۆ کرماشان زۆر جار گوێی لە رادیۆ کەرکووکیش دەگرت. ئەوسا چاییەکەی بە دەنگی بەرز هەڵدەقوڕاند و جگەرەیەکی دادەگیرساند. رادیۆکە ناسیونال بوو. زەرد و خۆڵەمێشی و رەش. تێکەڵێک لەم سیانە کە زەردەکە رووبەرێکی زۆرتری داگیردەکرد. باوکم گوێی لە هەواڵەکان دەگرت، ئەوسا دەیخستە سەر گۆرانی. باوکم هەمیشە دەبا دەستێکی بە پێچی رادیۆکەوە بووایە. چونکە زوو زوو دەنگەکە ئاڵۆز دەبوو و دەنگی جیق و فیقی دەهاتە سەر. پارازیتەکان بێتاقەتیان دەکرد. جاری وابوو لەبەر خۆیەوە بۆڵەیەکی لێوە دەهات.

تەواوی شەو لە کاتێکدا لە شوێنەکەی خۆی دادەنیشت، بەم شێوەیە تێپەڕدەبوو. تەنیا بۆ ئاودەست و نوێژی شەوان هەڵدەستا. هەر کە نوێژی شەوانیشی دەخوێند، دەستبەجێ دەخەوت. لەم کاتانەدا من و دایکم دەماینەوە و لە کاتێکدا ئەو خۆی بە شتی ناو ماڵەوە خەریک دەکرد، من یاریی کەللام دەکرد. ئێمە کارەبامان نەبوو و بە چراتۆڕیی و لامپا خانووەکەمان رووناک دەکردەوە. ئیدارەی بەرق کاری بەم دەشتە نەبوو. من قەت نەمزانی بۆ خاوەن خوشک و برای تر نەبووم. شەوانی من بەزەحمەت تێدەپەڕین. دایکم کە سەیری منی دەکرد ئەوەندە بە بەزەییەوە سەیری دەکردم، نەبێتەوە. من لەم کاتانەدا وەک پشیلە رەشەکەی حەوشە خۆم لە دایکم دەخشاند و ئەویش بە دەم ئاهە قووڵەکانیەوە ماچی دەکردم و بەقوربان و بە سایەقەم دەبوو.

من نازانم بۆ شەوانە نەدەچووین بۆ ماڵی کەس و بۆ کەسیش سەردانی نەدەکردین. تەنیا ئەوەی نەبێ ساڵی جارێ یان دووان دەچووینە ماڵی خاوەنکارەکەی باوکم، ماڵی حاجی بۆ سەردان. پێم وابێ لەبەر دووریی خانووەکەمان لەناو شار بوو. ئەو شەوانەی دەچووین بۆ سەردانی ماڵی حاجی، یان مانگەشەو بوو یان باوکم بە چراقووەیەکەوە پێشماندەکەوت. من دەستی دایکمم دەگرت و بە شوێن باوکمەوە دەڕۆیشتین. ئاسمانی بەرز و پڕ لە ئەستێرە، بە دەنگی قرپۆک و سیسرکەوە کە سەرتاسەری رێگایان داپۆشیبوو و چراکانی بانەکۆن کە لەبەر دەممان‌دا قوت ببوونەوە چەند دیمەنێکی سیحراوی بوو. ئەو چراقووەیەی من حەقم نەبوو دەستی لێبدەم و هەمیشە لەسەر تاقچە بەرزەکە کەوتبوو. ئەو سەردانانە چەند خۆشیش بوون. ئێمە لەم شارە ئێمە خزم و کەسمان نەبوو. نە دایکم و نە باوکم. باوکم هەمیشە خۆی لە خەڵکی دەدزییەوە. باوکم دایکمی لە شوێنێک هەڵگرتبوو و روویان کردبووە ئێرە. کە بوون بە خاوەن کوڕێکی گۆجیش، ئەمەیان وەک

غەزەبی خودا لێکدایەوە و ئەوەندی تر گۆشەنشین بوون. منیان تەنیا سێ ساڵ ناردە قوتابخانە و لە دووای ئەوەی پۆلی سێهەمم تەواوکرد لەوێ هێنایانمە دەرەوە و وتیان هەر ئەوەندەی دەتوانی کەمێک بخوێنیتەوە و بنووسی بەسە. بۆیە هەر لەو تەمەنەوە، دیارە دووای چەند مانگێک، منیان بردە دووکانە ئاسنگەرییەکە، کوورەیان پێ دەم دام. ئیتر منیش وەک باوکم بۆنی ئاسن و دووکەڵم گرت. من تەنیا فارسی زانی ناو خێزانەکەمان بووم.

من کە خاوەن هیچ هاوڕێیەک نەبووم کاتێک چوومە قوتابخانەی سەرەتایی پەهلەوی، بە تەنیا لە گۆشەیەک، بە شانی چەپمەوە لە نێوان من و دیوارەکاندا رادەوەستام و سەیری قوتابییەکانم دەکرد، ئەو قوتابییانەی هەمیشە لە راکردن و کایەکردندا بوون و ئۆقرەیان نەدەگرت. لە کلاس لەو قوژبنەی دوواوە دانیشتم وا دەمتوانی قۆلە گۆجەکەمی جوانتر تیا بشارمەوە. باشییەکەی ئەوە بوو ئەگەرچی قەت نەمتوانی ببمە خاوەن هاوڕێی گیانی بە گیانی، بەڵام منداڵەکانیش ئازاریان نەدەدام و کەس نەبووە دوژمنم. هەمیشە بە دیتنی قۆلەکەم پاش کەمێک دەکشانەوە و بە بەزمی خۆیانەوە خەریک دەبوونەوە. قۆلەکەم منی لەسەر سنووری نێوان دۆستایەتی و دوژمنی راگرتبوو. کەس منی نەدەبینی. من وەک هەمیشە لە خانووی ناو دەشتەکەدا دەژیام.

ساڵانی قوتابخانە خێرا تێپەڕین. ئیستا کە بیریان لێدەکەمەوە دەبینم نە رقم لە قوتابخانە بوو و نە حەزم لێی بوو. بەجوانی گوێم لە مامۆستا دەگرت و دەرس و دەورەکەیشم خراپ نەبوو. هەمیشە تەکلیفەکانیشم بە جوانی ئەنجامدەدا. مامۆستا بۆ جارێکیش بێت لێم تووڕە نەبوو. یەک جار نەبێ، قەتیش بۆ بەر تەختە رەشەکە بانگی لێ نەکردم. ناخۆشترین بەشی ساڵانی قوتابخانە هاتوچووەکەم بوو. بەتایبەت زستانان. رۆژی وابوو وەها بەفردەباری و وەها دەیکردە کرێوە کە هاتوچۆ

نەدەکرا. هەمیشە باوکم یان دایکم لەگەڵم دەهاتن و بەڕێیاندەکردم. زۆر جار لە دووکان لای باوکم دەمامەوە تا بەیەکەوە دەڕۆیشتینەوە. جار جار کاتێک کەمێک گەورەتر بووم، گەر هەوا خۆشتر بووایە ئەوا بەو رچەیەدا دەڕۆیشتم وا باوکم دەیشکاند. لە گەڕانەوەدا جاری وابوو رچەکە نەدەما و دایکم هەتا بەر گردەکەی بانەکۆن بە شوێنمدا دەهات. گەر بەختمان هەبووایە ئەوا ماشین جاروبار لەویوە بەرەو ئاواییەکی لاسەروومان 'ترخاناوا' کە زۆر لە شار دوور نەبوو، دەڕۆیشت و کەمێک رێگا باشتر دەبوو. دیارە ئەم کێشەیە کاتی باران بارینیشی دەگرتەوە. دەشتەکەی نێوان ماڵی ئێمە و شار وەها دەبووە قوڕ نەبێتەوە. زۆر جار لەم کاتانەدا لامان دەدایە سەر گیاجاڕەکانی قەراخ رێگاکە و بە ناو ئەواندا تێدەپەڕین. لادانێک کە ئەویش زۆر کارساز نەبوو. سەرئەنجام شەوێک ئاگام لێبوو باوکم بە دایکمی گوت چیتر پێویست ناکا من بچم بۆ قوتابخانە و لای حاجی لە دووکانە ئاسنگەرییەکە کاری بۆ دۆزیومەتەوە. گوتی هەموو رۆژێک لەگەڵ خۆی دەمبا و دەمهێنێتەوە و بۆیە ئەمە دڵنیاترە. دایکم شتێکی وەهای نەگوت. وەک بڵێی ئەویش ماندوو بووبێت، یاخود لە بەردەوامیی سیمای غەمگینی من کە هەموو رۆژێک لە قوتابخانە لەگەڵ خۆم دەمهێنایەوە بۆ ماڵەوە بێزار و نیگەران بووبێت. دایکیشم زۆر ئاسان ملی دایە ئەم بڕیارە. بەم شێوەیە من پاییزێکی تر نەچوومەوە مەدرەسە و بوومە هاوڕێ و هاوکاری باوکم.

رەنگە پێتان سەیر بێ گەر بڵێم من بەڕاستی حەزم بەو کارەی خۆم بوو. هیچ شتێک بەقەدەر شوێنی کوورە دەمدانەکە ئارامیی پێنەدەبەخشیم. شوێنێکی لا و چۆڵ و بێ موشکیلە. ئەوێیش شوێنێک بوو وەک حەوشە. بۆ منێک کە چوونە قوتابخانە قەدەغەبوو و لە هیچ کۆڵانێکدا کایەم نەکردبوو، رووکردن لێرە و دەمدانی کوورە دونیایەکی تر بوو. بە تەنیا لە پشتەوەی دووکانەکەو بەو بەرزییەوە هەستم بە

دەسەڵات و بە ئارامییەکی سەیردەکرد (شوێنی دەمدانی کوورەکە میترێک لە خودی دووکانی ئاسنگەرییەکە بەرزتر بوو).

من چونکە قۆڵێکم کورتتر بوو و پەنجەکانیشی بە هەمان شێواز کورتتر، ناچار دەبووم لە کاتی کوورە دەمدانەکەدا خۆم بە لای چەپدا بکێشم. لە سەرەتادا زەحمەت بوو. بن باڵ و شانەکانم ئەوەندەی تر دێشان. بەڵام عادەتم گرت. جگە لەمە فێربووم تۆزێک خۆم بە لای چەپدا فڕێبدەم و بەم شێوەیە کوورە دەمدانەکەم لا ببووە جۆرێک کایە. کایەیەک کە وەها ئارەقەی پێدەکردمەوە نەبێتەوە.

یەکێک لە شتە باشەکانی ئەم کارە ئەوەبوو لەوێوە بە جوانی چاوم لە باوکم و حاجی و شاگردەکەی تری بوو کە چۆن کاریان دەکرد. شوێنی من تاریک بوو. بۆ ئەوەی بمبینن دەبا ماوەیەکی باش لە شوێنەکە رامێنن. جارێ بۆ مشتەری هەر زۆر زەحمەت بوو. من کە هەموو روخسارم رەش هەڵدەگەڕا، بینینەوەم ئاسان نەبوو. بۆیە بێ خەم وایان لێ ورد دەبوومەوە نەبێتەوە. سەیری شان و مەچەکی باوکم دەکرد. سەیری جەستەی لاواز، بەڵام کرێکاریانەی. بە پشتێنە سەوزەکەی دەوری کەممەری و بە جامانە تەنکەکەی، بە یەخەی کراسەکەیەوە کە هەمیشە رەش و چڵکن بوو، بە پێڵاوە لاسیقەکانیەوە، بە دەمنەکەی بەر پشتێنەکەیەوە، بە چاوە بچووکەکانییەوە، بەو نیگایەوە کە هەمیشە دەڵێی لە دڵەڕاوکێدا بوو. لە یەکێک لەم کوورە دەمدانانەدا بوو کە رۆژێکیان زۆر بەزەییم بە باوکمدا هاتەوە. ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، بەڵام پێم وابێ ئەو رۆژە بوو من دونیای منداڵیم بەجێ هێشت و گەورە بووم. منداڵی و گەورەیی بە ساڵ نیە، بە رای من بە بەزەییە. بەتایبەت گەر گۆج بیت و هەموو دونیات لێ ببێ بە خانوویەک و حەوشەیەک و، بە بەشی پشتەوەی دووکانێکی ئاسنگەری. ئەو رۆژە کاتێک لەگەڵ باوکم بەرەو ماڵەوە بووینەوە زۆر سەرنجی باوکمم دەدا. باوکم تێگەیی و پرسی خێرە ئەمڕۆ چ باسە.

من کە چاوەڕوانی ئەم پرسیارەم نەدەکرد، بەپەلە گوتم هیچ، باسی چی! باوکم کە وەک بڵێی حەزی دەکرد وەک هەمیشە بە بێدەنگی ڕێگای ناو شار و ماڵەوە ببڕێ، تووتن و پەڕەیەکی تری بەدەم ڕێگاوە پێچایەوە و مژێکی قووڵی لێدا. دووکەڵەکە با بردی. ئارام ئارام هەنگاوەکانیشمان وەک هەمیشە خۆڵی جادەی وروژاندەوە.

کوورەکەدوو کیسەی پلاستیکی ڕەشی گەورە و ئەستووری پڕ لە هەوا بوون بە دوو دەسکی دارەوە بە هەر دوو سەریانەوە. دەسکەکان لووس لووس بوون. کیسەکان لە سییان دەکرد. لێرە لە دیوی پشتەوە، کە وەک وتم بەرزتر بوو لە بەری پێشەوەی دووکانەکە و، بۆ پێگەیشتنی دەبا بە پەیژەیەکی بچووکدا سەرکەوی، پڕی لەتە ئاسنی جۆراوجۆر بوو کە وەستاحاجی بۆ دروستکردنی تەور و تەوراس و داس و شتی لەم بابەتە بەکاری دەهێنان. بەشێکیان فەنەری ماشین بوون، فەنەری کۆن و شکاو. فەنەری جیب، لەندوێر و ماشینی باری. ئێرە پڕی تۆز بوو. تۆزی ڕەش و هەروەها سوتووی ئاگر. ئاگری بەردەخەڵوز. جاری وابوو هەستم دەکرد لە کوورە دەمدەرەکەوە تۆزی ڕەش و سوتوو دەهاتە دەر. نەک ڕوخسارم، هەموو ناو قژ و کونە لووتەکانیشم پڕی ڕەشایی دەبوون. من کە لەو پشتە چواردەورم بە لەتەئاسن تەندرابوو، جاری وابوو هەستم دەکرد لە جیهانێکی ئەوەندە ڕەقدا دەژیم کە بە ئاسن نەبێ بە هیچ شتێکی تر ئاشنا نیە. لەتە ئاسنەکان جاری وابوو دەخزان و شوێنی ڕاوەستانی منیشیان داگیر دەکرد. بە قاچ لامدەدان و هەر چۆنێک بوو جێگای خۆم دەکردەوە. ئەو شوێنە قاچانەی وا چاڵ ببوون و ناوەناوە بە گڵ پڕمان دەکردنەوە.

بەڵام خۆشتر لە هەمووی ئاگری کوورەکە بوو. من نە ئەو کات و نە ئێستایش هیچ کات ئاگرێکی گەشتر و جوانتر لەو ئاگرەم نەبینیوە. ساڵانی دواتر کاتێک شۆڕش کرا و خەڵکی لە دروشمەکانیاندا باسی ئاگری سووریان دەکرد، من دەستبەجێ ئەم

ئاگرەم دەهاتەوە بەرچاو، یاخود دەستبەجێ لەگەڵ ئەمە هەڵمدەسەنگاند. ئاگری ئاسنگەرییەکە ئەوەندە ئاگر بوو کە دەڵێی خۆی سەرچاوەی خۆی بوو. ئاگرێک کە لە منداڵدانی خۆیەوە دەهاتە دەر. ئاسنەکانی حاجی لەو ئاگرەدا وەها سووردەبوونەوە کە دەیتوانی هەموو شتێکیان لێ سازبکا، وە چەندەیش ئاسنەکان خۆیان ئاسان بەدەستەوە دەدا. بۆ قۆل و مەچەکی وەستاحاجی دونیا چەند ئاسان دەنەوییەوە.

جارێکیان بیرێکم بە مێشکدا هات. نەدەکرا حاجی قۆلەگۆجەکەی من بهاوێتە ناو ئەو کوورەوە و سووری بکاتەوە و، ئەوسا جارێکی تر دروستی بکاتەوە! قۆلێکی کەمێک کشاوەتر بە پێنج پەنجەی کەمێک درێژتر، وەها کە بتوانم بچمەوە بۆ قوتابخانە،... وەها کە منیش وەک هەموو منداڵەکانی تر بم؟

کاری من لەوێ تەنیا دەمدانی کووره نەبوو. حاجی دەیناردم بۆ چایی و هەموو جارێ چوار چاییم دەهێنا (دیارە گەر مشتەری لێبوایە ئەوا زیاترم دەهێنا). سەرەتا زەحمەت بوو. سینییەکە راگرتنی زەحمەت بوو. مەجبوور زۆر بە کاوەخۆ دەڕۆیشتم. تا دەگەیشتم بەشێکی پیاڵەکان خاڵی دەبوونەوە. باوکم بە دەنگێکی نەوی کە زۆر لە دەنگی تورەبوون نەدەچوو، دەنگی دەدام. حاجی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت لێی گەڕێ چاک دەبێ. حاجی راستی دەکرد. وام لێهات کە بەو قۆلە گۆجەیشەوە وەها چاییەکانم بە ساخی دەگەیانده جێ کە قۆل ساخەکانیش وەهایان پینەدەکرا. حاجی بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت خوا هەمیشە خاوەن رەحمە، لە جێیەک دەیستێنێ و لە جێگایەکی تر پڕی دەکاتەوە و دەیداتەوە. من بە هۆی وەستاحاجییەوە، ئیستایش کە چاوم بە کەشیەی هەر حاجییەک دەکەوێت دڵم دەکرێتەوە. من چەندە حاجیی ئاسنگەرم خۆش دەویست. رەنگە گەر حاجیی ئاسنگەر نەبوایە من قەت نەدەبووم بە ماجووم فرۆش. گەر سینیی چاییەکانی ئەو

کات نەبووایە من قەت ئەم سینییە زلانەی ئیستام پێ هەڵنەدەگیرا. حاجی رێگای ژیانی داهاتووی بۆ کردمەوە.

شەوانە کە دەهاتمەوە ماڵ، ئەوەندە ماندوو بووم خۆم پێ رانەدەگیرا و لە دووای نانخواردن دەستبەجێ دەخەوتم. دایکم دەهات و دەیشێلام، بە تایبەت قۆلە گۆجەکەم و ئەوسا من لە دونیای نیوە وشیاری ناو خەو و بەئاگابووندا هەستم بە گەرمیی فرمێسکەکانی دەکرد کە جارجارە دەڕژانە سەر قۆلە گۆجەکەم. ئەو فرمێسکانە جاری وابوون فێنکیش بوون. نازانم دایکم چۆن دەیتوانی هەم فرمێسکی گەرم بڕێژێ و هەم فرمێسکی فێنک. جاری وابوو هەستم دەکرد دایکم لە دوو وەرز دروستکراوە، وەرزی هاوین و وەرزی زستان. لە ناو دونیای دایکم وەرزەکانی نێوان، واتە بەهار و پاییز ون بوون، دەست نەدەکەوتن. کەچی سەیر ئەوە بوو من بۆ خۆم حەزم بە بەهار و پاییز بوو و باوکیشم قەت نەمزانی کامەیان. رەنگە ئەو هەمیشە لە شوێنێک بوو لەدەرەوەی وەرزەکان. بە چیا دەزانم؟ دەبێ بڵێم بە شێوازی چەکوچ لێدانەکانی. ئەو هەر چوار وەرزی ساڵ بە یەک شێواز چەکوچی بۆ حاجی لێدەدا و قەت بە وردی لە کاتی حەسانەوەکاندا لە هەوا و لە ئاسمان و لە تاقە درەختەکەی بەر دووکانە ئاسنگەرییەکە رانەدەما. ئەو تاقە درەختەی وا باوکم لەکاتی پشوودا جاری وابوو پاڵی پێوەدەدا و لەژێریا جگەرەیەکی بەبادەکرد.

جارێکیان لە کاتی پشوو و چایخواردنەوەدا وەستاحاجی (ئەم ناوە من سەرم خستبوو)، رووی تێکردم و گوتی مەتەڵێکت پێدەڵێم بزانم هەڵیدێنی. من کە نەمدەزانی مەتەڵ چییە، چاوەڕوان مامەوە. وەستاحاجی وتی "کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ، یارم تۆراوە ئاشتی نابێتۆ،... ئەمە چییە؟" من کە رستەکەم لا قورس بوو بە شەرمەوە داوام لێکرد دووبارەی بکاتەوە. وەستاحاجی دووبارەی کردەوە. سەرەتا بیرم لە هەموو رستەکە کردەوە، ئەوجا لە وشەکانی. خۆم گووشی، بەڵام بە

هیچ شوێنێک نەگەیشتم. دەستەوەستان مامەوە و، هەروا لە حاجیم دەڕوانی. رووم نەبوو لە باوکم بڕوانم. نیگام لە نیگای دەدزییەوە. شاگردەکەی تر بزەیەکی هاتێ. وەستاحاجی وتی "بڕۆ ئەمشەو بیری لێبکەوە و گەر هەڵتهێنا ئەوا بەیانی دەستخۆشانەیەکت دەدەمێ، بەڵام نابێ لە کەس بپرسی!" مەتەڵەکەم چەند جار لای خۆم دووپات کردەوە و بە جوانی لەبەرم کرد. شەو سەرەڕای ماندوویی، لە کاتی خەو رووم لە دایکم کرد و وتم دایە ئەمە چییە کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ یارم تۆراوە ئاشتی نابێتۆ؟ دایکم بەدەم شێلانی جەستەمەوە بزەیەکی هاتێ. با ئەوەیش بڵێم دایکی من خاوەنی جوانترین بزەی دونیا بوو. ئەو کاتە دەگمەنانەی لێوەکانی بۆ پێکەنین دەکرانەوە و دیانە سپییە شاشەکانی دەردەکەوتن، ماڵەکەی ئێمە دەبوو بە شوێنێکی تر. دەڵێی لە جیهانێکی تردا دەژیام. هەر ویستی بڵێ چییە، من هەڵمدایە و وتم نانا مەیڵێ، وەستاحاجی دەڵێ دەبێ بۆخۆم هەڵیبێنم. دایکم دیسان بزەیەکی هاتێ و ئەوجا دەمی هێنایە پەنای گوێچکەمەوە و بە ئەسپایی وتی ئیستا ئیتر حاجی گوێی لێ نیە، کوڕم ئەوە جەوانییە جەوانی. ئەوسا هاتەوە بیرم کە وەستاحاجی لە کاتی وتنی مەتەڵەکەیدا دەستی بە ریشە سپییەکانیدا هێنابوو.

ئیتر لەو شەوەوە بیری تەمەن سەرەڕای منداڵبوونم لە مندا چەکەرەی کرد و بوو بە یەکێک لەو شتانەی جاروبارە بەرۆکی پێدەگرتم. من کە قۆڵە گۆجەکەم دوواسنووری بیرەکانم بوون، ئێستاکە شتێکی دیکەیش هاتبووە ناو جیهانمەوە. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا لە مەرگی دایک و باوکم ترسام و شەوێکیان سەرەڕای ماندووبوونم، لە ناو جێگاکەمدا بە دزییەوە گریام. من دەبێ بە ئیستایشەوە مەمنوونی وەستاحاجی بم کە منی لە خەمێکی بچووکی وەک قۆڵم دەرهێنا و بە مەتەڵێک بردمیە جیهانێکی ترەوە.

بۆ سبەی لە دووکان کاتی پشوودان و چایی خواردنەوە، وەستاحاجی رووی تێکردم و وتی چی بوو، جوابەکەت دۆزییەوە؟ من لە حاجی و لە باوکم و لە شاگردەکەی تریم روانی. ئەوسا لە ریشی سپیی حاجی وردبوومەوە. حاجی لە ئاراستەی نیگاکانم گەیشت. بزەیەکی هاتێ. ئەوسا گوتم، نا نازانم. حاجی دیسان بزەیەکی تری هاتێ. گوتی پێویست ناکا بیلێی،... پێویست ناکا! باوکم و شاگردەکەی کە نەیاندەزانی چ باسە بە سەرسوڕمانەوە لە هەر دووکمانیان روانی. بەتایبەت لە چاوە قاوەیی و قژە رەشە لوول و ئاڵۆزاوەکانم. ئەو رۆژە، ئیوارە وەستاحاجی دەستی کرد بە گیرفانیدا و چەند دانەیەک نوقڵی دامێ.

(٣)

من تەنیا کوورەم دەمنەدەدا. بەرەبەرە فێری هەندێ کاری تریش ببووم. بۆ وێنە چەقۆ تیژکردن. دراوسێکان چەقۆ کولەکانیان بۆ ئێمە دەهێنا. رۆژێکیان باوکم وتی رۆڵە ئەم چەقۆیە ببەوە بۆ ماڵی فەقێ ئەحمە. ماڵی فەقێ ئەحمەد لە ناو کۆڵان بنبەستەکەی تەنیشت دووکانەکە بوو. رێک لەو سەری. چەقۆ گەورە دەسک رەشەکەم هەڵگرت و رۆیشتم. رۆژێکی بەهاری بوو. هێشتا کۆڵان لێرە و لەوێ، لەبەر نسێکاندا، تەڕی بارانی ناوەختی دوێ شەو بوو. بارانێکی ناوەختی خەست کە هەورەکانی هەتا دەمەو نیوەڕۆ بە ئاسمانەوە مانەوە. لق و پۆپی درەختەکان لە حەوشەکانەوە خۆیان بە سەر حەسارەکاندا کشانبوو بۆ ناو کۆڵانەکە. دەنگی چۆلەکەکان ئاسمانیان هەراسان کردبوو. دووانیوەڕۆ بوو. پێش ئەوەی بگەمە دەرگاکە، گوێم لە هەراهەرایەک بوو. هەتا لە دەرگاکە نزیکتر دەکەوتمەوە، دەنگەدەنگەکە زیاتر دەبوو. کە لە پشت دەرگاکە راوەستام ئیتر لەودا نەبوو. دەنگی قیژەقیژی ژنێک و هاوارهاواری پیاوێک شێتانە دەورمی تەنی. من کە دڵنیا نەبووم داخۆ دەنگەکە لەم دەرگاوەیە یان نا، هەراسان و هاوکات بە ئارامی لە تەقولبابەکەم

دا. وەڵامێک نەبوو. ئەوسا زانیم بەم ژاوەژاوە کەس دەرگاکوتانەکە نابیستێ. توندتر و مەحکەمتر کوتام. زەنازەناکە کتوپڕ بێدەنگ بوو. من دیسان لێم دایەوە. پاش کەمێک دەرگاکە کرایەوە. فەقێ ئەحمە بوو. هاتەوە بیرم کە لە کاتی سڵاو و چاک و چۆنیدا لە گەڵ باوکم بینیبووم. ئەو پیاوەی زۆر جار بە بەر دووکانەکەماندا تێدەپەڕی. بە چاوە توڕەکانی سەیری کردم. بە روخسارە سوورەوەبوو و دەستە لەرزۆکەکانییەوە. بە چەقۆکەوە دەستم بۆ درێژکرد. هەراسان کەمێک کشاوە. پاشان لە مەوزوعەکە گەیشت. تووڕە لە خۆی بەپەلە لێی وەرگرتم. پێش ئەوەی دەرگاکە دابخا لە تەنیشتییەوە کەمێک لەولاتر چاوم بە نیگای کز و جەستەی کزۆڵەی کچێک کە رەنگە لە تەمەندا بە چەند ساڵێک لە من بچووکتر بوو، کەوت. ئەویش لە منی دەڕوانی. فەقێ ئەحمەد بە توندی دەرگاکەی داخستەوە. هێشتا نەگەیشتبوومەوە سەر جادەکە دەنگی قیژەی ترسناکی ژنێک دونیای داگرت.

هەر بەو چەقۆیەی دەستی من، فەقێ ئەحمەد ژنەکەی خۆی کوشتبوو. ئەو چەقۆیەی من تیژم کردبوو. ئەو رۆژە پاسەبان هات. پاشان ئامبوڵانسی بیمارستانیش. جادەکەی بەردەمی دووکانی ئاسنگەرییەکە لەبەر حەشیمەتی خەڵکی بەرنەدەکەوت. پاسەبانیش نەیدەتوانی بڵاوەیان پێ بکا. ئێمەیش وازمان لە کارکردن هێنا. کوورەکە ئاگرەکەی نیشتەوە و باوکم وەک هەمیشە جگەرەیەکی داگیرساند. حاجی قاچێکی خستە سەر سندانەکەی بەردەمی و بە تووڕییەوە لە دیمەنەکەی بەردەمی دەڕوانی. شاگردەکەی تریش هەلەکەی قۆستەوە و چوو بۆ ئاودەستی مزگەوت. من بیرم لە لق و پۆپی درەختەکان کردەوە، لە پاشماوەی بارانی ناو کۆڵانەکە و لە جریوەجریوی پاسارییەکان. زانیم دەکرێ ترسناکترین رووداوەکانیش لە رۆژێکی یەکجار خۆش دا رووبدەن. شتێک لە دەروونمەوە پێی دەگوتم باوەڕ بە جوانییەکان مەکە،... قەت قەت. ئەو رۆژە لە دەستە گۆجەکەم رووانی. خۆشەویستییەک تیاما جوڵا. خۆشم

دەویست. زانیم کە لە دەستەکەی ترم بە بەزەیی ترە. ئاخر ئەوەندە کورت و داماو دەهاتەبەرچاو کە تەنانەت بە چەقۆیش نەدەکرا کەسی پێ بکوژرێ.

شەو لە ماڵەوە خەوی زۆر ناخۆشم بینی. لە خەومدا سوار مینی بووسە چڵکنەکانی تەنیا گاراژەکەی گەڕەکی سەرووی شاریان کردم و بەرەو شارێکی تر کە من تەنیا ناوەکەیم بیستبوو، بەڕێیان کردم. لەبیرم دێ لە پەنجەرەکەوە هاوارم لە باوکم دەکرد دامبەزێنێتەوە، ئەوەیکە ئیتر قەت چەقۆی تیژەوەکراو نابەمەوە بۆ کەس، بگرە ئیتر قەت چەقۆی کەسیش تیژناکەمەوە، هەر ئەوەندەی دامبەزێنێ و بمباتەوە بۆ ماڵەوە، ئاخر من بەم قۆلە گۆجەمەوە لە شاران چم بکردایە، کێ بە هانامەوە دەهات،... لە خەوەکەمدا چاوم بۆ حاجی دەگێڕا، بۆ دایکم،... بەڵام ون بوون. حەوشەی گاراژەکە پڕبوو لە خەڵکی نامۆ،... خەڵکی بێگانە کە بە فرمێسک و گریان و پاڕانەوەکانی من پێدەکەنین و بێ گوێدان تێدەپەڕین. حەوشەی گاراژەکە و دونیا پڕبوون لە پێکەنینی ئەوان. بگرە شۆفیرەکەیش لە ئاوێنەکەوە لێمی دەڕوانی و شێتانە پێدەکەنی. گریام و گریام. دەشتە بەرەهووتەکەی دەوری ماڵەکەمانم بینی. هەتا دەهات دەکشا و دەکشا. خانووەکەمان وەها بچووک بووەوە وەک پنتێک. خاڵێکی بچووکی کۆتایی رستە، کاتێک مامۆستا دەرسی ئیملای پێ دەگوتین.

وەستاحاجی ئەگەرچی هەمیشە نیگای لەسەر سندانەکەیە و تەنیا بیر لە ئاسنە سوورەوەبوونەکان دەکاتەوە، بەڵام هەست دەکەم منی خۆش دەوێت. بە گاڵتەکانی ئەمە دەزانم وا لەگەڵمی دەکا. بەو رستانەی جاروبار بە بێ ئەوەی لایکاتەوە، دەیاندرکێنێ. بەو لاچاوانەی بە منەوە خەریکن. جاری وایە هەست دەکەم حاجی لە عەینی خۆشویستنی من، خۆی لێم دوور رادەگرێ! بیردەکەمەوە هۆکارەکەی رەنگە قۆلە گۆج و چەوتەکەم بێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم خۆشەویستییەی حاجی لام خۆشە و دڵنیاییم پێدەبەخشێ، بەڵام هاوکات دەشترسم! ئیتر زانیم ئەمە لە راستیدا جۆری

پێوەندیی خەڵکییە لەگەڵ من. من بە دەوری خۆمدا تووی بەزەییم دەچاند. هەوای دەوری من تەنیا بەزەیی و بەزەیی بوو. حاجی کە کۆتایی بەهار دەهات، لە منداڵە دەستفرۆشەکان چوالەی دەکڕی و بەتایبەت بانگی منی دەکرد کە دابەزم و لەگەڵیان بخۆم. دەیگوت وەرە چوالەی ئاربەبا بخۆ! یان لە پاییزاندا بە کاتی گۆێژ و لە دووای یەکەمین باران. چەکوچ و ئامبورەکەی دادەنا و قاچێکی دەخستە سەر کۆتەرەی سندانەکە و، چوالە یان گۆیژی زرد و سووری دەخوارد. کە گوێژەکان دەورەین، من بووم کۆم دەکردنەوە.

وەستاحاجی لەگەڵ ئەوەی بە رووداوی خانووی دراوسێی دووکانەکەی دەزانی، بەڵام قەت باسی نەکردەوە، قەت بە دەمیدا نەگەڕا کە ژنێک رێک پەنجا متر لە دووای دووکانەکەی لە رۆژێکی هاوینیدا کوژرا و بۆ هەمیشە ژیانی جێهێشتبوو. حاجی کەمدووە و کە دەدوێ زۆرتر باسی ئاسن و کاسبی و مەتەڵەکانی دەکا. جارێکیان وتی ئەمە چییە بیبینی لەبەری ناکەی، لەبەری بکەی نایبینی؟ ئەمجارەیان دەستی بە بنە ریشی سپیی خۆیدا نەهێنا. من وەک هەمیشە شەوەکەی لە دایکمم پرسییەوە. دایکم لێم راما و وتی رۆڵە تۆ لەو دووکانە زوو پیردەبی. ئەو کفنەی وا حاجی بە مەتەڵەکەی مەبەستی بوو من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە بەری دایکم و باوکمدا بینیم.

پێموابێ وەستاحاجی تەواوی ئەو ساڵانە هەوڵیدەدا پیری لە ئاوێنەی منداڵێکدا کە تازە پێدەگەیشت، ببینێتەوە. من ئەو ساڵانە پیریم زیاتر لەوەی منداڵێ دەبێ بیبینێ، بینی، بەڵام هەر نەمزانی لەراستیدا چییە. زۆر شت تەنیا بۆ من کەلیمە بوون.

بەرەبەرە ژانێکی پیس لە بنی قۆلە گۆجەکەمەوە سەریهەڵدا و هەتا دەهات پیستری دەکرد. ئەمە ژانە ئاساییەکەی جاران نەبوو. من کە سەرەتا گوێم نەدەدایە، هەوڵمدا لە کاتی کوورە دەمدانەکەدا زیاتر بە لای قۆلە گۆجەکەمدا خۆم بخەم بۆ ئەوەی لە

ئازارەکەی کەم بکەمەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی چەند جارێ بە سەر لەتە ئاسنەکاندا بکەوم و قۆل و رانم ئازاریان پێ بگا و برینداربن. حاجی ئەوەندە زیرەک بوو کە بە ئاگری کوورەکەیدا بزانێ من چۆن چۆنی کوورەکە دەمدەدەم. بۆیە چەند جارێک دەنگی دام "با، بات تیا نەما!" ئەو ئاگای لێبوو هەناسەی ناو کوورەکە کزی دەکرد و ئاسنەکان وەک جاران خێرا سوورنەدەبوونەوە. تا رۆژێکیان بن باڵم وەها ماسی کە چیتر پێم نەکرا بچم بۆ دووکان. دایکم مەڵهەمێکی سەرنا و بە پەڕۆیەکی گەرم بەستی. چەند رۆژێک لە ماڵەوە مامەوە و نەچووم بۆ دووکان. ئەو رۆژانە لە ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی من بوون. دووای ئەوەی تامی دەرەوەم کردبوو، ماڵەوەم لێ ببوو بە زیندان. سەرئەنجام بردیانم بۆ بیمارستان و کێم و زوویەکی زۆریان لە بن باڵم دەرهێنا. دایکم چەند رۆژی رەبەق لە دووای ئەوە گوێم لێ بوو بەردەوام لەسەر بەرماڵەکەی شوکری خودای دەکرد. دایکم لای وابوو بە هەر بەڵایەک کە تێدەپەڕی، رەحمی خوا زیاتر دەبوو و ئەگەری کارەسات لە داهاتوودا کەمتر.

ئێمە لە نەوەی سەید بووین. من کە سەرەتا مانای رەنگی پشتێنەکەی باوکمم نەدەزانی، لە دووکان کاتێک حاجی بە سەید بانگی دەکرد، لام سەیربوو. لام وابوو باوکم ناوێکی تریشی هەیە. دوواتر بوو زانیم سەید نازناوێکی گرینگە و موقەدەسە و بەوانەی دەگوترێن وا خۆیان لە نەوەی پێغەمبەر دەزانن. ئەوەی کە چۆنیش باوکم لە نەوەی پیاوێک بوو وا بە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ لەوە پێش ژیابوو، با بمێنێتەوە. من بەم ناوەی باوکم خەنی بووم. هەستم دەکرد لە شارێکی غەریبدا کەسایەتی پێدەبەخشێ و، دەتوانێ قەرەبووی دانیشتنە تەنیاکانی شەوانی بۆ بکاتەوە. باوکم لە راستیدا پیاوێکی مەغرور و لەخۆبایی بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بێوەی و بێ قرە. کاری بە کەس نەبوو. کە بە شەقامدا دەڕۆی، لە کەسی نەدەڕوانی.

نیگاکانی لە شوێنێک لەو پێش پێشانەوە دەکاڵانەوە و وندەبوون. وەهایش بوو کەس چاوەڕوانی لەمە زیاتری لێنەدەکرد. وەک بڵێی نە ئەو کەس دەبینێ و نە کەس ئەو. ئەمەیش بە لای منەوە غەریب بوو. پیاوی نامۆ و غەریب بە شوێن دۆستەوەیە و هەوڵدەدا هاوڕێ و ناسیاو بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کەچی باوکم لە خەڵکی هەڵدەهات. رێک وەک خانووەکەمان کە لە خانووەکانی تر هەڵدەهات. ئەو بگرە روویشی لە مزگەوت نەدەکرد. زۆر بە کەمی. هەمیشە لە ماڵەوە نوێژی دەکرد. بە کاتی هەوا خۆشی لە سەر بەردە ساف و لووس و پان و درێژەکەی حەوشێ و، بە کاتی بەفر و بارانیش لە ژوورەوە. لای من وای لێهاتبوو کە وەرزەکان لە چوارەوە بوون بە دوو. وەرزی بەردەنوێژ و وەرزی بەرماڵەنوێژ.

لە دووای ئەوەی چاک بوومەوە، چوومەوە بۆ دووکان. گەڕانەوە هەستێکی خۆشی پێ دەبەخشیم. گەڕانەوە، بیرەوەریی ناخۆشی نەگەڕانەوەم بۆ قوتابخانەی بە جۆرێک لە دەروونمدا دەسڕییەوە. جێهێشتنی قوتابخانە، بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم کەلێنێکی گەورەی لە رۆحی مندا چێکردبوو. هەستی متمانە بەخۆمی لێم ستاندبوو. سەیرە! لە دووای ساڵێک هێشتا برینەکە لە رۆحی مندا وەک خۆی لە جێی خۆیدا بوو، بە بێ ئەوەی پێی بزانم. لە پۆل، لە ریزی دوواوەوە دونیا هەمیشە جۆرێکی ترە. لە سەر ئەو نیمکەتانەی هەمیشە شکاو یان قوپاون، کات بۆنێکی تر دەدات. نیمکەتەکانی پڕ لە نووسین و دەمەچەقۆ و دەمە پێنووس. سێ کەس لەسەر دانەیەک. جاری وابوو چوار. دیوار، پاڵپشتمان بوو. لەوێوە زۆر جار لەبەر کەلەسەر یان بە جوانی تەختەڕەشەکە نەدەبیندرا، یان ئەگەر دەبیندرا ئەوا بە جوانی گوێمان لە مامۆستاکە نەبوو. بەتایبەت کاتێک پشتی تێدەکردین و دەیویست شتێک لەسەر تەختەڕەشەکە بنووسێ. لە بیرم دێ یەکێک لە قوتابییەکان یەکجار لە تف هاویشتن دا زیرەک بوو. دەیتوانی لە ریزی هەرە پشتەوە بە جوانی تەختەڕەشەکە

بە تفە تیژەکانی بپێکێ. تفەکە وەک فیشەک لە لێوەکانی کە وەک لوولەی تفەنگ لوولی دەکردن دەردەپەڕی و تا ئەو سەری پۆلەکە بە بێ ئەوەی داکەوێ، بە پڕتاو لە هێڵێکی کەمان ئاسادا دەڕۆیشت. جاری وابوو لە تەنیشت گوێی مامۆستاوە ویزی دەکرد و رێک لەبەر چاوەکانیدا لەسەر تەختەڕەشەکە دەنیشت و پرش و بڵاودەبووەوە. قوتابییەکە یەکێک لە لات و شەقاوەکانی پۆلەکە بوو و کەس نەیدەوێرا خۆی لێبدا. بۆیە بە کەیفی خۆی شتی دەکرد. ئەم تف هەڵدانەی چەند جارێک کردبوو و مامۆستاکە سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشە و ئەزیەت و ئازارێکی زۆری هەموو پۆلەکە هیچی بۆ نەکرابوو و، نەیتوانی کەسەکە بدۆزێتەوە. من هەمیشە هەستم دەکرد مامۆستاکە لەسەر هەستە و دەیەوێ هەرچۆنێک بێت بیدۆزێتەوە. جاری وابوو لەناکاو و بە بێ هۆ هەر لەخۆوە لایدەکردەوە و لە بەشێکی پۆلەکەی دەڕوانی. لە دڵی دابوو کە لە ریزەکانی پێشەوە نیە و دەبێ لە ناوەراست، یان بە تایبەت لە ریزەکانی دوواوە بێت. ئەگەرچی ئەقڵی پێنەدەشکا تفێک بتوانێ لەوێوە هەتا تەختەڕەشەکە بڕبکا. ئاگام لێبوو جاری وابوو لە ریزەکەی ئێمە مۆڕدەبووەوە و ناوچاوانی بە بێز و رقێکی ئاشکراوە تێکدەنا. ئەو قوتابییەی ئەم کارەی دەکرد لە ئێمە کەڵەگەت تر بوو بە ملێکی باریک و درێژەوە. زستانانیش بە پاڵتۆیەکی گەورە لەبەر و دڕاوەوە کە جێی نەفەرێکی تریشی تیادەبووەوە. سەرئەنجام رۆژێک کاتێک مامۆستا پشتی لە ئێمە کرد و ویستی رستەیەک لە سەر تەختەڕەشەکە بنووسێ، کوڕەکە هەر لە جێگای خۆیەوە جەستە و ملی کێشا و تفەکەی هاویشت. بەو دەستەوەی وەک دەمانچەیشی لێدەکرد. من کە لەو کاتەدا بە داموکاوی هەستابووم بۆ ئەوەی شتیک لە قوتابییەکەی پێشەوە وەربگرم، ئاگام لەمە نەبوو و هەر لەو کاتەدا مامۆستاکە دەنگی تف هاویشتنەکەی بیست، خێرا لایکردەوە و رێک لە مێزەکەی ئێمەیشی رووانی. من کە گوێم لە

دەنگی تفەکە بوو، بە پەلە هەوڵمدا دابنیشمەوە کە راستەوخۆ نیگام لە نیگای مامۆستا چەقی!

لای من کارەسات جاری وایە لە تف دەکا، وەک تف روون و کەفاوی و تێکەڵ بە بۆنی دەمە.

ئیستایش کە بیری ئەو رۆژە دەکەمەوە، گریانم دێ. گریان بە حاڵی خۆم. مامۆستاکە کە ژنێکی جوانی شۆخ و شەنگ بوو، موبسیری پۆلەکەی نارد مودیر بێنێ. من هەرچی هەوڵمدا روونی بکەمەوە من نەبووم و ئەم تف هاویشتنە فڕی بەسەر منەوە نەبووە، بێسوود بوو. مودیر هەر لە کلاسەکەوە بە شەق و شەپەڵاخە منی فڕێدایە دەر و بەردەوام بوو هەتا ژوورەکەی خۆی کە لانیکەم پەنجا میتر لە پۆلەکە دوور بوو. لەبەر دەنگەدەنگ و گریان مامۆستا نەبوو لە پۆلەکانیانەوە سەرنەکێشنە دەرەوە. مودیر هەرچی شێوازی لێدان بوو لەسەر من تاقی کردەوە و پاشان کتێبەکانی خستە ژێر باخەڵم و ناردمیەوە ماڵەوە و بۆ یەک هەفتەیش دەریکردم. دایکم کە رووتی کردمەوە و جەستەی شین و مۆرکراوی بینیم، هەر شێت بوو و داوای لە باوکم کرد شتێ بکا. باوکم تەنیا لە دایکمی روانی و وەک هەمیشە دەمنەکەی داگیرساند و رادیۆکەی رۆشن کرد. ئەو ساڵە، دوواساڵی دەرسخوێندنی من بوو.

نازانم مودیر، بەو جەستە زەلامەیەوە بۆ ئەوەندە حەزی لەوە بوو بە قۆلە گۆجەکەم بەرزم بکاتەوە، فڕێم بداتە سەر زەوی و، بە شەق تێم هەڵدا! جگە لەمە نازانم کە سەرئەنجام من بە هۆی ئەم لێدانەوە لە قوتابخانە وازیان پێ هێنام، یان بە هۆی رێگاوبانەوە.

وەستاحاجی لێمی روانی. بە چاوە میهرەبانەکانی وتی رۆڵە چۆنی. ئەوسا دەستی کرد بە گیرفانیدا و دووسێ نوقڵی دامێ. پرسیاری کرد داخۆ دەتوانم کوورەکە وەک

جاران دەم بدەمەوە. منیش بەدەم بەڵێ وتنەوە، سەرێکم راوەشاند. ئەوسا بە پەیژە بچووکەکدا سەرکەوتم و چوومەوە پشت کووره دەمدەرەکە. سەرەتا دۆخەکە باش بوو، بەڵام بە تێپەڕینی کات زیاتر هەستم بە ئازاری بن باڵم دەکرد. ئاخ،... چی دەبوو ئەم سەراوسەری کیسە رەشەکان کەمێک لەیەکتر نزیکتر بووان!؟ ئێوارە وەستاحاجی بە بێ ئەوەی سەیری ناوچاوانم بکا وتی رۆڵە جارێ بەتەواوی چاک نەبوویتەوە. بڕۆوە ماڵەوە ئیستراحەت بکە. ئەو ئیستراحەتەی قەت تەواو نەبوو و بووە هۆی نەگەڕانەوەی هەمیشەییم بۆ دووکانی ئاسنگەرییەکە.

نازانم چەندە لە ماڵەوە مامەوە،... چەندین هەفتە یان چەندین مانگ؟ نازانم. ئەوەندە دەزانم زۆر مامەوە. هەر رۆژێک بەقەدەر ساڵێک بوو. کات نەدەگوزەرا. ژیان راوەستابوو. ئەو ماوەیە کە هاوین و بەشێکی پاییز بوو، خۆم بە پیاسەی دەشتەکەی دەورووبەری خانووەکەمانەوە سەرقاڵ کرد. دەشتەکە پان و بەرین بوو. تا لام دەکردەوە دەگەیشتمە چەمی گەورە. لەوبەر چەمەکەوە دارستان دەستی پێدەکرد. دارستانی داربەڕوو. جێ جێیش پانتایی بەرینی گەنم و گیای خۆڕسک. دارێکم هەڵدەگرت و پێڵاوە لاسیقیەکانم هەڵدەکێشا و دەڕۆیشتم.

سەرەتا نەموێرا زۆر دوور بکەومەوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی رۆژەکان، هەنگاوەکانی منیش مەودایەکی زیاتریان تێدەپەڕاند و بەرینایییەکی زیاتریان لە سروشت داگیردەکرد. تەنانەت گەیشتمە زرێ زێنیش. دەشت و دارستان بانگیان لێدەکردم و هەتا دەهات زیاتر دەبووم بە هاوڕێیان.

بە ناو گیاخۆڕسکەکاندا دەڕۆیشتم و، لە ئاسمان و لە بابۆسی سەرکەشم دەڕوانی. لە هەموو گیاکان ورد دەبوومەوە. لە کووزەڵە و پنگ. لە کولێرەچەورە. لە چقڵەکان و لە هەلز. لە سەر کانییەکان بە بەرد و بە دارەکەی دەستم قرپۆکم دەکوشت. بەردەکانم بە کاوەخۆ و بە ئەسپایی بەرزدەکردەوە تا بزانم چییان لە بندایە. بە شوێن

مارمێلکەکاندا هەڵدەهاتم، دەمگرتن و کلکم دەقرتاندن و ئەوجا بەرەڵڵام دەکردن و سەیری شێوازی رێگابڕینیان بە بێ کلکیانم دەکرد. چەندە لە خێراییان کەم دەبووەوە. تەنانەت قۆچەقانییەکیشم دروستکرد و بەربوومە کوشتنی چۆلەکە و قشقڕەکان. ئاورم دەکردەوە و دەمبرژاندن. جاری وابوو کۆتریشم دەکوشت. دەستم وەها راست ببوو، نەبێتەوە. بە دەستی چەپم قۆچەقانییەکم دەگرت و بە دەستی راست قایشەکەیم رادەکێشا. لە خۆڕاگریی باڵی چەپم سەرم سووڕدەما. چەند قایم و مەحکەم بوو! لە ماڵەوە فێری خواردنی گۆشتی چۆلەکە، قشقڕە و کۆتر ببووین. دارەبییەکانی قەراخ چەمەکە شوێنیان بوو. جگە لەمە بە کەنار چەمە کەم ئاوەکەدا دەڕۆیشتم و قرژاڵم دەکوشت. کیسەڵەکانم هەڵدەگێڕایەوە و بە سەعات دادەنیشتم و لێم دەڕووانین تا بزانم کەی و چۆن دەتوانن خۆیان بخەنەوە سەر پێ. لە بن دارەبی و چنارەکاندا رادەوەستام و لەو باڵندانە ورددەبوومەوە تیایاندا دەهاتن و دەچوون. لە واشەکان کە هەمیشە لەو سەرسەرانەوە بە شوێن نێچیردا سووڕیان دەخوارد. لە هەورەکان و شکڵ و شمایلیان کە قەت لە یەکتریان نەدەکرد.

من ئەو رۆژانە فێربووم کە هیچ شتێک بە قەدەر 'با' داهێنەر نیە.

لێرە، لە ناو سروشت، ئیتر بە تەواوی فەرامۆشم دەکرد قۆلێکی گۆجم هەیە. لە ناو سروشت هەموو شتێ چەند سروشتی دەنوێنێ. بە ئەنقەست بە دەستە گۆجەکەم بوونەوەرەکانم دەکوشت و ئازارم دەدان بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بم هیچ کەم و کوڕییەکم نیە. کوشتن، قۆلە گۆجەکەمی لەبیردەبردمەوە. رۆژ بە رۆژ زیاتر هەستم بە بەهێزیی قۆلی چەپم دەکرد. چەندە کاری لە دەست دەهات! خۆیشم سەرم پێی سوڕمابوو. جاری وابوو بەردە بچووکەکانیشم هەڵدەگرت و تا هێزم تیابوو دەمهاویشتن. بە هەر دوو دەستم. ئەوجا سەرنجم دەدا بزانم بە کام دەستیان بەردەکان زیاتر دەڕۆیشتن. درەختێکم دەکرد بە نیشانە. نا، هێشتا دەستی راستم بەهێزتر بوو.

ئەمە تەواو ناهومێدی دەکردم، بەڵام ڕێگا چارە هەر مابوو. من بە ئەنقەست زیاتر دەستی چەپم بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی هەم زیاتر رایبێنم و هەم وەها عادەتی پێبگرم کە دەستی راست فەراموش بکەم. ژانی بن باڵم بەری پێنەدەگرتم. ژانەکە هەر لەوێ بوو. بیرم دەکردەوە با هەر لەوێ بێ، گرینگ ئەوەیە من دەمەوێ لەم قۆلە کەڵک وەربگرم،... ئا لەم قۆڵە دەبێ کەڵک وەربگرم!

یەکێک لە بەرهەمەکانی تری ئەم گەڕانانە، هەبوونی ژمارەیەک مارمێلک و قالۆنچە لەماڵەوە بوو. ئەو مارمێلک و قالۆنچانەی بە پەتێک قاچیانم دەبەستەوە و لە ناو دوو سندوقی تەختەدا رامگرتبوون. مارمێلکەکان لە یەک سندوق دا و قالۆنچەکان لە دانەکەی تردا. بە رۆژ هەر هەموویانم دەردەهێنا و لە حەوشەکە مەودای پەتەکەم بۆ درێژدەکردن و بەڕەڵڵام دەکردن. جاری وابوو بە سەعات لایان دەمامەوە و جاری وابوو جێم دەهێشتن. ئەوان راوی خۆیان دەکرد و نانی خۆیان پەیدادەکرد. ئەگەرچی زۆر نەدەژیان و بە ناچار دەبا مارمێلکە و قالۆنچەی تر بگرم. دەستەکانم بۆنێکی ناخۆشیان گرتبوو. ئەو بۆنەی شەوانە لە ژێر لێفەکەدا یەکجار خەستدەبووەوە.

رۆژێکیان کەمێک لە زرێ زێن ترازام و بۆ یەکەمجار خۆم بە مەودایەکی زیاتر لە جاران بەناو دارستانەکەدا کرد. کە لە چەمەکە ترازام، لەپاش ماوەیەک بە دەستی راستم دا کەمێک بەرەوسەرتر چاوم بە ماشینێک کەوت. 'جیپ' ێک بوو. زۆر بە دەگمەن ماشین دەهاتە ئێرە. من ئەوانم بە سەر ڕێگای گوندەکەوە لە دوورەوە بینیبوو. کەمێک لێم روانی و پاشان چاوم لێهەڵگرت و گوێم نەدایە. دارستانەکە چڕنەبوو، بەڵام تیایا ئاسۆی روانین لە دەشتەکە یەکجار کەمی دەکرد،... وندەبوو. لێرە گیا خۆڕسکەکان تا ناو قەدم دەهاتن. لە دوورەوە دەنگی زەنگۆڵە دەهاتە گوێم. دەمزانی لە بن کێوەکە ئاواییەکی لێبوو. مڕ و مانگا و بزنەکان هی ئەوێ بوون.

بۆنی پشکەڵ و شیاکە جێ جێ دەهاتە لووت. بۆنێک تێکەڵ بە گیای وشک و بە تۆزی دەشت. لێرە ویزەویزی مێشەکان جوانتر دەگەیشتنە گوێ. من کە یەکەمجار بوو لە ژیانمدا خۆم بە ناو دارستانێکی دوورە دەستدا دەکرد، چەند هەستێکی غەریب تیاما دروستبوو. لە دەورووبەری خۆت دەڕوانی. دارەکان لە تۆ بەرزترن. ئاسمان، نزیکتر دەنوێنێ. لێرە دونیا دەبێ بە شتێکی تر. کتوپڕ هەستم بە تەنیاییەکی سەیرکرد. ترسام. لەو کاتەدا ویستم بگەڕێمەوە، گوێم لە دەنگێک بوو. ڕاوەستام. جوانتر گوێم هەڵخست. لە دەنگی مرۆڤی دەکرد. جورئەتی دامێ و نەرم نەرم لە ناو دارستانەکە هەنگاوم هەڵێنایەوە. بەرەو دەنگەکە. لە هەندێک شوێن، باڵام ئەوەندە لە باڵای گژوگیاکە بەرزتر نەبوو.

ئەوسا سێ کەسم بینی. دوو پیاو و ژنێک. وا دەهاتە بەرچاو دوو پیاوەکە شۆخییەکی زۆریان دەکرد و هاوکاتیش بەردەوام لە ژنەکەیان دەڕوانی. ژنەکە کە چارشێوێکی گولگوڵیی بەستێن خۆڵەمێشی بەسەرەوە بوو دەڵێی مێشێکیشی میوان نەبوو. وشە و ڕستەی پیاوەکان لە ناو گەڵاگاندا پێش ئەوەی بگەنە من دادەمرکان و ئەوەی لێیان دەمایەوە، تەنیا دەنگی نێرینەیان بوو. ئەوسا ژنەکە چارشێوەکەی لە خۆی هەڵگرت و قژی درێژ و ڕەشی دەرکەوت کە لەبەر هەتاودا وەک ڕەشمار دەبریسکایەوە. یەکێک لە پیاوەکان لە گەڵی ڕۆیشت و لە شوێنێک لە ناو درەختەکاندا ونبوون. پیاوەکەی تر ڕاوەستا و هەر لە شوێنی خۆی جگەرەیەکی داگیرساند و چاوەڕوان مایەوە. من کە یەکجار لێی نزیک بووم ئەمجارە بە بێدەنگ بوونیان ترسام گوێیان لە من بێت. شتێک لە دەروونمەوە پێی دەگوتم ئەمە ئەوە نیە من دەبێ بیبینم! ئەگەرچی بە جوانی نەمدەزانی بۆ. بۆیە لە هەوڵێ خۆدەربازکردن، لە کاتێکدا لە سەر چۆک بووم هەوڵمدا بە بێدەنگ بکشێمەوە. بەڵام لەم جۆرە کاتانەدا دەنگ زیاتر لەوەی باریەتی خاوەن دەنگە. پیاوە لێو بە جگەرەکە بەپەلە لایکردەوە و

ڕێک لە شوێنەکەی من ڕووانی. من ئەژنۆم وشک بوو. پیاوەکە بە پەلە بەرەو لای من هات. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پەیکەری گەورە و گەورەتر دەبوو لە بەر چاوەکانمدا. ئەوەندەی نەمابوو بگاتە من کە ئەژنۆم بەریدا و کەوتمە هەڵاتن. بەڵام هەڵاتنەکەم چەند لە هەڵاتنی مارمێلکی کلک قرتاوی دەکرد! مارمێلکێک کە دەڵێی سەرەداوی ئەو پەتەی وا پێیەوە بەسترابووەوە بە دەستی ئەو پیاوەوە بوو وا من دەمویست لە دەستی قوتارم بێت. هەڵبەت من بەراستی مارمێلک بووم، مارمێلکێک کە لە جیاتی قاچی، قۆلی قرتابوو. چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوومەوە، پیاوە قەڵافەت زلەکە گەییە سەرم و پشتە ملی گرتم و وەک تووتەڵە سەگێک جەستەی لاواز و سووکمی بەرزکردەوە. هیچ جوێنی نەدا. تەنیا ئەوەندەی بە وردی لە سەرتاپامی ڕووانی. چاوەکانی غەزەبیان لێدەباری. پاش ئەوەی کەمێک هەناسە بڕکێکەی نیشتەوە، وتی ناوت چییە. وەڵامم بۆ نەدەهات. پرسییەوە. هەرچۆنێک بوو وتم بێزار (هێشتا ئەوکات نەببووم بە بێزاری ماجوومی) وتی کوڕی کێی. وتم سەیدی ئاسنگەر. کەمێک ڕاما. وتی ماڵتان لە کوێیە. پەنجەم ڕاداشت و وتم لەوێ،... ئەوەندە دوور نیە،... خانووەکەی قەراخ شار،... دەشتاییەکە. دیسان کەمێک ڕاما. پرسیاری کرد (ئەمجارە بە هەڕەشەیەکی تەواوەوە) چیت بینی؟ وتم هیچ،... بە خوا هیچ! پشت ملی بەردام و فڕێی دامە سەر عەرزەکە. وتی ئافەرین، وادیارە کوڕێکی ئاقڵی، ئەوەی بینیت ئەگەر بێت و لای کەس بیگێڕیتەوە ئەوا ڕۆژێ دێم و لە ماڵەکەتان دەتدزم و دەتکوژم، تێدەگەی،... دەتدزم و دەتکوژم! هەر خانووەکەیشتان دەسووتێنم،... تێگەیشتی دەیسووتێنم! من کەمێک بە چنگە خشکە لە سەر ئەژنۆ دوورکەوتمەوە و پاشان هەستامە سەر پێ و تا توانیم بە هەڵاتن دوورکەوتمەوە.

لەو رۆژەوە چەند شتی گرینگ لە ژیانی مندا روویان دا: یەکەم تەرکی دەشت و دەرم کرد، دووهەم لەوە بەدووا رقم لە هەرچی ماشێنی جیپ بوو و، سێهەم زانیم دەتوانی لە هەموو شوێنێک بە تووش مرۆڤەوە بیت و چوارم ئەوەیکە من سەرەڕای ئەوەی رۆژ تا ئێوارە کایەم بە مارمێلکەکان دەکرد، بەڵام بۆ خۆم دەمتوانی زۆر بە ئاسانی ببم بە یەکێک لەوان!

لەو رۆژەوە وازم لە یاریکردن بە مارمێلکە و قالۆنچەکان هێنا، هەموویانم ئازاد کرد و سندووقەکانیشم شکاندن. ئیتر زانیم من نابێ ئەوەندە لە خانووەکەی خۆمان دووربکەومەوە، بگرە بۆ ناو سروشتیش.

تەرکی سروشت بەڵام روانینی سروشتی لێ نەستاندم. من هەموو رۆژێ پشتم بە چەپەرەکەوە دەدا و لە دەشت و دەرەکەم دەڕوانی. بگرە رووداوەکە ببووە هۆی ئەوەی ئەمجارە زیاتر لە سروشت وردببمەوە. بە چاو و بە خەیاڵم دەچوومەوە بۆ هەموو ئەو شوێنانەی لێیان بووم. جاری وابوو خەیاڵم ئەوەندە بەهێز دەبوو کە هەستم دەکرد ئیستاکە لەوێم و وەک جاران خەریکی وەردانی بەردەکان و گەڕان بە ناو چەمەکەدا بووم. ئەگەرچی هەوڵمدەدا رووداوکەی ئەو رۆژە بۆ هەمیشە فەرامۆش بکەم و قەت بیری لێ نەکەمەوە. بۆ هەمیشە.

بۆ ئەوەی بتوانم رۆژەکانی خۆم پڕبکەمەوە دەستم کرد بە ژماردنی خانووەکانی شار. جاری وابوو تا پەنجا دەڕۆیشتم و ماندوو وازم دەهێنا. ئەوسا هەوڵمدەدا پەنجەرەکان بژمێرم. ژماردنی پەنجەرەکان چاوەکانیان ئازاردەدام. بەتایبەت کاتێک هەتاو نەوی دەبووەوە و مەیلی داچوونی هەبوو. لەم کاتانەدا رووم دەکردە پشت چەپەرەکە و بە دارەکەی دەستم گیام هەڵدەکەند. یاخود لە ناو شیوە بچووکەکەدا قوڕم دەگرتەوەو شتی سەیر و سەمەرم پێ سازدەکرد. شتی وەک خانوو، وەک حەسار و وەک حەوز. کە هەتاو لێیانی دەدا و وشک دەبوونەوە، قڵشیان هەڵدەگرت.

ئەم دیمەنە دڵتەنگی دەکردم. بۆیە بە قوڕ دیسان هەوڵم دەدا قڵشەکان پڕبکەمەوە کە دیسان دووای وشکبوونەوە قڵشی تریان لێ پەیدا دەبوو.
نازانم بۆ خانووەکانی من هەمیشە قڵشیان تێدەکەوت!

(٤)

من بە ئیستایشەوە لام سەیرە کەسێک بە چەقۆ لێی بدەن، برینێکی قووڵ لە جەستەیدا دروستبکەن و کەچی دەنگی لێ نەبێتەوە. بەڕاستی سەیرە! من لە رێگای دەستە گۆجەکەمەوە جوان هەستم بە بڕینی پێست و گۆشت و رەگەکان کرد. بگرە هەست بە گەرمیی خوێنەکەیشی. من تا ئەو کات نەمزانیبوو ئەم قۆلەی من خاوەنی ئەو هەموو توانا سەیروسەمەرەیە. بگرە لەو چەند چرکەیەدا قۆلی من بوو بە بەشێک لە جەستەی ئەو و جەستەی ئەو بەشێک لە قۆلی من. ئەمەیش بە بێ خۆشەویستی ناکرێ و نابێ. دەبێ کەسێکت تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆش بووێ بۆ ئەوەی بتوانی لە کاتی کوشتنی دا وەها هەستێکت تیا دروست ببێ. من ئاشنا بە خانە خانەی لەشی پرشنگ بووم. چەقۆکە ئەو رۆژە تەنیا ئەم راستییەی زیاتر لام سەلماند. راستییەک کە هەرچەند هەوڵمدا بۆ کەسانی تر روونی بکەمەوە، بەڵام بۆم نەکرا. رەنگە بپرسن بۆچی لە پشتەوە چەقۆکت کرد بە جەستەیدا و بۆ لە پێشەوە نا، خۆ ئەو هەر خۆی بە دەستەوە دەدا، دەبێ بڵێم کە من هەمیشە زیاتر لە هەر شوێنێکی تری پرشنگ ئاشقی پشتە مل و سەر شانەکانی بووم، بە تایبەت کاتێک

لەچکەکەی هەڵدەگرت و قژی لە پشتەوە گرێ دەدا و ئەوسا چەند تاڵێک بە سەر پشتە گەردنیدا پرش و بڵاو دەبوونەوە. گەنەمووەکان کە دەبریسکانەوە. ئەمە لای من جوانترین دیمەنی دونیا بوو. ئەو رۆژەیش کە بەلادا کەوت چاوم هەر بۆ ئەم دیمەنە دەگەڕا، ئەو دیمەنەی چارشێوە گوڵگوڵییەکە زۆر نامەردانە شاردبوویەوە. من لەگەڵ ئەوەی حەزم دەکرد دەست بەرم و چارشێوەکە لە سەر جەستەی بێ گیانی لابەرم، بەڵام ئەم کارەم نەکرد، نەک لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی، لەبەر ئەوەی گەر ئەو شوێنەم بدیایەوە ئەوا دەبا هەرچۆنێک با پرشنگم دووبارە زیندوو بکردایەتەوە، ئەمەیش ئیتر لە دووای ئەو حەمام کردنانە نەدەکرا، پرشنگ لای من لە حەمامەکە بە جێمابوو و ئەوەی لەبەر دەمی مندا لە سەر عەرز کەوتبوو بیرەوەرییەک لە پرشنگ بوو، بیرەوەرییەک کە شیاوی کوشتن بوو،... وە من کوشتبووم.

یەکێکی تر لە سەرگەرمییەکانی من سەرنجدانی دایکم بوو. ژنێکی راهاتوو بە ناو ژوورەکان و بە حەوشێ. بێدەنگ و هەڵگری چارەنووسی خۆی. قەت لەگەڵ باوکم بەشەڕ نەدەهات. باوکیشم هەمیشە بە دەنگێکی نەوی و لە هەمان کاتدا بڕیاردەرانە قسەی لەگەڵ دەکرد. دایکیشم چەند ئاسان گوێی لێدەگرت و چەند ئاسان رۆژەکانی لەگەڵ تێدەپەڕاند. دایکم قەت باسی کەس و کاری خۆی بۆ من نەکرد. منیش قەت لێم نەپرسی. وەک بڵێی ئەمە پەیمانێکی نهێنی نێوانمان بوو کە بە بێدەنگی واژۆمان کردبوو. دەمزانی بەردەوام بەشێکی گرینگ لە ژیانی رۆژانەی بیرەوەرییەکانی جاران و کەس و کارەکانیەتی، ئەوانەی وا جێی هێشتبوون. بەڵام ئیستا بۆ ئەو ئەوانە تەنیا رابردوو بوون. هیچ پێویستی بەوە نەبوو بیانژیێنێتەوە. رابردوو لای ئەو وەک رابردوو لە شوێنێک بەجێ مابوو. شوێنێک کە ئەو بە نهێنی جاروبارە دەچوو و سەردانی دەکرد. بە تەنیا و بەدوور لەچاوی ئەم و ئەو. بڕواناکەم کەس لە

ناو ئەو رابردووەیش ئاگای لەسەردانەکانی دایکم بووبێت. دایکم رۆحێکی سەرگەردانی ناو بیرەوەرییەکانی بوو. چارەنووسی رۆح ئاسای خۆی قبوڵکردبوو. بەخۆشییەوە کەسیش لەم رۆحە نەدەترسا. بەناو ساتەکاندا بە بێ هیچ چەشنە جێهێشتنی هەنگاو و نیشانەیەک تێدەپەڕی. نەرم نەرم. من گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بە نیوەشەوان بووە. من فرمێسکە نهێنییەکانیم بینیبوو. کاتێک لەم شێوازەدا دەمبینی بزەیەک دەیگرت و بە هەموو لەپی دەستی ناشارەزایانە دەیسڕین و دەیگوت کوڕم خەریکی چیت. دیشیزانی خەریکی چیم. من وەک هەمیشە خەریکی هیچ بووم. راستە من وەک دایکم هەمیشە لەماڵەوە بووم، بەڵام نە ئەو دەبووە من و نە من ئەو. ساڵانی دوواتر بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە داخۆ دەبێ چ ئەشقێکی گەورە بووبێ وا دایکمی لەگەڵ باوکم خستووە و بە بێ پرسی کەس و کار بۆ هەمیشە جێی هێشتبوون. یان رەنگە رقێکی تایبەت بووبێ. چەند حەزدەکەم لە دایکم بپرسم. دایکم ئیستایش هەر ئەو ئەشقەی لەدڵدا بوو.

من، دایکم و ئەم ماڵە پێکەوە دەناسمەوە. نە خانووەکە لەو بێتاقەت دەبێ و نە دایکم لە خانووەکە. رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بێت من و باوکیشم ئەوەندە حەزمان بە ماڵەوەیە. دایکم هەموو رۆژێک ژوورەکان گسک دەدا، دەستێک بە حەوشەدا دێنێ و قاپ و قاچاخەکانیش رێک و پێک دەکا. ئەوسا تەشییەک بەدەستەوە دەگرێ و بەن دەڕێسێ. هاوینان تووە شووتی و تووە کاڵک و گڕکەی وشکدەکرد، لەگەڵ خوێ دیبرژاندن بۆ تررووکاندنیان بە شەوانی زستان. پاییزانیش پێش ئەوەی زستان بێت دەستی دەکرد بە چنینی دوو جووت گۆرەوەی بەن بۆ من و بۆ باوکم. بە بەنی رەش و سپی و سوور. بە نەقش و نیگاری جۆراوجۆرەوە. من بۆ ئەوەی زبریی گۆرەوییە بەنەکان قاچەکانم نەخورێنن، هەمیشە جووتێ گۆرەوەی ترم لە ژێریانەوە لەپێ دەکرد. بەڵام باوکم وا ناکا. کە ناو پێڵاوەکان تەڕدەبن بۆنی بزنیان لێدێت. کە

بە دەوری کوورەی دارەکەدا گۆرەوییە بەنەکان هەڵدەواسم بۆنەکە خەستتر دەبێتەوە. تەواوی ژوورەکە دەتەنێتەوە. بەڵام ئازارم نادات. بووەتە بۆنێکی ئاشنا. ساڵێکیان دایکم بە کاموا گۆرەوی بۆ چنیم. نەرم و خۆش بوون، بەڵام زوو کوونیان تێبوو. جگە لەمە ئەو بۆنەیان نەدەدا. بە دایکمم گوت وەک ساڵان گۆرەوی بەنم بۆ بچنێ.

ژوورەکان بۆنی دایکمیشیان گرتووە. پێم وابێ تەنیا من ئەم راستیە دەزانم. جاری وایە تاڵ تاڵ قژی دایکم لە سەر بەڕەکان دەدۆزمەوە و دەچم لە گۆشەیەکی سەر تاقچەکە دایاندەنێم. تاڵە قژەکان لە سێ جۆرن: رەش و سپی و خەناوی. من هەموویانم وەک یەک خۆش دەوێ. دایکم بۆڵەی دێت و دەڵێ نازانم ئەم قژانەی من بۆ دەگەنە ئەوێ. منیش هیچ ناڵێم. دایکم هەمیشە سوخمەی لەبەردایە. بە دەستماڵێکی ئەستوورەوە و بە کراسی رەنگ بۆرەوە. پشتێنێکی رەشی گوڵ گوڵاویی پانیش. دایکم قەڵەو نیە، بەڵام لاوازیش نیە. بەو باڵا کورتەوە بۆ خۆی دەڵێ بەخۆشییەوە پارچەی زۆری بۆ کراس ناوێ. من کە نازانم ژنان چەند میتریان بۆ کراس دەوێ، لام وا نیە لەگەڵ پیاوان زۆر فەرقیان هەبێ.

دایکم یەغانێکی هەیە تایبەت بە خۆی. هەمیشە قوفڵی دەدا. من دڵنیام هەندێ شتی تیایە حەزناکا کەس بیانبینێ. بێگومان شتەکان هی ساڵانی دوورن. کلیلی یەغانەکە هەمیشە لە گیرفانی خۆیایەتی. قەت لە شوێنێک جێی ناهێڵێ. من کە ماوەیەک زۆر مەراقی ئەم یەغانەم هەبوو، زۆر خێرا لەبیری خۆم کردەوە و هەوڵمدا وەک رابردووی دایکم لێی بڕوانم و بەگوێرەی پەیمانە نهێنی و نەگوتراوەکەی نێوانمان هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەم.

جوانترین و خۆشترین کاتەکانی ژیانی دایکم هەستم دەکرد لای ئێوارەیانە. واتە ئەو کاتانەی باوکم دەهاتەوەو هەر هەموومان بە دەوری سفرەکەوە دادەنیشتین و ویزەی سەماوەر دەهات. دایکم کە بە گوێرەی عادەتێکی قەدیمی خواردنی گەرمی بۆ

شەوان دروستدەکرد، گرینگیی تایبەتی بەم ژەمە دەدا. بۆیە لای منیش تام و چێژی ژیان لە ئێوارانداا کۆببووەوە. تیشکی زەردی گڵۆپی ناو ژوورەکە، سێبەری شتەکان، بۆن و هاڵاوی خواردنی گەرم کە لەگەڵ سێبەری ئاوابوونی رۆژ تێکەڵ دەبوو، لای من دەبوونە جیهانێکی ئەفسانەیی. کە باوکم رادیۆکەیشی هەڵدەکرد ئیتر ژیان تەواو دەبوو بە شتێکی تر. جاری وابوو باوکم درەنگ رادیۆکەی هەڵیدەکرد و لەم کاتانەدا دایکم خێرا دەنگی دەدا. باوکم لە ژێر چاوەوە سەیرێکی دایکمی دەکرد و ئارام دەستی دەبرد و دوگمەکەی بەلای راستدا بادەدا. ئەوسا دایکم بزەیەکی نهێنی دەنیشتە سەر لێوەکانی و دەیگوت دەی ئەوە بۆ ناخۆن! باوکم کە پارووەکەی ناو دەمی نەیدەهێشت وشەکان بەڕوونی بێنە دەرەوە شتێکی دەدەرکاند و من و دایکم لامان وابوو دەڵێ ئەی ئەوە نیە دەخۆم!

دایکم ئەگەرچی هیچ هاوڕێیەکی نەبوو، بەڵام قەت هەستم نەدەکرد هەست بە بێتاقەتی دەکا. جاروبارە پیرێژنێک رووی دەکردە ماڵی ئێمە و دایکم دەیگوت مامای من بووە. ئەوەیکە بۆچی ئەو ژنە ساڵی دوو سێ جارێک دەهات و سەردانی دایکمی دەکرد، لام شاراوە بوو. بڕوایش ناکەم هۆکارێکی تایبەتیشی لەپشت بووبێت. ئەو تەنیا پیرەژنێکی لەش ساخی توند و تۆڵ بوو کە خانووەکانی شار واتە ئەوانەی وا منداڵیان تیا بە هۆی ئەوەوە لەدایک ببوو، فەرامۆش نەدەکرد. کە دەهات زۆر لە من ورد دەبووەوە. وەک بڵێی دەیەویست بزانێ خڵقەتی دەستی خۆی چلۆن رۆژگاری تێدەپەڕێ و داخۆ کێشەیەک لە جەستەی مندا بە هۆی زاوزێوە پەیدانەبووە کە ئەو کاتی خۆی پێی نەزانیبێ. جارێکیان گوێم لێبوو بە گلەییەوە گوتی وەڵلام نازانم بۆچی ئەم کوڕە جوانەتان ناوناوە بێزار. دایکم گوتی ئەمە بڕیاری باوکی بووەو تا ئەو جێگایەیش ئاگادارە هیچ هۆکارێکی تایبەت بە دوواوەی نیە. ماماکە گوتی شتی وا مەحاڵە. هەموو ناوێک هۆکارێکی هەیە. گەر لەم من

بپرسن پێم وایە ماماکە راستدەکا. بەڵام مەرج نیە هۆکارەکان هەمیشە لەپێش ڕووداوەکانەوە بێن، جاری وایە هۆکارەکان دواتر لە دووای ڕووداوەکانەوە دێن.

دایکم هەمیشە شەوانە درەنگ خەوی لێدەکەوێ. تا بەیانی چەندین جار دەروژوور دەکا. جاری وایە دەچێتە حەوشێ و تا دێتەوە ژوورەوە پێی دەچێ. نازانم چی دەکا. بۆ خۆی دەڵێ لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ چەند جارێک سەرخەوێکی بۆ دەشکێنێ، خەوی شەوانەی لێدەتارێ. بەڵام من هاتووچووەکانی شەوانەی دایکمم لا خۆشە، هەرچەند هەمیشە زۆر ئاگام لێ نیە. خانووکە بۆنی دڵنیایی دەدا. لەم دەشتە بەرەهووتەی ئێمە تیای دەژین، چاکە کەسێک بە شەودا بێت و بچێ. شتێک لە دەروونەوە ئەمەم پێدەڵێ، هەرچەندە قەت هیچ شتێک ڕووی نەداوە. من جارێکیان کە زۆر میزم دەهات، هەستام و لەگەڵ دایکم چوومە حەوشێ. دونیا بە نیوەشەوان چ حاڵ و هەوایەکی تری هەیە. دیمەنی شار و دەشتەکانی دەورووبەر و کێوەکان چ دونیایەکی دیکەن! رەنگە ئەمە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هەستانەکانی نیوەشەوانی دایکم بێت.

جاری وایە لە حەوشە لەبەر هەتاودا دایکم پارچەیەکی گەورە ڕادەخا، شانەیەکی داری گەورە بەدەستەوە دەگرێ و خەریکی شانەکردنی قژی دەبێ. قژە درێژە خاوەکەی کە پڕ و ئاڵۆزکاوە، دادەهێنێ. من لەسەر بەردێکی خڕ دادەنیشم و لێی دەڕوانم. لەگەڵ هەر شانەکردنێک قژە بەجێماوەکان لە شانەکان بە پەنجەکانی دەکاتەوە و دەیانخاتە سەر پارچەکە. من جاری وایە بۆ ماوەیەکی چاک روخساری نابینم. کە لێدەبێتەوە، لە من دەڕوانێ و بزەیەک دەیگرێ. ئەوسا مووەکانی ناو پارچەکە کۆدەکاتەوە و دەیانخاتە ناو زبڵەکەوە. کە لەچکەکە بە سەریدا دەداتەوە، دەڵێ بچۆ لە بیرەکە پووتێک ئاو هەڵێنجە! دەچم. دایکم کە لە دووای قژداهێنان

سەری دەشوا، دەبێتە جوانترین ژنی دونیا. روخساری وەها دەکرێتەوە کە من تەنیا پێدەکەنم. دەڵێ شێت بووی؟ من هەر پێدەکەنم.
رۆژێک کاتێک باوکم لە کار هاتەوە، لە دووای نانخواردن رووی تێکردم و گوتی کوڕم ناکرێ هەروا لە ماڵەوە بە بێ ئیش و کار دانیشی. خەریکی دەبی بە پیاوێک بۆخۆت. جا کارێکم بۆ دۆزیوییەوە. رەنگە بەدڵت نەبێ، بەڵام لە هیچ باشترە. دایکم سەری هەڵبڕی و بە نیگای پڕ لە پرسیارەوە لە باوکمی روانی. باوکم سەیرێکی کرد و گوتی پەلەمەکە ئافرەت،... پەلەپەل! ئەوسا روویکردەوە من و گوتی کارەکەت زۆر سەخت نیە. دەتنێرمە لای عەبەی ماجوومفرۆش. پیاوێکی باشە. قسەم لەگەڵ کردووە. دەڵێ با بێت. جا بچۆ بۆلای. دایکم گوتی ئەمە ئیتر چ جۆر کارێکە؟ باوکم گوتی هیچی وانیە. رۆژانە بە سینی لە جادەو کۆڵانان ماجوومی دەفرۆشێ، نوقڵێکی شیرینی خۆشە. دەتوانێ بەرەبەرە کارەکە فێربێ و بۆخۆی ببێ بە کاسبێکی سەربەخۆ. دایکم گوتی ئەیەڕۆ دەینێریتە ناو خەڵکی؟... جا چۆن شتی وا دەبێ؟... مەگەر تۆ بە حاڵ و وەزعی نازانی؟ باوکم کەمێک راما، سەرئەنجام گوتی بەرەبەرە خەریکە دەبێتە پیاوێک بۆخۆی، خۆ ناکرێ هەتا ئەبەد لە کونجی ماڵ یاخود ئەم لاولای خنین، دەبێ رۆژێ سەرئەنجام بچێتە دەرەوە و ئەم تەلیسمە بشکێ. ماوەیەکە، سەرئەنجام چاک دەبێ، خەڵکی پێی رادێن و لەبیریان دەچێتەوە،... ئەیچۆن! دایکم سەیرێکی منی کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.
عەبەی ماجوومفرۆش پیاوێکی شەست ساڵەی بچووکی چاو ورد بوو کە بە دەگمەن دەدوا. جامانەیەک بە سەرییەوە، جامانەیەک لە ملیا و جامانەیەکیش بە دەوری کەمەریا بوو. لە ماڵەوە ماجوومی دروستدەکرد. ماڵەکەی ئەویش لە قەراخ شار بەبەر کێوی 'جنێرە'وە بوو، بەڵام دراوسێی خانووەکان. ریش و سمێڵی سپی کردبوو و لەڕ و لاواز بوو. کە دەدووا زمانی دەگیرا. تەنیا لەکاتی هاوارکردنی

ماجوومییەکانیدا زمانی نەدەگیرا. راهاتبوو. لەگەڵ ئەوەی گوتنی ئەو وشانەی وا بە پیتی 'م' دەستپێدەکەن بۆ ئەم جۆرە کەسانە یەکجار قورسە و زۆر خێرا زمانیان دەگیرێ، بەڵام عەبە بەجوانی دەرەقەتی 'ماجوومی' دەهات. ئەگەرچی هەندێ جار پیاو هەستی دەکرد لە جیاتی 'ماجوومی' دەڵێ 'ئاجوومی'. عەبە بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بەمە نەکەن لە کاتی هاوارکردندا زیاتر لە سەر پیتی 'ئا' رادەوەستا. دەیکێشا و دەیکێشا. ماجوومییەکانیش قیت دەبوونەوە و دەکەوتنە سەرەتاتکێی بینینەوەی ئەو مشتەریانەی وا بەڵێن بوو وەکوو هەموو رۆژێک لە قوژبنێکەوە دەرکەون، بیانکڕن و بیانخۆن! عەبە خاوەن ژن و منداڵ بوو. وەک دەیانگوت دوو کوڕی لە تاران کاریاندەکرد و کچێکیشی بە شوودابوو. ژنەکەی نەخۆش بوو و لە کونجی ماڵ کەوتبوو. عەبە پیاوی چاک بوو. بە جوانی خزمەتی ژنەکەی دەکرد و قەت گلەیی نەدەکرد. قەتیش بیری لە هێنانی ژنی تر نەکردەوە. ژنەکەی ئامۆزای خۆی بوو و فارس گوتەنی ئەقدی ئامۆزاکان لە ئاسمانەوە بەسترابوو. لە کوڕەکانی یەکیان بە وەفا بوو و ناوەناوە دەهاتەوە و یارمەتی دایک و باوکی دەدا و ئەوی تریشیان بە چەند سال جارێک دەهاتەوە. دەیانگوت ژنێکی تورکی هەیە و ژنەکە حەزی بە شارەکەی ماڵە خەزوورانی نیە. کچەکەیشی ئەگەرچی شووی بە پیاوێکی فەقیر کردبوو، بەڵام لە هیچ یارمەتییەک بەتایبەت بە دایکە نەخۆشەکەی درێغی نەدەکرد. بەگشتی دەتوانین بڵێین عەبە پیاوێکی بەختەوەر بوو، بەتایبەت کە قەت بۆ خۆی دەمی گلەیی لە هیچ شوێنێک سەبارەت بە هیچ شتێک نەدەکردەوە. وەک بڵێی تامی شیرینی ماجوومی بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە هۆی هاوڕێیەتی لەمێژینە، گەیبووە زاری ژیانیشی.

عەبەی ماجوومی تەنانەت وەڵامی سڵاوەکەیشی نەدامەوە. بە چاوە وردەکانی لێمی ڕووانی و لە پاش وردبوونەوەیەکی کەمێک خێرا لە هەموو جەستەم و

راوەستانێکی کورت لە سەر قۆلە گۆجەکەم، سینییەکی پڕ لە ماجوومی دامێ و گوتی گەر تا ئێوارە بیفرۆشی ئەوا نیوەی خێرەکەی هی خۆتە. سینییەکە قورس بوو. کۆمەڵێک ماجوومی بە تارایەک بەسەریانەوە بۆ ئەوەی مێش لێیان نەنیشێ. گوتی تۆ لە لاسەرووی مەیدانەکە لەو گەڕەک و خیابانانە دەخولێیتەوە و رادەوەستی. منیش لە خوارەوەی. پەڕۆیەکیشی دامێ و گوتی بیخە سەر ئەمە، ئەگینا بەربەرە ئەزیەتت دەدا. سینییەکە لەگەڵ هەر هەنگاوێک قورستر دەبوو. بۆیە لەهەر بیست سی هەنگاوێکدا رادەوەستام و سینییەکەم دادەنایە سەر عەرز و هاواری مشتەریم دەکرد. دەبا ئاگایشم لێ بێت نەورنە خوارەوە. ئەگەرچی بەرەبەرە تێگەیشتم کە بە هۆی شیلەکەیانەوە بە سینییەکەدا دەچەسپین و ئیتر دەکرێ لێیان بێ غەم بیت. زۆر سەیر بوو بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خۆمەوە نەک تەنیا خەڵکی ئەزیەتیان نەدەدام بەڵکو بەچاوی رێزیشەوە لێیان دەڕوانیم. من نازانم بۆ هەمیشە لام وابوو خەڵکی بە بینیم ئازارم دەدەن. تەنانەت هاوتەمەنەکانی خۆیشم لە ئاستم بێدەنگ بوون. ئەمە کارێکی کرد زۆر هەست بە قورسیی سینیی ماجوومەکە نەکەم و جۆرێک لە خۆشی وەها لە هەناومدا گەڕا کە بە ورەیەکی زیاترەوە لە کارەکەم بەردەوام بم. زۆربەی گەڕەکی خواروو گەڕام. گەڕەکی مزگەوتی جامیعە، بەر دەرمانگا، دوخانیات، دەورووبەری پارکی شار، پشت سینەماکان و... بەم شێوەیە هەتا عەسر ماجوومییەکانم فرۆشت. عەبەی ماجوومفرۆش بە مڕومۆچی نیوەی خێرەکەی دامێ. سینییەکەم تەحویل دایەوە و بەو بڕە پارەیەی وەرمگرتبوو شادومانە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. دایکم کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانم بوو، لە باوەشی گرتم و ماچی کردم. بە رواڵەتمدا هەموو شتێکی خوێندەوەو بۆیە هیچ پرسیارێکی نەکرد. من کە لە برسیەتی هێزی ئەژنۆم نەمابوو، داوای نانم کرد. بۆ سبەی دایکم بابۆڵەی بۆ پێچامەوە و لەگەڵ خۆم بردم. بۆ ئاو خواردنەوەیش لەو شێرە ئاوانە

دەمخوارەوە وا لێرە و لەوێ لە قەراخ جادەکان دەست دەکەوتن. بەم شێوەیە ماجوومفرۆشیی من دەستی پێکرد و ساڵانی ساڵ دوواتریش درێژەی کێشا. وەستاحاجی کە یەکجار بەم کارەی من خەنی بوو هەر جارێک لەوێوە تێدەپەڕیم هەندێکی لێدەکڕیم و دەستێکی بەسەرمدا دەهێنا و دەیگوت خوا رزقت با! من کە هەموو جارێ بە سەیرکردنی کوورەکەی پشتەوەی دووکانە ئاسنگەرییەکە دڵم دەگیرا و بێ تاقەتییەک رووی تێدەکردم، سوپاسم دەکرد و ملی رێگام دەگرتەوەبەر، بە شەقامی سەرەکی شاردا بەرەو گەڕەکی خواروو دەڕۆیشتم.

(٥)

شار بەرەبەرە دەکشا. خانووەکان خەریکبوون لەماڵەکەی ئێمە نزیک دەکەوتنەوە. بگرە لەولاترەوە بلوارێکیشیان لێدا بە چەند ساحەی گەورەی چەمەنەوە. ئێواران خەڵکی دەهاتن و روویان لەوێ دەکرد و پیاسەیان تیادەکرد، یاخود لەسەر کورسییە بەردینەکان دادەنیشتن، پێکەوە دەدوان و پێدەکەنین. ئەوسا تاق و لۆق خانوو لەم لاولای ئێمەوە، دیارە هێشتا بە مەودای زۆر، سەریان هەڵدا. خانوو لە قەوارەی کۆن و خانوو لە قەوارەی نوێ. باوکم و دایکم جۆرێک لە دڵەڕاوکێ بەسەریاندا زاڵبوو. بەپێچەوانەی ئەوان من بە خۆشحاڵییەوە لە دیمەنی گەورەبوونی شارم دەڕوانی.

فەقێ ئەحمە لەدووای کووشتنی ژنەکەی بەو چەقۆیەی من ئەو رۆژە بۆم بردبووەوە ماڵەوە گیرابوو و دە ساڵ حوکمی بەسەردا سەپێنرابوو و لە پاش ماوەیەک بۆ زیندانی شارێکی دوور بەڕێیانکردبوو. وەک باسیان دەکرد فەقێ ئەحمە قەت لە هیچ شوێنێک باسی لە پەشیمانی خۆی نەکردبوو، بەڵام جۆرێک لە وڕی بەسەریا زاڵ ببوو کە هەتا ئێستاکەیش بەرینەداوە. لە زیندان و لە دادگا هاواری کردبوو کە ژن ژنی خۆمە و دەیکوژم و بە کەس مەربوت نیە! بەڵام مەگەر حکومەت گوێی

لەم قسانە بوو. دەیانگوت بەختی هەبووە ئیعدام نەکراوە. ئەوەی کە بۆچی کووشتبووی لای کەس بە جوانی دیارنەبوو. هەر کەسە و قسەیەکی دەکرد. یەک دەیگوت لەسەر نامووس بووە، یەکی تر دەیگوت لەسەر ئەوەی ئەو رۆژە لەسەر خواردن شەڕیان بووە، یەکی تر دەیگوت لەسەر ماڵە خەزووران بووە و... ئیتر قسەکان کۆتاییان نەدەهات. بەڵام لەناو هەموو قسەکاندا باسی نامووس باسی زاڵتر بوو و زیاتر بەر گوێ دەکەوت. لەبیرمە نە وەستاحاجی و نە باوکم قەت خۆیان لە قەرەی ئەم باسە نەدەدا و وەستا حاجی هەر سەری باسیان دەکردەوە بە ئەستەغفورڵڵا گوتنێکی بەرز بەری بە درێژی قسەکان دەگرت. لای ئەو تەنیا خوا دەیتوانی حوکم لە سەر گوناهکاربوونی عەبد بدات و ئەوی تر هەمووی قسەیەک بوو وا لە ناو سکەوە دەهاتەدەر، نەک لە مێشکەوە. باوکیشم بەو رابردووەی خۆیەوە یەکجار حەزی لەم عادەت و بیرکردنەوەیەی وەستاحاجی بوو و هەمیشە دۆعای بەخێری بۆ دەکرد. راستە باوکم و دایکم بە بێ پرسی کەس و کار زەماوەندیان لەگەڵ یەک کردبوو و کارەکەیان بە شێوەی شەرعی بردبووە پێش، بەڵام بەجۆرێک خۆیان هەمیشە بە تاوانبار دەزانی. ئەم هەڵوێستەی حاجی ورەی بەر باوکم دەخست و متمانەی زیاتری لە سەر ژیانی خۆی پێدەبەخشی. هەمیشە دەیگوت لای خوا بۆ جەزا ملم لە موو باریکترە. بەڵام کێشە لەوەدا بوو کە دایک و باوکم هەمیشە لە ئاست کەسوکاریاندا خۆیان بە تاوانبار دەزانی و نەیاندەتوانی خۆیان لەم هەستە دەربازبکەن. لە بیرم دێ جارێکیان لە پشت درگاکەوە گوێم لێبوو باوکم بە دایکمی گوت خۆمان ئەم رێگامان هەڵبژارد خۆ تاوانی کەس نەبوو. دایکیشم لە وەڵامدا گوتی شوکرم بەوەی هەمە،... شوکرم!

فەقێ ئەحمەد لەدووای گیرانی، بنەماڵەکەی پرش و بڵاوبووەوە. پرشنگی کچیان دا بە مامی بۆ ئەوەی بەخێوی بکا. ئەو رۆژەی تەرمی خوێناویی دایکی پرشنگیان

تیاناشت رۆژێکی هاوینی بوو، بەڵام بە هۆی بایەکی تووندەوە کە هەڵیکردبوو لە پاییزی دەکرد (رێک رۆژی دوواێ بارینی بارانە ناوەختەکە). تەمێکی بەئاستەم ئاسمانی داپۆشیبوو و پووش و پەڵاش بە دەم باوە تریلانیان بوو. گۆڕستانی سلْمان بەگ زۆر خەڵکی لێ نەبوو. وەک بلێی خەڵکی بە نەچوونیان دەیانویست بلێین یەکجار بێزارن لە وەها رووداوگەلێک و بە هیچ کلۆجێک نابێ دووپات ببنەوە. لەدووای ئەوەی تەرمەکەیان داپۆشی، مەلا تەڵقینی کرد و پێی گوت لەو مەلایکانە نەترسێ وا لە لایەن خواوە بەرەوپیری دەچن! من کە لە تەنیشت وەستا حاجی راوەستابووم، دەستم خستە ناو دەستی. ئەو سەری دانەواند و لێی روانیم. چاوەکانی وەستاحاجیش پڕی خەم و پڕی پرسیار بوون. دەستی بە ئاستەم گووشیم و چاوەکانی بە نیشانەی دڵدانەوە دووجار لەسەریەک قونجاندن. چەندە هەناسەم سواربببوو. لە چواردەوری خۆمم روانی. هەموو شوێنێک قەبر بوو. بە کێلە راست و چەوتەکانییانەوە. بە پەڕۆ دڕاو و لەرزۆکەکانی دەم بایانەوە. بەو گەڵایانەوە لە نێوان گۆڕەکاندا دەهاتن و دەچوون و بە دەم باوە سەمایان دەکرد. دارستانە چڕەکەی سلْمان بەگ قورس هەناسەی دەکێشا. هەستم بە بۆنێکی یەکجار ناخۆش دەکرد. بۆنێک وەک رزیوی، بەڵام نەک رزیویی شتی ئاسایی. نا، بەڵکو وەک رزیویی ژیان. بیری چەقۆکە کەوتمەوە. چەقۆ دەسک رەشە گەورەکە. لە دەستەکانی خۆمم روانی. باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە لە مەرگی کەسێک نزیک بم. چی دەبوو گەر ئەو رۆژە چەقۆکەمان نەبردایەوە بۆ ماڵەکەیان؟ دایکم دەڵێ چونکە قەدەر وابووە ئەو رۆژە بمرێ، بۆیە گەر ئەو چەقۆیەیش نەبووایە هەر بە شتێکی تر هەر دەیانکوشت. من نازانم بۆ، بەڵام من باوەڕم بەمە نیە. چەقۆیەک کە چەند رۆژ لە ماڵەوە نەبێ لەگەڵ چەقۆکانی تر جیاوازە. غەریبی لێی دەنیشێ و بۆیە بێرەحمترە. تازە تاقە یەک وشە لە کات و ساتی خۆیدا یەکجار گرینگە. نا، دایکم

راست ناکا. دەنگی مەلا هەر دێتەگوێ. وەستاحاجی لەگەڵ باوکم لە ژێر لێویانەوە دۆعا دەخوێنن. من تەنیا جاروبارە وشە عەرەبییەکان دێنە گوێم. لێیان تێناگەم، بەڵام دەزانم گرینگن. ئەوەندە گرینگ کە منیش ئارام دەکەنەوە. ئارامێکی خەمگین و پڕ لە ترس. ژیان پاڵی بە چ دراوسێیەکەوە داوە، دراوسێی مەرگ. هەموو شتێ چەند ئاسان و کتوپڕی دەتوانێ تەواو بێت. بیر لە ماڵەکەی خۆمان دەکەمەوە، لە ئێوارەیانی. لە نوێژەکانی دایکم و زەردەپەڕ و دانیشتنەکانی ناو حەوشەی. بیری ئەوەی ئەویش دەکرا رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان وەک ژنەکەی فەقێ ئەحمەدی لێ بێت تەزوو بە جەستەمدا دەگێڕێ. چەندە حەزدەکەم هەر ئێستا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. دەنگی باڵندەکان دێت. چەند جوان دەخوێنن. دارمەیتەکە بەرزدەکرێتەوە و بەسەر سەری حەشیمەتەکەوە تێدەپەڕێ و دووردەکەوێتەوە. چەند پەتوو و لێفە لەناویا بەجێماون. راستی چییان لێدەکەن؟ تۆ بڵێی کەسێک هەبێ بتوانێ و بوێرێ لە ناو ئەمانەدا بخەوێتەوە؟ دایکم دەڵێ هیچ شتێک وەک مردووی ناو کفن نیە. هیچ ئاسەوارێک لە خۆی لە سەر هیچ شتێک بەجێناهێڵێ، تەنانەت لەسەر لێفە و پەتووەکانی ناو دارمەیتەکانیش. بەڵام دیسان من باوەڕم بەمە نیە. چۆن شتی وادەبێ!

من دارمەیتەکانم لە مزگەوت بینیبوو. لە شوێنێک لە ناو ئاودەستەکان بە سەر دیوارێکەوە هەڵپەسێردرابوو. لە مزگەوتی سەیی. وەک بڵێی ژیان گووە و رۆژێک دەڕیێتە ناویەوە! نازانم بۆ لەوێ هەڵیانپەساردبوو. باشە شوێنی تر نەبوو؟ ئەی رێزی مردووەکان؟ ساڵانی ساڵ لەوێ مایەوە، تەنانەت کاتێک خانووەکان بەرەو ئێمە زیاتر کشان و دەرودەشتی دەوروبەری ئێمەیشیان تەنییەوە. دارمەیتەکە بۆنی ئاودەست و مردووی پێکەوە گرتبوو. دەزانم کەس بیر لەمە ناکاتەوە. ئەوەی چاوی لە دارمەیت بێت باشتر دەڕییەت! رەنگە لەبەر ئەمە لەوێ بەرامبەر ئاوەدەستەکان

دایانبابێ! مەلای مزگەوت جاری وایە لە خوتبەی ڕۆژی جومعەدا باسی مردن دەکا. داوادەکا خەلایق لەبیری نەکەن و لێی بترسن. دەڵێ لاتان وانەبێ بەمردن هەموو شتێ کۆتایی دێ، دەڵێ تازە لە دووای مردنە شتە ڕاستەقینەکان دەست پێدەکا! دەکرێ مردن دەستپێکی ڕاستەقینە بێت، بەڵام بۆچی بۆ چ شتێک؟ باوکم دەڵێ کە گەیشتینێ ئەوکات کاتمان دەبێ بیری لێبکەینەوە، جارێکە ماجوومییەکانت بفرۆشە. ئای ماجوومییە شیرینەکانم! چۆن منداڵ لێی دەئاڵێن. من بە دەستە گۆجەکەم ئاماژە دەکەم کامەیان هەڵبگرن وا بەلەزەتترە. ئەوانیش بەقسەم دەکەن! ئەگەرچی فەرقیان نیە و هەر هەموویان وەک یەک وان. کە شەکری تێکەڵکرا و جوان جوان بەیەکادرا ئیتر وەک یەک بەریان دەکەوێ،... دنک دنکیان. منداڵەکان ئەمە نازانن. ئەوان لە ڕەنگ و لە قەبارەکان وردەبنەوە. من کە جاری وایە بۆ دەرکردنی ژان لە قۆلە کورتەکەم وەک فڕفڕە دەیخولێنمەوە، دەڵێم پێش ئەوەی بیکرمێنن کەمێک تامی بکەن، لە دەمتانا بیهێنن و بیبەن. ئەوانیش بەدڕدۆنگی لێم دەڕوانن و ئەوسا دەست پێدەکەن. بزەیەکیان دێتێ. ژیان لە ڕێگای زمان و لە ڕێگای ماجوومییەکانەوە شیرین دەبێ. لە ناو کۆڵانە تۆزاویی و خۆڵاوییەکانی شار ژیان پڕ دەبێ لە تام و لەززەتی ماجوومی و بزەی منداڵان. منیش پێدەکەنم. نازانم بۆ زۆر خۆم لەوان بەتەمەنتر دەزانم. ڕەنگە لەبەر ئەوەی من دەتوانم ئەم سینییە کۆڵان و کۆڵان هەموو ڕۆژێ تا ئێوارە بگێڕم بە بێ ئەوەی بۆڵەیەکم لێوە بێت. بە قۆل گۆجەکەمەوە. بە چاویانا دەیخوێنمەوە کە لایان وایە من بە هەبوونی ئەو هەموو ماجوومییە مرۆڤێکی خۆشبەختم، بەڵام من هیچ ناڵێم. بەتایبەت لەچاوی ئەوانەدا وا لەو لاترەوە دەوەستن و تەنیا لە ماجوومییەکان دەڕوانن. من لەم کاتانەدا زۆر ڕاناوەستم. حەزدەکەم زوو بڕۆم. ناو پشتم ئارەقدەکاتەوە و تک تک دەنیشێتە سێبەنەی پشتم. گەڕان بەردەوامە.

ئیستا ئیتر نەک هەموو کۆڵان و جادەکان دەناسم، بەڵکو زۆر خەڵکیش دەناسم. ئەو کۆڵان و خەڵکانەی وا دایکم زۆربەیانی قەت قەت نەبینیوە. کە شەوانە دێمەوە باسی کۆڵان و خەڵکەکە بۆ دایکم دەگێڕمەوە. باسی ئەوەی هەموو شوێنێکی ناو شار یەکجار لەیەکتر دەچن و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نیە. دیارە تەنیا یەک گەڕەک جیاوازە ئەویش ئەو شوێنەی وا لە نزیک پادگانە و پاڵیان بە تێلدڕووەکانەوە داوە. دەڵێم کە دەچمە ئەوێ هەستێکی ناخۆش رووم تێدەکا. وەک بڵێی ژیان کتوپڕ تەواودەبێ و جیهانێکی تەواو جیاواز سەرهەڵدەدا. دەڵێم لەوێ بۆنی خاک یەکجار دەگاتە لووت. من کە نازانم هی ئەو هەموو چاڵ و سەنگەر و کوونانەیە وا هەڵکەندراون و لێدراون، دەڵێم وەک بڵێی هەمیشە لەوێ باران دەبارێ، بارانێکی نادیار. عەرز هەمیشە تەڕە. دایکم دەڵێ مەجبوورنیت رووبکەیتە ئەوێ، دەڵێم با منداڵی ئەوێ یەکجار حەزیان لە ماجوومییە. کە دەگەم بە شوێنمدا رادەکەن، دەورم دەدەن و لەگەڵ دایکەکانیان لەسەر عانە بەشەڕدێن. دایکم دەڵێ خۆت دەزانی. راستدەکا خۆم دەزانم!

من جاروبارە بەدەم گەڕانەوە بیری کچەکەی فەقێ ئەحمەد دەکەمەوە. دەزانم لەو کۆڵانە بنبەستە چیتر نەماوە و رووی لە ماڵی مامی کردووە، بەڵام ماڵی مامی لەکوێیە. جاری وایە هەستدەکەم ئەویش وەک من گۆج بووە، بەڵام بەشێوازی تر. ئەو رۆژەم لەبیرە کاتێک چەقۆکەم بردەوەو بینیم. رێک لە تەنیشتی باوکیا راوەستابوو بە جەستە لاواز و کزۆڵەکەیەوە، بە چاوە خەمینەکانییەوە. بیری دەنگ و هەرای بێ ئەندازەی چۆلەکەکان دەکەمەوە. بڵێی ئەوان پێشتر نەیانزانیبێ؟ هەراهەرای ئەو رۆژەیان یەکجار سەیربوو. ئەی کچەکەی،... بەو چاوە خەمینانەیەوە؟ نا،... نا،... بڕواناکەم. کەس نازانێ. کەس کەس. باوکم دەڵی رۆڵە تەنیا خوا دەزانێ لە داهاتوودا چی روودەدا و عەبد ئەم زانیارییەی لا نیە. منیش

باوەڕم بە باوکمە. ئەگەر وانەبێ ئەوا ئەویش قەت نەیدەوێرا دایکم هەڵبگرێ و بڕوات. هەمیشە هومێدێک هەیە،... هەرچەند ناڕوون و لێڵ.
نازانم بۆ، بەڵام جاری وایە بە نیەتی بینینی کچەکەی فەقێ ئەحمەد بە ماجوومییەکانەوە کۆڵانە و کۆڵان دەکەم. بێگومان لەیەکێک لەم کۆڵانانەدا دەژی. ڕەنگە بە دەیان جاریش بە بەردەمیدا تێپەڕیبم. کێ چووزانێ. بەڵام بڵێی بیناسمەوە؟ کچان زوو گەورەدەبن. دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ دەڵێی گوێیان رادەکێش، باوکیشم دەڵێ نا لەبەر شووە! دایکم ئەوەندەی تر پێدەکەنێ. وەک بڵێی ئەویش ئەم قسەیەی لەدڵا بوو و بەڵام رووی نەبوو بیڵێ. بەڵام کچان لەبەر شوو زوو گەورەدەبن، یان لەبەر ژیان؟ ڕەنگە هەر دووکیان یەک شت بن، بەس ئێمە ناوەکانمان گۆڕیون.
شەوانە لە ماڵەکەمانەوە گوێم لە گۆرانیی حەزینی ئەو گەنجانەیە وا لە بلوارەکەی نزیک ئێمە دەمێننەوە و دەنگ هەڵدەبڕن. بە دەنگە خۆشەکانیان شەو درەنگان گۆرانی دەڵێن. دەگەنە ماڵی ئێمە. دایکیشم حەزی بەو گۆرانیانەیە. وەک بڵێی ئەو بلوارەیان لەبەر ئەو گۆرانیانە و ماڵی ئێمە دروستکردبێ. جاری وایشە دەبێتە هەراهەرا و شەڕیان. دەبێتە هەڵات هەڵات. باوکم دەڵێ ماڵ دەگوازمەوە، دەڵێ تاقەتی ئەم بەزمەم نیە، بەڵام دایکم بەتووندی دەڵێ نا. دەڵێ لێگەڕێ با کەمێک گوێمان لە خەڵکی بێت. باوکیشم هەر زۆر خێرا بێدەنگ دەبێ. من ئەگەر شەوانە ماجوومیم پێ بمێنێ حەزدەکەم بچم لەوێ لە بلوارەکە بیفرۆشم، بەڵام باوکم دەڵێ نا. ماندوویت. راستدەکا ماندووم. لەبەر ئەو هەراهەرایانەیش لە خۆم رانابینم بە دەستە گۆجەکەمەوە روو لەوێ بکەم.
وەستاحاجی دەست بە سەر شانمدا دەدا و دەڵێ ها پاڵەوان چەندەت پاشەکەوت کردووە؟ پاشەکەوت!... بزەیەک دەمگرێ و دەڵێم وەڵڵا هیچ. درۆناکەم. من ئەوەی پەیدای دەکەم دەیدەمە دەست دایکم. لام وایە دایکیشم بۆ ماڵەوەی خەرج دەکا. دەڵێ

چۆن شتی وا دەبێ، جا چۆن ژن دێنی، خەریکی دەبی بە پیاو. ژن بێنم؟ من کە قەت بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوە هەر لە خۆوە بیری کچەکەی فەقێ ئەحمەد دەکەومەوە. روخسارم سوورسوور هەڵدەگەڕێ. وەستاحاجی پێدەکەنێ و دەڵێ دەبێ پارەکانت کۆبکەیتەوە، ئەمەت لەبیرنەچێ. ئەوسا چەند دانە ماجوومیم لێدەکڕێ و پارەیەکی زیاتریشم دەداتێ. ئاگام لێیە منداڵێکی چاوزیتی تر لە پشتەوە خەریکی کوورە دەمدانە. ئەو قۆلی کورت نیە. بە جووڵەی جەستەی دەزانم. نیگاکانی لەسەر منن. حاجی لادەکاتەوە و پێی دەڵێ ئەمە بەشی تۆیە دوواتر وەریدەگری. چاوە زیتەکان پێدەکەنن. کتوپڕ هەست بە بێتاقەتی دەکەم. من لەبەر ئەم قۆلەم نەبووایە دەمتوانی بەڕاحەتی ببمە ئاسنگەر، وەک وەستاحاجی و رۆژێک لە رۆژانیش دەست بە ریشە سپییەکەمدا بێنم و مەتەڵ بە خەڵکی هەڵبێنم. سینییەکە بەپەلە دەدەم بەسەر شانمدا و دەڕۆم. وەستاحاجی بە گاڵتەوە دەڵێ چاییەکیشت نەخوارد! من لاناکەمەوە. ماجوومی فرۆشتن بەردەوامە.

بڕیاردەدەم بەرەو ئەو گەڕەکەی بڕۆم وا هەمیشە خۆم لێ بواردووە. گەڕکێک کە ناوبانگی تایبەتی هەیە. گەڕەکێک لە باکووری شار کە دەڵێن دێهاتی نشینە. ئەو دێهاتییانەی وا روو لە شاردەکەن لەوێ نیشتەجێ دەبن. ساتاوا کەمێک دوورە، بەڵام بەڕێدەکەوم. هەست بە دڵنیاییەکی سەیر لەخۆمدا دەکەم. گەر ئەو گەڕەکەیش بکەم ئەوا ئیتر بەتەواوی دەیسەلمێنم کەسێکی ترم و کوڕەکەی جاران نەماوم. بەپەلە هەنگاو هەڵدێنم. هەست بە قورسایی سینییەکە ناکەم. دڵنیام ئەوەی ماومە لەوێ دەیفرۆشم.

لەدووا مەیدانی شار تێدەپەڕم و دەگەمە جادەیەکی خاکی. هەتاو لە ناوەڕاستی ئاسمان بێ بەزییانە تیشک دەهاوێ. ئارەق بە شان و ملمدا دێتە خوارەوە. گەڕەکەکە لەو سەر جادە خۆڵینەکە دیارە. خانووە قووڕە تێک تەپیوو و لە تەنیشت یەکەکان

چاوشارکێ دەکەن. دەنگە دەنگی شار لە پشت سەرمەوە هەروا دێتە گوێ، ئەگەرچی لەگەڵ هەر هەنگاوێکم روو لە کزییە. ماشینێکی جیپ کتوپڕ بەلامدا تێدەپەرێ. چەند کەسێکی تیایە و لە کاتی تێپەڕین لە من رادەمێنن. نیگای یەکیان چەند ئاشنایە! تەپ و تۆزەکەی لێم دەئاڵێ. من بۆ ئەوەی ماجوومییەکان بپارێزم لە جادەکە لادەدەم و کەمێک دووردەکەومەوە، بەڵام تەپ وتۆزەکە بە شوێنمەوەیە. وەک بڵێی شیرینیی ماجوومییەکان سەرنجیان راکێشاوە. سینییەکە دادەنێم و پەڕۆکەی سەرسەریان رێک و پێکتر دەکەم، وەها تۆز ئەوەندە زەفەریان پێ نەبا. کە دەگەمە یەکەم خانووەکان گوێم لە دەنگی کەڵەشێرێکی بێ ئۆقرەیە. کتوپڕ تێدەگەم کە ئێمەیش وەک ئەم گەڕەکەین، ئێمەیش لە دەرەوەی شار دەژین، تەنیا بەو جیاوازییەوە ئێمە گەڕەک نەبووین و تەنیا ماڵ بووین. راستی ئەو شوێنەی ئێمەی تیا دەژیاین ناوی چی بوو؟ هیچ. من قەت نە لە خۆمان و نە لە کەسی تر ناوەێکم نەبیستبوو. ساتاوا لە گوندێک دەچێ لە قەراخ شار، بەڵام وەک بەشێک لە شار حسێبی لەسەردەکەن. هەوا هەتا دێت گەرمتر دەبێت. بڕیاردەدەم لە بن سێبەری یەکەم خانوو پشوویەک بدەم. دەنگی ژیانی ئاسایی دێت. گوێم لە جووڵەی ژیانی رۆژانەیە، قاپ و قاچاخ شۆردن، هاتوچۆ، جێبەجێ کردنی شمەک، دەنگی جیبەکە کە هێشتا خامۆش نەکراوە و... لەیەکێک لە کۆڵانەکاندا لەنگەری گرتووە. ئەوسا دەنگی منداڵ. من دەبێ ئەو منداڵانە پەیدابکەم. مشتەرییەکانم. هەستێک پێم دەڵێ ئەوان بە ژیانیان ماجوومیان نەدیوە. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوم. رەنگە بتوانم هەمووی بفرۆشم و بەم سینییە قورسەوە بگەڕێمەوە. کە لە فرۆشتنی ماجوومیەکان دەبوومەوە سینییەکەم ئیتر بە سەر سەرمەوە نەدەگرت، بە دەستێکمەوە دەگرت، یاخود بەکەیفی خۆم دەمگێڕا. قۆلە گۆجەکەم دەحەسایەوە. خڕەخڕی پوولە وردەکان لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا چەند دەنگیان خۆش دەهاتەگوێ. ئەم ساتانە خۆشترین

ساتەکانی ژیانم بوون، نازانم بۆ قەت بۆم ئاسایی نەدەبوونەوە. دەبا ئاگایشم لە گیرفانەکانم بێت کوون نەبن. وردەکان قورس بوون و زوو دەیاندڕانن. دایکم هەمیشە دەستێکی بە گیرفانەکانمەوە بوو و زوو زوو دەیدوورینەوە. هەمیشەیش تەقەڵی زیاتری لێدەدان. تەقەڵی ورد بە دەزووی درشت. هەروەها بە پارچەی قاییم. سینییەکەم هەڵگرتەوە و بەڕێکەوتمەوە. کە لە یەکەم پێچ تێپەڕیم رێک کەوتمە ناو گەڕەکەکانەوە. پۆلێک منداڵی هاوتەمەنی خۆم و بگرە بچوکتریش لەو سەرەوە خەریکی کایەکردن بوون. کە نزیکتر کەوتمەوە، هەر هەموویان کتوپڕ بە ئاماژەی یەکیان لایان کردەوە و لێیان ڕووانیم. وازیان لە کایەکردن هێنا تا من گەیشتمێ. چەند هەنگاوێکم مابوو کە سینییەکەم دانا و هاوارم کرد ماجوومی ماجوومی، وەرن بۆ ماجوومی! منداڵەکان سەیری یەکتریان کرد و بەرەبەرە لێم هاتنە پێشەوە. جل و بەرگە دڕاو و خۆڵاوییەکانیان سەرنجی قۆستمەوە. یەکیان کە لە تەمەنی خۆمدا بوو و لەوە دەچوو هەر هەموویان حسێبی تایبەتی بۆ بکەن، نزیکتر کەوتەوە. لە سینییەکەی ڕووانی. من پەڕۆکەم لابرد و گوتم ماجوومی ماجوومی شیرین و بەلەزەت! لە قۆلە کورتەکەی ڕووانیم. بزەیەکی تاڵ لێوەکانی گەست. لایکردەوە و لە هاوڕێکانی ڕووانی. ئەوانی تر نزیکتر کەوتنەوە. من کە بە هۆی ماندوویییەوە هەڵتروشکابووم، لە روخساریانم ڕووانی. سووتاوی بەر هەتاو و تێکەڵ بە تەپ و تۆزی کۆڵان. دەنگی قرپۆک هاتە گوێم. لام کردەوە لە پشتیانەوە لەو سەری کۆڵان ریزە داربییەک دەبینرا. چەمەکەی لە لای ماڵی ئێمەوە دەهاتەوە ئێرە. هەستم کرد منیش لە خۆیانم، وەک ئەوان. بزەیەکم کرد. بێگومان لێرە مشتەری چاکم دەبێ. ئەوەندەم نەزانی کوڕەکە پڕی دایە سینییەکە و رفاندی. منداڵەکان ورووژان و شوێنی کەوتن. من کە تا ڕاست بوومەوە پێی چوو، نەگەیشتمێ. بە دەم هەڵاتنیانەوە هەر کامە و هەوڵیدەدا بەشی خۆی بفڕێنێ. من قیڕاندم، بەڵام ئەوەندە درەنگ بوو

که خێرا وازم هێنا. هەندێ لە ماجوومییەکان بەربوونەوە و کەوتنە سەر عەرز و بەژێر هەنگاوەکانەوە بوون. ئەوانەی وا دوواکەوتبوون گەیشتنە سەریان. قیڕەقیڕی منداڵەکان کۆڵانی تەنیبوو. چەند ژنێک لە دوو دەرگاوە بەو پانتۆڵانەی لە بەریاندا بوو هاتنە دەرەوە. من کە چاوەکانم پڕی فرمێسک بوون و تووڕەییەکی سەیر سەرتاپامی گرتبووە خۆی، هەر ئەوەندەم پێ برا لەو سەری کۆڵانەکە سینییەکەم هەڵبگرمەوە و پەرۆ خۆڵاوی و لە چەند شوێنە دڕاوەکەوە بخەمەوە گیرفانم و هەر ئەو راستە رێگایە بگرمەوە وا پیایا هاتبووم. لە گەڕانەوە جیپەکە رایگرت. من کە شەکەت و ماندوو بووم و قاچەکانم رایاننەدەگرتم، سەرەڕای ئەوەی حەزم نەدەکرد سواربم، سواربووم. وەک شتێک زانیبوویان و دڵیان پێم سووتابوو. ئەوەی وا نیگای ئاشنا بوو گوتی هەتیو وادیارە تۆ روو لە هەموو شوێنێک دەکەی! ئەوسا رفیقەکانی تری پێکەنین.

دایکم ئەو شەوە زیاتر لە شەوەکانی تر خەبەری دەبووەوە و، دەچووە حەوشێ.

(٦)

باوکم، سەیدی ئاسنگەر، ماوەیەکە پشتی دێشێ. بۆ ئەوەی بتوانێ تاقەت بێنی پشتوێنەکەی ئەستوورتر دەبەستێ، بەڵام زۆر یارمەتیی نادا. ئێوارەیان کە دێتەوە بەلادا دەکەوێ و دایکم پشتی بۆ دەشێلێ. دەست بۆ سێ بەنەی پشتی دەبا و دەڵێ ئێرەیە،... رێک ئێرە. دایکم کە دەستی بۆ دەبا دەزریکێنێ و بۆیە دایکم دەورووبەری شوێنی ژانەکەی بۆ دەشێلێ. من بە پێوە رادەوەستم و سەیری دەکەم. سەیری سەری رووتی سپی و کەم قەژی. چینی لامل و گەردنی. پێستی وشکی کە دووکەڵی کارەکەی بە ئاستەم لێی نیشتووە و دەڵێی قەت لێی نابێتەوە.
باوکم ناچێتەوە سەر کار. حاجی رۆژێ دێ بۆ سەردان. دەڵێ جارێکە بحەسێوە. باوکم دەڵێ ئەی دووکان؟ وەستاحاجی دەڵێ سەلامەتی گرینگترە. ئەوسا دەست بە گیرفانیدا دەکا و چەند ئەسکەناسێک دادەنێ و دەڕوا. شتێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ دەبێ من لەمەبەدووا زیاتر کاسبی بکەم و پارە پەیدابکەم. کە وەستاحاجی دەڕوا دایکم دەڵێ دەستی نەڕزێ و خوا زیاتری بداتێ، بەڵام کەمێک پاشەکەوتیشمان

هەیە. ئەوسا سەیری من دەکا. من خۆشحاڵم. باوکم بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا گاڵتەدەکا و دەڵێ رەنگە منیش ببم بە ماجوومی فرۆش!

بە عەبەی ماجوومی دەڵێم سینییەکی گەورەترم بداتێ. عەبە دەڵێ نابێ، ناتوانی. سەرئەنجام رازی دەکەم. کە ئێوارەیان دێمەوە زیاتر لە هەر کاتێکی تر ماندووم. باوکم کەمکەم هەڵدەستێتەوە. دایکم گۆچانێکی بۆ پەیدادەکا. لە کوێ؟ نازانم. لەوە دەچێ هەمیشە لە ژێرخانەکەمان بووە و من پێم نەزانیبێ. گۆچانێکی لووسی دارگوێز. بە دوو گرێوە بە بستێک مەودای نێوانیان لە ناو قەددا. باوکم بە گۆچانەکەوە لارەلارە و شەلەشەل خۆی دەگەیەنێتە دووکان. لەوێ کوڕێکی گەنج لەجیاتی ئەو خەریکی چەکوچ لێدانە. باوکم ناوچاوانی تێکدەدا، بەڵام لەبیری ناچێ سڵاو و ماندوونەبوونی بکات. ئەوسا بەزەحمەت لەسەر کورسییە ئاسنییە کۆنەکە دادەنیشێ. وەستاحاجی دەڵێ هێشتا زووە بۆ هاتنەدەرەوە. باوکم دەڵێ لە بێتاقەتیدا خەریک بوو شێت بێ. دەڵێ ژان لە بێتاقەتی باشترە! وەستاحاجی بە لاچاو سەیرێکی سەیدی ئاسنگەر دەکا. لە دووای ئەوەی چاییەکی بۆ دێنن، باوکم سەر لەنوێ چیرۆکی پشت ئێشەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. دەڵێ وەک هەموو رۆژانی تر لە شێرەئاوەکەی حەوشە خەریکی دەستنوێژگرتن بووم، هەر کە دانەویم بۆ ئەوەی قاچم بشۆم برووسکەیەک لە پشتمەوە هات، ژانێکی یەکجار ناخۆش، وەها نەمتوانی راست ببمەوە، باش بوو ژنەکەم دەمودەست بوو، هاوارم لێکرد، هەر چۆنێک بوو بردمیە ژوورەوە، جاری وابوو بە قنەخشکێ دەڕۆیشتم، خوا ژانی وا نەسیبی کەس تەنانەت دوژمنەکانیشت نەکا، دونیا لەبەر چاوانتدا رەش و تاریک دەکا، نووتەک نووتەک، وەک شەوەزەنگ. وەستا حاجی دەڵێ وا باشترە بچیت و سەردانی هەباسی شکستەبەند بکەیت، کابرایەکی شارەزایە. باوکم دەڵێ پێویست ناکا،

هەستدەکا باشترە و واباشە ماوەیەکی تر راوەستێ، ئەگەر چاکتر نەبوو ئەوسا دەچێ.

پزیسکی ئەو ئاسنە سوورەوەبووەی لەسەر سندانەکە دەیکوتن، پرژوبڵاو دەبێتەوە. باوکم لێی وردەبێتەوە. نیگایەکی پڕ لە تاسە و ئارەزوو. وەک بڵێی ساڵانی ساڵە لێی دوورە. ئاخێک هەڵدەکێشێ و پیاڵە چاییەکە کە هێشتاکە بە دەستییەوە ماوە بە قەراخ دیوارەکەوە دادەنێ. توتن و پەڕەیەک دەپێچێتەوە و داوا لە حاجی دەکا گەر دەکرێ با بە ئاسنێکی سوورەوەبوو دایگرسێنێ! وەستا حاجی بە سەرسوڕمانەوە لێی دەروانێ. باوکم دەڵێ ئەم ئاورە وەک ئاوری خەڵوزە، جگەرە بەتامتر دەکا. کە یەکەم مژی لێدەدا ناهێڵێ یەک تۆز دووکەڵ چییە بە فیڕۆبچێ و هەمووی پڕ بە سییەکانی قووتدەدا. باوکم کتوپڕ پیرتر دەنوێنێ. لە دووای جگەرەکەی بۆ ئەوەی موزاحیمی کاری حاجی نەبێ خواحافیزی دەکا و دووکانەکە جێدێڵێ. لەسەر رێگا ئەوانەی دەیناسن لە ئەحواڵی دەپرسن، باوکم جوابیان دەداتەوە. 'بەحەمدی خوا' ئەو وشانەن بەردەوام لای دووپاتدەبنەوە. بەدەم رێگاوە بۆ حەسانەوە لەبەر دووکانەکاندا رادەوەستێ و خۆی بە سەیرکردنی شتومەکەوە خەریکدەکا. سواڵکەرێک لەبەر دەمیدا رادەوستێ و داوای سواڵی لێدەکا، باوکم هەر چۆنێک بووە شتێک لە بنی پشتێنەکەی دەدۆزێتەوە و دەیخاتە مشتییەوە. ئەوسا پێی دەڵێ دۆعای خێرم بۆ بکە. لەسەر رێگا لە مزگەوت لادەدا. لە حەوشەکەی پاڵ بە درەختێکی دەوری حەوزەکەوەی دەدا و لە پەنجەرە بەرزەکانی مزگەوتەکە وردەبێتەوە. ئەوەتەی لەبیری دێ هەر ئەم شکڵ و قەوارەیە بووە. ئەگەرچی قەت لەناویدا نوێژی نەکردووە. ئەو هەمیشە بۆ ئاودەستەکان هاتووەتە ئێرە. هەست بە گوناحێک لەخۆیدادەکا. ئاخر نەک ئەوەی خێری نوێژی مزگەوت زیاترە. جگە لەمە ئەو لە هەموو ئەم ساڵانە ئاگای لە خوتبەکانی مەلا نەبووە. ئەو مەلایەی جاروبارە گلەیی

لێکردبوو کە بۆچی بۆ نوێژکردن رووناکاتە ئێرە. باوکم بیری لە زانیاری کردەوە. ئەوەیکە بەڕاستی بۆ ئەوەی موسوڵمانێکی باش بیت چەندە زانیاری پێویستە. داخۆ هەر ئەوەندە بەس نیە پیاو نوێژکەرێکی باش بێت و دەست و دڵ خاوێن بێت و رۆژووەکانی خۆی بگرێت و تەواو؟ ئیتر زانیاری بۆچییە؟ ئەم بیرانە لە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون. سەرئەنجام گەیشتەوە هەمان بۆچوونی جارانی کە لە ئاییندا هەتا کەمتر بزانی هەم دڵ و دەروونت خاوێنترە و هەم موسوڵمانێکی باشتریشی. ئیتر لەگەڵ کەس بە کێشە نایەیت و خۆت لە کەس مۆڕناکەیتەوە. ئا، باوکم وابوو. ئەو قەت رۆژێک لە رۆژان بە منی نەگوت رۆڵە نوێژبکە. دەیدایە دەست خۆم. لانیکەم وەها دیاربوو. ئەم عادەتەی تەنانەت دایکیشمی گرتبووەوە و ئەویش قەت هیچی پێ نەدەگوتم. منیش لەگەڵ ئەوەی خۆم بە موسوڵمان دەزانی بەڵام نوێژم نەدەکرد. لای خۆم دەمگوت جارێکە با گەورەتر ببم. بەخۆشییەوە بە هۆی ئەوەی لە دەرەوەی شاریش دەژیاین، کەس ئاگای لەمە نەبوو تا ناو و نووتکەم شوێن بخا. من زۆر جار لە گەڕانەکانی ناو دەشتەکەدا و لە کاتی ماجوومی فرۆشتندا بیرم لە خودا کردبووەوە. هەوڵمدەدا بیهێنمە بەرچاوی خۆم کە چ جۆر بوونەوەرێکە. شتێک کە خولْقێنەری هەموو دونیایە و بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و کەچی لەهەمان کاتدا نابینرێ، هەمیشە بەتووش سەرسامییەوە دەکردم. جاری وابوو خودام وەک دەشتەکە دەهاتە بەرچاو کە هەمیشە ئەگەرچی لەگەڵ هاتنی وەرزەکان دەگۆڕدرا، بەڵام وەک خۆی بوو. جاری وابوو خودام وەک ماجوومفرۆشێک دەهاتە بەرچاو کە ماجوومی دەفرۆشێ بە بێ ئەوەی پووڵ لە کەس بستێنێ. ماجوومفرۆشێک کە منداڵەکانی گەڕەکی ساتاوەیش ناوێرن سینییەکەی لێ بفڕێنن و ماجوومییەکانی بدزن و بیخۆن. خودا لای من خاوەم دوو چاوی پڕ لە بەزەیی و هێز بوو کە هەموو کەس لە ئاستیا سڕدەبوو. شانی ماندوو نەدەبوو و قۆڵێکیشی گۆج و کورت نەبوو. من دایکم و

باوکم بینیبوو کە جاری وابوو زیاتر لە پێویست لە سەر بەرماڵەکەیان دەمانەوە و نوێژ و دۆعایان دەکرد، یاخود تەسبێحیان بادەدا. ئەزموون بە منی دەگوت کە ئەم جۆرە کاتانە تایبەت بوون و دەبێ شتێک قەومابێ، هەرچەند من سەرنجم زۆر نەدەچووە سەر شتێکی نائاسایی. وەک بڵێی باوکم و دایکم کتوپڕ یان زۆر لە داهاتوو دەترسان یان کتوپڕ زۆر بیری رابردوویان دەکرد، یان رەنگە بیر لە تاوانی خۆشەویستییەک کە رێگای ئاسایی خۆی نەپێوابوو و پشت لە کۆمەڵگا ئەوەی کردبوو وا خۆی دەیویست.

باوکم کە لە مزگەوتەکە ترازا و رێگای ماڵەوەی گرتەبەر، لەیەکەم دووکانی سەر کۆڵان کە پێی گەیشت پەرەی توونتنی کڕی و خنیە گیرفانییەوە و بەڕێکەوتەوە. لەسەر گردەکەی بانەکۆن کە بەرەوە خانووەکەی ئێمە دەیڕوانی راوەستا و بەدڵ لە دەشت و دەری رووانی. خانووەکان لە ماڵەکەی ئێمە نزیکتر ببوونەوە، هەرچەند هێشتا تاک و تەرا بوون و کۆڵانیان بەین نەدەکەوت. مانگێک دووای ئەوە ئەوەندەی پێ نەچوو یەکەم پاچی سازکردنی مزگەوتێکیان لە هەمان شوێن دا و بەم شێوەیە شوێنی ژیانی ئێمە زیاتر مەیلی بەرەو گەڕەکبوون کشا. ئەو مزگەوتەی کاتێک دروستکرا، باوکم هەتا مرد رووی تێکرد و زۆربەی نوێژەکانی بردە ئەوێ. مزگەوتێکی تازە و خنجیلانەی یەک قات بە بڵێندگۆیەک بە سەر بانەکەیەوە کە هەموو رۆژێک بەیانی زوو دەنگەکەی لە ژوورەکانی ئێمە پەنگ و لوولی دەخواردەوە و بەخەبەری دەکردینەوە. من کە لەم دەنگ و هەرایە دڵگران بووم بەڵام لە هەمان کاتدا لایشم خۆش بوو! لەبەر ئەوەی نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی خانووەکەی ئێمە چیتر لەو دەشتە تەنیا نەبوو و شار خەریک بوو ئارام ئارام ئێمەیشی قووتدەدا.

(٧)

ڕۆژێکیان عەبەی ماجوومی کاتێک چووم بۆ ماڵیان بۆ ئەوەی سینییەک پڕ لە ماجوومی وەربگرم و وەک هەمیشە بە مەبەستی فرۆشتنیان عەودالّی کووچە و شەقام و گەڕەکەکان ببمەوە، بانگی کردمە ژوورەوە. ئەو شوێنەی ئەو ماجوومییەکانی تیا دروستدەکردن، ژوورێکی تەنیا بوو لە حەوشەکە بەرامبەر بە خانووەکەی. ژوورێکی سەقف نزمی دیوار ئەستوور کە زستانان کاتێک بەفر دەباری زۆر خێرا لە دووای یەک دوو بەفرماڵین، زەوی و بانەکەی دەگەیشتنەوە یەک.

عەبە لە دووای خۆخەریککردن بە هەندێ شتەوە و ئەم دیواودیوکردنیان، ڕووی تێکردم و گوتی ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بۆ خۆت فێری دروستکردنی ماجوومی بیت. وەک دەبینی لەم شارە تەنیا من ئەم کارە دەکەم و بە مردنی من هەموو شتێک کۆتایی دێت، جا حەزناکەم ئەم پیشەیە کە دەیان ساڵە من خەریکیم و نانم لێ پەیداکردووە، بفەوتێ. لەمڕۆوە من بەرەبەرە فێرت دەکەم چۆن چۆنی سازیان بکەی. کارەکە زۆر سەخت نیە و ئاسانە، تەنیا ئەوەیکە نابێ بێڵێ شتەکان زیاتر لە

رادەی پێویست بکوڵێن. ئەوسا دەستی کرد بە ئامادەکردنی ئەوەی وا پێویست بوو، قابلەمەیەکی هێنا، سینییەکانی ئامادەکرد، شەکر و وانیل و گوڵاوی لە رەفەکان داگرت، کیلۆیەک شەکری لەگەڵ لیوانێک ئاو خستە ناو قابلەمەکەوە و قابلەمەکەیشی خستە سەر عەلادینێک... راوەستا تا شەکرەکە کوڵا و خەست بووەوە، بە چیلکەیەک تاقیکردەوە، ئەوسا خستیە سەر مێزێک کە رووبەرەکەی چەوربوو، بە شفرەیەک دەستیکرد بە کێشانی، ئەوەندە تا سپی بێت، پاشان بە دارێکی باریک بە دەوری کاکڵە گوێز و بادامەکاندا دانەدانە دروستی کردن. من دەنگم هەڵبڕی کە مامە عەبە بۆچی ئەم هەموو ساڵە قەت دووکانێکت دانەنا و هەمیشە لەسەر شانت و بە گەڕان ماجوومییەکانت فرۆشت. عەبە لەپاش کەمێک رووی تێکردم. لێم وردبووەوە و گوتی لەبەر ئەوەی لوتفی ماجوومی بە گەڕانە، ماجوومی یەعنی گەڕان، یەعنی کۆڵان و کۆڵان و جادە و جادەکردن، لە گەرما و سەرمادا. ئەوە با پێت بڵێم گەر بەتەمای دووکان دابنێی ئەوا دەبێ واز لە ماجوومفرۆشی بێنی. لە هیچ شوێنێک ماجوومی لە دووکان نافرۆشن، نە لێرە و نە لە هیچ شار و شوێنێکی تر. دووکان شوێنی فرۆشتنی شیرینیە نەک ماجوومی. وەک دەزانی ئەم نوقڵە رەقە و دەبێ بیخەیتە دەمتەوە و بەدەم رێگاوە بیخۆی. دیارە لە کاتی دروستکردنیدا دەتوانی کەوچکێک رۆنی تێکەی بۆ ئەوەی نەرم بێت، بەڵام من ئەم کارە ناکەم. ماجوومی دەبێ بەرەبەرە بتوێتەوە. تامەکەی لەمەدایە. ناتوانی لە شوێنێک دانیشی و بیخۆی، نا،... شتی وانابێ. ئەوسا لێم نزیک کەوتەوە، ورد ورد لە چاوەکانمی روانی و گوتی دەبێ قەولم پێ بدەی قەت دووکان دانانێی هەتا ماجوومفرۆشیت و ئەمە پیشەمە! من کە تیایا مابوومەوە چی بکەم و چی بڵێم، وتم قەول دەدەم قەول،... شەرت بێت! عەبەی ماجوومی گەڕایەوە و چووەوە سەر کارەکەی. ئەو رۆژە ئەوەی پێویست بوو فێری کردم. بۆ یەک دوو جەلەسەیەکی

تریش دووپاتی کردەوە و پاشان لە کۆتاییدا رۆژێکیان گوتی کە ئەمڕۆ دەبێ خۆم سازی بکەم. یەکەم جارم خراپ کرد، ئەوە دەرنەچوو کە دەبێ بچێ، بەڵام مامە عەبە لەوە میهرەبانتر بوو تووڕە بێت، گوتی هەمیشە سەرەتا زەحمەتە، تەنانەت سادەترین کارەکانی دونیایش. من لە دووای ئەوەی فێری ماجوومی دروستکردنیش بووم، بەڵام ماوەیەک هەر لای خۆی سازمدەکرد و دەمفرۆشتن، تا رۆژێک ئیتر گوتی شار ئەوەندە گەورە بووە کە دوو ماجوومی فرۆش هەڵبگرێ، بەڵام بە مەرجێک تۆ وەک هەمیشە گەڕەک و کۆڵان و جادەکانی جاران و منیش هینەکانی خۆم! گوتم بەڵێن بێت. بگرە دوو سینیشی دامێ و بەڕێی کردم.

ئەو رۆژە دڵم زۆر تەنگ بوو. لەگەڵ ئەوەی دەچوومە سەر پێی خۆم، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆتایی قۆناخێکی ژیانم بوو. عەبەی ماجوومی کاتی رۆیشتن گوتی هەر کاتێک پێویستیت بە یارمەتی یاخود شتێک بوو ئاگادارم بکەوە، ئەگەرچی من قەت بۆ یارمەتی رووم تێنەکردەوە و هەر ئەوەندی نەبێ جاروبارە لە جادە و لە سەر رێگا بە رێکەوت بە تووشییەوە دەبوومەوە و بەگەرمی لە کەسابەتەکەی دەپرسیم.

من ئەو شتومەکانەی وا پێویستم بوون کڕیمن. بەخۆشییەوە لە ماڵەوە هەم عەلادینمان هەبوو و هەم مەنجەڵ. من تەنیا پێویستم بە مێزێک بوو و شفرە و دارێکی باریک. شەکر و گوڵاو و وانیلیش کە دەبووایە جارجارە بە گوێرەی کارەکەم لە بازاڕ بیانکڕم. دایکم و باوکم بە سەربەخۆبوونم یەکجار خەنی بوون. باوکم بەو دەستەی وا بە گۆچانەکەیەوە نەبوو دەیدا بەسەر شانمدا و دەیگوت کووڕەکەم بووە بە پیاو! دایکم بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت خودا دەستی پێتەوە بێت! منیش بیرم لە دەستە ساخەکانی خودا دەکردەوە کە لە کردەیەکی نادیاردا لەسەر

شانەکانمدا بوون و لە کاتی ماجوومی فرۆشتندا ڕێگاکانی پیشاندەدام. ژیان وادیارە ڕۆژی خۆشیشی تیایە!

سەربەخۆبوونی من لە کەسابەتەکەمدا بووە هۆی دەرامەتی باشتر. لانیکەم دوو قات گیرفانم قورستر ببوو. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی زۆر هەست بە نەخۆشی و بێکاری باوکم نەکەین و، وەک جاران ژیانمان بەردەوام بێت. ئیتر باوکم ئەو پارەیەی وا وەستا حاجی دەیچەپاندە گیرفانییەوە، قبوڵی نەدەکرد و دەیگێڕایەوە. لەسەر ڕێگایش لە چاخانە لایدەدا و چاییەکیشی دەخوارد، جاری وابوو نان و ماست یاخود هێلکە و ڕۆنێکیشی پیادەکرد. باوکم بە جەستە لاوازتر ببوو، بەڵام بە دەروون بەهێزتر. چاوەکانی سەرەڕای ژانی پشتی گەشتر ببوونەوە.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو لە دووای ئەوەی رووی کردبووە هەیاسی شکستەبەند، بەڵام ئەویش کارێکی وەهای لەدەست نەهات و بۆیە پێشنیاریان پێکرد بچێ بۆ بیمارستان. لە دووای هێنان و بردنێکی زۆر و ئەشیعەگرتن، دەرکەوت دیسکی کەمەری هەیە و دوو مۆرەی ئازاریان بینیوە. دکتۆر پێی گوت دەبێ وەرزش بکا، شتی قورس هەڵنەگرێ و یاخود گەر دەتوانێ دەکرێ عەمەلیشی بکا. باوکم کە یەکجار لە عەمەل دەترسا ئەم پێشنیارەی دوواتری ڕەتکردەوە و، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر پارێزگاری لە خۆی دەکرد. سەیر و سەمەرەیی دیسک ئەوەیە کە نەخۆش کتوپڕ هەستدەکا هەندێ جار یەکجار باشترە و بۆیە زۆر گوێ ناداتێ. هەر ئەمەیش بەسەر باوکمدا هات. ڕۆژێ رووی لە وەستاحاجی کردەوە و داوای لێکرد کارەکەی بداتەوە، گوتی ئیستا وەزعی زۆر باشترە و دەتوانێ وەک جاری جاران چەکۆچ لێبدا و چەقۆ و مەڵەغان و داس و تەوراس تیژ بکاتەوە. حاجی لێی ڕووانی و بە نابەدڵی بەرەبەرە خستیەوە سەر کار. سەرەتا بە تیژکردنەوە و دوواتر بە چەکۆچ لێدان. ئیستا باوکم دوو پشتوێنی دەبەست: یەک لە ژێرەوە و پشتوێنە

سەوزەکەیش کە دەربڕی کەسایەتییە موقدەسەکەی بوو بە سەریا. توند و گورج و گۆڵ. بەڵام دانەوینی ئاسان نەدەهاتە بەرچاو. شەوانەیش لەسەر عەرزی رەق بە بێ دۆشەک دەخەوت و بە زستانیش دا لە تەنیشت کوورەکە. نێڵی دەدا و ئۆخەی نەدەهات. بۆ خۆی دەیگوت بەختم هەبوو کە لاوازم و قەڵەو نیم، خەڵکی دەڵێن گەر قەڵەو بووایەم لە عەرزی دابووم. راستدەکەن لە عەرزی دابوو، هەرچەند من بەم گەڕان و هاتوچووانەی باوکم زۆر دڵخۆش نیم و هەستدەکەم دەیەوێ بەزۆر خۆی بە جارانەوە ببەستێتەوە. راستییەکەی ئەوە بوو باوکم نەخۆش کەوتبوو و چیتر جەستەی وەک جاران راینەدەگرت. من زۆر جار لە دڵەوە بە دەستە گۆجەکەمەوە سوپاسی عەبەی ماجوومفرۆشم دەکرد. گەر ئەو نەبووایە ژیانی ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆیشت؟ لەو ئاوێنە گرد و کۆن و قەراخ ژەنگاوییەدا کە ساڵانی ساڵە لە دالانەکەیە و بە تەنیشت دەرگاکەی دەرەوەیە سەیری قۆلە کورتەکەم دەکەم و بیریش لە پشتی باوکم. بەخۆم دەڵێم رەنگە هەر لە کۆنەوە شتێک لەم بنەماڵەیەی ئێمەدا هەڵەیە. هەستدەکەم قۆلە گۆجەکەی من لە باوکمەوە بۆم بە میرات ماوە نەک لە دایکمەوە. دایکم هەروا گورج و گۆڵە و عەیبی تیا نیە. چواربەندەی جەستەی باوکم لە شوێنێک کەلێنی تیایە. لەخۆوە نیە من وەک خۆی لاوازم. تەنیا ئێسک و پرووسکم. دایکم دەڵێ رۆڵە زۆر بخۆ، زۆر! من کە پێم وایە زۆر دەخۆم، هەڵەکە بۆ خواردن ناگێرمەوە، تا دەتوانم نان بە ماستەوە دەخۆم و بابۆڵە رۆنەکانیش جوان دەجاوم و قووتیان دەدەم، زستانانیش کە رەشەچێشت تەراتێنی خۆیانە، شەلەم، نیسکێنە، ماشێنە و... چەند حەزم لێیانە، چەندە نانیان لەگەڵ دەخۆم، بەڵام هەر لە جێی خۆمم، قەڵەو نابم، تەنیا ئەوەندەی نەبێ قەدم دەکشێ و دەکشێ. لەگەڵ کشانیشم، قۆلە کورتەکەم زیاتر دەردەکەوێ. بەڵام هاوکات لەگەڵ گەورەبوونم ئەو ترس و خۆفەی جارانم نەماوە. هەستی متمانەبەخۆبوون تیاما چەکەرە دەکا. ئیستا

قۆلەکەم قۆلێکە وەک ئەوی تر. لەوێیە، بەڵێنیشە هەتا دەژیم لەوێ بێت. منێک کە سەردەمانێک پێم وابوو ئەمە کاتییە و رۆژێک لە رۆژان لە موعجیزەیەکدا کاتێک لە خەو هەڵدەستم چیتر قۆلەکەم وەک جاران نامێنێ، بەتەواوی باوەڕم بەوە هێناوە کە ئەم قۆلە هی منە و هی کەسی تر نیە و بەڵێنیش نیە قەت قەت ببێ بە هینی هیچ کەسی تر. ئەمە لەو قۆلانە نەبوو تەنانەت گەر بتوانی بیبەخشی، کەسی تر بیەوێ. قۆلێک کە خولْقێنەری رەحم و بەزەیی لە چاو و لە نیگای خەڵکیدا بێت، هەر بۆ خۆم باش بوو. منیش چەند وەفادارانە رامگرتبوو. ژیان چاوەڕوانمان بوو. جگە لەمە لەمێژبوو ئەم قۆلە بە سینییەکان راهاتبوو و کێشەی لەگەڵیان نەبوو. تازە سینییەکان دەبوونە هۆی شاردنەوەی. سینییەکان مانایەکیان بۆ پەیداکردبوو. ئەویش ئیستا دەیزانی هەیە و دەتوانێ هەبێ و لەم ژیانەدا خاوەن ئەرکێک بێت. ئەرکێک کە ئاراستە بە بوونی بدات. جاری وابوو هەستم دەکرد ژانی قۆلەکەم کەمتر دەبووەوە و ئیتر وەک جاران نەدێشا. وەک بڵێی بە هۆی سینییەکانەوە بەهێزتر بووبێ. بەهێزتریش ببوو. کە دەستم پیا دێنا، دەمبینی ماسوولکەکانی رەقتر ببوون. خۆیان گرتبوو. بەتایبەت ئەو ماسولکانەی دەگەیینەوە بن باڵم. ئەو رۆژەیش چەقۆکەم بە پشتی پرشنگدا کرد جوان هەستم بە تەکان و بە بەهێزی ئەو ماسولکانە کرد. لەوێوە هێزێکی سەیر دەدەلا. وەک کانییەکی بەهێز. ئەمە بزەی دەخستە سەر لێوەکانم. جارێکیان وەستا حاجی پێی گوتم گەر ئەو قۆلەت وەها نەبووایە، دامدەمەزرانی. ئەمەی گوت لەبەر ئەوەی هیچ کام لە کوڕەکانی ئامادە نەبوون ئیشەکەی باوکیان درێژەبدەن. تەنانەت کاریشی لەگڵدا بکەن. حاجی خاوەن سێ کوڕ و کچێک بوو کە جگە لە کچەکەی کە بە کابرایەکی دووکاندار بە شووی دابوو، سیانەکەی تری هەموویان ببوونە کارمەند و مووچەخۆری دەوڵەت. حاجی کە هەم خۆی و هەم باوو باپیرانی بە درێژایی ژیانیان لەسەر کەسابەتی خۆیان

راوەستابوون و کارەکەری هیچ کەسێکی تر نەبوون، بە پێچەوانەی رای خەڵکی بەم شێوە ژیانەی منداڵەکانی یەکجار پەست بوو و دەستی بە شانی مندا دەدایەوە و دەیگوت کوڕ دەبێ ئاوا بێ، وەک هەڵۆ تەنیا، پشت ئەستوور بە چاو و بە باڵ و بە شان و باهۆی خۆی!

من هەڵۆیەکی باڵ شکاو بووم.

من کوڕەکانی حاجیم بینیبوو. هەڵبەت دووانیان، ئاخر سێهەمیان لێرە نەبوو و وەک دەیانگوت لە شاران دەژیا. بە قەڵافەت و جوان چاک. یەکیان مامۆستای قوتابخانە بوو و، ئەوی تریان کارمەندی ئیدارەی ئاو. مامۆستاکە چاویلکەی لە چاودابوو و ئەمە لە ناو شار لە خەڵکی تر جیای دەکردەوە و دەبینرا. ئەو ساڵانە چاویلکەلەچاو یەکجار کەم بوون. چاویلکە لای خەڵکی نیشانەی زانایی بوو و لەگەڵ خۆی هەڵگری هەیبەتێکی زۆر بوو. ئەوی تریان وا کارمەندی ئیدارەی ئاو بوو، هەمیشە لەندروێرەکەی ئیدارەکەی پێ بوو و ئەملاولای دەکرد. ئەمەیان زۆر حەزی بە سینەما بوو. لە شارەکەی ئێمە لەمم دووابیانە دوو سینەمای تیا دروستکرابوو بە مەودای درێژایی شەقامێک لە نێوانیاندا و هەر کامێکیشیان لەسەر مەیدانێک بوون. شارێکی ئاوا بچووک و دوو سینەما! کەچی سەیربوو، مشتەری خۆیشیان هەبوو و پەکیان نەدەکەوت. من زۆر جار بە سینییە ماجوومییەکانەوە لەبەر دەمیاندا راوەستابووم. لەبەردەم وێنە گەورەکانی ئەکتەرەکاندا، لەبەردەم ئەو شوێنەی بلیتیان تیادەفرۆشت. چەند دونیایەکی سیحراوی! بۆنی ساندویچ و گوڵەبەڕۆژە. تف قووتدانەکان. جاری وابوو دەنگی فیلمەکان بۆ دەرەوەیش بڵاودەکرایەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی زیاتر رابکێشێ و بچن بلیت بکڕن و بڕۆنە ژوورەوە. دەنگی هاوکاتی مۆسیقا و قسەی ئەکتەرەکان پێکەوە چ دونیایەک بوو. هەموو ژیان لە یەک دوو سەعاتدا. یان بەسەرهاتە گرینگەکانی ژیان لە یەک دوو کاتژمێردا. زۆر

جار بڕیارم دەدا ئەمجارە نا ئەو جارەی تر بچم بۆ سینەما، بەڵام هەموو جارێک پاشگەز دەبوومەوە. سەیری پووڵەکانی ناو گیرفانم دەکرد، دەمژماردن. دەمزانی دەمتوانی بچم، بەڵام شتێک وەک ترس یاخود بێ متمانەیی دەیگێڕامەوە. خاوەن هاوڕێیەکیش نەبووم لەگەڵیا بچم. من گوێم لەوانەی بوو کاتێک لە سینەما دەهاتنە دەرەوە چەندە بە تامەزرۆیی و بە هەناسەبڕکێوە فیلمەکانیان سەرلەنوێ بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. باسی شەڕەکان و، باسی ئەشق و جوانیی ئافرەت. ئا، راستی جوانیی ئافرەت! من سەرنجم دەچووە سەر هەندێ کچ و ژن، بەڵام زۆر خێرا نیگام هەڵدەگرت. قەت نەمدەهێشت بزانن لێیان دەڕوانم. قۆلەکەم لەم کاتانەدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر لەوێ بوو. قوت قوت لەبەردەممدا. پێی دەگوتم ئاگام لەخۆم بێت. منیش چەند کوڕی چاک بووم و چەند گوێڕایەڵ! ئارام و سەربەژێر شوێنی دەکەوتم. لەم کاتانەدا بیری کچە بچکۆلەکە دەکەوتمەوە، ئەوەی وا ئیستا لای مامەکەی دەژیا و باوکی لە زینداندا بوو. شتێک کە منی گرتبوو، وەک جاری جاران لام بەردەوام بوو. من دەبێ بیدۆزمەوە. شتێک لە دەروونمەوە هانی دەدام بزانم چارەنووسی ئەو کچە چی لێهاتووە. دڵنیایش بووم لەوێ لە گەڕەکی نزیک پادگانەکە دەژی. ئەوەیکە ماوەیەک بوو کەمتەرخەمیم دەکرد و زۆر بۆ ئەوێ نەدەچووم، لەخۆم تووڕەی کردم. مەگەر بەڵێنم بە خۆم نەدابوو بیدۆزمەوە؟

جاری وایە شەوانە گوێم لێیە باوکم و دایکم باسی دۆزینەوە دەکەن. من کە لە ژوورەکەی ترم ئیزن بە خۆم نادەم بچم و جوان گوێیان لێبگرم. لێیاندەگەڕێم قسەی دڵی خۆیان بکەن. ئەوەندەی من تێگەیشتبم باسی دۆزینەوەی خۆیانە. من کە لام وایە چیرۆکی ئەوان لەمێژە بۆ کەس و کارەکانیان کۆتایی هاتووە، ئەو چیرۆکەی قەت بۆ منیشیان نەگێڕایەوە، حەزدەکەم پێیان بڵێم کە تازە زەمەن گوزەراوە، بەڵام دڵم نایەت. پێم وابێ مرۆڤ هەمیشە وەک منداڵێک لە کونجی دڵی خۆیدا دەمێنێتەوە،

مرۆڤ هەمیشە لەوانەی لەخۆی گەورەتر بوون، چاوەڕوانی هەیە. ئەوەیکە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێن و هەموو شتێک ببەخشن و سەرلەنوێ، سەرەڕای تێپەڕینی ساڵەکان، ژیان وەک جاری جاران لێ بکەنەوە! چ خەونێکی خۆش! باوکم بە دایکم دەڵێ دەڵێی چی،... مەوداکە زۆر دوور نیە با بچینەوە بڕواناکەم هیچیان لەدڵدا مابێ،... تەنیا بۆ سەردانێک. دایکم کۆشی دەدۆزێتەوە، وەک بڵێی پڕی مێروولە نادیارەکان بێت. ئەوسا دەڵێ خۆت دەزانی پیاوەکە،... خۆت دەزانی! باوکیشم خۆی دەزانێ و دیسان وەک هەمیشە خەونەکە فەرامۆش دەکا و بۆ سبەی دەچێتەوە بۆ دووکانی ئاسنگەرییەکە. باوکم بە جوانی شەرم و ترسی نیگاکانی دایکم دەخوێنێتەوە.

من ئەگەرچی بە ساڵەکانەوە سەرقاڵ نیم، بەڵام شەوێک بە ڕێکەوت کاتێک گوێم لە ڕادیۆکەی باوکم گرتووە، گوێم لێیە ئەوەی قسەدەکا دەڵێ ساڵی پەنجا بۆ هەمیشە وەک ساڵێکی گرینگ لە بیرەوەریی میللەتدا دەمێننەوە. پەنجا! بیردەکەمەوە باشە بۆ دەمێنێتەوە؟ پرسیارێک کە زۆر خێرا لەبیری دەکەم. ئا، کەواتە ئیستا ساڵی پەنجایە. پێنجێک و سفرێک لە تەنیشت یەکتردا. کەمێک سەرنجڕاکێش دەنوێنێ. ڕەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی دسپێکی موعجیزە یاخود کارەساتێک بێت. کێ دەزانێ! بەڵام زۆر خێرا لەبیرم دەچێتەوە. ساڵەکان دەڵێم. زەمەن و ماجوومفرۆشی کوجا مەرحەبا!

(٨)

ڕۆژێک بەڕێکەوت لای حاجی وەستا بووم. یەعنی زۆریش بە ڕێکەوت نا، من جاروبارە بە دوو هۆکار لامدەدا، یەکەم بۆ ئەوەی چاوم بە حاجی بکەوێ، لەبەر ئەوەی یەکجار دڵم پێی ڕوون دەبووەوە، دووهەم دەمزانی بەرەبەرە دڵی ماجوومییەکانی گرتووە و حەزیان لێدەکا. بەتایبەت بەرەبەرەی جەژنان چاکی دەکڕی. حاجی ئەگەرچی ددانی نەبوو و دوو ریز تاقمی لەدەمدا بوو، بەڵام وەک بۆخۆی دەیگوت لەززەتی شیرینی بە زمانە و زمان هێشتا بە خۆشییەوە لەجێی خۆیدایە! ڕاستی لەبیرم چوو باسی ئەوەیش بکەم کە من بەردەوام حەزم بە چاییەکانی بوو. ئەویش ئەمەی دەزانی و بۆیە دەستبەجێ داوای چایی دەکرد.

جارێکیان کە لەوێ بووم، بینیم کابرایەکی تەمەن پەنجا بەرەوژوور بە جل وبەرگی پیس و ڕۆناوییەوە کە تەنانەت کڵاو و جامانەکەیشی گرتبووەوە لەوێ بوو. جگەرەی یەک لە دووای یەک دەکێشا، بە دەنگی بەرز دەدوا و وەک بڵێی لای گرینگ نەبوو کێی تر جگە لە بەرامبەرەکەی گوێی لە قسەکانیەتی. زووزوویش ئەو دەستەی وا بە جگەرەکەوە نەبوو دەیخستە بن پشتوێنە ڕۆناویی و پیسەکەی و لە

کاتێکدا دووکەڵ تۆپەڵ تۆپەڵ لە دەمییەوە دەهاتنە دەرەوە، بەردەوام دەبوو لە قسەکردن. جاری وابوو هەستت دەکرد وشەکانیش تێکەڵ بە دووکەڵەکانن وەها کە هەندێکیان بە زەحمەت دەگەیینە گوێ. پیس و بۆناوی و زەرد. زۆری پێنەچوو تێگەیشتم باس باسی قەتڵەکەی کۆڵانەکەی تەنیشت ئاسنگەرییەکەیە. دیسان زۆری پێ نەچوو تێگەیشتم ئەمە برای فەقێ ئەحمەدە.

ـ ئەو گەوادە نازانم بۆ نایتۆپێنن! پیاو کە شەرەفی تکا تازە واچاکە بۆخۆیشی بتۆپێ. جا توخوا ئەوە پیاوە ئاگای لە ژنەکەی نەبێ و تازە لەدووای رۆژان و مانگان بزانێ کەڵەگا روو ئەکاتە ماڵەکەی،... ها توخوا ئەوە پیاوە! ئەیچۆن حاجی گیان، ئا لەم کۆڵانەی تەنیشت تۆیا خۆ هەر حەیای ئەو قورمساقەی برام نەتکا،... حەیای منیش تکا، ئابڕۆی بردم. ئەو ئەگەر پیاوبووایە لەگەڵ ژنەکەی، خۆیشی دەکوشت و تەواو و دەبڕایەوە. چەتییوەکەی کچیشی ئیتر بەلایەک. چەندە هەموو جارێک سەیری ئەکەم لەوانەیە کەلەم بتەقێ ئەوەندەیش ئەو گەوادەی برام دەخاتەوە بیر. شوکور لە زیندانیان خنیوە و جارێکە چاوم بە ناو چاوانی ناکەوێ، خوا نەکا ئەو رۆژە ببینم بێتەوە دەر و روو بکاتەوە ئەم شارە، بەخوا خوێنی ئەڕێژم، گوو ئەخوا دێتەوە بۆ ئێرە، بۆ کوێ ئەچێ با بچێ، خوای گەورە هەتا بڵێی زەوی زۆرو زەبەنی دروستکردووە، با روویان تێبکا، بەڵام بە شەرافەتم قاچ ناخاتەوە سەر ئەم خاکە (لێرەدا بە قاچی راستی عەرزەکەی کوتا). پێت وایە لەبیر ئەچێتەوە،... هەتاهەتایە بە ناوچاوییەوەیە، بەناوچاوی ئێمەیشەوەیە. کاتی خۆی بەو گەوادەم گوت ئەو قەحبەیە نەهێنێ، کەس و کارەکەیم دەناسی، دەمزانی لە چ تیرە و رەگەزێکن، بەڵام خۆ بە گوێیا ئەچوو! سەرە حیزەکەی دائەخست و ئەیگوت هەر ئەوم ئەوێ و تەواو. کاکە من دایکی کچەکەم ئەناسی، ئاخر بە چ زمانێک بیڵێم،... خۆ کاکە کەس نەمابوو نەچێتە پاڵی، عالەم ئەیناسی، کەچی ئەم برا گێلەی من وەک بڵێی ئەو دوو

چاوەی کوێر کوێر بووبێ، بۆ مەگەر هیچی دەبینی،... ئاخر ئەی هاوار بە چ زمانێک بیڵێم، من بۆخۆیشم چووبوومە لای دایکی ژنەکەی!...

حاجی لێرەدا ئەستەغفرڵڵایەکی بەرزی لە دەم هاتەدەر و گوتی کاکە گیان سەڵەواتێکی لێ بێنە، کاکە گیان کای کۆن بە با مەکەوە، باش نیە، با خوا لەوە زیاتر غەزەبمان لێ نەگرێ؛ بەڵام مەگەر کابرا وازی دێنا، بەو دەنگە بەرز و گڕ و رووشاوەیەوە درێژەی دایەوە:

ـ خۆ ئەیبینی چەند گۆڕ بەغەریب نێژراوە، ها خۆ ئەیبینی؟ قەحبەکەی ژنی ئەڵێم. کەس و کارەکەی خۆیشی ناچنە سەر قەبرەکەی، وەک تاعوون خۆی لێی ئەپارێزن. تازە ئەم گەڕەکە و ئەم ئاسنگەرییەی تۆیش شەرمەزارن لەوەی دراوسێی کەسێکی وەها بوون،... ئێ وانیە حاجی گیان؟ سەیری ئەم پیاوە بەڕێزانەی دەورووبەرت کە! چۆن بە ئارەقەی ناوچاو و شان و ملیان ئەژین! تازە کچێکیشی بەسەرا خستووم کە نازانم چی لێ بەسەردێ و چۆنی لێ دەرئەچێ، وەک لە کۆنەوە وتویانە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە، بەشەرەفم هەر بزانم شتی وا ئەبێ ئەمەیان بۆخۆم سەری ئەبڕم. جا ئەوە ئەیبینی!

حاجی وەستا پرسی:

ـ راستی فەقێ ئەحمەد چەندساڵیان بەسەرا داوە؟

ـ ئەو گەوادە دە ساڵ،... خۆ تا لا ئەکەیتەوە تێئەپەڕێ و جەستەی نەحسی دەرئەکەوێتەوە، بەڵام وەک وتم ئێرە تازە بە خۆیەوە نابینێتەوە. هەر نازانم بۆ هەڵیناواسن! گەواد بۆ مردن و بۆ رزینی مەیتەکەی لە ژێر خاکا چاکە...

ـ کاکی خۆم بەقوربانت بم، فەقێ ماڵی لێرەیە، ژیانی لێرەیە، تازە روو لەکوێ بکا، پێت وایە ئەوەندە ئاسانە؟... برای خۆم هەر لە کۆنەوە وتویانە پیاو بە لای خێرا شتەکان بشکێنێتەوە باشە، ئەمە ئەمری خودایشە، چارەنووس و بەڵاکە بەسەر

براکەتا هاتووە و خۆ ئیتر نابێ ئێمە خراپتری بکەین. چاوەکەم رووت لە خوا بێت، چاوت بە خێرا هەڵبێنە...

بەڵام برای فەقێ ئەحمەد هەر لەسەر هەوای خۆی بوو. شتێک لە دیمەنیدا هەبوو منی دەترساند. نەک من، جوان تێگەیشتم کە حاجی و باوکم و هەموو ئەوانەی وا لەو دەورووبەرەدا بوون سڵیان لێدەکرد و هەوڵیاندەدا خۆی لێ دووربخەنەوە. سڵێکی زیرەکانە. دوواتر تێگەیشتم ناوی رەحیمی میکانیکە. من کە خۆشییەک لە دڵما گەڕابوو بە خۆمم گوت شوێنی دەکەوم تا بزانم ماڵەکەی لە کوێیە. بۆیە بە سینی ماجوومییەوە هەر لەو دەورە خۆم خڵافاند هەتا وازی لە شیرە شیر هێنا و سەرەخوار بە شەقامەکەدا داگەڕا. دوورادوور شوێنی کەوتم. ئاگام لێبوو کاتێک خەڵک چاکوچۆنیان دەکرد جۆرێک لە ترس و خۆفیش تێکەڵ بە سڵاوەکەیان بوو. کەواتە رەحیمی تەنەکە نێرەکەرێک بوو بۆخۆی. خۆبەخۆ هەنگاوەکانم شلتر بوونەوە، بەڵام وەها نەبوو زۆر دووابکەوم. رەحیم سەرەتا خۆی کرد بە دووکانی کوتاڵفرۆشییەکدا، ئەوسا دیسان لای تەنەکەچییەک لایدا، لەگەڵ یەک دووانێکیش کەمێک راوەستا و دووا. لەپاش ئەوەی دووهەم خیابانی بڕی، بەدەستی راستدا بایدا و دیسان لە دووهەم کۆڵان بەدەستی چەپدا بایدایەوە. دووکانەکەی لەوێ بوو. من بێرەدا گوزەرم کردبوو، بەڵام قەت دڵم نەدابووە ئەو کەسانەی وا لێرە کاریان دەکرد. تازە قەت لەبیرم نایەت کەسێک لێرە تاقە ماجوومییەکی لێکڕیبم. ئیستا دەزانم بۆ، لەبەر ئەوەی دووکانەکە ئەوەندە گەورە بوو کە هەموویان لە ژوورەوە کاریان دەکرد. رەحیم و شاگردەکانی دەڵێم. لەبەر دووکانەکەیشدا چەند ماشینێکی کۆنی لێبوو وەک بڵێی چاوەڕوانی نۆرە بن. هێشتا بۆ نیوەڕۆ مابووی و رەحیم بەم زووانە پێنەدەچوو بچێتەوە بۆ ماڵەوە. پاش کەمێک لێکدانەوە بە خۆمم گوت واباشە جارێکە بڕۆم و سەعاتێکی تر بگەڕێمەوە. بۆ ئەم مەبەستە بە کۆڵانەکەدا گەڕامەوە

و راستەشەقامەکەم گرت و خۆم کرد بەو کۆڵانانەدا وا گەڕەکەکانی بەرامبەری دووکانەکەی رەحیمی میکانیکیان دەگرتەوە. نیوەڕۆیەکی گەرم بوو. لە بن سێبەری دیوارەکاندا جاری وابوو پشووم دەدا و هاوکاتیش هاواری مشتەریم دەکرد. سینییەکەم نیوە کردبوو. لە ماڵێک داوای ئاوم کرد. ژنی ماڵەکە بە میهرەبانییەوە ئاوی بۆ هێنام. تامی ئاوی بیری دەدا. دوو دارەسێو لە حەوشەکەیان سەرنجیان قوستمەوە. لەو سەری کۆڵان دوو منداڵ بەشەڕهاتن. پیاوێک زۆر پیس لە هەردووکیان تووڕە بوو و ئەوانیش هەڵاتن. کچێک لە پشت پەنجەرەیەکەوە شەرمنانە لێی روانیم. هاوارم کرد ماجوومی! ئەویش بزەیەکی هاتێ و پەردەکەی بەنازەوە دادایەوە. مێشەکان بە دەوری سەرمەوە ویزەویزیان بوو. جاری وابوو زەردەواڵەیەک شێتانە لێم نزیکدەکەوتەوە. بەڵام پەرۆ تاراکە هەموویانی دەگێڕایەوە. هەرچەند ئەویش شیلاوی ببوو و بۆیە کاتێک لەسەری دەنیشتن، بەشی خۆیان لە شیلە هەر دەپچڕی. بیرم لە عەبەی ماجوومی کردەوە کە ساڵانی ساڵ ئەمە پیشەی بووە، بە بێ راوەستان و بێتاقەتی. بەڵام راوەستە! بەڕاستی بێتاقەت نەبووە؟ شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ وانیە. ئەوسا سینییەکە دادەنێم و لەبن سێبەرێکدا پشوویەکی بۆ دەدەم. بێتاقەتی بە پشوو دەسڕێتەوە. حاجی و باوکم و شاگردەکەی تری وادەکەن. پشتم خۆڵاوی دەبێ، جاری وایە رەنگی سووری ئاجوورەکان دەگرێ. وەستاکارەکانم بینیوە کاتێک دیوار هەڵدەچنن. ئای کە چەندە حەزمدەکرد لەگەڵیان کاربکەم، بەڵام نەدەکرا. کەس قۆل کورتێک وەک شاگرد و وەک کاسەکێش وەرناگرێ. جاری وابوو بەدەم رێگاوە لەو خانووانە لامدەدا کە خەریکی درووستکردنیان بوون و بەڵام بە هۆکارێک ئەو رۆژە کەس کاری تیا نەدەکردن. لە دووای ئەوەی دڵنیا دەبووم کەسی لێ نیە، دەچوومە ناویان و لێیان رادەمام. بۆنی قوڕ و گڵ و ئاجوور و چیمەنتۆ و ئاسن. هەروەها تۆز. من لام وابوو

زیاتر له هەموویان بۆنی تۆز دەهات. لەسەر هەموو شتێک نیشتبوو. چەندە لەو خانووانەدا هەستم بە تەنیایی دەکرد کاتێک سینییەکەم دادەنا و لە سووچێکدا هەڵدەتروشکام. بیستبووم کاسەکێشەکان کرێی باشیان دەدەنێ هەرچەند زۆریش ماندوودەبوون. بیستبووم دەیانتوانی دوواتر ببن بە وەستاکار و بۆخۆیان شاگرد بگرن و ئیتر نانیان بکەوێتە رۆنەوە. بیستبووم زۆربەی ئەوانەی هاوینان کاسەکێشیان دەکرد منداڵی قوتابخانە بوون و تەنیا بۆ کۆکردنەوەی کەمێک پووڵ کاریان دەکرد، ئەگینا ئەوان قەت بیریان لەوە نەدەکردەوە ببن بە وەستای خانوو. هەموویان ژیانیان دەگۆڕا، یەعنی کاریان دەگۆرا و هەر ئەوە نەدەمان کە بوون. ئەی من؟ بیری عەبەی ماجوومیم دەکردەوە. لەسەرەتادا چۆن بوو لە کۆتاییشدا هەر ئەوە. ئەوسا خۆمم هاتە بەرچاو. دەکرا؟ ئەی بۆ ناکرێ. سەرئەنجام مرۆڤەکان دەبنە کارەیەک و هەتا کۆتایی ژیانیان ئەو کارە درێژە پێدەدەن. تەنیا جیاوازی لەوەدایە هەندێ کەس زووتر دەگەنە کارەکە و هەندێ کەس درەنگتر. من لە زووەکان بووم. جارێکیان گوێم لێبوو باوکم بە دایکمی دەگوت شوکور کە کارم هەیە و منەتباری کەس نیم. ئا، باوکم راست دەکا. بەڵام راستی منەتباری یەعنی چی؟

بیرم چووەوە سەر رەحیمی میکانیک و برازاکەی. ئەوە دوو سێ ساڵێک لەو کاتە تێدەپەڕێ. بیرم لەوە کردەوە کە ژیانکردن لەگەڵ پیاوێکی تووڕە و تۆسن لە ماڵدا دەبێ چۆن بێ. ئەویش بۆ منداڵێک کە دایکی کوژراوە و باوکی لە زینداندایە. هەرچیم دەکرد بۆم وێنانەدەکرا، نەدەهاتە بەرچاوم،... خەیاڵم کلۆڵ بوو. هەر ئەوەندەم دەزانی دەبێ یەکجار دژوار بێت. پیاوێک ئاوا شارێک لێی بسڵەمێتەوە داخۆ بنەماڵەکەی چۆن بێت!

کە دەگەڕێمەوە بەر دووکانەکە، دەبینم رەحیمی میکانیک لەوێ راوەستاوە و خەریکی جگەرە کێشانە. نیگامان لە نیگای یەک دەئاڵێ. بە قامک ئیشارەتم دەداتێ

و دەڵێ ئاوەرە بزانم! دەچم. دەڵێ چی ئەفرۆشی؟ دەڵێم نوقڵ،... ماجوومی. تاراکە هەڵدەداتەوە. هاوار لە شاگردەکانی دەکا و دەڵێ ئەخۆن. لەبەر تەقەتەق و دەنگەدەنگ جواب نیە. رەحیم جگە لەو دووانەی دەیخنێتە دەمییەوە، پێنج دانەم لێ دەکڕێ. ئەمە غیرەتم دەداتێ و هەر لەوێ بنەدەخەم. بەڵام،... بەڵام تازە چۆنی شوێن بکەوم؟ بێگومان دەمناسێتەوە. سینییەکەم هەڵدەگرمەوە و کەمێک دووردەکەومەوە. لەولاترەوە لە بن دیوارێکی گڵیی کەمێک داڕماو. ئەوەندەی پێناچێ رەحیم هاوار لە شاگردەکانی دەکا کە وەختی نیوەڕۆیە و دەبێ بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. کە دەڕابەی دووکانەکە دادەدەنەوە، رەحیم دەچێتە پشت فەرمانی یەکێک لە ماشینانەی وا لەبەر دەم دووکانەکەدایە و دەڵێ ئەتانگەیەنم. یەکێک لە دوو شاگردەکە دەڵێ پیویست ناکا وەستا گیان، زۆر دوورنیە وەک جاران بۆخۆمان دەڕۆین، بەڵام رەحیم پێداگرە. خەمێکی قووڵ لێم دەنیشێ. ئاخر من چۆن دەتوانم پێ بە پێی ماشینەکە هەڵێم! بۆ ئەوەی بزانم رەحیم لە کوێ دەژی. رادەبمە سەرپێ. مل دەکێشم. رەحیم سویچ لێدەدا و سەیارەکە رۆشندەکا. رێک لەم کاتەدا کەسێک لە پەنجەرەیەکی خانووەکەی سەر دووکانەکە مل دەکێشێتە دەرەوە. ژنێک هاواردەکا بۆ کوێ،... نایەیتەوە؟ بەڵام رەحیم وەڵامی ناداتەوە. دیارە هەر گوێیشی لێ نیە. ئەوسا لە تەنیشت ژنەکەوە کەسێکی تر دەردەکەوێ. دەجووڵێم. ئاە چەند ئاشنایە! ئەگەرچی بە قەوارە گەورەتر بووە، بەڵام بە شێواز هەر ئەوەی ئەو رۆژەیە. رۆژی یاخیبوونی فەقێ ئەحمەد و کوشتنی ژنەکەی. ئەوە ئەو منداڵەیە وا من لە کاتی دانەوەی چەقۆ گەورە دەسک رەشەکە لە تەنیشت باوکی لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا بینیبووم. ئەوە پرشنگە!

کەواتە من لە هەڵەدا بووم. ماڵی ئەوان لە گەڕەکی تەنیشت پادگانەکە نەبوو. ئەوان لێرە بوون، لە هەموو ئەم ماوەیەدا. ئەوسا بەخۆم دەڵێم نەمبینییەوە لەبەر ئەوەی لە

تەبەقەی سەرەوەی سەر دووکانێک دەژی. سینییەکە لە هەموو ئەم ماوانەدا بە سەر شانمەوە نەیهێشتبوو ئەو سەرە ببینم. هەمیشە من چاوم لە نزماییەکان و لە بەرامبەری خۆمە. لەم خەیاڵانەدا بووم کە بینیم کچەکە هەر وا لە پشت پەنجەرەکەدا مابووەوە. لێی وردبوومەوە. لە منی دەڕوانی. من کە نەمدەزانی لە بەر ماجوومییەکانە یاخود ئەوەیکە رەنگە منی لەبیرمابێ، هەنگاوێک چوومە پێشەوە. یان رەنگە بەزەییەکیش لە دەروونی مندا هەبوو. خۆم وەک تاوانبارێک هاتەوە بەرچاو. بێگومان ئەو منی لەبیرە و ئیستا یەکجار رقی لە منە. چەند ترسام! سەیرێکی ئەمبەراوبەری کۆڵانەکەم کرد. کە دیسان سەرم بەرزکردەوە بینیم لەوێ نەماوە. پەردەکە دادرابووەوە.

کۆڵانەکەم لەبەر بوو. یەعنی لەبەرم کرد، هەرچەند دەمناسی. هەرچەند قەت لەوە پێش سەرنجی رانەکێشابووم. لام سەیربوو. باشە بۆ من رێک لەو شوێنەی کە دەبووایە وریاتر بم، گەمژەتر بووم! باشە بۆ هەمیشە بیرم دەچووە سەر گەڕەکی تەنیشت پادگانەکە؟ رەنگە لەبەر ئەوەی زیندان و پادگان وەبیرهێنەرەوەی یەکترن. وەک دوو مانا زۆر لەیەک نزیکن.

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەو ئێوارەیە کە بەرەو ماڵەوە بوومەوە، یەکجار هەستێکی خۆشم هەبوو. بە دەم رێگاوە سینییەکەم بادەدا و گۆرانیم دەگوت. لە دەشت و دەرم دەڕوانی و تەمی ئێوارەی کێوەکانم وەک رازێک لێکدایەوە کە چیتر رازنین و من لە مێژە دەزانم چییان لە پشتەوەیە. هەستم دەکرد چیتر وەک عەبەی ماجوومی تەنیا ماجوومفرۆش نیم و وەک کاسەکیشەکان منیش داهاتوویەکی ترم هەیە. ژیان مانای وەرگرتبوو. لانیکەم نیگاکان ئەوەیان دەگوت. کە گەیشتمە بلوارەکە لە سەر کورسییە بەردینەکان بە سەوادە کەمەکەی خۆمەوە هەوڵمدا ئەو نووسینانە بخوێنمەوە وا لەسەریان نووسرابوون: گوڵم بە بێ تۆ ژیانی

من مەحاڵە،... خەنجەری ئەشق دڵ نابڕێ، رۆح دەقڵیشێنێ!... هەرچەند خوێندنەوەیان زۆر ئاسان نەبوو بۆم، بەڵام لە ماناکەی چاک دەگەیشتم. ئیستا دەزانم بۆچی دایکم و باوکم پشتیان لە هەموو کەسوکاریان کردبوو. ئیستا دەزانم بۆچی دڵشکان لە غەریبایەتی قورسترە. ئیستا دەزانم بۆچی دایکم و باوکم ئامادەن لە شارێکی غەریب و لە دەشتێکی کاکی بەکاکیدا بژین بەڵام یەکتریان هەبێ. لە دەروونەوە پێیان سەرسام دەبم. بەختەوەرم کە ئازاترین و راستگۆترین دایک و باوکی جیهانم هەیە. رێزێکی سەیر لە دەروونمدا دەبزێوێ. لە دوورەوە سەیری خانووەکەمان دەکەم. چیتر وەک جاران خەمین نایەتە بەرچاوم. چیتر شوێنێک نیە بۆ دوورخراوەکان و بۆ پاڵ پێوەنراوەکان. لادەکەمەوەو سەیری شار دەکەم. بەپێچەوانەوە هەستدەکەم ئەوە شار و خەڵکەکەی ناویەتی وا دوورخراوە و تەریکن نەک ئێمە. ئەوانەی وا ناوێرن وەک خۆیان بژین و ناتوانن لەوانە بگەن وا دەیانەوێ وەک خۆیان بن. تامی ژیان کە تا ئیستاکە لە دەممدا وەک تۆز و خۆڵی ئەم دەشتە بوو دەبێ بە تامی شیرینی ماجوومی، هەرچەندە رەق! بیردەکەمەوە کە حیکمەتێک لەوەدا بووە من بوومەتە ماجوومی فرۆش! بۆیە قەول بەخۆم دەدەم قەت وازی لێنەهێنم. گەر لەم ژیانەدا وەک باوکم دەڵێ هەر کەسە و بۆ شتێک خوڵقێندراوە، ئەوا منیش بۆ فرۆشتنی ماجوومی خوڵقێندراوم. ئاخر گەر وانەبێ چۆن چۆنی من لەم سەری شار و عەبەی ماجوومی لەو سەری شار دەبێ یەک بگرینەوە! تازە هەستدەکەم گەر هەموو ژیانیشم ماجوومی فرۆش بم هیچ کێشەیەک نیە. بە مەرجێک،... بە مەرجێک،... ئاە ژیان!

کە دەگەمە ماڵەوە لەجیاتی ئەوەی لە دەرگاکەوە بچمە ژوورەوە، باز بەسەر چەپەرەکەدا دەدەم. بەڵام ناگەمێ بەسەریا رابوورم و قاچێکم لێی هەڵدەکەوێ و خۆم و سینییەکە تەختی زەوی دەبین. دایکم بە پەلە دێتەوە دەرەوە و بە روومەتی خۆیا

دەکێشێ. بەڵام من هەرچەند سەرئەژنۆم بریندار بووە و قۆلە کورتەکەیشم رووشاوە، لە دەروونمەوە بەردەوام پێدەکەنم و خۆشحاڵم، یەکجار خۆشحاڵ. جا ئازار چییە!

(٩)

ئەو رۆژە کاتێک پۆلیس دێ و فەقێ ئەحمەد دەگرن و بە ئامبولانسیش تەرمەکەیش دەبەن بۆ بیمارستان، رەحیمی میکانیک لە ماڵەوە نابێ. لە تەنیا مەیخانەی دەرەوەی شار، لەسەر رێگای ئەو گوندەی دەگاتەوە چەمێکی خۆش، لەگەڵ هاوەڵەکانی خەریکی خواردنەوە و گۆرانی و هەڵپەڕین دەبێ. رەحیم کە سەرخۆش دەبوو ئیتر نۆرەی کەسی نەدەدا. هەرچی گۆرانی حەسەن زیرەک و عەلی مەردان کە لەبەری بوون بە دەنگە زل و رووشاوەکەی کە بە هۆی خواردنەوەوە ئەوەندەی تر گڕ و گرژ دەبوو، دەیگوتنەوە. چەپڵەلێدانیشی لەبیر نەدەکرد. بە دەستە زل و بەهێزەکانی چەپڵەی دەتەقاند و ملی بە دەم هەوای گۆرانییەکانەوە بۆ بادەدا و هەزار جاریش خۆی بە قوربانی ئەو دوو گۆرانی بێژە دەکرد:

ـ حەک رەحمەت لە گۆڕت حەسەن زیرەک، حەک هەزار و یەک حۆری بە نسیب بێت!... حەک عەلی مەردان قەت نەمری،... بمێنی و بمێنێ!

ئەوسا دەستی پێدەکردەوە:

ـ گیانە بەسیەتی ئەی وەی، گیانە بەسیەتی!...

ڕەحیم کە سەرخۆش دەبوو و گەر جەوەکەی زۆر بەکەیف بووایە ئەوا پارەی هەموو ئەوانەی دەوروبەری خۆیشی حسێب دەکرد. سوێندی دەخوارد کەس نابێ دەست بە گیرفانیدا بکات. خەڵکیش کە تێی گەیشتبوون، هەر کە سەروسەکوتی پەیدا دەبوو هەوڵیاندەدا هەتا بتوانن جەوی بۆ خۆش بکەن. لەم سەر تا ئەو سەر بە خۆشی رحیم پێکەکانیان هەڵدەدا. ڕەحیم جاری وابوو لە خۆشیانا هەڵدەستایە سەرپێ و لە کاتێکا باڵەکانی وەک باڵندە دەکردەوە غەبغەبەکەی بە داخستنی سەری شۆڕدەکردەوە و چاوەکانی دەقونجاند، چەند دەققە هەروا بێ جووڵە رادەوەستا. ئەمە ڕەقسێکی بێ جووڵە بوو کە زیاتر لە هەر ڕەقسێکی تر دەربڕی خۆشیی دەروونیی ڕەحیمی میکانیک بوو. لەم کاتانەدا ماشاڵڵا ماشاڵڵا گوتن بەرزدەبووەوە و ڕەحیم ئەوەندەی تر دەچووە ناو جیهانی کڕی خۆیەوە. کە ئەمجا بەری دەدا هەموو خەڵکەکە دەکەوتنە چەپڵەلێدان و پێکەکانیان دیسان هەڵدەدایەوە: "بەخۆشیی ئینسانی مەرد! مردن بۆ مرۆڤی خوێڕی!" ئەمجا ڕەحیم بە حەسەن زیرەکەوە دەستی پێدەکردەوە "لە سینەی قەبران هاوارە، حاکم بمدا لە سێدارە، دەست هەڵگیرنیم من لەو یارە!" ڕەحیم زۆر جار 'یارە'ی دەکرد بە یاڕە! فسەفس لێرە و لەوێ بەرزدەبووەوە.

دەمەو ئێوارە بوو کاتێک ڕەحیم چیتر وزەیەکی وەهای تیانەمابوو و مەجلیس ببووە قسەی خۆش و بەسەرهات گێڕانەوە، ماتۆڕێکی یاهامای سەد خۆی بە حەوشی مەیخانەکەدا کرد و گەنجێکی مڕومۆچی لەسەر دابەزی و هەتا تەنیشت مێزەکەی ڕەحیم ڕانەوەستا. کاتێک گەیشتە ڕەحیم، سەری دانەواند و بە گوێ زل و قیتەکانی ڕەحیمیدا چپاند. ڕەحیم سەرەتا ڕاوەستا، پاشان ڕەنگی ڕوخساری سپی بوو و دوواتر وەها ڕاچەنییە سەر پێ کە ئەوانەی دەوروبەریشی ڕاپەڕین.

ـ وەستا گیان چی قەوماوە؟!

بەڵام وەستا وەڵامی نەبوو. پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە و سواری جیپە شینەکەی بێت هاواری لە خاوەن مەیخانە کرد کە جارەکەی تر دێتەوە و دانیشتنی ئەمڕۆ حسێب دەکا. بەم شێوەیە رەحیم لە کاتێکا جیپەکەی تۆزی جادە خۆڵینەکەی بە ئاسماندا دەکرد و وەک مارێکی برسی رادەخۆشا، خۆی گەیاندەوە شار.

کاتێک گەیشتەوە، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکردبوو؛ ئەگەرچی شەقام هێشتا قەرەباڵغ بوو و خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ لێرە و لەوێ وەستابوون و هێشتا باسی رووداوەکەیان بوو. رەحیم بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکی بە بێدەنگی لە ترۆمبیلەکەی دابەزی، خۆی بە کۆڵانەکەدا کرد و بە یەک شەق درگا داخراوەکەی کردەوە و خۆی بە حەوشەکەدا کرد. کەس لەگەڵی نەچووە ژوور. رەحیم لە حەوشەکە راوەستا و لەهەموو شتێکی دەورووبەری وردبووەوە. لە پەنجەرەکان، لە دەرگاکەی ژوورەوە و لە دیوارە بێ چرتە و بێدەنگەکان کە کارەساتەکەیان لەخۆیاندا لە کردەیەکی نەخوازاو و داسەپاودا بۆ هەمیشە حەشاردابوو. کتوپڕ یەک بە خۆی هاواری کرد "فاسق!" درەختەکان لەرینەوە. بە گوێیاندا دابوو کەس لەماڵەوە نیە. گوتبوویان کچەکەی برازای لە ماڵە دراوسێکانە. پێش ئەوەی دیسان بپرسێتەوە لە ماڵی کامە دراوسێیە، خودی کابرای دراوسێ هاتە بەر دەرگای ماڵی فەقێ ئەحمەد و بە رەحیمی گوت کە کچەکە لای ئەوانە. رەحیم لای نەکردەوە. وەک بڵێی بە دەنگ ناسییەوە. هەر ئەوەندەی گوت بۆم بێنن. بۆیان هێنا.

پرشنگ بەو کراسە سوورەوە لە بەریا بوو بە بێدەنگی لە مامەکەی دەڕوانی. رەحیمیش لێی وردبووەوە. ئەوسا ئارام لە حەوشەکە هاتە دەرەوە و کچەی پێش خۆی دا و بە جیپەکە دوورکەوتنەوە. شەقام هەتا رەحیم و پرشنگ سوار ترۆمبیلەکە بوون، کڕ و بێدەنگ هەڵگەڕا.

بەم شێوەیە پرشنگ خۆی لەماڵێکدا بینییەوە کە ئەگەرچی ماڵە مامی بوو، بەڵام قەت لەوە پێش پێی تێ نەنابوو. دیارە جاروبارە ئامۆژنەکەی بۆ سەردان دەهات، ئەویش بە دزییەوە. رەحیم هاتوچۆی قەدەغە کردبوو.
پرشنگ هەموو ژیانی وەک ئەو دیمەنە بوو وا من کاتی بردنەوەی چەقۆکە لە پشت درگاکەی خۆیان بینیبووم. بێدەنگ و بی قسە. زۆری دەڕوانی. وەک بڵێی تاقە رێگای پێوەندی گرتن لە گەڵ دونیا تەنیا چاوەکان بوون. وەک دراوسێکان دیانگێڕایەوە (ئەوانەی وا لە سەر بانییەوە ئاگایان لە قڕەکە ببوو)، پرشنگ لە کاتی دەمەقاڵێی دایک و باوکی تەنیا لێیانی دەڕوانی. ئەو رۆژەیش هەر لێیانی ڕووانیبوو. لە سووچێکی حەوشەکە بە هەڵتروشکاوییەوە. کە فەقێ ئەحمەد دایکی دەکوژێ و جەستەی لەبەر دەرگاکەی ژوورەوەدا دەکەوێ، دیسان پرشنگ هەر بە بێدەنگی لێی روانیبوو. نە لێی نزیک کەوتبووەوە و نە گریابوو. باوکی چەقۆکە فڕێدەدا و لە سووچێکی حەوشەکەدا هەڵدەترووشکێ و دەست دەکا بە گریان و بە خۆکێشاندا. پرشنگ لەویشی ڕووانیبوو. خوێنی دایکی هەتا تەنیشت حەوزی ئاوەکە وەک جۆگەلەیەک کشابوو. رەحیمیش خوێنەکەی نەشۆردبووەوە. وەک دەڵێن سەرئەنجام بارانی پاییز شۆردبوویەوە.
رەحیم دووای چەند رۆژ دێتەوە، هەموو دەرگاکان جوان جوان قوفڵدەدا، بە بێ ئەوەی یەک تاقە شت چییە لەگەڵ خۆی، تەنانەت بۆ پرشنگیشی ببات. وەک دەیگوت هەموو شتێکی ئەو ماڵە بەلەعنەتە. بەلەعنەتی کردبوو. بەم شێوەیە خانووەکە هەتا هاتنەوەی فەقێ ئەحمەد کەس رووی تێنەکرد. دیارە فەقێ دە ساڵەکەی تەواونەکرد و، لە کاتی شۆڕشی پەنجاوحەوت بە هۆی ئەو پشێویەی وڵاتی داگرتبوو زووتر لە کاتی خۆی لە زیندان هاتەدەرەوە. فەقێ وەک دەڵێن خۆشحاڵ بوو شۆرش کرابوو، لەبەر ئەوەی تەنیا کووشتنی زۆر دەیتوانی

بیرەوەریی کارەکەی ئەو لە زەینی خەڵکیدا بە تەواوی لاوازبکا. کە لاوازیشی کردبوو. بگرە نەوەی نوێ هەر لەبیریشی نەمابوو. ئەوان بە ئەرکە گەورەکانەوە سەرقاڵ بوون.

خانووەکەی مامی سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو بۆ پرشنگ. مامی خاوەن ژن و سێ کچ بوو. کچەکان لە خۆی گەورەتر بوون. رەحیم درەنگ ژنی هێنابوو و وەک خۆی دەیگوت گەنجیەتی لە تاران تێپەڕکرد. سەرەتا بە کرێکاری و دوواتر شانس دێنێ و لای کابرایەکی تورک وەک شاگردی میکانیکی دادەمەزرێ. دەیگوت لەبەر چاونەترسییەکەی کابرای تورک دایمەزراندبوو. شەوێک وەستاکارەکەی لە دەست چەند شەقاوە رزگاردەکا و بەم شێوەیە رێبازی ژیانی بۆ هەمیشە دەگۆڕدرێ. تەواوی شانازی ژیانی رەحیم ئەوە بوو کە لەوێ لە تاران لەگەڵ لات و شەقاوە بەناوبانگەکان بە شەڕ هاتبوو و لێیان نەکشابووەوە. بگرە هەندێکیانی وەها کەلەلاکردبوو کە کردبوونی بە پەندی زەمانە. کچەکانی ئامۆزای پرشنگ، پرشنگیان وەک خۆی وەرگرت. ئەمەیش بۆ چاکەی دایکیان دەگەڕایەوە. هەموو کەس دەیزانی ژنەکەی رەحیم یەکجار ژنی چاک بوو و لای خەڵکی یەکجار خۆشەویست. بەدەرد و مەرگی خەڵکییەوە بەتایبەت ژنانی گەڕەکەوە بوو. هەر ئەم عادەتە باشەیشی بوو سەرەڕای قەدەغەبوونی هاتووچۆ بۆ ماڵی فەقێ ئەحمەد، بەڵام بە دزییەوە سەردانی دەکردن. دیارە رەحیمیش ئەمەی دەزانی، بەڵام خۆی لێ گێل دەکرد. رەحیم سەرەڕای هەموو شتێک ژنەکەی زۆر خۆش دەویست و دڵی نەدەهات لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێت. یەکەم رۆژ ئامۆژنە سەبری لەناو تەشتێکدا حەمامی بە پرشنگ کرد، جل و بەرگی تازەی بۆ لەبەرکرد، خواردنێکی باشیشی بۆ سازکرد و شەو لە تەنیشت خۆی خەواندی. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خۆی بینی پرشنگ تا بەیانی بە بێ جووڵە و بە بێ ئەوەی خەبەری بێتەوە خەوت. نە

لەخەو داچڵەکا و نە قیژەیەکی لێ بەرزبووەوە. ئامۆژن لەبەر خۆیەوە دۆعای کرد و داوای لە خوا کرد کارەساتەکە وەها لە دەروونی ئەم منداڵەدا پەنگ نەخواتەوە کە رۆژێک دڵە خنجیلانەکەی بتەقێنێ. بۆ رۆژی دوواتر لەگەڵ کچەکانی دووا کە چۆن چۆنی ئاگایان لێ بێت و ئازاری نەدەن. کچەکانیش لە قسەی دایکیان دەرنەدەچوون. رەحیم کە سەرەتا بێدەنگ بوو، سەرئەنجام شەوێک درەنگان بە ژنەکەی گوت دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت ئاگای لەم کچە بێت چونکە لە توخمی ئەو دایکەیە و لە رەگەزی ئەو باوکە بێ غیرەتەیە! سەبری کە بە ئەخلاقی مێردەکەی ئاشنا بوو، هیچی نەگوت. لەبەر خۆیەوە بە خۆی گوت بە خۆشییەوە لە خانوویەکدا گەورە دەبێ کە زیاتر رەگەزی مێینەی تیایە تا نێرینە. رەحیم پێی لەسەر ئەوە داگرت زۆری نەباتەدەرەوە و نەیشهێڵێ تێکەڵ بە منداڵانی گەڕەک بێت. سەبارەت بە خوێندنیش گوتی کە پێویست ناکا بخوێنێ و هەر ئەوەندەی گەورەبوو دەیدا بە شوو و ئیتر تەواو. دیارە بە پێچەوانەی قسەکانی، رەحیمی میکانیک بە کردە وای پیشان نەدەدا زۆر ئەوەندە بە پەرۆشەوە بێت. ئەو وەک هەمیشە دەچووەوە سەر کارەکەی، هەفتەی جارێک دەچوو بۆ مەیخانەکە دەیخواردەوە و جاروبارەیش لێرەولەوێ یەک دوو شەپەلاخەی لەسەر شتی لابەلا لەم و لەو دەسرەواند. وەک بڵێی پێویستی بەوە بوو ناو و ناوبانگەکەی تازە بکاتەوە وەها کە خەڵکی لەبیریان نەچێتەوە هێشتا ئەو نێرەکەری شارەکەیە.

پرشنگ ئەو ساڵانەی ئارام تێپەڕاند. نە قەت لە سەر دایک و باوکی قسەی کرد و نە کەسیش لە بنەماڵەکە باسی ئەوانیان لەگەڵ دەکرد. بگرە یەک تاقە کەسیشیان سەردانی فەقێ ئەحمەدیان نەکرد کە خەریک بوو لە زیندان دڵی بۆ کچەکەی دەتۆقی. جارێکیان سەرئەنجام لە سەر داوای خۆی و ئەوەندە شکایەت و پرتەوبۆڵەی کردبوو کە پاسەبانێکیان نارده بەر دەرکەی رەحیم و ئەحواڵی

پرشنگیان لێ پرسی. رەحیمی میکانیک وەها بە گژ پاسەبانە داماوەکەدا چووەوە کە زۆر خێرا رۆیشت و دوواتر لەو راپۆرتە ساختەدا کە دابووی باسی لە خۆشگوزەرانی و ساخ و سەلامەتیی کچەکە کردبوو! فەێ ئەحمەد کە دەیزانی وا نیە، وەک شێری بریندارى ناو قەفەس پیشی دەخواردەوە و هەزارویەک جوێنی حەواڵەی برا شەقاوەکەی خۆی دەکرد. بەڵام مەگەر سوودێکی هەبوو!

راستە پرشنگ نەچووە مەکتەب، بەڵام کچەکانی ئامۆزای بەرەبەرە لە ماڵەوە فێری خوێندن و نووسینیان کرد و تاق و لۆقیش لێرەولەوێ کتێبیان بۆ دەهێنایەوە. پرشنگ بەشی ئەوەندە راهات و دەیتوانی شتی خۆی لە دەقەکان هەڵکرێنێ. سەیرکردنی تەلەفزیۆنیش بەرەبەرە فێری فارسی کرد هەرچەند قەت نەیتوانی پێی بدوێ.

کە هاوینان دەهات، رەحیم حەتمەن چەند جارێک بنەماڵەکەی سواری جیپەکەی دەکرد و دەیبرن بۆ سەیران بۆ ناو باوەشی سروشت. ئەمە خۆشترین کاتەکانی ژیانی پرشنگ بوون. بەناو گژ و گیا و درەختەکاندا دەگەڕا، لەسەر کانی و جۆگەلە ئاوەکان دادەنیشت و هەتا دەیتوانی دەستی لەناو ئاوە روون و ساردەکاندا رادەگرت و پاشان لە باڵندەکان رادەما. هیچ شتێک بە قەدەر سروشت سوکنایی پێ نەدەدا. رابردوویش هەتا دەهات دوور و دوورتر دەکەوتەوە، ئەگەرچی ئەو هەمیشە وێنەی ئەو رۆژەی لە دەروونیدا بوو و قەت لە بیری نەچووەوە. دایکی ژنێکی لەڕوو بوو. ئەوەی مەبەستی بوو دەیگوت. سڵی نەدەکردەوە. تا ئێرەی کارەکە چ عەیبی نەبوو. کێشە لەوەدا بوو لە ماڵەکەدا شت وندەبوو، یان باشتر بڵێم شت کەمی دەکرد و فەقێ ئەحمەدیش (کە ئەسڵەن فری بە سەر فەقێ بوونەوە نەبوو و ئەم نازناوەی وەک گاڵتە لە سەردەمی گەنجیەتییەوە بۆ مابووەوە)، بەمە گڕی دەگرت و دەیگوت:

ـ ژنەکە من رۆژ تا ئێوارە بە هەزار بەدبەختی تیکە نانێک پەیدادەکەم و کەچی نیوەی دیار نیە، باشە چی لێدێ،... چی لێدەکەی؟ ها... چی؟

فەقێ شاگرد چایچی بوو و هەر لە کۆنەوە لای حاجییەکی چایخانەدار کاری دەکرد. سەیربوو فەقێ هەر لەوێ مابووەوە و لەوەیش نەدەچوو نیازی سەربەخۆبوونی هەبێ. تەنیا کارێکی سەربەخۆ کە دەیکرد چاییچیەتی زەماوەندبوو. راستیەکەی ئەوە بوو فەقێ ئەحمەد زۆر فەقیر بوو و تەنیا بەختی لەوەدا بوو کە ئەم خانووەی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە و لەبەر ئەوەی رەحیمی برایشی هەر لە زووەوە لە تاران بوو و کە هاتبوویشەوە بە وەزعێکی باشەوە گەڕابووەوە، چاوی لە خانووەکە نەبوو و بۆیە ئەم بە راحەتی تیایا مابووەوە. گەر وا نەبووایە ژیانی دەکەوتە سەر جادە. سەیر ئەوە بوو رەحیمی میکانیک تەنانەتساڵەکانی دوواتریش هەر چاوی لە خانووەکە نەبوو. بەلایەوە سەیربوو بۆچی داوای بەشە میراتی خۆی ناکا. فەقێ ئەحمەد نەیدەزانی رحیم حەزی لەوە بوو خەڵکی وەک 'جەوانمەرد' باسی بکەن، خەسڵەتێک کە لە فیلمە فارسییەکانەوە و لە تاران لە زمانی ئەو 'جاهیل'انەوە وەریگرتبوو کە بە قاتی رەش لە بەریاندا و بە کڵاوێک بەسەریانەوە و دەستماڵی یەزدی بە دەوری مل و دەستیانەوە لێرە و لەوێ خولەخولیان بوو.

دایکی پرشنگ وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت:

ـ حەک سەرسواڵکەری هیچ نەدیو، خوا بۆ خۆیت بباتەوە، باخەڵ پڕ لە کێچ و ئەسپێ،... جا من کارم بە ماڵی تۆ چییە،... بۆ لات وایە منم شتێکی لێ بەسەردێنم،.... مەگەر سیپاڵی خێرنەدیو چی ئەهێنیتەوە کە نیوەیشی هەبێ، ها، چی ئەهێنیتەوە، نەکا لات وابێ حەمە قەدۆی و خەڵکی گەڕەکێک لە دەستی تۆ ناندەخوا،... ها، قەزاوبەڵام لە تۆقی سەرت درێ.

ئەوسا ئەوەندەی نەدەخایاند کە دیسان دەچووەوە سەر قسە سەرەکییەکە و دەیگوت:

ـ نەکا پێت وابێ دەیبەم بۆ ماڵی باوکم، ها، نەکا لات وابێ، سواڵکەری حیز. ماڵی باوکم ئێستایش سەدی وەک تۆ دەژیەنن. کاڵفامی بێ غیرەت...!

پرشنگ دەستدەبا لاسکی گیایەک لێدەکاتەوە و دەیخاتە دەمییەوە. تامی مزرە، تفتە؛ بەڵام تازەیە. لە ئاوی جۆگەکەی تیایە. بەڵام فەقێ دڵنیایە نیوەی ئەو شتانەی ئەو دەیانکڕێ، جا نازانێ دەتوانێ ناوی زەخیرەیان لێ بنێ یان نا، دەچنە ماڵی خەزوورانی. ژنەکەی دەیانبا. رێک لەو کاتانەدا ئەو لە چایخانەکە خەریکی کارکردنە و چایی لەبەر دەمی مشتەریا دادەنێ و هێلکە و رۆنیان بۆ سازدەکا و یاخود سەر مێزەکان خاوێندەکاتەوە، ژنەکەی دەیانخاتە زەمبیلێک و ژێر چارشێوەکەی دەخا و هەتا ماڵی باوکی راناوەستێ. بگرە جارێکیان هەر چۆنێک بێت دەرفەتی هێنا شوێنێ کەوێ. بینی، بە چاوی خۆی هەموو شتێکی بینیبوو، بەڵام مەگەر وێرای لە دەرەوە لە بەرچاوی خەڵکی بەرۆکی پێبگرێ.

- بۆ خۆم بینیم، بۆخۆم. باشە ئەو زەمبیلە زلە چی بوو بە دەستەوە لە ژێر چارشێوەکەتدا،... ها؟ پێت وا گێلم و نازانم!

- جا وەرە نەتوانی بچی بۆ ماڵی باوکت و جل و بەرگی خۆیشت ببەی، ئەرێ سەرژنانە بە تۆ چی، پیاو بوویتایە و بهاتیایە بزانی چییە!

فەقێ ئەحمەد جاری وابوو یەکجار سەری دێشا. پاڵدەکەوت و قۆلی دەخستە سەر ناوچاوانی و کتوپڕ لە دەریای خەیاڵات و بیرەبیرەکاندا خەوێکی قووڵی کورت دەیبردەوە.

- حەک خەوی مەرگت بێت!... حەک هەڵنەستیتەوە!

بەڵام خەوی فەقێ درێژخایەن نیە. ئاگای لە قسەکانە. خەیاڵات و داڵغە ناهێڵێ. بیر لە هەژاریی ماڵە خەزوورانیشی دەکاتەوە. دەزانێ ژنەکەیشی ناحەقی نیە، بەڵام خۆ ئەم سوێندی نەخواردووە عەرەب و عەجەم بەخێوبکات. ئەم تەنیا بەشی خۆی دەکا. ئا، بەشی خۆی. رووی نەبوونی رەش بێت! بۆیە ئارام راست دەبێتەوە و دەڵێ:

ـ ژنەکە بەخوا خۆ منیش حەزدەکەم، بەڵام نیمە چی بکەم، راناگەم، لانیکەم ئەوەندەیش نا. رەحم و مروەتت هەبێ.

پرشنگ جاروبارە پیاوە غەریبەکانی لە ماڵی باوەگەورەی خۆی بینیبوو. بینیبووی چلۆن دایکی دەیاندوێنێ و بەدەمیانەوە پێدەکەنێ. جاری وایە کاتێک باوکی رادەکشێ چەند حەزدەکا بچێت و دەست بە سەری باوکیا بێنێ. بەڵام وا ناکا. ئەو تەنیا لە دوورەوە لێی دەڕوانێ.

(١٠)

یەکێک لەو خانووانەی بە پەنجا میترێک بە دیوی رۆژئاوای خانووەکەی ئێمە دروستکرا، بینایەکی دوو قاتی گەورەی بە چیمەنتۆ سازکراوبوو کە وەک قەڵا قوت ببووەوە. ساڵێکی رەبەقی برد. کە لێبوونەوە خانوویەک کەوتە سەرپێ کە من هەتا چاوم عادەتی پێگرت زۆر جار کە لە ماجوومی فرۆشتن دەبوومەوە دەهاتمەوە و لە حەوشە دادەنیشتم و نوقمی سەیرکردنی دەبووم. یەک ساڵی رەبەق لەبەر هاتووچۆ و هاڕەهاڕی ماشینی گەورە و دەنگەدەنگی وەستا و کرێکار دەشتە هێشتا ئارام و بێدەنگەکەی ئێمە بوو بە شتێکی تر. کە هەتاو دادەچوو سێبەری خانووەکە دەکشا بە سەر ماڵەکەی ئێمەدا بەتایبەت شەوانە خانووەکە دیمەنێکی جوانتری هەبوو کاتێک گڵۆپەکانیان هەڵدەکرد. دەدرەوشایەوە. هەر ئەو ساڵە بەبۆنەی ئەو ماڵەوە و بەهۆی ئەو دارچرابەرقانەوە کە ئاخر دانەیان دەگەییە بەر خانووە تازەکە، خانووەکەی

ئێمەیش بوو بە خاوەن کارەبا. من کە بەجوانی نەمدەزانی خاوەنەکەی کێیە، هەر لە کاتی سازکردنیدا بوو شەوێکیان دایکم بە باوکمی گوت:

ـ ئەمڕۆ خاوەنی ئەو خانووە تازە هات بۆ ئێرە.

ـ خێرە بۆچی هاتبوو؟

ـ هیچ، باسی ئەوەی کرد کە دەبینە دراوسێ و ئەوەندەی نەماوە بە ژن و منداڵییەوە راگوێزن بۆ ئێرە.

ـ نەیگوت ناوی چییە؟

ـ با... ئەر ناوی چی بوو؟... ئەها پێم وابێ گوتی بەکرە، ناسراو بە بەکرەی زێڕنگەر. جوانخاس بوو، جلوبەرگێکی رێک و پێکی لەبەردابوو. قامکەکانی ئەنگوستیلەی جوانی پێوەبوو.

بەکرەی زێڕنگەر یەکێک لە پیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی شارەکە بوو. خاوەن دووکانێکی تەڵافرۆشی لە خیابانی سەرەکی شار. وەک دەیانگوت خەریکی قاچاخیش بوو. پیاوێکی قەڵەوی گوپ سوور کە قژە خاوەکانی بە زەبری رۆنی زۆر بەرەو دوواوە هەڵدەدایەوە و هاوینان هەمیشە کڵاشی لەپێدابوو. کە رادەوەستا هەمیشە دوو پەنجە گەورەکانی دەکرد بە پشتێنەکەیدا و یەکجار بێ منەتانەیش دەدوا. وەک دەیانگوت خاوەن ژنێکی یەکجار باش بوو. گەر هەڵە نەکەم ژنێکی وەک هاوسەرەکەی رەحیمی میکانیک. بەپێچەوانەی مێردەکەی سادە و سادەپۆش بوو و بەو قەڵافەتە باریک و درێژەوەی کە ئەوی لە زۆربەی ژنانی شار کە باڵاکورت و گردیلە و بچووک بوون جیادەکردەوە دەڵێی بە پەرۆشەوە لە هەموو کەسی دەڕوانی. پەرۆشییەکی پڕ لە بەزەیی. خەڵکی ناویان نابوو خاتوونی زێڕنگەر.

بەکر هەموو ئێوارەیەک بە ماشینێکی پەیکان دێتەوە. دەرگا زەلامەکە دەکاتەوە و ئارام ترۆمبیلەکە دەباتە ژوورەوە. لە حەوشەکەدا ماشینێکی تریشی لێیە. بێنزێکی

ئاڵمانی. بەسەر بانەکەیشیەوە ئانتینێکی گەورە بەدەم باوە دەشەکێتەوە. ئەوەندەی پێناچێ جادەکە دەگاتە بەر ماڵی ئەو. هەر لە بلوارەکەوە قیرەتاوی دەکەن رێک تا ئاست خانووەکەی. من کە یەکجار خۆشحاڵم بە خۆم دەڵێم ئەو پەنجا میترەیش هیچ نیە، راحەت دەبیڕم.

راستییەکەی ئەوەیە قەڵاکەی بەکرەی زێڕنگەر دۆخی گەڕەک، یان باشتر وایە بڵێم دەشتەکەی ئێمەی بەیەکجاری گۆڕی. من کە نازانم بۆچی بەکر لەناو شارەوە بۆ ئێرە گواستبوویەوە، بەڵام لە دەروونمدا هەم پێم خۆش بوو و هەم پێم ناخۆش. ئەوەیکە خانوویەک لە نزیک ئێمە سازببوو، دڵنیایی دەبەخشی و ئێمەی لە تەنیایی ئەو دەشتە هێنابووە دەرەوە. جگە لەوە هاتووچووەکانی جارجارەی خاتوونی زێڕنگەر بۆ لای دایکم، دڵخۆشی دەکردم. دایکم کە سەرەتا زۆر بە کاوەخۆ لێی چووە پێشەوە کەچی زۆر خێرا باوەشی بۆ ئاوەڵڵا کرد و بوونە دوو دراوسێی گیانی بە گیانی. تەنانەت جارێکیان دایکم وتی:

ـ ئەیەڕۆ ئەو ژنەی دراوسێمان دەڵێ وەرە لە ماڵی ئێمە حەمام بکە و خۆت بشۆ! وەی لە قسەی سەیروسەمەرە!

باوکم تەنیا لێی روانی و هیچی تر. من کە لە ناو شار بەبەر حەمامەکاندا رۆیشتبووم و دەمبینی خەڵک دەچن بۆ ئەوێ خۆیانی تیا دەشۆن، گوتم:

ـ دایەگیان شار پڕە لە حەمام!

من و باوکم و دایکم هەمیشە لە ماڵەوە خۆمان دەشۆرد. دایکم بە پووت ئاوی گەرم دەکرد و تەشتێکی گەورەی لەگەڵ سابوون و لفکە دادەنا و بە زستانیش بە چراعەلادین شوێنەکەی گەرم دەکرد کە بەشێکی بڕدراوی ناو ئاشپەزخانەکە بوو.

ـ رۆڵە من کە نەمبینیوە، بەڵام ئەوان ئیستا لە ماڵەوە حەمامیان هەیە، جا شتی وا دەبێ؟!

ـ دەی بۆ جارێک ناچی بزانی چۆنە؟

ـ جا چۆن شتی وا دەبێ کوڕم! چۆن لە ماڵە غەریبان پیاو خۆی رووتدەکاتەوە و خۆی دەشوا؟... مەگەر ئاخر زەمانە!؟

من کە هەمیشە حەسرەتی حەمامێکی دەرەوەم لە دەرووندا بوو، لە باوکمم رووانی. ئەو باوکەی کە بە هەموو جۆرێک خۆی لە خەڵکی دەدزییەوە.

بەڵام هەندێ شتی تر کە بە قووتبوونەوەی خانووەکەی بەکری زێڕنگەر دڵگرانی دەکردم جیاوازیی یەکجار زۆری نێوان ژیانی ئێمە و ئەو بوو. کتوپڕ من ئەوەندەی تر شەرمم لە قۆلەکەی خۆم کرد. کە بەبەردەم خانووەکەیدا تێدەپەڕیم ئەوەندەی تر خۆم بە بچووک و کزۆڵە دەهاتەبەرچاو. وای لە بەرزی و گەورەیی ئەو ماڵە! بەکر کە حەوشەیەکی یەکجار گەورەیشی هەبوو دەمبینی کە جاری وابوو دەنگی پەڕەمێزی لێدەهات، چەندین پەڕەمێز کە پێکەوە کاریان دەکرد و رۆنیان لەسەر دەتواندەوە. چەندین کرێکار لە حەوشەکەدا دەهاتن و دەچوون. جاری وابوو گەڕەکەکەی ئێمە لە بۆنی رۆندا نوقم دەبوو. دایکم دەیگوت:

ـ ئەرێ ئەم هەموو رۆنەیان بۆچییە؟

باوکم کە دەیزانی چ باسە، دەیگوت:

ـ سەرت بە کاری خۆتەوە بێت کچێ، واز لە خەڵکی بێنە!

خاتوونی زێڕنگەر جاری وابوو بە رۆنەوە وەک دیاری دەهات بۆ لای دایکم. ئەو رۆنەی تامی لە رۆنەکەی خۆمان خۆشتر بوو. جاری وایش بوو کراس و پێڵاوی خۆیشی کە ئیتر بەکاری نەدەهێنان، دەهێنان. ئەگەرچی کراس و پێڵاوەکان بۆ قەد و قەوارەی دایکم نەدەبوون، بەڵام شتێکی هەر لێدەکردن. بگرە چەند جارێکیش جل و بەرگ و کەوشیشی بۆ باوکم هێنا. باوکم لاواز و بەکر قەڵەو، دیسان نەدەگونجا،

بەڵام ڕێگایەک دەبینرایەوە. لانیکەم بە خۆشییەوە ژمارەی قاچی باوکم و بەکر یەک ئەندازە بوون. باوکم پێڵاوەکانی لەپێ دەکرد و یەک بە خۆی دەیگوت:

ـ ئەوەیە کەوش!

بەم شێوەیە گۆڕانێکی یەکجار بەرچاو بە سەر باوکمدا دەهات کە هەمیشە پێڵاوی لاسیقی لەپێدابوو. حاجی بەلاچاو لە پێڵاوەکانی رادەما و دەیگوت "موبارەکە!" باوکم کە هەمیشە لەوێ لە کاتی کارکردندا دایدەکەندن و دیسان پێڵاوە لاسیقییەکانی لەپێدەکردەوە، ئەو پێڵاوانەی تەلیسیشی بەسەردا دەدان، دەیگوت "وەستاگیان! مەمنون!" تەنانەت جارێکیان باوکم گوتی :هەستدەکەم لەو کاتەوە ئەم پێڵاوانە لەپێ دەکەم پشتم باشترە!"

دایکم قەت نەچووە ماڵی بەکر. دیارە خاتوونی زێڕنگەریش قەت خوڵقی نەکرد. لەویش نەدەچوو قەت خوڵقی بکات. دەڵێی وەها شتێک قەت لە جیهان و لە دڵ و دەروونی ئەودا نەبوو. بەڵام ئەو دەهات. لە حەوشە دادەنیشت، یان لەم دیواودیوی چەپەرەکە رادەوەستان و لەگەڵ دایکم بە سەعات دەدوان. سەیر ئەوە بوو دایکم قەت هەستی بە جیاوازیی نێوان خۆی و خاتوون نەدەکرد. دەڵێی ئەو خانووە، هی کەسێکی تر بوو و فڕی بە سەر خاتوونەوە نەبوو. من کە دەمبینی بەرەبەرە دایکم لە جیهانی تەنیایی خۆی دێتەدەرەوە و هاوڕێیەکی هەیە، یەکجار خۆشحاڵ بووم. دایکم ئیستا وەک جاران نیوەشەوان دەروژووری نەدەکرد و باشتریش دەخەوت. ئەوەندەیش ئاهی هەڵنەدەکێشا. بگرە گەر خاتوون نەهاتایە ئەوا لە حەوشە دادەنیشت و بەسەعات سەیری خانووەکەی دەکرد. ئاوایش دڵی دادەسەکنا. ژیانی مانای پەیداکردبوو بگرە منیش بە دڵ و دەروونێکی خۆشترەوە ماجوومییەکانم دەفرۆشت. بەگشتی حاڵ و هەوای ماڵی ئێمە گۆڕابوو. من جاری وابوو رقم لەوە هەڵدەستا کە بۆچی ماڵی بەکرەی زێڕنگەر منداڵی کوڕی لە تەمەن و لە قەدوقەوارەی مندا نیە

بۆ ئەوەی گۆڕانەکە لە ژیانی ئێمەدا بەرفراوانتر و قوولْتر بێت! بە رقەوە لە کچەکانیم دەڕوانی کە هەمیشە لە باڵکۆنەکە جمەیان دەهات.

بەکر هەندێ جار وندەبوو و دیارنەدەما. کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچوو. جاری وابوو ماشینی بێنزەکەیشی لەگەڵ خۆی دەبرد و جاری وابوو هەر دوو ترۆمبیلەکە هەر لە شوێنی خۆیاندا بوون. دوواتر بوو زانیم، یەعنی دەمبیست، یان دەچێ بۆ سەفەر بۆ تاران و شارە گەورەکانی تر، یان دەچێ بۆ ئەو دیوی سنوور، بۆ عێراق. بەکر دونیادیدە بوو. من کە پێم سەیربوو پیاوێکی لەم چەشنە بەم شێوە ژیانەوە بۆچی دەبێ لە دەرەوەی شار خانوو دروستبکا، دەمبینی لەم کاتانەدا کوڕێکی گەنجی تەمەن دەورووبەری بیست و پێنج ساڵ دەهات و لای ژن و منداڵەکەی دەمایەوە. لانیکەم بە شەودا. رۆژێکیان دایکم گوتی برای خاتوونە.

برای خاتوون چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو دەکرد و کە بە رێگادا دەڕۆیشت بەس سەیری بەر پێی خۆی دەکرد. هەمیشەیش کتێبێکی بە دەستەوە بوو. جیددی و مۆن. بەڵام کە کتوپڕ لێوەکانی بۆ بزە دەکرانەوە، جوانترین بزەی دونیایان لێدەردەکەوت. ئێوارە درەنگان دەهات. هەم لە زەنگی درگاکەی دەدا و هەم درگاکەی دەکوتا. وەک بڵێی دڵنیا نەبێ لەوەی کەسێک لەم خانووە یەکجار گەورەیەدا ئەوەندە بە ئاسانی گوێی لە شت بێت. هەمیشە کە دەهات لەو کاتە کەمەی بۆ داچوونی خۆر دەمایەوە، دەچوو لە باڵکۆنەکەی رووەوەو خانووەکەی ئێمە کە رووی لە رۆژهەڵات بوو دادەنیشت و سەری بە کتێبەکەی بن باخەڵییەوە دەنا. هەتا گوێم لێدەبوو خوشکەکەی بانگی لێدەکرد.

بەکر جاری وابوو مانگێکی پێدەچوو. کە دەهاتەوە تا ماوەیەک میوانی بوو. خەڵکێکی زۆر لە ناو خانووەکەدا جمەیان دەهات. دانە دانە و دەستە دەستە بە سەیارە دەهاتن. لە حەوشە و لە دەرەوە ترۆمبیلەکانیان رادەگرت و هەتا شەو

درەنگان لەو ماڵە چراخانییەدا ورتەیان دەهات. بۆنی خۆشی خواردن بە دەشتەکەدا پەخش و بڵاو دەبووەوە. خاتوون دیارە ئێمەیشی لەبیر نەدەکرد. دیارە بۆ رۆژی دوواتر! مریشکی سوورەوەکراوە، گۆشتی برژاو، جگەر و دڵ و برینجی بۆندار تا دوو سێ رۆژ لە ماڵەکەی ئێمەیش هەر بۆنیان دەهات، گەرم دەکرانەوە و دەخوران. باوکم دەیگوت "تامی جگەرەکانی ئیستا یەکجار خۆشترن!" بگرە جاری وابوو بە پێچەوانەی جاران کە هەمیشە لە ژوورەوە جگەرەی دەکێشا، دەچووە حەوشە و لە کاتێکا رووەوە ماڵی بەکر رادەوەستا تووتن و پەڕەی بەبادەکرد.

کاتێک بەکر لە ماڵ نەبوو، ئەوە شاگردی دووکانەکەی بوو شمەکی ماڵەوەی بۆ ژن و ماڵەکەی دابیندەکرد. بە حەماڵ دەیناردن. حەماڵێک بە گارییەکی چوارچەرخەوە کە هەمیشە بە تا شتی دەهێنایەوە. چ ژیانێکی سەیر! من کە بە ماجوومییەکانی سەر شانمەوە باوەڕم نەدەکرد ژیانی تری ئاوا هەبێ، سەرم لەو هەموو نیعمەتە سووڕدەما. شەوێکیان گوێم لێبوو دایکم بە باوکمی گوت:

- بڵێی بەکر کارێکی بۆ کوڕەکەمان نەبێ؟ دەتوانم لەگەڵ خاتوونی ژنی قسەبکەم.

- چ کارێک ژنەکە، مەگەر تۆ بۆخۆت نازانی وەزعەکە چۆنە! کێ کوڕی تۆی دەوێ!

- کوڕە پیاوەکە لە شوێنێکەوە جێگایەکی بۆ بکاتەوە، خۆ بۆ ئەو چییە، با ئیتر کوڕەکەمان واز لەم کۆڵان و ئەو کۆڵان کردن بێنێ. بەکر دەستی بەخێرە، ئاگات ماشاڵڵا لەو هەموو خێر و خێراتەیە خواگیان بەسەریا رژانوویەتی!

کە یەکەم جار ئەو جووتە پێڵاوەی خاتوون بۆ باوکمی هێنایەوە و من لەپێمکرد و بۆم بوو، وەها خۆشییەک لە دەروونمدا گەڕا نەبێتەوە. کەوشەکان جووتێ شبراوی چەرمی قاوەیی بوون کە هێشتا تەنانەت بنەکەیشیان بە ساخی مابوونەوە، تەنیا ئەوەندەی نەبێ لە کەنارەکانەوە کەمێک رۆیشتبوون و سووابوون. دیارە کەمێک

گەورە بوون، بەڵام بۆم دەبوون. دایکم وتی بوویتە جحڵێک! دایکم راستدەکا بە جۆرێک ببوومە جحێڵێک، بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو قاچەکانم زل بوون، زلتر لە تەمەنی خۆم. تەواوی رۆژەکانی داهاتوو لەبیرم بوو بەردەوام بە دەستماڵەکە تۆزی کۆڵان و جادەکان لە پێڵاوە تازەکانم بسڕمەوە. ئەو تۆزەی تا لامدەکردەوە خێرا دەنیشتەوە سەری و رەنگە قاوەیی و رۆشنەکەی لەبەرچاو ون دەکرد.

بەکرەی زێڕنگەر جاری وابوو رەئیسی شارەبانی و شارەدار و بگرە فەرماندەی پادگانیشی دەعوەت دەکرد. رەئیسی شارەبانی و فەرماندەی پادگان بە ترۆمبیلی پۆلیسی و سەربازی دەهاتن و، شارەداریش بە پەیکانێکی مودێل ١٣٥١ی زەردی کاڵ. دیارە ئەوان زۆر نەدەمانەوە و ئەوەندەی پێنەدەچوو لە دووای نانخواردن دەڕۆیشتن. فەرماندەی پادگان دەیگوت ئیستا لە سایەی سەری عالاحەزرەتەوە وەزعی مەملەکەت زۆر باشە و خائینان و بەدکاران دەستیان کورت بووەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرپرسایەتی هەیە و بەشێکی گرینگی ئەمنییەتی رۆژئاوای وڵات دەپارێزێ دەبێ زوو بڕواتەوە. رەئیسی شارەبانیش دەیگوت لەمێژە تەنانەت لەم شار و ناوچە سەرسنووریانە شتێک بە ناوی خراپکار و دز و جەردە نەماون و بە هۆی وریایی و زەحمەتە تاقتەپڕوکێنەکانی سێبەری خوداوە وڵات بۆ هەمیشە سەردەمی پاشاگەردانی تێپەڕاندووە، بەڵام دەبێ بە هۆی ئەرکی گرانی چاوەدێریی ئاسایشی شار و خەڵکییەوە، ئەویش خێرا بگەڕێتەوە شوێنی خزمەتەکەی. تەنیا شارەدار بوو بێ خەم دەهاتە بەرچاو و حەزی دەکرد هەتا درەنگان بمێنێیەوە، بەڵام نەدەکرا. بۆیە لە کاتێکدا بەنابەدڵی هەڵدەستا و لەگەڵ بەکرەی زێڕنگەر دەستی لێدەدایەوە، دەیگوت ئینشاڵلا بۆ جارێکی تر زیاتر دەمێنینەوە! ئەو جارەی کە دیسان وەک ئەم جارانەیان لێدەهاتەوە و هێشتا جێ قنی گەرم نەدەبوو دەبوایە شوێن دووانەکەی تر بکەوێ و ماڵئاوایی بکا.

من که ساڵانی ساڵه لەم دەشتەدا دەژیم، نازانم بۆ فەرماندەی پادگان و رەئیسی شارەبانی هەمیشە باسی ئەمنییەت و خراپە و شتی لەم بابەتانەیان دەکرد. ئەگەر مەبەستیان شەڕەشەق و مستەکۆڵەی ناو کوچە و کۆڵانان بوو، ئەوا زۆر گرینگ نەبوون. بە بێ ئەوەی ئەوانیش زوو بچنەوەماڵەوە هیچ شتێکی وەها نەدەگۆڕدرا. ئەسڵەن ئەو شەڕ و قڕانە چ فڕێکی بەسەر ئەوانەوە هەبوو! دوو سێ کەس بە شەڕدەهاتن و دوواتر خەڵکی جیایان دەکردنەوە و تەواو. بگرە زۆر جار بۆخۆشیان جیادەبوونەوە. تەنیا دەبووە شەڕجوێن.

ئەها نەکا مەبەستیان ئەو دیو سنوور بێت. باوکم جاری وابوو شەڕەکانی ئەو دیوی بۆ دایکم گێڕابووەوە. بەڵام ئەو دیو سنوور ئەو دیو سنوور بوو و هیچ کارێکی بەسەر ئێمەوە نەبوو. یان نەکا مەبەستی رەئیسی شارەبانی ئەو شەڕە تەقەیە بێت لە ناو شار روویداو من بەحاڵ لەبیرمە. دەمەوێ لە باوکم بپرسم ئەرێ راستی ئەوە چی بوو ئەو ساڵە روویدا،... بەڵام ناپرسم، نەکا وانەبێ و لایان وابێ تێکچووم؛... بەڵام من شتێکم لەبیرە. بەرەبەرە تێدەگەم هەندێ لە گەورەکان هەندێ خەمیان لایە کە بۆ ئەوەی تێی بگەم دەبێ منیش گەورە ببم. پێم وابێ گەورەکان هەندێ کێشە و هەندێ شەڕیان لەگەڵ یەکتر هەیە کە تەنیا لەگەڵ زەمەن پێدەگەن.

لە حەوشەکەوە سەیری براکەی خاتوون دەکەم کە دیسان پێش ئەوەی هەتاو ئاوا بێت، دانیشتووە و نوقمی کتێبەکەی خەریکی خوێندنەوەیە. سەری بەرز ناکاتەوە، بەڵام دەزانێ کەی وازبێنێ. وەک دوواتر بیستم لە تەورێز دەرسی خوێندووە و ئەوەندە نیە گەڕاوەتەوە. لام سەیرە بۆ ئەم شارە بچووکە هاتووەتەوە. دەزانم بەو چاویلکە ئەستوورانەوە زۆر ئاسان نیە من لێرەوە ببینێ. دیارە لەوە ناچێ هەر بیریشی لەسەر ئەم جۆرە شتانە بێت. دوواتر دەزانم ناوی 'بێزاد'ە. لەبەر خۆمەوە دەڵێم بێزاد! ئا، ئەوسا تێدەگەم بێ و ێ و زێکەی رێک وەک سێ پیتی سەرەتای

ناوەکەی منن. ئەمە رێکەوتە، یان ئەویش لە سەر رێگای بەرەو بێزارییە؟ هەرچەند من بەپێچەوانەی ناوەکەم بێزار نیم و بگرە ژیانم پێ خۆشە؛ جا با هەموو رۆژێک سینییەک پڕ لە ماجوومی بدەمە بەسەر شانمدا و هەرچی گەڕەک و کۆلانی شارە بەسەری بکەمەوە. بەهەرحاڵ هەر کەسەو بۆ شتێک خولقێندراوە. ئاسمانی سەر سەری بێزادیش کە تاریک دەبێ هەر ئەمە دەڵێ، سەیری ئەو هەموو ئەستێرەیە بکە!

(١١)

هەتا پەنجاکان زیاتر هەڵدەکشا، سیمای شار زیاتر دەگۆڕدرا. قوتابخانەکان زیادیان کرد، مەیدانەکانی شار جوانترکران، ئیسفاڵتی شەقام باشتر بوون، ئەو دووکانانەی وا شتی کارەباییان دەفرۆشت رووی لە زۆربوون کرد و، تەلەفزیۆن زیاتر رووی لە ماڵەکان کرد. من زۆر جار بە دەم ماجوومفرۆشییەوە لەبەردەم ئەو دووکانانەدا رادەوەستام وا بۆ خەڵکی سەر جادە لەپشت ویترینەکەوە تەلەفزیۆنیان دانابوو. چ دونیایەکی خەیاڵی! بەتەمای ئەوەی رۆژێک باوکم بڕیاربدا و تەلەفزیۆن بکڕێ، رۆژەکانم دەژمارد، بەڵام هیچ ئاماژەیەکم لە لایەن باوکمەوە نەدەبینی. وەک بڵێی هەر ئاگایشی لێ نیە. ئەو وەک هەمیشە بە رادیۆکەیەوە سەرقاڵ بوو. هەرچۆنێک حسێیم دەکرد دەمزانی دەتوانین بە قەرزیش بێت دانەیەک بکڕین، بەڵام قەت پرسیاری ئەوەم نەکرد چەندەمان پووڵ لە ماڵەوە هەیە. راستییەکەی ئەوە بوو، وەک ساڵانی دوواتر زانیم، دایکم ئەو پووڵەی بۆ ژنهێنانی من لادەدا و بۆیە کەس مافی ئەوەی نەبوو دەستی لێبدا. من شەوانە شۆقی تەلەفزیۆنەکەی ماڵی بەکرەی زێڕنگەرم بینیبوو. کاتێک گڵۆپیان دەکوژانەوە و ئەوسا ئەو تیشکەی وا بەناو

ژوورەکەدا دەگەڕا، جارێک بەهێز و جارێک کز، بە ئاستەم دەگەییە ماڵی ئێمە. ماڵی ئێمە چەندە بێدەنگ و بێ ورتە دەینواند. هەموو شتێک چەند خێرا لای ئێمە تەواودەبوو و دەبوایە بخزاینایە ناو جێگاکانمان و بخەوین. گڵۆپە زەردەکانن ژوورەکانمان چەند بێ تین و خەمۆک دەیاننواند!

بگرە سەفەریش زیادی کرد. دوو گاراژەکەی ناو شار، واتە گاراژی بەختیاری و گاراژی نەویدی، خەڵکێکی زۆرتر رووی تێدەکردن. خەڵکی بێگانەیش، واتە ئەوانەی وا لە شارەکانی ترەوە بۆ سەردان یاخود بۆ کاسبی دەهاتن، زیادی کردبوو. جۆرێک لە گەشە و لە نەشە رووی لە شار کردبوو. حەوشی گاراژەکان پڕی بۆنی قورس و ناخۆشی گازاوڵ بوون. ئەو بۆنەی من سەرم پێی دێشاو حاڵی تێکدەدام. زۆر جار رادەوەستام و سەیری ئەو مینی بووسەم دەکرد وا پڕی موسافیر دەیەویست بەرەو سەقز یاخود سەردەشت بڕوات. سەیری سیمایانم دەکرد. چەند بەختەوەربوون! راستی سەقز کوێیە؟ ئەی سەردەشت؟... نازانم. دەڵێن دوو سێ سەعاتێک لێرە دوورن. بۆ سەقز دەبێ لە گەردەنەی خانەوە تێپەڕی، رێک بەسەر قوتەکەیدا. لەناو شارەوە گەردنەکە دیارە. چەند بەرز و گەردەنکەشە! باوکم دەیگوت قەدیم لەوێوە خەڵک بە قاتر و بارگین هاتووچۆیان کردووە. من کە قەت ئەو دیو گەردەنەی خان نەکەوتووم، بیردەکەمەوە داخۆ دەبێ چ دونیایەک لەوێ خۆی حەشاردابێ. باوکم دەڵێ دونیا هەر هەمووی لەیەک دەچێ، خاک هەمان خاکە و خەڵکیش هەر هەمان، تەنیا ئەوەندەیە ئێمە هێشتا نەمانبینیون. دەڵێ پێویستیش ناکا بیانبینین، هەتا لێیان دووربی سەرت ئاسوودەترە. بەڵام من وا بیرناکەمەوە، لانیکەم تەلەفزیۆن و گەردەنەی خان ناهێڵن وا بیربکەمەوە. تەلەفزیۆن جیهانێکی شادتر و فرەچەشنتر نیشاندەدات. گەردەنەی خانیش دەڵێی بەردەوام بانگت لێدەکا. کەواتە

ئەوە باوکمە ئاگای لێ نیە. ئەو باوکەی جگە لە گۆشەنشینی هیچ داوایەکی تری لەم دونیایە نیە.

من جاری وایە لە خەڵکی غەریبی موسافیریش راماوم. دەبینم هەندێکیان جل وبەرگیان جیاوازە و، بگرە زمانیشیان فەرقی هەیە. ئەوانیش چەند بە تامەزرۆییەوە سەیری شارەکەی ئێمە دەکەن. باوکم دەڵێ رۆڵە هەندێ شار هەن ئەوەندە گەورەن تیایا ون دەبی! من دڵم دەلەرزێ. دەڵێ زۆر جا منداڵان وندەبن و رێگایماڵەوە پەیداناکەنەوە. لەم کاتانەدا من چەندە خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەم شارە بچووکەدا دەژیم، لەم دەشتە چۆڵەدا دەژیم وەها کە زۆر ئاسان دەتوانم خانووەکەمان بدۆزمەوە. تەنانەت لەسەر گردەکەی بانەکۆنەوە لەو دوورەوە خێرا ببینمەوە. ئەو رۆژەم دێتەبەرچاو کە ماڵەوەم لێ ون دەبێ. داخۆ ئەمە دەکرێ؟ دەکرێ هەندێ کەس بۆ هەمیشە بنەماڵەکەیان ونبکەن؟ تەزووەکە بەردەوامە، بەڵام هاوکات شتێک لەم خەیاڵەدایە کە سەرنجم دەقۆزێتەوە. ئەویش رۆژەکان و ژیانی دووایییە. منداڵێک لە بەرینایی دونیادا، لە ناو مرۆڤە بێ ئەژمارەکاندا، تەنیا، بەو نیگایانەوە کە نازانێ چۆن پرسیاربکا. کتوپڕ فەقێ ئەحمەدم هاتەوە بیر. راستە ئەو ون نەبووە، بەڵام شتێکە وەک ونبوون. ئەویش بە گەورەساڵی. دڵم تەنگ دەبێ. بۆ ساتێک هەستدەکەم نە تەنیا رقم لێی نیە، بەڵکو بەزەیشم پیایا دێتەوە. مرۆڤێک بە مەودایەکی زەمەنی یەکجار دوور، لە شوێنێک لە پشت دیوارەکانەوە. ژیان دەتوانێ چەند بێ رەحم بێت. یان بیری رەحیمی میکانیک دەکەومەوە، بیری کوڕەکەی حاجی. بەڕاستی چەند بەغیرەتن لە شاران ژیاون، یاخود بەردەوام دەژین. لەخۆوە نیە رەحیم ئەوەندە بەغیرەتە و لەکەس ناترسێ. لێرەوە جۆرێک لە پەیوەند لەنێوان غیرەت و سەفەر لەلام دروستدەبێ. نەکا من هەتا هەم بە ترسنۆکی بژیم!

گۆڕانەکان هەر ئەمە نین. کۆڵانەکانیش دەگۆڕدرێن. بەشێکیان ئیسفاڵت دەکەن، ناویان لێ دەنێن و پلاک و ژمارە لە خانووەکانیش دەدەن. هەندێ ژن دەبینم بە بێ چارشێو و بە بێ جل و بەرگی کوردییەوە دەردەکەون. پیاوەکان زۆر پیس لێیان رادەمێنن، هەندێکیان خۆیان پێ راناگیرێ و بە دەنگی بەرز مەتەڵەکیان بۆ دەهاون؛ بەڵام ژنەکان گوێ نادەنێ. ئەو ژنانە زۆربەیان خەڵکی ئەم شارە نین. پیاوێکی پیر کە لەبەر دەم دووکانەکەیدا هەڵتروشکاوە و ئاگای لەم دیمەنەیە لەبەر خۆیەوە دەڵێ حەیا نەماوە. من کە نازانم مەبەستی ژنەکانە یان ئەو پیاوانە، لادەکەمەوە و لێی دەڕوانم. ئەو ئاگای لە من نیە و بەردەوام لەژێر لێویەوە پرتەوبۆڵەی دێت. شەرواڵ و بلوزی ژنانە یاخود دامەن و کراس چەندە لەو خانمانە دێنەوە. شەقام رەنگ و روویەکی تر پەیدادەکا. بگرە ئێواران ئێستاکە شتێکی دیکەیە. گەنجەکانیش زیاتر بە خۆیاندا رادەگەن. بەجلی غەیرە کوردییەوە. قژی زۆریان بەلادا شانەدەکەن و دەکەونە کووچە و کۆڵانان. من سەیری قۆلە گۆجەکەم دەکەم، سەیری سینییەکەم. دەزانم زۆرم نەماوە بگەمە ئەو تەمەنەی ئەوان، بەڵام لە دەروونمەوە شتێک پێم دەڵێ تۆ هی ئەو جیهانەی ئەوان نیت، بکشێوە! دەکشێمەوە. من بەردەوام دەکشێمەوە. هەستدەکەم دەبێ زیاتر و زیاتر لە جاران خووبدەمە کاسبییەکەم، خووبدەمە ماجوومی و سینییەکەی سەرشانم، خووبدەمە دەشتەکەی پشت بانەکۆن. بەڵام شتێکی تر هاوکات و بەردەوام بانگم لێدەکاتەوە، دەڵێ زۆر دوورمەکەوە،... تۆ قاچێکت لێرەیە. شەوان لە ژێر لێفەکەمەوە لە خۆم دەڕوانم. ئەوێ چیتر وەک جاران نەماوە و کۆمەڵێک موو دەوریان گرتووە. کە دەستم لێی دەدرێ تەزوویەک بە هەموو لەشمدا دەگەڕێ. باشە ئەمە چییە؟ نە دایکم و باوکم شتێک دەڵێن و نە منیش جورئەتی پرسیارکردنم هەیە. جاری وایە دەستە گۆجەکەم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەوەندە بە ئاسانی ناگاتە ئەوێ. وەک بڵێی ئەویش دەسڵەمێتەوە، وەک

بڵێی ئەویش ئاماژەیە بەوەی کە من یەکجار لەو دونیایەی گەنجانی ناو شەقام و کۆلان دوورم. تەنانەت لە ژیانی دایکم و باوکیشم. من بە پێچەوانەی دایک و باوکم، کەس لەگەڵم ناکەوێ تا بە هۆی خۆمەوە لەگەڵما هەموو تەمەنم بژی و پشت لە کەس و کارەکەی بکات. کێ رەدووی مرۆڤێکی قۆل گۆج دەکەوێ؟ کێ شوێن پێی هەڵدەگرێتەوە؟ ئەی مەگەر جوانی بەشی سەرەکیی چیرۆکی ئەشق نیە؟ ماجوومییەک هەڵدەگرم و دەیخەمە دەممەوە، ماجوومییەک بە گوێزەوە. تامی گوێز و شیرینی تێکەڵدەبن. تامی تاڵی ژیان بۆ ماوەیەک بزردەبێ.

ماوەیەکیشە لە کۆلانەکەی تەنیشت سینەمای سەروو کە زیندانی لێیە، خەڵک زیاتر کۆدەبنەوە. دەڵێن دەچن بۆ سەردانی زیندانییەکان. من کە زۆر جار بەم کۆلانەدا تێپەڕیبووم و هەمیش ئەو نیگابانە چەکدارەم لەبەر دەرگاکەیدا بینیبوو، بەم قەرەباڵغیانە سەرم سوڕدەمێنێ. لام وایە جاران ئەم کۆلانە سەری ئاسوودەتر بوو. چی روویداوە؟ بۆچی خەڵکی ئیستا زیاتر کاری خراپ دەکەن؟

ئێوارەیەکیان بەرێکەوت لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە هەر لە گردەکەی بانەکۆن دێمە خوارەوە، بەتووش بێزادەوە دەبم. ئەویش بەرەو ماڵی خوشکەکەی بەڕێوەیە. نە من هیچ دەڵێم و نە ئەو، تەنیا ئەوەیکە من لە دووای ئەوەی نیگامان لەیەک دەگیرێ، پێشی دەکەوم و دەڕۆم. بۆ سبەیش دیسان تووشی دەبمەوە. چەندە لام سەیرە، بەڵام ئەمجارە تێناپەڕم. لەگەڵ سەیرکردنی یەکتری سڵاودەکەم. دەبینم بەپێچەوانەی رووالەتی مۆن و گرژی کەچی زۆر بەرووخۆشی و بە زمانی شیرین وەڵامم دەداتەوە. هەنگاوەکانم ئەو خێراییەیان نامێنێ. ماوەیەک شان بە شانی یەکتر بە کەمێک مەوداوە دەڕۆین. وەک بڵێی لە لام بێ رێزی بێت، بێدەنگی دەشکێنم و بە شەرمەوە دەڵێم:

ـ دەچیتەوە بۆ ماڵی خۆشکت؟

ئەو بە سەرسوڕمانەوە بە عەینەکە ئەستوورەکەی لێم دەڕوانێ و دەڵێ:

ـ ئەها، ئەرێ ئەچم بۆ ماڵی خوشکم. پێم وابێ تۆیش دراوسێیانی، ماڵەکەی ئەو سەر،... وانیە؟

ـ وایە، ئێمە دەمێکەیە لەوی دەژین.

ـ راست ئەکەی، دیارە من ئەم ماڵەی ئێوەم لە زووەوە بینیوە، ئەڵێن تاقە خانووی ئەم گەڕەکەن کە کاتی خۆی دروستبووە، وانیە؟

ـ وایە، دایکم و باوکم هەر لە کۆنەوە لێرەن، بگرە منیش لێرە لەدایک بووم.

ـ دەشتێکی خۆشە، بەڵام کەمێک دوورە،... وانیە؟

ـ وایە، بەڵام دایکم و باوکم هەر لەبەر ئەمە لێرەن.

لێرەدا وەک بڵێی هەڵەیەکی گەورەم کردبێ، زۆر خێرا لە قسەکەم پەشیمان دەبمەوە، بەڵام تازە وشەکان پەرتەوازە ببوون. هاوڕێکەم وەک بڵێی بەمەی زانیبێ، دەڵێ:

ـ گرینگە بە وشیارییەوە ئێرەیان هەڵبژاردووە، زۆر کەس لە زۆر شوێنن بە بێ ئەوەی بۆخۆشیان بزانن بۆچی.

من کە لە قسەکانی ناگەم، لە ژێر چاوەوە سەیری کتێبەکەی بن باخەڵی دەکەم. ئەو درێژە بە قسەکانی دەداتەوە:

ـ هیوادارم تۆیش بە وشیارییەوە لەگەڵیان بیت و بە هەمان وشیارییەوە، گەر لێرە لە داهاتووا ژیایت، بەردەوام بیت.

من کە دیسان تێناگەم، هەروا بێدەنگم. بێدەنگییەک کە هەستی دەبەنگ بوونم هەتا دێت تیا گەورەو گەورەتر دەکاتەوە. هەوڵدەدەم شتێک بڵێم، بەڵام بیرم بۆ هیچ شتێک ناچێ:

ـ سینیت پێیە، کارت چییە؟

ئەوسا من زۆر ئاسان دەکەومە قسەکردن. تا دەگەینە ماڵەوە باسی هەموو شتێکی خۆمی بۆ دەکەم. تەنانەت باسی جۆری ماجوومەکانیشم. ئەو زۆر بە وردی گوێم لێدەگریێ. جاروبارە بە پەنجەی ئاماژەی عەینەکەکەی کە داکەوتووە بەرزدەکاتەوە و لەبەر دەمی خۆی وردەبێتەوە. من کە دڵنیام بە جوانی گوێم لێدەگریێ، هەتا دێت زیاتر چرۆی قسەم تیا دەپشکویێ. کتوپڕ هەستدەکەم ئەوە یەکەم جارە لە ژیانمدا بەم شێوەیە دەدوێم. بێ پسانەوە و راحەت. ئەویش لەگەڵ کەسێک کە ئەگەرچی تەمەنی لە تەمەنی خۆم دووربوو بەڵام ئەوەندە مەودا نەبوو هەست بە غەریبایەتییەکی سەیر بکەم لە بەرامبەریدا. من یەکەم جار بوو باسی خۆم و ژیانی خۆمم بە کراوەیی لەگەڵ کەسێکی تر دەکرد. ئەوەی پەنگی خواردبووەوە خۆی دەکردەوە و بەشوێن رێگای دەربازبوون، کە ئێستاکە کتوپڕ پەیدابووبوو، شێتانە پەلی دەکوتا. ئەو ئێوارەیە دەرودەشت جۆرێکی تر بوون. تەنانەت قۆلە گۆجەکەیشم لەبیربردەوە. بگرە ئەو بۆ یەک جاریش بێت سەرنجی نەچووە سەر قۆلەکەی من. وەک بڵێی ئەو قۆل هەر نەبێ و ئەویش شتێکە وەک قۆلەکەی ترم.

تا لام کردەوە رێگا تەواوبوو. لەبەردەم ماڵەکەی بەکرەی زێڕنگەردا راوەستاین. شەرمێونانە خواحافیزیم لێکرد. ئەو ئێوارەیە ئەو دیسان چووەوە سەر باڵکۆنەکە و بە کتێبەکەیەوە مەشغوڵ بووەوە، هەرچەند ئێستاکە جاروبارە سەری هەڵدێنا و سەیرێکی خانووەکەی ئێمەیشی دەکرد. وەک بڵێی دەچووەوە بیرەوە. منیش لێرە لە پشت پەنجەرەکەوە بەسەرەتاتکێ لێم دەڕوانی. نەکا بمبینێ! دایکم کە تێگەیشتبوو گوتی ئەوە تێکچووی رۆڵە؟ بەڵام من تێک نەچووبووم. من کە قەت لە ژیانمدا بڕوام نەدەکرد بتوانم لەگەڵ کەسێکی وەک ئەو بدوێم، ئێستا نەک تەنیا دووابووم بەڵکو چەند ئاسانیش بەدەستەوە هاتبوو، تازە ئەوە نیوسەعاتێکیشی بەسەردا تێپەڕیبوو. بیرم کردەوە گرینگ ئەوەیە دۆخ وەها بڕەخسێ کە بتوانی لەگەڵ

کەسێک ڕێگات ببێ بە یەک، ئیتر ئەوی تری خۆبەخۆ بە دەستەوە دێت. سەیری ئەو ڕێگایەم کرد لە بانەکۆنەوە وەک مار پێچ و لوولی دەخوارد، دەکشایە خوارەوە و لەوێوە دەگەییە بلوارە گچکەکە و لەوێیشەوە بۆ ئێرە. ڕێگاکان گەر بوون بە یەک ئەوا کتێبخوێن و ماجوومی فرۆشیش یەک دەخەن و دەیانکەن بە هاوڕێ، ئەگەرچی تێگەیشتنی ماجوومی فرۆشەکە لە قسەکانی کتێبخوێنەکە دژواربێت.

من ئەو شەوە سەرلەنوێ بیرم لەو ڕستەیە کردەوە کە تێی نەگەیشتم، ئەوەیکە گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بە وشیارییەوە لە شوێنێک بژیت و ئەوەیکە زۆر کەس لە زۆر شوێن دەژین بە بێ ئەوەی بزانن بۆچی. بەڵام بە یەک شت گەیشتم، ئەویش ئەوەیکە کەسێک هەیە لە باوکم و دایکم دەگا، لەوێوە ڕەنگە لەمنیش، جا با قۆلێکیشم گۆج بێت. کتوپڕ هەستم کرد سەرەڕای ئەوەی بێزاد برای خاتوونی زێڕنگەر و ژنبرای بەکرە بوو، سەرەڕای ئەوەی لە سەر ئەو باڵکۆنە بەرزە کتێبی دەخوێندەوە، چاویلکەی لەچاودابوو و قسەی وەهای دەکرد کە من تێی نەدەگەیشتم، بەڵام زۆر لەیەک نزیک بووین. ڕەنگە لە ئێمە نزیکتر. ئەوەندە نزیک کە من توانیم باسی هەموو ژیانی خۆمی لە ئێوارەیەکی هاویندا بۆ بکەم. ئەوەندە نزیک کە بتوانم تێی نەگەم و کەچی گاڵتەم پێنەکا. لە بێزاددا شتێک هەبوو وەک وەستا حاجی.

بەم شێوەیە پێوەندی نێوان من و بێزاد دامەزرا. جاروبارە کاتێک زاواکەی لە ماڵەوە نەبووایە و ئەویش شەوانە لای خوشکی دەمایەوە، یەکمان دەگرتەوە و بگرە چەند جارێکیش لە چایخانە بە تووشییەوە بوومەوە. ئەو لە چایخانەکەی حاجی جەمیل دادەنیشت. ئەو چایخانەی فەقێ ئەحمەد کاتی خۆی کاری تیادەکرد. لەوێ لەگەڵ یەک دوو هاوڕێیەکی دادەنیشت و جگە لە کتێب ڕۆژنامەیشی پێ بوو. هەمیشە سەرقاڵی قسەوباس بوو. کە منی دەبینی بە میهرەبانییەوە بزەیەک دەیگرت، ئەحواڵمی دەپرسی و پرسیاری لە کەسابەتەکەم دەکرد. هەمیشەیش چاییەکەیشی بۆ

حسێب دەکردم. من کە بەتەواوی هۆگری ببووم، هەوڵمدەدا لە نزیکییەوە دابنیشم بۆ ئەوەی هەم زیاتر سەرنجی لە سەر من بێت و هەم گوێم لە قسەکانی بێت. ئەو قسانەی هەمیشە لەسەر بابەتی سەیروسەمەرە بوون، ئەو بابەتانەی کە تێگەیشتن لێیان زەحمەت بوو. ئەو جاری وابوو رۆژنامەکەی دەکردەوە و لە کاتێکدا ئیشارەی بە شتێک دەدا، درێژەی بە قسەکانی دەدایەوە. من نوقمی دەم و پلی دەبووم. ئەو پیاوە قەت قسەی لێ نەدەبڕا. چەندەیش پڕ لە وزە بوو و بە زەوق و شەوقەوە دەدوا. جاری وابوو هاوڕێکانی دەنگیان دەدا و دەیانگوت هێواش کەمێک هێواشتر،... ئاگات لە خۆی بێت؛ بەڵام ئەو زۆر خێرا دەنگی هەڵدەبڕییەوە. من بۆ ئەوەی بزانم چی دەگوزەرێ، بەدەم ماجوومفرۆشییەوە لەبەر دەم کتێبفرۆشی ناجی لە مەیدانی ناوەڕاستی شار راوەستابووم و لە رۆژنامەکانم رووانیبوو. هەوڵمدەدا لەوێ لە پشت شووشەکانەوە بیانخوێنمەوە. ئەوەندە چڕ و پڕی وشە و رستەکان بوون، نەبێتەوە. کە لە خوێندنەوەی سەردێڕەکان دەبوومەوە قەت ئەوەندەم هەڵنەدەکڕان کە بزانم ئەوە چییە سەرنجی بێزاد و هاوڕێکانی رادەکێشا. هەستێکی ناخۆشم لا دروستدەبوو. ئەمە بەو مانایە بوو کە لە دونیادا هەندێ شت هەبوو ئەقڵی منی پێ رانەدەگیشت، وەک چۆن دەستم بە تایبەت دەستە کورتەکەم، بە هەندێ شت رانەدەگەیشت. کەواتە ژیان تەنیا من و سینی ماجوومی و شەقام وکۆڵانەکانی ئەم شارە نەبوون، بەڵام چۆن بزانم ئەوانە چین؟... ئا، هەستم پێی دەگوتم تەنیا رێگا بێزادە. من دەبوایە کارێک بکەم زیاتر گوێم لە بێزاد بێت، ئەو زیاتر من ببینێ.

بۆ ئەم مەبەستە کارێکم کرد کە بزانم کەی بەکرەی زێڕنگەر دەچێ بۆ سەفەر بۆ ئەوەی رێگای خۆم لەگەڵ بێزاد کاتێک دەچوو بۆماڵی خوشکی رێک بخەم و، جگە لەمە لە چایخانەکەیش زیاتر و زیاتر نزیکتر لێیان دادەنیشتم. بێزادیش هەستی بەمە کردبوو و بەلایەوە خۆش بوو. تەنانەت هاوڕێکانیشی حەساس نەمان. بگرە

جاری وابوو به دەوری هەمان مێز لەگەڵیان دادەنیشتم. سینییەکەم لەخۆم دووردەخستەوە، وەک ئەوان ملم دەکێشا، چاوم بزدەکردەوە و گوێم شل.
دیسان تێنەدەگیشتم، بەڵام لە لای من بەماناترین و جوانترین وشەکان بە سەر مێزەکەی نێوانماندا دەفڕین.

(١٢)

پرشنگ ناجووڵێ. نازانم چەند رۆژ و چەند شەو لە تەنیشت تەرمەکەیدا دانیشتم. یان رەنگە تەنیا چەند چرکە و چەند دەقیقەیەک بوو. نازانم! زەمەن لە داڵانەکە قورس قورس بە سەر هەر دووکماندا شانی دادابوو، بێگومان لەسەر ئەو زیاتر. چونکە ئەو نەدەجووڵا. پرشنگ، کچەکەی کۆڵانەکەی تەنیشت ئاسنگەرییەکە، هەر لەیەکەم چرکەوە نەجووڵا. تۆ بڵێی بەڕاستی دەستی چەپی من ئەوەندە بەهێز بووبێ و من نەمزانیبێ! ئیستا دێتەوە بیرم کە بەهێزە، ئەویش، لەچاو دەستی راستم زۆر کورتی نەدەهێنا. بەتایبەت کاتێک پووتە نەوتەکانم دەهێنایەوە. لە نەوتفرۆشییەکەی عەلی نەوتییەوە هەڵمدەگرت و بەسەر گردەکەی بانەکۆندا ئەم دیو دەبووم هەتا ماڵەوە، دەستاودەستم پێدەکرد. دەمتوانی! نا، تەواوی ئەم ساڵانە ئەم قۆلەم بەهێزبووە و من زۆر سەرنجم نەدابوویە. رەنگە بەهێزتریش لەبەر ئەوەی حەسرەتێکی تیا هەبوو. ئەو حەسرەتەی قەت نەدەگەییە شوێنێ.

پرشنگ هەستە،... گاڵتەم کرد! بەڵام پرشنگ ناجووڵێ. بەڕاستیەتی. پرشنگ گاڵتەم کرد، من جگە لە تۆ کێم هەیە،... کەسم نیە، تۆ خۆ ئەمە دەزانی، ئاخر چەند جار

پێم گوتی بۆ حەمامکردن مەچۆ بۆ ماڵی بەکرەی زێڕنگەر، ها چەند جار؟ با ژنەکەیشی پێت بڵێ،... با بەزەیشی بە سەرتدا بێتەوە، ئاخر تۆ نازانی من پێم ناخۆش بوو؟ لەبیرتە دایکم قەت نەدەچووە ئەوێ بۆ حەمامکردن، بگرە بۆ سەردانیش نەدەچوو، دەیگوت ماڵە دەوڵەمەندان سەرت لێدەشێوێنن هەر ئەوەندە بەسە لە دوورەوە ئاگات لێیان بێت و بیانناسی، ها خۆ ئاگات لێبوو دایکم چەند ئاگای لە خۆی بوو؟ پرشنگ هەروا بێدەنگە. لە ژێر چارشێوە گوڵگوڵییەکەیدا بەڵێنی داوە چیتر نەدوێ. بێزاری ماجوومی دەستی بۆ دەبا، دەستی بۆ دەبەم، بەڵام جورئەتی نیە، جورئەتم نیە چارشێوەکە لادەم. سکی ئاوساوی لە ژێر چارشێوەکەدا دەڵێی بەئاستەم دەجووڵێ. ئەوەندەی نەمابوو منداڵەکە لەدایک ببێ. پرشنگ بەدەستی خۆی زۆر شتی بۆ دووریبوو، کراس، شەرواڵ، کڵاو و ژێرکراسیش. دڵی بەرایی دابوو کچە، بۆیە هەتا بڵێی رەنگی جۆراوجۆر و شادی هەڵبژاردبوو. ئێستا لەوێ لە ژوورەکەدا ماون ئەگەرچی پرشنگ لێرە راکشاوە و لاسایی مردووەکان دەکاتەوە. بێزاری ماجوومی سەری قورس قورسە. بیری ئەو رۆژە دەکاتەوە وا چەقۆکەی بردەوە بۆ ماڵی فەقێ ئەحمەد. چ رێکەوتێکی سەیر! فەقێ کە لە زیندان هاتەوە خۆی سەرفراز دەبینی، کە بە جادەدا دادەگەڕا خۆی فشدەکردەوە. ئێستا چی کە کچەکەیشی وەک دایکی لێهات! کوڕی سەیدی ئاسنگەر دەستی رادەوەشێنێ، ئەمە چییە بیری لێدەکەمەوە. ئەوسا لە کونجی دیوارەکان دەڕوانێ. پرشنگ قەت وەڵامی نەدەدایەوە، ئەها، جگە لە یەک جار کە پێی گوتبوو لە خۆشۆردن بە تەشت و بە قاپ ماندوو بووەو و گەر بێزاریش یەک جار بچێ بۆ ئەوێ بۆ حەمامکردن جا دەزانێ چ خەبەرە. ئەم گوتبووی باشە بچۆ بۆ حەمامی شار، لەوێ بیستبووی کە رۆژی جارێک هی ژنانە، حەمامی تەنیشت مزگەوتەکەی سەیی دەڵێ، ئەها حەمامی خدری، بەڵام پرشنگ بزەیەکی هاتبوویە و گوتبووی یەعنی من لێرەوە

هەتا ئەوێ بڕۆم، بە زستانیش!؟ گوتبووی لە ماڵی مامی لە ماڵ ڕەحیمی میکانیک حەمامیان هەبووە، گوتبووی ڕەحیم هەر زوو حەمامی بۆ سازکردبوون و بە ژنەکەی گوتبوو پێویست ناکا دەستی ئەو سێ زەعیفەیە بگرێ و بە کۆڵاناندا بە بەرچاوی خەڵکییەوە بیانبا بۆ حەمام. گوتبووی ئەو فێری ئەوە نیە بە تەشت و بە قاپ لە کاتێکا لەسەرمانا هەڵدەلەرزێ خۆی بشوا. من قەت نەموێرا لە جوابیدا بڵێم باشە حەمامت بۆ سازدەکەم، ئاخر حەمام چۆن چۆنی سازدەکرێ؟ گوتبووی تۆ دەبێ جارێک لەو جۆرە حەمامانەدا خۆت بشۆی بۆ ئەوەی بزانی خۆشۆردن لەوێ یەعنی چی. بۆ ئەوەی بزانی چ تام و لەززەتێکی هەیە. ئەوسا باسی کاشییە لووسەکانی کردبوو، باسی ئەو لوولە و سەرە گردە کون کونەی بەسەریەوەیەتی و ئاوی گەرمی بە فشار پیایا دێتەخوارەوە، بە سەر جەستەدا، هاوکات بەسەر هەموو بەشێکیدا، نەک جارێک ئێرەو جارێک ئەوێ،... جا توخوا ئەمە خۆشۆردنە! بێزار دەیزانی تاوانبارە، دەیزانی لە شوێنێک وەک قۆلەکەی کورتی هێناوە، بەڵام هەرچی دەکرد بۆی سەر یەک نەدەخرایەوە. پێی سەیربوو کە بۆچی باوکی کاتی خۆی حەمامی سازنەکردبوو. ئەوسا بەڵێنی دا حەمام سازبکا، بەڵام کات گوزەرا و سازی نەکرد، ڕەنگە لەبەر ئەوەی پرشنگ کەسێکی پێداگر نەبوو و لەبەر ئەوەیش بەردەوام دەیتوانی لەوێ لە ماڵی خاتوونی زێڕنگەر حەمام بکا. هەتا کاتێکیش سکی پڕ نەبوو بێزاریش زۆر پرکێشەی لێنەدەکرد. پرشنگ کە سکی پڕنەدەبوو لە دووای ئەوەی بۆ حەمامکردن دەچووە ئەوێ، لە دووای ماوەیەک سکی هەڵئاوسا و ئیتر بێزاری شێت کرد. دڵی وەک مەنجەڵی کۆنی سەر ئاوری چیلکە و چەوێڵ ڕەش ڕەش هەڵگەڕا. دڵنیا بوو منداڵەکە هی بەکرەیە. ئەو لەسەر بەکرە زۆر شتی لێرە و لەوێ بیستبوو. ژنەکەی چەند پێکەنینی بەم قسەیە دەهات. دەیگوت پیاوەکە شێت بووی شێت، ئاخر خۆ بە چاوی خۆت دەیبینی ژن و منداڵەکەی هەمیشە لە

ماڵەوەن و بەکر بۆخۆیشی هەمیشە درەنگ دێتەوە، خۆ لە ماڵەوە نیە. بەڵام کوڕی سەیدی ئاسنگەر ئاگای لەم قسانە نیە. ئەی ئەم سکەی پرشنگ لە کوێوە هاتووە؟ باشە بۆ لەو کاتەوە لەوێ حەمام دەکا وەها گۆڕانێک رووی تێکرد؟

پرشنگ هەروا راکشاوە. هێڵێکی خوێنی خەست دادەگەڕێ و بەسەر بەڕە رەقەکەدا بڵاودەبێتەوە. سەیری خوێنەکە دەکەم. هەستدەکەم تەنیا هی جەستەی پرشنگ نیە، هی منداڵەکەیشە. خۆشی و خەمێک پێکەوە لە دەروونمدا دەگەڕێن. ئەگەرچی یەکجار دڵم بە منداڵەوە بوو، بەڵام پێم گوت زۆر بیری لێ مەکەوە، منداڵمان بۆچییە، ئاوایش سەرمان سووکترە، ئاخر بۆ ئەوان دەبێ بە بینینی باوکێکی دەست گۆج ناڕاحەت بکەین؟ بەڵام پرشنگ هەر دڵی پێیەوە بوو، دەیگوت شتی وا چۆن دەبێ، عالەم منداڵی هەیە و من نەمبێ، جگە لەمە لەم دەشتە چۆڵەدا چی بکەم، چۆنی بگوزەرێنم؟ گوتم ئەها بەرەبەرە خانووەکان کشاونەتە ئێرەیشەوە،... ئەها شار هەتا دێ گەورە و گەورەتر دەبێ؟ پرشنگ هاواری دەکرد بە من چی و دیسان بێدەنگ دەبووەوە. من کە لە دەروونی خۆمدا دەمزانی گوناهی منە ئەو سکی پڕنابێ، هەندێ جار رووم لە شەخسەکەی پیرمرا کردبوو. بە دزییەوە چووبووم و دۆعام کردبوو و بەردم پێوە لکاندبوو، ئەو بەردانەی زۆر جار شەخسەکە نەیدەگرتن و بەردەبوونەوە. پرشنگیش چووبوو، لەگەڵ خاتوونی دراوسێمان. دەیگوت شەخسەکە بەردەکانی دەگرێت! من ئەو شەوانە چەندە بە زەحمەت خەوم لێدەکەوت.

شەخسەکەی پیرمرا لە بەینی دوو شاخی ئاربەبا و جنێرەدا بوو. یەک باڵابەرز و یەک کوڵ. رێک لە قۆلەکانی من دەچوون! شەخسەکە لە ناو دۆڵێک بە قەراخ کەندرێکەوەیە کە کانییە پڕ ئاوەکەی پیرمرای پیادا دەڕۆیشت، ئەو ئاوەی هەم دەگەیییەوە چەمەکەی تەنیشت ماڵی ئێمە و هەم بە سەر ئاودەستی مزگەوتەکاندا

دابەشکرابوو،... بە سەنگفەرش. دارتوویەکی گەورەیش بە پشتی شەخسەکەوە بوو. پیرمرا هەم شوێنی سەیران بوو و هەم شوێنی دۆعا و نزا. من زۆر جار ئەو دارتووەم وەک تاقەدارەکەی ئاربەبا دەهاتەبەرچاو، ئەو بە سەر یاڵەوە و ئەم لەناو دۆڵێکدا بە دونیایەک یادگاری کە لەسەریان نووسرابوون. زۆریەک لە لق و پۆپی دارتووەکە وەک تاقەدارکە وشک ببوون و بەو سەرانەوەی نەبێ توویەکی وەها شک نەدەبرا. بەڵام بە پێچەوانەی تاقەدارەکە، خاوەن سێبەر بوو و بۆیە زۆر کەس لەوێ لەبنیا پەتوویان رادەخست و سەیرانیان دەکرد.

نووزەیەکم لێوە دێت، پرشنگ هەستە!... پرشنگ! ژوورەکە بەرەبەرە روو لە تاریک دەکا. خۆزگە دایکم ئەوەندە بژیایە کە من نەگەیشتمایە ئەم رۆژە. کەسێک دەبێ لە ماڵەوە بێت. ئەوسا دەڵێی بۆ یەکەم جارە بیری رۆژە درێژ و پڕ لە تەنیاییەکانی پرشنگ دەکەومەوە. من بە سینییەک بە شانمەوە کۆڵان و کۆڵان و جادە و جادە هەتا ئێوارە، ئەمیش لێرە بەتەنیا لە ماڵەوە. بە قەسرێک لە رووبەڕووتدا. خاتوونیش بە جۆریک تەنیا بوو و بۆیە لەگەڵ پرشنگ خۆبەخۆ یەکتریان گرتبووەوە. خاتوون دەهات و لە پشت چەپەرەکەی باوکم رادەوەستا و لەگەڵ پرشنگ دەدوا. لە کاتێکا چاوی لە خانووەکەی خۆی بوو و بەردەوام لای بۆ دەکردەوە. پرشنگ خولْقی دەکرد، بەڵام ئەو قەت نەهاتە ژوورەوە. زۆر جار شتیشی بۆ پرشنگ دەهێنا، خواردن، کراسی کۆن (هەڵبەت نەک کۆن باشتر وایە بڵێم دەستی دوو)، پێڵاو و بگرە هەندێ جار شتی ناوماڵیش. پرشنگیش بە شەرمەوە لێی وەردەگرت. من دڵنیام ئەو رۆژانە بوون رێگای حەمامیان بۆ ژنەکەی من کردەوە. ئەو کاتانەی خاتوون کێشەی هەبووە و نەیتوانیوە زۆر لە پشت چەپەرەکە راوەستێ داوای لە پرشنگ کردووە پێکەوە بچن لەوێ لە خانووەکەی ئەو دانیشن و پێکەوە قسەبکەن. پرشنگیش چووە. ئیتر بەرەبەرە رێگای حەمامی بۆ کرابووەوە.

پرشنگ زۆر جار باسی ئەو خانووەی بۆ من کردبوو. من کە سەرەتا لام سەیربوو، کەمکەم ئاسایی وەرمگرت،... حەک ملم شکێ! کتوپڕ نەفرەتێکی سەیر لە دایک و باوکم سەرتاپام دادەگرێ. گەر ئەوان نەبوونایە من و ئەم قۆلە گۆجە چی! گەر ئەوان نەبوونایە من و ئەم دەشتە چی! باشە نەدەکرا ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی تر شاییان بکردایە و ئیتر مەجبوور نەبوونایە ئەم شاروشار بکەن! هەستدەکەم لافاوی تاوانی ئەوان بەسەر جەستەی منیشدا بەخوڕ دەڕوا و دەمشواتەوە و لەگەڵ خۆی دەمبا،... بردوومی، لەمێژە بردوومی، ئەوەی ئەمڕۆ تەنیا یەکێکە لە بردنەکان و رەنگە دوواترینیشیان بێت. دەست دەبەمەوە، ئەمجارەیان دیارە بە دەستی راستم، قۆلی چەپم لە مێژە کشاوەتەوە، پرشنگ تکایە هەستە،... تکایە،... درەنگە،... خەریکە شەودادێت. ئەوسا گوێ هەڵدەخەم، دەنگی ویزەی سەماوەر ئەمڕۆکە نایەت، نەکا بەڕاستی پرشنگ مردبێ، نەکا هێشتا نەهاتبێتەوە.

هەر ئەوەندەی هەستێتەوە بەڵێن دەدەم ئەمجارە بیبەم بۆ لای دکتۆر. من هەر چەندە گەمژە بووم ئەم کارەم قەت نەکرد. گوتیان بیبە بۆ تەورێز. تەورێز! ئاخر چۆن؟ یەعنی من بەم قۆلە گۆجەمەوە ئەو ژنە جوان و جحێڵەم هەڵگرم و بیبەم بۆ شاران بۆ بەر چاوی خەڵکی نەیار و نەناسراو، بە قۆلە گۆجە بەدتەرحەکەمەوە! ئەوسا بڵێم منداڵی نابێ! پەککوو!... پرشنگ تکایە، تکا! جارێکیان بێزاد لە گەڵ هاوڕێکانی لە چاخانەکە باسی ئەوەیان دەکرد کە دەبێ لە هەموو شار و گوندێک دکتۆر هەبێ، بیمارستان و دەرمانگا هەبێ، دەواو دەرمان دەست کەوێ و هەمووی ئەمانە بەلاش بن، دەیگوت دەوڵەت دەبێ دابینیان بکات. دەوڵەت؟ بیرم دەکەوێتەوە کە نەمدەزانی دەوڵەت چییە. ویستم بپرسم، بەڵام مەگەر زۆربڵێی بێزاد دەرفەتی دەدا! مەگەر من رووم هەبوو بپرسم و بە پرسیارە گەوجەکانم ئەوەندەی تر گەمژەیی خۆم دەرخەم. من ئەو رۆژە دەوڵەتم وەک بەکرەی زێڕنگەر هاتە بەرچاو، کەسێک بە پارە و

پووڵێکی زۆرەوە کە دەتوانێ هەموو شتێک دابین بکا، هەموو دەواو دەرمان و پێداویستیی بیمارستانەکان.

پرشنگ هەر تۆزێک کشا و رەنگ و روخساری منداڵیی جێهێشت، رەحیمی مامی کەوتە بیری بەشوودانی. ژنەکە گوتی پیاوەکە عەیبە هێشتا ئەو بەستەزمانە منداڵە، بەڵام رەحیم دەیگوت لەو بنەچەیەیە، خەتەرە دەبێ هەرچی زووتر لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە. فەقێ کە لە زیندان ئەمە دەبیستێ شێت دەبێ، دەقیرێنێ و هاواردەکا کە گەر رۆژێکم بۆ بمێنێ بۆ ئەو گەوادەی برام دەمێنێ! دیارە کە لە زیندان هاتیشە دەرەوە هیچی پێنەکرا. فەقێ بە تووش نەخۆشیی قاچ ئێشەیەکی سەیرەوە بوو کە رۆماتیسم هۆکارەکەی بوو. نەخۆشییەکە جمگەکانی خوارد و خوارو خێچی کرد. فەقێ بەزەحمەت بە رێگادا دەڕۆیشت.

بەڵام بەشوودانی پرشنگ ئاسان نەبوو خەڵکی ناوشار کەس نەیدەنارده خوازبێنێ، ئەسڵەن وەک بڵێی هەر لەو شارەیشدا نەبێ. پرشنگ ئەگەرچی بە پێچەوانەی تەمەنی زۆر زوو رواڵەتی ژنی لە جەستەیدا پەیداکردبوو، لەبەر چاوی بنەماڵەکانی شاردا لە فەرامۆشکراوەکان بوو. بۆیە رەحیم زۆر جار باسی دێهاتی دەکرد، کوڕێک لە یەکێک لە گوندەکانەوە کە دەتوانێ بێت و وەک شازادەی ناو ئەفسانەکان سوار ئەسپێکی سپی بکات و لە کۆڵ ئەوانی بکاتەوە. ژنەکەی دەیگوت چەندە بێڕەحم و ناشیرینی لەم جۆرە کاتانەدا! رەحیمیش چەند بەرز دەیدا لە قاقای پێکەنین.

چارشێوەکەیش لە خوێنەکە گلاوە. لینج لینجە. بە بەڕەکەوە چەسپیوە. بیردەکاتەوە ئەو چ چارەنووسێک بوو ئەوی بە پرشنگەوە گرێدا. هەر لەو رۆژەوە چەقۆکەی بردەوە بۆ ماڵی فەقێ ئەحمەد، نیگای پرشنگ لە تەنیشت باوکییەوە، هەتا بیرلێکردنەوەکانی لە پرشنگ و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی لە گەڕەکی پادگان، تا

دەگاتە دۆزینەوەی لەنەکاوی و بوون بە هاوسەری دێتەوە بەرچاو. کتوپڕ هەستدەکا هەموو شتێک پێوەندی بە قۆلە گۆجەکەیەوە هەبووە. هەر لە یەکەمین چرکەوە. هەستدەکا لە نێوان ئەو بەزەیی و ئەشقە (یاخود سەرنجە قوولە) ناڕوونە لەیەکەم رۆژەوە سەبارەت بە پرشنگ هەیبوو دەگەڕایەوە بۆ قۆلەکەی. پرشنگ لە قۆلەکەی دەچوو. وەک ئەو لە هەمان یەکەم چرکەوە کورت و بێدەسەڵات و لاواز و گۆشەگیر کە بەناچاری چارەنووسی خۆی قەبوڵکردبوو. هەستدەکا ئەویش بە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ هەر لە یەکەمین چرکەوە بەهۆی قۆلەکەیەوە جەزبی پرشنگ ببوو. چارەنووسێکی هاوبەش پێکەوەیانی گرێدابوو، هەرچەند بۆخۆیان لە چەند و چوونی ئەم چارەنووسە ئاگادارنەبوون. ئەو ئەمەی لە چاوەکانی پرشنگیشدا خوێندبووەوە. وەستا حاجیش وەک هەمیشە زیرەک و دڵسۆز ئەم هاوبەشیەی لە چارەنووسدا دۆزیبووەوە.

ئەو رۆژەی لەبیرە کە چەندە بە بێ دەنگی و بە بێ بەزم و رەزمێکی ئەوتۆ پرشنگیان گواستەوە. دایک و باوکم بەمە رازی نەبوون، گوتیان خۆ کوڕەکەمان گول نیە، ناشوکری ژنمان بۆ هێناوە، بەڵام رەحیمی میکانیک هەر دوو قاچی خستبووە ناو کەوشێک و دەیگوت یان بە قەولی من دەکەن یان بووک بە ماڵی خۆتانەوە نابینن! وەستا حاجیش سەیدی ئاسنگەری رازیکردبوو. سەید دوواتر لە کونجی خەڵوەتی خۆیدا گریابوو. کوڕەکەیشی وەک خۆی دەهاتە بەرچاو، بگرە خراپتر. ئاخر ئەو لەو شارەیدا ژنی دەهێنا کە تیایا لەدایک ببوو و، بەڵێنیش بوو هەر لەوێ بژی. لە کاتی هاتنە ژوورەوەی بووکێدا دایکی هەڵهەڵەیەکی سەیری کێشابوو و بە شوێنیا بورابووەوە. باوەڕم نەدەکرد پرشنگ بووە بە ژنی من، ماشاڵڵا لەو هەموو جوانیە! تەنانەت لە ئاوێنەکەیشدا رووم نەبوو سەیری بکەم. بە دزییەوە جاروبارە لە نیگا ونەکانیم دەڕوانی و بە خۆمم دەگوت داخۆ ئەمە راستە،... ئەمە

خەونە یان... . دایکم کە وشیارببووەوە وەک شێت بە دەورماندا دەهات و هەزار جار خۆی بە قوربانمان دەکرد. باوکم هەموو جارێ دەنگی دەدا و دەیگوت "دە کچێ بەسە، حەیامانت برد، ندی بدی!"

ئەو رۆژە بووکمان بە جیپە شینەکەی رەحیم گواستەوە. تەنیا وەستا حاجی و ژنەکەی، ماڵی عەبەی ماجوومی، ئێمە خۆمان و خاتوونی زێڕنگەر لەگەڵ یەکێک لە کچەکانی لە ماڵی ئێمە بوون. دیارە ژن و سێ کچەکەی رەحیمی میکانیکیش هاتبوون. خاتوونی زێڕنگەر نیولیرەیەکی وەک دیاری بە پرشنگدا هەڵواسی و موبارەکبایی پێ گوت. رەحیم کە چاوی زیت ببووەوە باوەڕی نەدەکرد کەسێک هەبێ و ئاوا سۆزی بەرامبەر بە برازا بەدناوەکەی هەبێ، هەتا چەندین هەفتەیش دووای ئەوە هەر بیری لێدەکردەوە و لەبەر خۆیەوە جوێنی بە عەرز و ئاسمان دەدا و زیاتر لە جاران لە خەڵکی تووڕە دەبوو و بەگژیاندا دەچووەوە. ژنەکەی دەیگوت پیاوەکە کەس لە تۆ ناگات!

جاری وایە هەستدەکەم قاچەکانی پرشنگ دەجووڵێن. ئەوەندە بە ئەسپایی نەبێتەوە. دەڵێم پرشنگ دەزانی کە من بۆخۆیشم قەت نەچوومە حەمامی دەرەوە؟ دەزانی نە باوکم و نە خۆم قەت رووەمان لەوێ نەکرد؟ ئیتر هەر باسی دایکم مەکە. من کە لە دەروونەوە دەزانم ساڵانی ساڵە شار گۆڕاوە و ئەمە بەهۆی فرۆشتنی ماجوومییەکانەوە زانیبوو، دەمم رادەگرم و ئەوسا پاش ماوەیەکی تر دەڵێم هەڵبەت دەزانم شت گۆڕاوە، بەڵام نەک وەها کە تۆ بچیت و لە ماڵی بەکرەی زێڕنگەر خۆت بشۆی! نا، نەک ئاوا. ئەوسا بەم شێوازە قسەکردنە خۆم وەک بێزاد و هاوڕێکانی دێتەبەرچاو کە یەکجار لە هەڵسەنگاندنی دوو یان چەند شت پێکەوە زیرەک بوون.

له دەرەوە دەنگی وەڕینی سەگ دێت. بێگومان ئەو پۆله سەگه بەڕەڵڵایەن وا زۆر جار روو له چەمی گەورە و لەوێوە له چەمی زری زێن دەکەن. من زۆر جار بە بەرد هەڵامبڕیون. دەوەڕن و دووردەکەونەوە. هەڵبەت منیش دەبێ ئاگام له خۆم بێت. چۆن؟ نازانم.

پرشنگ نایەوێ هەستێتەوە. وادیارە بڕیاری داوە ئەمشەو له داڵان بخەوێ. گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە ئەو ئیستا له ماڵەوەیە، وەک هەمیشە.

(١٣)

شەوێکیان باوکم بانگی کردم، گوتی کوڕم وەرە دانیشە. چووم. دانیشتم. یەکجار کەم هەڵدەکەوت باوکم قاوم لێبکات. زانیم شتێکی گرینگە. لەسەرەخۆ دانیشتم و گوێم شل کرد. باوکم دەستی پێکرد. گوتی ئیتر گەورە بوویت و خەریکی دەبی بە پیاوێک و بۆیە پێویستە بەرەبەرە لەسەر رابردووی خۆت شتی بزانی. من کە تەنیا ناوی خۆشناوەتیم بیستبوو و لە راستیدا نەمدەزانی لەکوێیە، قوت بوومەوە و تامەزرۆ گوێم بۆ باوکم هەڵخست. لەگەڵ ئەوەی هەستم دەکرد کە دەنگێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ وریابە نەزانی باشترە! باوکم گوتی ئێمە لە راستیدا خەڵکی ئەودیو واتە عێراقین و لە دۆڵی بالیسان لە گوندێک بە ناوی توتمەوە دێین. گوتی هەم خۆی و هەم دایکم خەڵکی ئەوێن و باوو باپیرانیشیان لەوێ ژیاون. باسی گوندێکی ئاووهەوا سازگاری کرد لە داوێنی چیا و لە ناو لێڕەوارێکی خۆش بژوێندا کە خەڵکەکەی خەریکی ئاژەڵداری و کشت و کاڵن. گوتی ئەو لە راستیدا خاوەن ژن و منداڵ بووە و ئیستا من یەعنی بێزاری ماجوومی لە گوندی توتمە خاوەن دوو خوشک و دوو برا دیارە لە دایکێکی ترم. گوتی دایکی منیش کە کچی پیاوێکی

تورِه و تەوسنی گوند بە ناوی 'خوله شێت و ژیره' بووه تاقه منداڵی ماڵ بووه و بۆیه باوکی قەت نەیویستووه بە شووی بدات و هەمیشه گوتوویەتی که خوا وەجاخ کوێریی بەنسیب کردووه و تەنیا ئەم کچەی پێداوه و بۆیه پیویستی بە یارمەتیی کچەکەی هەیه و قەت قەت بەشووی نادات. من و دایکیشت که دڵمان یەکتری گرتبوو، لەدووای ئەوەی چەند جارێک کردمانه سەری و بۆ خوازبێنیمان نارد کاتێک بینیمان خوله شێت و ژیره ئامادەنیه بیدات، بریارمان دا شەوێک دەست بخەینه ناو دەستی یەکترەوه و له گوند بۆ هەمیشه هەڵێین!

لەم کاتەدا باوکم راوەستا و جوان سەیری ناوچاوانی منی کرد. وەک بڵێی چاوەڕوانی پرسیار بێت. کاتێک بینی من هەروا بێدەنگم، درێژەی بە قسەکانی دایەوه و گوتی. ئەو شەوه گوێدرێژێکیشم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەی دایکت زۆر وریا و ئازا بوو، بەڵام سوار کەرەکەم کرد و خۆمان گەیانده رانیه. تەواوی شەو بە رێگاوه بووین و بەیانییەکەی سەعات دەورووبەری ده گەیشتینێ. من که لەوه پێش چووبوومه ئەم شاره و شارەزا بووم، له دووای ئەوەی لەماڵه ئاشنایەک حەواینەوه بەرەو دیوی ئێران له رێگای قەڵادزێوه بەرێکەوتین. چووینه شاری سەردەشت. دیاره مانەوه لەوێ بۆ ئێمه ئاسانتر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەردەشت شاری سنووریی نزیک بە قەڵادزێیه و ئیحتیمالی دۆزینەوەمان زۆرتر بوو، روومان له بانه کرد. ئیستا وەک دەبینی ساڵانی ساڵه لێرەین و لەم شاره گیرساوینەتەوه و بە خۆشییەوه بە بێ موشکیله له سایەی سەری رەحمی خوداوه دەژین. دایکم خەریکی دۆزینەوەی کۆشی بوو. هەر جاره و شتێکی دەبینییەوه و بە پەنجه گەوره و پەنجەی ئاماژه له کراسەکەی دەکردەوه و فڕێی دەدایه سەر بەرەکه. من بە لاچاو سەیرێکی دایکمم کرد. باوکم گوتی بەو برِه پارەیەی لەگەڵ خۆم هەڵمگرتبوو ئەم پارچه زەوییەمان لێره کڕی و خانوویەکم لەسەر سازکرد. دیاره بە

یارمەتیی دایکیشت. ئیتر لەو ساڵەوە لێرە دەژین. وەک دەبینی خوای گەورە بە ڕەحم و بەزەیی خۆی و وەک هەمیشە چاکەیەکی دیکەیشی لەگەڵمان کرد و تۆی پێ بەخشین. من خەیاڵم چووە سەر خۆشناوەتی و گوندی توتمە و ئەو ڕێگایانەی وا باوکم و دایکم ساڵانی ساڵ لەوە پێش بڕیبوویان. ئەوسا زەینم چووە سەر کەس و کارمان، سەر خوشک و براکانم و... باوکم گوتی لەو ساڵەوە من هەواڵێکی وەهام لە کەس و کار نیە، دایکیشت هەروەها. دیارە مردن و ژیان بە دەست خودایە، بەڵام گەر مەرگێکی نەبێ کە هەیە و دەبێ، ئەوا دەتوانم بڵێم کە ئەوان وەک هەمیشە بێگومان خەریکی ژیان و ئیش و کاری خۆیانن و وەک هەموو خەڵکی تر بە ژیانی گوندەوە سەرقاڵن.

ئەوەی کە منیش وەک هەموو خەڵکی تر خاوەنی کەس و کار و خزم و قەومێکی زۆر بووم، جووڵاندمی. کەواتە منیش من بووم. من تەنیا بێزاری ماجوومی نەبووم بە سینییەک بە دەستمەوە بەناو کۆڵان و جادەکانی ئەم شارەدا کە ئێستا وەک غەریبە دەهاتە بەرچاوم. ئاگام لێبوو فرمێسک لە چاوانی دایکم بەربوونەوە، سەری بەرزکردەوە و بە بزەوە لێمی ڕووانی. تیشکی کزی گڵۆپە سەدییەکە لە ناو فرمێسکەکانی شۆقی دەدایەوە. باوکم گوتی خەڵکی وادەزانن ئێمە لە سەردەشتەوە هاتووین، با هەروایش بزانن. هەڵبەت لەسەرەتاوە کەمێک زەحمەت بوو، هەتا کەلیمە عەرەبییەکانمان لە زمانەکەمان فڕێدا پێی چوو، بەرەبەرە عادەتیان پێگرتین. خوداماڵی حاجیش ئاوەدان کات کە ئەوەندە پیاوێکی بەڕێز و چاک و خوداناسە.

لای من خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان و توتمە وەک ئەو شوێنانەی دەهاتنە بەرچاوم کە یەکجار دوور بوون. ئەو شوێنانەی کە ئیتر نە دایک و باوکم و نە من قەت دەستمان پێیان ڕانەدەگەیشتەوە. زانیم کە ئەگەر ئەوان بزانن ئێمە لێرەین ئەوا بۆ دایکم و باوکم باش نەبوو و ڕەنگە بەڵایەکیان بەسەردا بێنن. کەواتە دایکم باوکم لە

زۆر شت هەڵدەهاتن. باوکم جگەرەیەکی داگیرساند و ئیتر لە منی نەڕوانی. چەندە حەزم دەکرد پرسیاربکەم و کە نەمکرد. نازانم بۆ تەنیا حەزمدەکرد مەلی خەیاڵم بفڕێنم، بۆ ئەوێ بۆ ئەو دیو سنوور. لە دەروونەوە هەستم دەکرد کە دایک و باوکم بۆ هەمیشە دەبێ لێرەبن و ئەوێ فەرامۆش بکەن. بگرە باوکیشم بێ رەحم دەهاتەبەرچاو. دوو کوڕ و دوو کچ! باشە دەبێ ئیستا چی بکەن؟ من ئەو کاتەی باوکم ئەمەی بۆ دەگێڕامەوە نەمدەزانی کە تاوانی وەها کارێک دەکرێ مەرگ و کوشتن بێت. دایکم و باوکم گونداوگوند و شارەوشار لە دەستی بێ بەزەیی کوشتن و تۆڵە هەڵاتبوون. هەستی جۆربەجۆرم تیا زیندوو بووەوە. باوکم چەندە خۆویستە! ئیستا دایکم بەهەرحاڵ. هەستمکرد رقم لێیەتی. ئەو، شاخە و شاخ و دۆڵاودۆڵ رێگای بڕی بۆ ئەوەی دووامندالّی بە سەقەتی لە وڵاتێکی تر لەدایک بێ. بۆ ئەوەی بە تەریکی بژی و هەتا هەیە نەوێرێ تێکەڵ خەڵکی بێت!... چ سەیرە! لە دایکم دەڕوانم. دایکم جوانە، نا،... شیرینە. ئەمە چ حەزێکە کە باوکمی وەها شێت کردووە. ئەوسا ئارام ئارام خەریکە لە دونیای ئەشق دەگەم. بیری یەغانەکەی دایکم دەکەومەوە. بێگومان لەوێ لەو یەغانەدا کۆمەڵێک یادگاری ئەو ساڵانەی تیایە. دیارە ناکرێ زۆریش بن، بەڵام بێگومان هەندێ شتی تیایە. ئەوە ساڵانی دوواتر بوو کە زانیم دایکم جل و بەرگی کاتی هەڵاتنەکەی بەو پانتۆڵەوە هەڵیکێشابوو، لەگەڵ هەندێ خرت و پرتی تر لەوێ حەشاری دابوون. دەستماڵێکی سادە، دوو کراسی کرێم و مۆزلین، کەوایەکی قەیفەی رەش، فێست واتە تاسکڵاو بە زیو و زەرد و لاگیرە و کرمەک و گوڵنکەوە، هەروەها موستیلە، حێڵ و مێخەک و ملەلیرەیەکی سادە. وەک بۆ خۆی دەیگوت باوکی ئەگەرچی قەت نەیویست بە شووی بدات، بەڵام ئەمانەی بۆ کڕیبوو، بگرە هەندێکیان لە دایکییەوە پێی درابوو. ئەو ساڵانەی وا

خەونی بە شووکردنەوە بینیبوو و کەچی قەت بەدی نەهاتبوو. بوخچەکەیش هەر لەوێ بوو.

دایکم گوتی رۆڵە دونیا هەزار شتە، باشترە ئەمانەی وا باوکت پێی گوتی بزانی، هەموو کەس دەبێ ئاگاداری رەگ و رەچەڵەکی خۆی بێت. ئەمە دونیایە. تۆ رۆژێک هەر بە تووشیان دەبیتەوە، بەوە نیە سنوورێک لە نێواندایە، ئەمە دەستکردی مرۆڤەکانە نەک خودای گەورە، بۆیە هەر بۆخۆیشی دەزانێ کە رۆژێک لە رۆژان چی لێ بەسەردێنێتەوە. هیچ شتێک وەک خزمایەتی نیە، لەبیرناکرێ، هەمیشە لە خەیاڵیاندای، ئەوانیش هەروەهان.

من دڵنیام کە دوو برا و دوو خوشکەکەم ئیستا لەوێ زۆر یادی باوکم دەکەنەوە. ئەگەرچی ئیستاکە هەموویان گەورەن و رەنگە خاوەن ماڵ و منداڵ و ژیان و کەسابەتی خۆشیان بن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە من چۆن دەتوانم بیانگرمەوە؟ منێک بەم قۆلە و بەم سینییەمەوە. بۆیە ئەو حەزەم وەک خەونێکی دوور هاتەبەرچاو. کاتێک لە ساڵی ١٣٥٤ گوندەکانی ئەودیو سنووریان سووتاند و دووکەڵەکەیان لێرەوە دەبینرا، کاتێک چڕەدووکەڵ بە باڵای گمۆدا هەڵدەگەڕا و لەگەڵ تەمی ئێوارە تێکەڵدەبوو، باوکم و دایکم چەند بە پەرۆشییەوە لە دونیایان دەڕوانی. باوکم کە دەیزانی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان زۆر خراپ لە کێشەکەوە گلاون، دڵخۆش بەوەی کە بیست کیلومەترەکە نەدەگەیشتە ناوچەکەی ئەوان دەیگوت شوکور بۆخوا! هەڵبەت کەسیش بە وردی ئاگای لە هەواڵەکان نەبوو. جاری وابوو باوکم لەبەر خۆیەوە تف و لەعنەتی دەنارد و دەیگوت دەمزانی!

دایکم کە بە جوانی دایک و باوکی خۆی لەبیربوون، هەمیشە دەڵێی پەشیمانبوونەوەیەک لە چاوەکانیدا بوون، ئەو حاڵەتەی کە تەنیا لای من دەینواند.

ئەو کە هەر نەیشیدەزانی دایک و باوکی ماون یان نا، بەردوام دەیگوت چاوم لە ڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورەیە.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو زانیاریەکانی باوکم منی بەتووش کێشەیەکی گەورەوە کرد. ئەویش ئەوەیکە بەڕاستی من کێم؟ من خەڵکی کوێم؟ من خەڵکی ئەم شارە بووم یان هی ئەو دیو سنوور؟ سەیر ئەوە بوو لە دووای گێڕانەوەی ئەم بیرەوەریانە ئەگەرچی من قەت ئەو ڕابردووەم بەچاو نەبینیبوو، کەچی ببوو بە بەشێکی گرینگ لە بوونی من. زۆر جار بە دەم ماجوومی فرۆشتنەوە بیرم لێکردبووەوە. جاری وابوو خۆم وەک غەریب لەم شارەدا و لەناو ئەم خەڵکەدا دەهاتە بەرچاو. من هەڵگری شتێک بووم کەس نەیدەزانی. بەشێک لە من لە شوێنێکی تر بەجێمابوو. لەم کاتانەدا دەمتوانی دۆخی دایک و باوکم بێنمە بەرچاوی خۆم و لێیان تێبگەم. گەر من ئەوەندە هەست بە غەریبی بکەم، ئەی ئەوان چی؟ جارێکیان ویستم لێیان بپرسم کە داخۆ پەشیمان نین، بەڵام نەمپرسی. تازە کە چی! لەو کاتانە گەلێک ساڵ تێپەڕیون و ئیستا ئەوان بەتایبەت بە هۆی ئەوەی لێرە منداڵیان بووە بە جۆرێک بێرەوە گرێدراون. ژیان کاری خۆی دەکا و ناهێڵێ کەس تا سەر لە هیچ شوێنێک غەریب بمێنێتەوە. ڕاتدەهێنێ.

لە ماجوومییەکان ڕادەمێنم. سێ جۆرن: سادە و بە گوێزەوە و بە بایەمەوە. خۆم وەک ئەوەی یەکەمیان و گوێزدارەکە و بایەمدارەکەیش وەک دایکم و باوکم دێنەبەرچاو. بەڵام لە کۆتاییدا هەموومان یەک شتین: ماجوومی. تەریک بە سەر سینییەوە. بڕیاردەدەم گەر گەورەبووم حەتمەن بچم سەردانێکی ئەوێ، واتە ئەودیو بکەم. بڕواناکەم دۆزینەوەی دژواربێت. گەر ژن و پیاوێک ساڵانی ساڵ لەوە پێش پیایا گوزەرابن، ئەی بۆ من نا! با دەستیشم گۆج بێت. لانیکەم خۆ قاچەکانم ساخن. ئەسڵەن ئەم قۆلە گۆجە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت، کەس لێم نەپرسێ. گۆجەکان بێ

ئازارترین بوونەوەرەکانی جیهانن. رەحم و بەزەیی پرسگەکان و تفەنگچییەکانیش دەبزوێنن. ئەها،... رەنگە بتوانم لەوێ خزمەکانیشم فێری ماجوومی دروستکردن بکەم. شتێکی تازە لە ژیانیاندا. ئەوسا هەوڵدەدەم ئەو رۆژە بێنمە بەرچاوی خۆم کە چلۆن لە گوند دەردەکەوم و چلۆن خزمان لێم دەئاڵێن و چۆن چۆنی هەواڵە سەیروسەمەرەکە بە ناو گونددا زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە. ئەو خەڵکەی دێن و لە دەورم کۆدەبنەوە، سڵاوم لێدەکەن و پرسیاری دایکم و باوکم لێدەکەن. منیش چەندە بەسەرهات و چیرۆکم لە دڵدایە کە بۆیانی بگێڕمەوە. دڵم چەندە پڕدەبێ، بە هۆی خۆشییەوە هەر بەو رادەیەیش دەگوشرێ. ئەو دڵەی وەک ئاسنەکانی ناو کوورەکەی وەستا حاجی سوورسوور بووەتەوە. خۆم دێتەبەرچاو لەسەر بانێکی گوند لەبەردەمی ماڵە کۆنەکەی باوکم راوەستاوم و لە دەرودەشت دەڕوانم. ئێوارەیە و مەڕ و ماڵات خەریکن لە گوند نزیک دەکەونەوە. هەتاو لە کەل ئاوابووە. کچێکی نەشمیل لە کۆڵانەکەوە لەگەڵ ئەوەی بە بەرخۆلەکانەوە خەریکە بەردەوام سەری بەرزدەکاتەوە و لە من دەڕوانێ. بە نیگا وریاکانییەوە. بۆی گرینگ نیە من قۆلێکم کورتە. ئەو تەنیا نیگای لەسەر چاوەکانمە. بێگومان بیر لێرە دەکاتەوە، لە بانە، داخۆ چ شوێنێک بێت. لە گۆرانییەکاندا ناوی بانەی بە گوێدا دراوە "سەرەڕێگات لێدەگرم وەک حەمەتاڵێ بانە"، "گووڵی زەردوسووری سلێمان بەگی بانە / بەوێنەت نیە لە رووی جیهانا!" بێگومان بە ناوی حەمەتاڵ تەزووی ترسی بە لەشدا دەگەڕێ و بە ناوی گووڵە زەردوسوورەکانیش جیهانێکی ئەفسووناوی لەبەر چاوەکانیدا خۆی دەخەملێنێ. ئەویش دەیەوێ بچێ بۆ بانە، وەک دایکی من. من و ئەو پێکەوە وەک دایک و باوکی من، لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا کاتێک هەموو خەڵکی گوند خەوتوون و ئەویش ئاشقانە بوخچەیەکی بە شاندا داوە و بە سوار گوێدرێژێکەوە عەوداڵی خەونەکانییەتی. من لێی دەڕوانم. دەمەوێ پێی بڵێم دەستڕاگرێ، ئەمە

خەون نیە، بەڵام دڵم نایەت، پێکەنین و بزەکانی ئەوەندە ئاشقانە و ئەوەندە سادە و ساکارن لێیان دەگەڕێم. ژیان گەر ئەمەی لەگەڵ نەبێ دەبێ بە داکردنی ڕۆژانەی مێگەل،... هەتا ئەبەد. لەناو بۆگەنی شیاکە و میز و ئارەقەیاندا. لەناو چاو و نیگا پڕ لە دڵەڕاوکێکانیاندا. منیش بزەیەکم دێتێ. تەنانەت سەرێکیشی بۆ دادەنەوێنم. ئیشارەت. گەرچی زۆر بە ئاستەم، کەچی ئاشقان باشی دەخوێننەوە. ئەوسا باوەگەورە بە روخسارە نادیارەکەیەوە دەڵێ رۆڵە دڵت ئەو کچەی گرتووە؟ منیش سەردادەخەم و هیچ ناڵێم. دەڵێ بۆتی دێنم، کێ لە تۆ باشتر، کوڕێکی جوان چاک لەو دیوی سنوور لە ئێرانەوە و بەو غیرەتەوە وا کەم کەس هەیەتی. دڵنیابە بۆتی دێنم. ئەوسا مانگ دەردەکەوێ. لێرە لە گوند چەند ئاسان مانگ و ئەستێرە دەردەکەون، رێک وەک دەشتەکەی خۆمان، هەر ئەوەندەی جیاوازە لەوێ گڵۆپەکانی بانەکۆن چاو ئازاردەدەن و دەبێ بچمە بەشی رۆژهەڵاتی خانووەکەمان، رووەوە بابۆس و 'رەشەقەڵات' و 'کەلیخان'. لوتکە کووڕەکەی بابۆس کە وەک تیخ قوت بووەتەوە. من نازانم کچەکە ناوی چییە، بەڵام بێگومان دەبێ خاوەن ناوێکی خۆش بێت، ناوێک وەک شۆخە یان شۆخان، یان رەنگە گەلە "گەلە و گەلە و گەلە پەخ پەخ لەو گەلاوێژە، خوایە لەمنی نەستێنی ئەو بەژن و باڵا بەرزە!" لە باڵای وردەبمەوە، بەرز نیە، بەڵام دەکرێ گۆرانی بێژەکە بیکا بە "ئەو بەژن و باڵا وردە!" من بەختەوەرترین مرۆڤی دونیام کە توانیم ئاوەها ئاسان لە ماجوومفرۆشێکی عەودالّی کۆلانان ببم بە خاوەنی جوانترین کیژی دێی توتمە لە بالیسان.

باوکیشم دەڵێ گەر خوا یار بێت رۆژێک لە رۆژان دیدەت بە بینینی خزمان گەشدەبێتەوە، بەڵام رەنگە،... رەنگە نەک تا ئەو کاتەی ئێمە دەژین! بەڵام شتێک لە

دەروونەوە پێم دەڵێ نا رەنگە وایش نەبێ. حەزدەکەم لەم بارەیەوە زیاتر باوەڕم بە دایکم بێت.

هەڵبەت راوەستن! بۆچی من دەبێ بیانبینمەوە؟ ئەم هەموو ساڵە تێپەڕین و گەلێک ساڵی تریش تێدەپەڕن. تازە من و ئەوان کوجا مەرحەبا! دەزانم بیرەوەرییەکانی دایکم و باوکم لای ئەوان تەواو روو لە کزین. نەسڵی یەکەم لە بیریان دەمێنێ و بۆ ئەوانی تر دەبن بە تارمایی. سێبەرێک وەک سێبەری درەختەکانی دەوروبەری گوند. سێبەرێک بە هۆی هەتاوی پشت هەورەکانەوە. هەزاران و هەزاران درەخت. بۆیە زۆر ئاسان بیرم دەچێتەوە سەر ژیانی رۆژانە. ژیانی رۆژانەیش وەک هەمیشەیە: من و ماجوومی و کۆڵان و جادەکان. هەستدەکەم خۆشیشە. خۆشە چونکە هەموو رۆژێکم لە بەر چاودایە، بگرە پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت و من وەدەرکەوم. ژیان جادەیەکی روون و تەختە و تا ئەوسەری دیارە. ئەگەرچی کۆتایی رێگاکە هێشتا نادیار. دیارە تا لێی نزیکتر بکەویتەوە ئەوێیش زیاتر خۆی دەخەملێنێ: وەرەن بۆ ماجوومی،... وەرن! بە کاکڵ و بە بایەم و شیرین،... مەززەدار،... دەی وەرن!

هەندێ لە مشتەرییەکان پووڵی زیاتریشم دەدەنێ! کە باقیان دەدەمەوە یان دەڕۆن یان دەڵێن هەڵیگرە. منیش مەمنوونم. ژیان خراپ نیە. وەک هەمیشە دەگوزەرێ، چ بە خەیاڵەوە و چ بە عانەی زیاتر و کەمترەوە. لەم رۆژانەدا کراسێکم لە چەرچییەک بۆ دایکم کڕی و پشتێنێکی پیاوانەیشم بۆ باوکم. دایکم وەک نوشتە و تەبەڕوک کراسەکەی بە سەروچاوی خۆیدا هێنا و باوکیشم بەچاوێکی پڕ لە موحیبەتەوە لێمی رووانی. هەستمکرد چەپەرەکەی دەوری خانووەکەمان قایمترە لە جاران. ئەوەندە قایم چیتر پێویستی نەدەکرد باوکم میلە ئاسنییە ژەنگاوییەکان ئەم لاولا پێ بکا.

(١٤)

ئیستا له گه‌ڵ بێزاد ئه‌وه‌نده نزیک ببوومه‌وه که خۆم وه‌ک هاوڕێی ببینم، هه‌رچه‌ند جیاوازیی ته‌مه‌ن و جیاوازیی ژیانمان و هه‌روه‌ها راده‌ی وشیاریمان پێی ده‌گوتم من شتێکم و ئه‌ویش شتێکی تر. به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ی له ته‌نیشتیدا له چایخانه‌که دانیشتبووم و ئه‌وه‌نده به‌ده‌م رێگای ماڵی به‌کره‌ی زێڕنگه‌ره‌وه له‌گه‌ڵیا رۆیشتبووم و قسه‌م کردبوو که ئیتر یه‌کجار خۆم راحه‌ت له‌گه‌ڵیا ده‌بینی. ئه‌ویش رۆژبه‌ڕۆژ زیاتر ده‌رگاکه‌ی به‌ڕووی مندا ده‌کرده‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئاگای له‌وه بوو من منم و ئه‌ویش ئه‌و و ئیتر سنووره‌کان نه‌سڕێنه‌وه. له ته‌مه‌نی مندا مرۆڤ زۆر ئاسان تخوبه‌کان له‌بیرده‌کا. چه‌نده حه‌زم ده‌کرد نه جیاوازییه‌ک له رووی ته‌مه‌نه‌وه له ناوماندا هه‌بوایه و نه له رووی زانیارییه‌وه. باشه ئه‌و ئه‌و هه‌موو شته‌ی له کوێ ده‌زانی! له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ده‌مزانی هۆکاره‌که‌ی کتێبه، به‌ڵام شتێک له ده‌روونه‌وه پێی ده‌گوتم ته‌نیا کتێب نیه و بێزاد له راستیدا که‌سێکی تایبه‌ت و شازه. من که ئه‌و هه‌موو کۆڵان و جاده‌م کردبوو، من که ئه‌و هه‌موو گه‌ڕه‌که‌م کردبوو و له هه‌ر دوو گاراژه‌که‌ی شار راوه‌ستابووم و خه‌ڵکی جۆراوجۆری شارانم بینیبوو، به‌تووش جۆری بێزاده‌وه قه‌ت نه‌ببووم. خه‌ڵک هه‌موویان به ژیانی رۆژانه‌وه سه‌رقاڵ بوون و له‌سه‌ر شته بچووکه‌کانی ژیانی رۆژانه زۆر ئاسان به گژ یه‌کتردا ده‌چوونه‌وه و به‌تووش

کێشەوە دەبوون، کەچی بێزاد هەر دەڵێی ئاگایشی لەم شتانە نەبوو. خەیاڵی ئەو لە شوێنێکی تر بوو. ئەو وەک وەستا حاجی میهرەبان بوو هەرچەند ئەم میهرەبانییەی وەک حاجی پیشان نەدەدا. وەستا حاجی رۆژ تا ئێواریّ لە ئاسنگەرییەکەی کەوتبوو و ئارەقی دەڕشت، بەڵام بێزاد بەو چاویلکە و بەو دەستە سپی و نەرمانەیەوە، بەو قژە تەنک و کاڵەیەوە بڕواناکەم یەک دەققەیش لە ژیانیدا ئارەقی رشتبیّ. پێوەندیگرتن لە گەڵ بێزاد ئەوەندە ئاسان نەبوو، وەک دەرگایەکی داخراو دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە راستیدا وەها نەبوو. کە دەتناسی ئەوجا دەتزانی چەندە لەگەڵ رواڵەتی رووکەشیانەی جیاوازبوو. وەک بڵێی هاوکات دوو کەس بوو. هەڵبەت نەک لە مانایەکی نەگونجاودا. بەڕای من دوو کەس بوو لەبەر ئەوەی بیری یەکجار مەشغوڵ بوو. دیارە ئەم نزیکبوونەوەیەیش لێیّ ئاسان نەبوو. پێموابیّ من بەختم هەبوو کە رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان رێگام لە لەگەڵ رێگای ببووە یەک و ئیتر ئەو دەرفەتە رەخسابوو لەگەڵیا بدوێم.

هاوڕێکانیشی کوڕی چاک بوون. بیّ ئازار و ئارام. سەریان بە کاری خۆیانەوە بوو، هەرچەند من نەمدەزانی ئەم کارە چییە. من تەنانەت جارێک لە جارانیش لە بێزادم نەپرسی بە چ کارێکەوە مەشغوڵە. بە پێویستم نەدەزانی. یان رەنگە باشتر وایە بڵێم جورئەتی ئەوەم نەبوو. هەستم دەکرد ئەمە دەبێتە هۆکاری تێکچوونی پێوەندییەکەمان. دەمزانی بەم پرسیارە یەکجار زۆری لیّ دەچمە پێشەوە و ئەمە بۆ من کە بەڕاستی پێویستم بەو بوو، باش نەبوو. من نەمدەویست دڵ و سەرنجی بێزاد لە خۆم بە هیچ کلۆجیک دووربخەمەوە. من ئیستا زیاتر لە هەر کەسێکی تر پێویستم بەو بوو. ئەو جارانەی کە بەدەم گفتوگۆوە کتوپڕ لایدەکردەوە و بە نیگایەکی پڕ لە میهرەبانی و بە بزەوە لێمی دەڕوانی، دەڵێی هەموو دونیایان دەدا بە من! ئای چەندە ئەم پیاوە شیرین و لەبەر دڵان بوو.

جارێکیان باسی ئەو ڕۆژەم کرد کە چەقۆکەم بردەوە بۆ ماڵی فەقێ ئەحمەد و بەسەرهاتەکانی دوواتری، هەتا نیگاکانی پرشنگ. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم ئەم جۆرە چیرۆکانە جێگای سەرنجی تایبەتی ئەون. بێزاد بێدەنگ بوو. ئەوسا ڕاوەستا و ورد لێمی ڕووانی. دیسان ملی ڕێگای گرتەوەبەر. بێدەنگییەکە درێژەی کێشا. ئەوجا گوتی:

ـ بەسەرهاتێکی دڵتەزێنە! بیستوومە و لەبیرمە. هەڵبەت ئەو ڕۆژە لەوێ نەبووم. پێم وابێ هەر لێرەیش لەم شارە نەبووم. باشە زۆر بیری لێ دەکەیتەوە؟

ـ ئا،... نەک زۆر، بەڵام جاروبارە دەچمەوە سەری.

ـ بێ ئەقڵی و نەخوێندەواری، وڵاتێک خوێندەواری تیانەبێ و پیاوسالارانە بێت لەمە باشتر نابێ.

من کە لە نەخوێندەوارییەکە دەگەیشتم، بەڵام لە وشەکەی تر یەعنی پیاو... چی لەبیرم چووەوە ئەرێ لەو وشەیەی تر نەدەگەیشتم لام کردەوە، سینییەکەم دایە دەستەکەی ترم و لە بێزادم ڕووانی. بێزاد تێگەیشت:

ـ پیاوسالاری، ئا، وتم پیاوسالاری. مەبەستم ئەوەیە کە تەنیا پیاوان بڕیارئەدەن و ئەوان قودرەتیان لایە و پێیان وایە هەر ئەوانن دەبێ ئەقڵی کولل بن و لەسەر هەموو شتێ کوێخایەتی بکەن،... ژنەکانیش تەنیا گوێڕایەڵیان بن. خۆ تێدەگەی!

من ڕەحیمی میکانیکم هاتەبەرچاو.

ـ ڕاستی چەند کەلاس سەوادت هەیە؟

بەشەرمەوە گوتم:

ـ سێ.

ـ بۆ وازت هێنا؟

ـ باوکم گوتی ئیتر بەسە پێویستت نیە، هەر ئەوەندە دەتوانی بخوێنیتەوە و بنووسی بەسە!

ـ قسەی قۆڕ و لابەلا! باشە ئەخوێنیتەوە؟

ـ نا، یەعنی چۆن؟ ئەها... نەک زۆر،... گەر مەبەستت رۆژنامەکان،... یەعنی لێرەو لەوێ شت دەبینم،... هەر ئەوەندە.

ـ خوێندنەوە گەر نەخوێنیتەوە لەبیر ئەچێتەوە، لانیکەم زۆر لاوازئەبێ، حەزئەکەی بخوێنیتەوە؟

خۆشییەک لەدەروونمدا گەڕا.

ـ ئەی بۆ نا،... زۆریش.

ـ کتێبێکم هەیە ئەتدەمێ، بیخوێنەوە، هەڵبەت رەنگە کەمێک بۆت زەحمەت بێت، بەڵام بیخوێنەوە، منیش یارمەتیت ئەدەم، بپرسە، هەرچیت نەزانی بپرسە.

ئەوسا بزەیەکی هاتێ:

ـ راستییەکەی کاتێک تۆ و خانووەکەتانم بۆ یەکەم جار بینی، بیری ئەو کتێبە کەوتمەوە.

کتێبەکە ناوی 'کەچەڵی کۆترباز' بوو. لە نووسینی پیاوێکی سمێڵ رەشی چاویلکە لەچاوی لێوبەبزە بە ناوی 'سەمەد بێهرەنگی'. خوێندنەوەی یەکجار زەحمەت بوو، بەڵام دەستم پێکرد و درێژەم دا. وشەکانم دەپرسی و بۆ ئەوەی رووداوەکانیش وننەکەم، رێک تا ئەو جێگایەی خوێندبوومەوە بۆ بێزادم دەگێڕایەوە، ئەویش بۆی راستدەکردمەوە. سەرئەنجام لە دووای دە رۆژ توانیم کتێبەکە بخوێنمەوەو لێی تێبگەم. شەوانە تا درەنگان دادەنیشتم. دایکم بە سەرسووڕمانەوە لێمی دەڕوانی و دەیگوت رۆڵە مەگەر مەکتەب تەواو نەبوو؟ منیش دەمگوت دایە گیان ئەمە کتێبی مەدرەسە نیە، ئەمە کتێبی خوێندنەوەیە!

بێزاد راستی دەکرد خانووەکەی ئێمە و ژیانی منیش لە چیرۆکەکەی دەکرد. یەعنی بەجۆرێک لە جۆرەکان دەچوونەوە سەر یەک. وەک دوو رێگای بەهەڵکەوت. لە کتێبەکەی پیاوە چاویلکە لەچاوەکەدا خانوویەکی قوڕینە بەرامبەر قەسرێک بە کوڕێکی رەنگە لە تەمەنی مندا لەگەڵ دایکە پیرەکەی. لەم سەریشەوە من. هەڵبەت دایکی من پیرنەبوو، بەڵام من تاقانە بووم و خانووەکەیشمان بەرامبەر بە ساختمانە یەکجار گەورە و جوانەکەی بەکرەی زێڕنگەر بوو. دیارە من باوکیشم هەبوو. دڵم داخورپا. بەم هەڵسەنگاندنە هەستم بە جیاوازیی یەکجار زیاتری نێوان خۆمان و ماڵی بەکرە کرد. وەک بڵێی چاڵێکی یەکجار گەورە کتوپڕ لە بەردەممدا دەمی کردبێتەوە. چەند ترسناک و لە هەمان کاتدا چەند خەمهێنەر بوو. دڵم وەک چەرمی بەر هەتاو وشک بووەوە و خۆی کۆکردەوە. بێزاد گوتی:

ـ رات چییە؟

ئەم پرسیارە چەند خۆش بوو. چەند جار لە گوێمدا دەنگی دایەوە. بۆ یەکەم جار هەستێکی یەکجار خۆش و دەگمەن لە دەروونمدا گەڕا. هەستێک جیاواز لە هەموو ئەوانی تر. هەستم بە هەموو جەستە و بوونی خۆم کرد. وەک بڵێی منیش هەم سەرەڕای ئەوەی قۆلێکم گۆجە و رۆژ تا ئێوارە کۆڵانەو کۆڵان دەکەم. هەبوونێک وەک هەبوونی ئەوان، هەبوونی وەک بێزاد و هاورێکانی.

ـ باشە دەکرێ مرۆڤ لەبەرچاو ون ببێ؟ کەچەڵی کۆترباز کڵاوەکە لەسەر دەکا و وندەبێ.

ـ خۆ ئەزانی کڵاوەکە جادووییە و کۆترەکان لە شوێنێکی نادیارەوە بۆیان هێناوە؟

ـ دەزانم،... پاشان پارەدزین لە دەوڵەمەندەکان و دابەشکردنیان بەسەر ماڵە هەژارەکاندا... جۆرەیەکە.

ـ دەتوانی کەمێک زیاتر شی بکەیتەوە؟

ـ وەک ئەوە وایە من ڕۆژێک بەسەر حەساری ماڵی خوشکتدا بازبدەم و بچم دزییان لێبکەم!

بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ بۆ نا!

ـ بۆ نا؟ مەگەر شتی وا دەبێ؟

ـ ئەی بۆ نابێ، بەڵام لەبیرت نەچی کە ئەم کتێبە پێش لەهەر شتێک مەبەستی ئەوەیە خەڵکی هەژار هەیە لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند هەیە. کاتێک پووڵ و سەروەت لە شوێنێک کۆبووەوە ئەوا لەو بەریەوە نەبوونی کەڵەکە ئەبێ.

من کە شەرمێک دایگرتبووم و لام وابوو دیسان هەڵەم کردووە، بێدەنگ بووم. گوتی:

ـ بەڵام لانیکەم کەچەڵ لە شتێکدا حەقی هەیە، ئەویش ئەوەیکە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان ئەبێ ئەو سەروەتەی لە شوێنێک لە لای دەوڵەمەندەکان کەڵەکە بووە بستێندرێتەوە. ئەمەیش بە زۆر ئەکرێ نەک بە خۆشی. لە ڕاستیدا مەبەستی نووسەر ئەمەییە!

لە کتێبەکەدا ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام ئەشق و خۆشەویستیی نێوان کچە پاشا و کۆتربازەکە بوو. لام سەیربوو کچە پاشا ئاشقی وەها کەسێک بێت، بەڵام لە سەرێکی ترەوە بە هۆی ژیانکردن لەم دەشتەدا و بە هۆی دیتنی خاتوونی زێڕنگەر لە بێتاقەتیی ژنەکان دەگەیشتم. بگرە بیری خۆیشم کەوتمەوە، بیری ئەو ڕۆژانەی بەم دەرودەشتەدا دەسووڕامەوە و کایەم بە هەرچی زیندەوەر کە دەستم بکەوتایە، دەکرد. دەکرێ بێتاقەتی سەرچاوەی زۆر شت بێت، هەر لە گریانەکانی دایکمەوە بگرە هەتا ئەو ساتانەی خاتوونی زێڕنگەر بە سەعات لە پشت چەپەرەکەی ماڵی ئێمە ڕادەوەستا و سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵتوون و زیوەی بە خۆیا هەڵیواسیبوو و ئەو هەموو ئەنگوستیلە و بازنەیەی بە مەچەکییەوە بوون لە گەڵ کەسێکی وەک

دایکم کە یەکجار لەو دووربوو، بدوێ و ماندوونەبێ. بێتاقەتی زۆر ئاسان دەکرا بەتووشمانەوە بێت. تەنانەت سەرەڕای ماندوویی ژیانی رۆژانەیشمان. هەمیشە لە شوێنێکی نادیار خۆی حەشاردابوو، وەک بڵێی لەژێر کڵاوە جادووییەکەی کەچەڵی کۆتربازیش خۆی حەشاردابوو و هەر بیویستایە بێ ئەوەی تۆ ببینی و بە خۆت بزانی نقورچێکی لێدەگرتی. وەها کە هەتا درەنگانێ هەم بە ئازارەکەی بتلێیتەوە و هەم بیر لەوە بکەیتەوە کە "ئەوە کێ بوو؟"

ژیانێکیش کە تیایا بزن و کۆترەکان بێنە یارمەتیت، چەندە ژیانێکی ئەفسانەییشە. من سەیری مانگاکەی خۆمان دەکەم. بە چاوەکانیا و بە جەستەی زل و تەمبەڵیدا دەزانم شتی وەک بزنەکەی کەچەڵی کۆتربازی لەدەست نایەت. لە شیاکە ئەو گوللانە دروست نابن وا بزنەکە دەیکردن بۆ کۆترەکان بۆ ئەوەی سوپای پاشای پێ تەفروتونا کەن. بۆیە لام وایە هەندێ شت لە دونیادا شانس و بەختە. دەبێ بە تووشیانەوە بیت.

بە بێزاد دەڵێم:

ـ کەسی وا هەیە بە شەوانە رێبکەوێ و لە ژێر کڵاوێکی جادووییدا لە کاتێکا لەچاوان ونە، پووڵ بە ماڵاندا دابەش بکا؟

ـ ئەی بۆ نا! بەڵام رەنگە پێویست نەکا خۆی لە ژێر کڵاوێکی جادووییدا بشارێتەوە. دەزانی بێزار گیان، تۆ ئەبێ لەوەیش بگەی کە ئەوە چیرۆکە تۆ خوێندوودەتەوە! تێدەگەی چیرۆک،... لە چیرۆکیشدا هەموو شتێک دەشێ!

بەم شێوەیە زۆر شەو من بەو تەمایە بووم بۆ سبەی باوکم یان دایکم بێنە ژوورەوە و لە کاتێکدا کۆمەڵێک پارەیان بە دەستەوەیە، بەسەرسووڕمانەوە هاواربکەن و بڵێن سەیر، سەیربکەن، ئەو موعجیزەیە! موعجیزەیەک کە قەت رووینەدا هەتا ئەو رۆژەی بێزاد کاتێک خەڵکی رژانە خیابانەوە و دروشمیان دا و داوای رووخانی

حکومەتیان کرد وشەکە جارێکی تر لە زاری بێزادەوە هاتەدەر و گەیشتەوە گوێم. مەبەستم وشەی موعجیزەیە. راستییەکەی ئەوە بوو من لە بێزاد نەدەگەیشتم. ئەو بۆ من دونیایەکی ئاڵۆز بوو کە نەمدەتوانی سەرەداوی رووداوەکانی بهێنمەوە یەک. لە هەندێکیان دەگەیشتم و لە زۆربەیان نا. ئەو بەتەمای چی بوو؟ خەونی بە چ دونیایەکەوە دەبینی؟ لەسەر ئەو باڵکۆنە و لە دەوری مێزی چایخانەکە بە شوێن چییەوە بوو؟ ئەو هەموو وزە و هەڵچوون و بێ ئۆقرەییە لە کوێوە دەهات؟

جارێکیان لە چایخانەکە باسی زیندانەکەی تەنیشت سینەماکەی کرد، بە ئەسپایی لە کاتێکدا سەیری دەورووبەری کرد، گوتی:

ـ شەرمە،... شەرمەزارییە زیندان هەبێ و ئینسانەکان بەو تاوانانەی تاوانباربکەن کە هی کەسانی ترن. وەرە بۆ خۆت بەو سیستمەی دروستت کردووە سەرچاوەی نەهامەتی و بەدبەختی خەڵکی بیت و کەچی ئەوجا خودی ئەو خەڵکە پاڵ پێوە بنێی و لە کونجی زیندانیان خنی! نا، ناکرێ ئاوا بەردەوام بێت. جگە لەمە سەیرکەن رێک لە تەنیشت زیندانەکەیا سینەمایەکیان داناوە بۆ خافڵاندنی خەڵکی، بەو فیلمە قۆڕانەوە نیشانی ئەدەن، بۆ ئەوەی خەڵکی گەمژە باربێنن، بۆ ئەوەی نەزانن رێک لە کۆڵانەکەی تەنیشتیانا چی ئەگوزەرێ. لەم لا قن بائەدەن و لەو لا کابرا لە خەفەت و عەزرەتی خۆی نازانێ سەر بە کامە دیواری دونیایا بکوتێ!

کاتیک بێزاد ئەم قسانەی دەکرد، خۆشحاڵ دەبووم کە نەمدەتوانی بچم بۆ سینەما. کەواتە سینەما شوێنێکی خراپ بوو. من خۆبەخۆ بە هۆی شێوەی ژیانم رووم لە شوێنێک نەدەکرد کە لە راستیدا نەدبوایە بمکردایە. کەواتە ژیانی من هەمووی خراپ نەبوو، شتی باشەیشی تیابوو. من بەو چاوانەمەوە وا دەدرەوشانەوە زیاتر ملم دەکێشا بۆ ئەوەی هیچ وشەیەک لەدەست نەدەم. هەستم دەکرد ماوەیەکە باشتر لە بێزاد و هاوڕێکانی دەگەم. دونیا لەبەر چاوەکانمدا دەکرایەوە. زۆر جار کاتێک

بەیانیان لەخەو هەڵدەستام و بە سینی ماجوومی بەسەر شانمەوە بەرەو بانەکۆن ڕێدەکەوتم ئیتر تەنیا بیرم لە تەپۆڵکەکەی بانەکۆن و ئەودیویم نەدەکردەوە. خەیاڵی من واوەتر دەفڕی. هەتا ئەو شوێنەی هەتاو ئێوارەیان لێیەوە دادەچوو. بێزاد جیهانی منی فراوانتر کردبووەوە. ئەگەرچی نەمدەزانی کە سەرئەنجامی ئەم فراوانییە چیدەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ هەر خۆش بوو. من بە جەستە هەر ئەوەی جاران بووم، واتە من و کۆڵان و شەقام؛ بەڵام بەخەیاڵ یەکجار واوەتر بووم. لەگەڵ کشانی باڵام، ڕۆحیشم دەکشا. ئەو ڕۆژانەی بەکر لە ماڵەوە بوو و بێزاد نەدەهات، چەندە وەڕەزیان دەکردم. لە دوورەوە سەیری شوێنەکەیم دەکرد. زۆر جار هەستم دەکرد لەوێیە. وەک بڵێی دیوارەکە بەوەوە نەقشی گرتبوو. بەڵام کە بیری دزیی ناو کتێبەکە دەکەوتمەوە دەلەرزیم. بێزاد بەتەمای چی بوو؟

دایکم جارێکیان کاتێک شەو لە ماڵەوە دانیشتین باسی خاتوونی کرد کە چۆن باسی براکەی کردووە. خاتوون بە دڵپەرۆشییەوە لەسەری دووابوو. گوتبووی هەتا بڵێی کوڕی چاکە، نە بەرۆک بەکەس دەگرێ، نە زمان پیسە و نە شەڕانی، گوتبووی لە شاران دەرسی خوێندووە و باوکی کە قەسابە هەموو خەرجی خوێندنەکەی دابینکردووە، گوتبووی خۆیشی دەستی پێوەیەتی. ئیستایش کە گەڕاوەتەوە لەبەر ئەوەی وەختی خۆی کاتێک لە زانکۆ بووە گیراوە ئیستا ئیتر کاری دەوڵەتی نادەنێ و بێکار ماوەتەوە. گوتبووی هەمیشە لە ماڵەوەیە یان جاروبارە دەچێ و لە دووکان یارمەتی باوکی دەدا، بەڵام باوکی حەزناکا کوڕە خوێندەوارەکەی بە قەسابییەوە سەرقاڵ بێ و بۆیە ناهێڵێ بچێ بۆ دووکان. دەیگوت بێزاد بەردەوام سەری لە سەر کتێبە و قەت لێیان ماندوونابێ. بەڵام باوکی و ئەوان هەمیشە لە دڵەڕاوکێدان کە بەڵایەک بەسەر خۆیدا بێنێ. دەیگوت هەرچیش دەکەن کە ژنی بۆ بێنن نایەوێ کە نایەوێ. ئای کە چەندە کچانیش دڵیان پێیەوەیە، بەڵام مەگەر ئەو دەرفەت دەدا!

دەیگوت خەڵکی بە سەری سوێنددەخۆن، هەموو کەس حەزدەکا کوڕی ئاوەهای هەبێ، زاوای ئاوەهای هەبێ، بەڵام بڵێین چی کە ئاوایە،... بڵێین چی.

من ئەو شەوە باسم نەکرد بێزاد دەناسم و لە گەڵیا پێوەندیم خۆشە. یەعنی بە بیستنی ئەم قسانە نەدەبوو باسی بکەم. دایکم گوتی بەس نیە باوکی وەزعی باشە و ئیتر کوڕەکەی مل کەجی کەس نیە. باوکم گوتی رەوفی قەساب باش دەناسێ و پیاوێکی بێوەی و کاسبە. گوتی بۆ گۆشتکڕین هەمیشە روو لەو دەکا. گوتی پیاوێکی عادڵە و هەمیشە گۆشتی باش دەدا بە مشتەرییەکانی و جیاوازی ناخاتە ناویانەوە. بگرە ئاگایشی لەوە.

بەو ناونیشانە باوکم دای، زانیم کێیە. دووکانەکەی لە گەڕەکی بیمارستان بوو. پیاوێکی ورگ زل کە هەمیشە بەرەڵبێنەیەکی بەبەرەوە بوو و بە دەنگی بەرز وەڵامی مشتەرییەکانی دەدایەوە. بە چەقۆیەکی گەورە بە دەستییەوە. بەو قولاپە زل و بچووکانەوە بە سەقف و بە دیواری دووکانەکەیەوە بەربوونەوە و بەو گۆشتانەوەی پیایانا بێڕەحمانە هەڵواسرابوون. بە تەنەکە و پووتە پڕ لە ئێسک و پێست و خوێنەکانەوە لەبەر دەمیدا و لە گۆشەو کەناری دووکانەکەیدا. من زۆر جار لەوێ راوەستابووم و لێم رووانیبوو. لەگەڵ ئەوەی زۆرجار تامەزرۆی خواردنی گۆشتم کردبوو کە لە کەبابخانەکانی شار بۆنە سیحراوییەکەی بەناو شاردا بڵاودەبووەوە، بەڵام هاوکات چەند ترسناکیش دەهاتە بەرچاوم.

جەستە هەڵواسراوەکانی مەڕ و بزن و مانگا دەڵێم. ئەوانەی دووا ئەرکیان گوزەر لە جەستەی ئێمەومانانەوە بوو.

(١٥)

ماوەیەک بوو پشتی باوکم خراپتر ببوو، بەڵام پشتێنەکەی توووند تووند دەبەست و سەر رێگا دەکەوت و دەچووەوە بۆ دووکانەکەی وەستاحاجی. وەستاحاجییش دەیزانی وەزع و حاڵی چۆنە و بۆیە تا دەیتوانی ئەرکە سووکەکانی دەدایە. باوکم وەک بڵێی هیچ نەبووە، بە بێدەنگی و بە بێ ئەوەی گلەیی بکا بەقسەی دەکرد و هەوڵیشیدەدا بەجوانترین شێوەی مومکین ئەرکەکەی راپەڕێنێ. دەبێ بڵێم کە بەڕاستی لەچاو جارانیش باشتر داس و مەڵەخان و چەقۆ و تەورەکانی تیژ دەکرد و بەدەست و بردتر ئاگری ناو کوورەکەی بەیەکدادەدا و دەیبوژاندەوە. پزیسکەکان لە کوورەوە دەهاتنە دەرەوە و بە چواردەوردا پەرتەوازەدەبوون. بۆنی خەڵووزی بەرد، دووکەڵ و ئاسنی سوورەوەبوو لە خشت خشتی دیوارەکانیشدا هێلانەی کردبوو.

وەستاحاجی لەدووای ئەوەی دووا تەوراسی خستە ناو ئاوەکەوە بۆ ئەوەی ئاوییدا و قایمتر بێت لەوەی کە هەیە، رووی لە باوکم کرد و گوتی سەید لات وانیە کاتی ئەوە هاتووە ژن بۆ کوڕەکەت بێنی؟ باوکم بە سەرسوڕمانەوە لای کردەوە و لە حاجی رووانی. دەنگی وەبەریەککەوتنی سەنگ و مەڵەخانەکە هەندێ لە وشەکانی شاردەوە. بۆیە دەستی راگرت بۆ ئەوەی باشتر پێوەندیی نێوان ئەو وشەیەی وا بیستبووی، واتە کوڕ و ژن، بدۆزێتەوە. وەستاحاجی قسەکەی دووپاتکردەوە. باوکم

کەمێک راما، ئەوسا گوتی تا قەدەر چی بێت. وەستاحاجی درێژەی بە قسەکانی دایەوە و گوتی ماشاڵڵا بێزار ئیتر گەورە بووە و ئەهلی کاسبییە و کوڕێکی باش و زیرەکە و سەری بە هیچی ترەوە ناخورێ و وا باشە لەم دەورەو زەمانەیدا کە شار هەتا دێ گەورەتردەبێ و مەخلوقیش زۆرتر، زیاتر بە ژیانی خۆیەوە مەشغوڵ بێت. باوکم دیسان ئەو وەڵامەی وا پێویست بوو نەیدایەوە. وەک بڵێی شتێک ئازاری دەدا. حاجی گوتی دەڵێی چی؟ باوکم کەمێکی تر خۆی بە کارەکەیەوە خەریک کرد و ئەوسا وازی لێ هێنا و هات لە سەر کورسییە چڵکنەکە لە کاتێکدا دەستی بە دیوارەکەوە رادەگرت، دانیشت. گوتی حاجی گیان ئەمە ئارەزووی هەموو دایک و باوکێکە منداڵەکەیان سەروسامان بگرن و بەتووش کوڕ یاخود کچێکی باش و خانەدانەوە بن، بەڵام حاجی گیان تۆ باشتر حاڵ و وەزعی من دەبینی، کێ کچ دەدا بە کەسی وەک ئێمە و بە کوڕێکی وەک بێزار با هەزار ئەوەندە کوڕی چاک بێت و کاسبیش بێت. ئێمە لەم شارە کێ دەناسین، خۆ ناشوکری نەبێ جەنابیشت کچی عەزەبت لە ماڵا نەماوە تا رووت تێکەین و کوڕەکە بە نۆکری خۆت وەربگری و دەستەکانت ماچکا. نا حاجی گیان، پێت وایە بۆ خۆم و هەروەها دایکی بیرمان لەمە نەکردووەتەوە! بێگومان. ئاگام لێیە گەورەبووە و هەڵکشاوە و چیتر روخساری منداڵکارانەی ساڵانی نەماوە. حاجی گوتی ئەم قسە بێ سەرەوبەرانە چییە دەیانکەی سەید! مەگەر بەڵێنە ئەوەی غەریب بێ هەتا هەیە هەر بە غەریبی بژی و بە غەریبیش سەر بنێتەوە؟ جگە لەمە تۆ خەتای خۆتە، گەر هەر لە سەرەتاوە بە قسەی منت بکردایە و بهاتیتایە ناو شار و لێرە ماڵێکت بۆ خۆت جۆر کردایە ئێستاکە خاوەنی یەک دونیا دۆست و ئاشنا و خزم و کەس و کاریش دەبووی، کەس نازانێ بۆ ئاوا رووت لەو دەشت و دەرە کردووە، مەگەر لات وایە هەر تۆ غەریبی؟ هەر لەو شارەی تۆوە لە سەردەشت من زۆر کەس دەناسم لێرەن و لە ناو خەڵکیدان و

کێشە و گرفتیشیان نیە، تۆ بۆ خۆت مەگەر حاجی قاسم ناناسی؟ مەگەر خولەی حەماڵ ناناسی؟ مەگەر... .

باوکم کە هەمیشە خۆی لەو ناوانە دەدزییەوە و چاکیشی دەناسین، هیچی نەگوت. باوکم بگرە سەردانی گەڕەکی خواروویشی نەدەکرد چونکە ئەمانە و گەلێک کەسی تر لە سەردەشت و دەوروووبەری ئەو شارە لەوێ دەژیان و رەنگە گەر لە گەڵیان بکەوتایە قسەکردن پەتەکەی سەر ئاو کەوتایە و بیانزانیایە خەڵکی ئەوێ نیە و درۆدەکا. ئەوجا گوتی حاجی گیان خۆ هەر ئەمە نیە، مەگەر ئاگات لە قۆلە گۆجەکەی نیە؟ خۆ خودای خاوەن بەزەیی کە بە قوربانی بم و کفر نەبێت بەشی ئێمە کرد بەمە و ئەو تاقە منداڵەیشی کە دامێ ئاوا دەرچوو، خودایە شوکرت! جا وەستا گیان چ کچێک شوو بە کوڕی من دەکا، کێ کچ بەوەها کەسێک دەدا؟ حاجی کە بەدەگمەن تووڕە دەبوو، کەمێک دەنگی بەرزکردەوە و گوتی ئەو قسانە چییە دەیانکەی سەید، خوا کە دەمی دا نانیش دەدا، خوای گەورە هیچ مەخلوقێکی خۆی بێ رۆزی ناهێڵێتەوە. جگە لەمە مەگەر کوڕی تۆ چاکەی کەمە تا نەتوانێ خراپەی داپۆشێ؟ تازە ئەگەر قۆلەکەیشی بە خراپە لێک بدەینەوە کە شتی وانابێ. مەگەر گوناهی تۆیە وای لێهاتووە؟ رەزای خوا لەسەر ئەمە بووە و تەواو، بۆیە نابێ ناشوکربین، تەنیا دەبێ وەک دوو پسوڵمانی چاک و خواترس بیر لە وەزعەکە بکەینەوەو بە ماڵ و حاڵی خۆی بگەیەنین. باوکم کە لە دڵییەوە بەم قسانە دەگەشایەوە و کەمکەم بە روخساریشیەوە دەردەکەوت، قەت باوەڕی نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان ئاوا و بەم چەشنە وەستاکارەکەی بە پیر کێشەکەیەوە بچێ و تازە بەو خوێن گەرمییەوە باسی لێبکا. بگرە وەک بڵێی باوکم وەهایش جوابی دەدایەوە بۆ ئەوە بزانێ حاجی تا چەندە لە سەر قسەکانی سوورە و تەنیا قسەی لابەلا و رۆژانەی سەر کار و بە دەم کوتانی ئاسنی سوورەوەکراوەوە نین. باوکم هەروا بە بێدەنگی

دانیشتبوو که حاجی ناردی چایی بێنن و ئەوسا گوتی گەر کارەکە بدەیتە دەست من و رەزایەتت لەسەر بێ من ژنی بۆ دێنم. باوکم گوتی ئەو قسانە چییە حاجی گیان، کوڕ کوڕی خۆتە و ملمان لە موو باریکتر لە حەنای جەنابتدا.
قسەکان لێرەدا کۆتاییان پێهات. لەو کاتەدا شاگردەکانی تر بۆ کاری تەهارەت روویانکردە مزگەوتی سەیی، حاجی فورسەتەکەی قۆستەوە و گوتی با یەک شتت پێ بڵێم سەید، لات وانەبێ ئێمە گێلین و هیچ نازانین! پێت وانەبێ نازانین خەڵکی کوێی و لە کوێوە هاتووی! باوکم تف لە دەمیدا وشک بوو. حاجی گوتی منیش بۆخۆم بە رەچەڵەک پێنجوێنیم، شاردنەوەی ناوێ، دیارە دۆخی تۆ فەرق دەکا و تۆ لە منداڵییەوە لێرە نیت. باوکم کە تیایا مابووەوە حاجی بە چی ئەمەی زانیبوو، دەستبەجێ چووە سەر لەهجەی قسەکردنی. سەر وشە عەرەبییەکان. دیارە لەمێژبوو لەبیر خۆی بردبوونەوە و کاتی خۆیشی وای باسکردبوو کە بە هۆی قاچاخی و هاتووچۆی ئەو دیوەوە ئەم کەلیمانە فێرببوو، بەڵام وادیارە حاجی لەوە زیرەکتر بوو باوەڕ بەم قسانە بێنێ. وەستاحاجی گوتی تێتدەگەم! زەمانەیەکی خراپە، بەڵام حەتمەن ئاگاداری کە خەڵکێکی زۆری ئەو دیو روویان لێرە کردووە. خۆدەزانی کوردەکان لێیان قەوماوە و دەوڵەتی عێراق شکاندوونی و ئیستا پەڕیوەی ئێران بوون. باوکم کە ئەمەی بە باشی دەزانی و ماوەیەک بوو لێرە و لەوێ لە بازار بە تووشیانەوە دەبوو، هەوڵیدەدا هەتا بتوانێ لێیان دووری بکا. دەترسا نەکا رۆژێک لە رۆژان کەسێکی ناوچەی خۆشناوەتی بەتووشەوە ببێ و ئیتر قوڕی بۆ بگیرێتەوە. تەنانەت ئەو ئۆردووگا بچووکەیشی لە دەوری شار کردبوویانەوە ئەوەندەی تر ئاماژە بەوە بوو کە دەبا زیاتر لەوەی بیری لێدەکردەوە وشیار بێت. بەخۆشییەوە ئۆردووگاکە لە باکووری شاردا بوو لە داوێنی چیای دووزین بە دیوی جادەی سەردەشتدا. بەڵام بەخۆشییەوە زۆر خێرا رایانگواستبوو و وەک دەیانگوت

ناردبوویانن بۆ ناوەند بۆ دەورووبەری تاران لە شوێنێک بەناوی کەرەج. حاجی مەبەستی ئەوە بوو کاتێک وڵاتێکی دراوسێ دەتوانێ بشێوێ، دووریش نیە لێرەیش هەمان شت رووبدات. بۆیە لای وابوو باوکم هەرچی زووتر دەبێ ژنم بۆ بێنێ بۆ ئەوەی چاو و ئەقڵم بەم لاولادا نەفڕێ.

سەیدی ئاسنگەر گوتی باشە وادیارە حاجی گیان کەسێکت لە زەیندایە وا بەم گەرم و گوڕییە باسی مەسەلەکە دەکەی! حاجی گوتی وەک گوتم گەر تۆ ئیختیارەکەی بدەیتە دەست من، من چارەسەری دەکەم، ئەیچۆن کە بیریشم لێکردووەتەوە و کەسیشم لە زەیندایە! باوکم گوتی کێ،... کێیە. حاجی دوواچۆڕی چاییەکەی هەڵقوڕاند و گوتی کچەکەی فەقێ ئەحمەد، فەقێی دراوسێمان، خۆ لەبیرتە! پرشنگ دەڵێم پرشنگ، دیارە گەر بۆ ناوەکەی هەڵەنەکەم! باوکم چاوەکانی دەرپەڕین، گوتی کچی فەقێ ئەحمەد! مەگەر کچ قات و قڕییە حاجی گیان، یەکجار ئاوایش نا خۆ کوڕمان نەدۆزیوەتەوە،... نانا، شتی وا نابێ! حاجی پیاڵەکەی خستە سەر سندانەکەی بەر دەمی و لاقێکیشی لەسەر قەدە ئەستوور و چەورەکەی ژێرییەوە دانا و گوتی ئەرێ سەید بۆ ئاوا لاساری ماڵت ئاوا،... ها! کە گوتم ژنی بۆ بێنین هەڵبەزیتەوە، ئیستا کە رازیت دیسان هەڵدەبەزیتەوە. ماڵت ئاوا گوێم لێ بگرە چی دەڵێم، پرسیارم کردووە کچەکە لە ماڵی مامی لای رەحیمە کەلەپووت دەژی و ئەوەندەی ئاگام لێ بێت لە کونجی ماڵی خنیوە و ناهێڵێ بەستەزمانە سەر هەڵبێنێ. وەک بیستوومە دەڵێی ئاگری لە ماڵدا راگرتووە و لەم لاولا باسی ئەوە دەکا کە چۆن چۆنی زوو لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، کچەکە هەتا بڵێی کچێکی باش و بێدەنگە و وەک دەڵێن ئەگەرچی هێشتا بە تەمەن منداڵە بەڵام پێگەیشتووە و دەتوانین بچینە خوازبێنی و بیسەنین. باوکم گوتی حاجی گیان تکایە دڵگران مەبە لێم، بەڵام مەبەستت ئەوەیە کچێک بێتە بووکم کە خاوەنەکەی نایەوێ لە ماڵەکەی رایگرێ و هەر یەکەم کەس لە کۆڵانەوە

تێپەڕی و داوای کرد دەستبەجێ بیدا بە کۆڵیا بۆ ئەوەی لە دەستی رزگاری ببێ! نا حاجی گیان، نا شتی وانابێ، خۆ کوڕمان نەدۆزیوەتەوە! حاجی گوتی سەید گیان گوێ بگرە ئەو کچە بۆ تۆ و بۆ کوڕەکەت دەبێ بە بووک و دەبێ بە ژن. دڵنیا بە! زەجردیدەیە، قەدری ژیان دەزانێ، خواخوایەتی لە ماڵی ئەو غەزەبە رزگاری بێت و رووبکاتە شوێنێک کە شیاویەتی، جگە لەمە خۆ سەید گیان لەم دونیایەدا گوناحی کەس لەسەر شانی کەسی تر نانووسرێ، گەر مەبەستت ئەوەیە کچی ئەو باوک و دایکەیشە خۆ گوناحی نەکردووە، گرینگ ئەوەیە ئەو کات منداڵ بوو و ئیستا رەنگە هەر بە جوانیش لەبیری نەمابێ (دیارە حاجی لێرەدا هەڵە بوو)، کێ لە کوڕی تۆ باشتر کە بتوانێ کچێکی بەدبەخت و رەزاشیرینی ئاوا خۆشبەخت بکا و ئەرکی خودا بەجێ بێنێ. جا بۆیە قسە لەقسەمدا مەکە و دەچین دەستی دەگرین و لە ماڵەکە دەیهێنینە دەرەوە و دەستی دەخەینە دەستی کوڕەکەتەوە. تازە بەستەزمانە بێ کەس و کاریشە، ئیتر تۆیش دڵنیای کە کەسێکی تر بە هۆی ئەوەوە روو لە ماڵەکەت ناکا! حاجی چاوەکانی درەوشانەوە. بۆ خۆتان لەو دەشتەدا ژیان بەرێدەکەن و تەواو. دیارە گەر وەک ئەو دەشتە چۆڵە بۆتان بمێنێتەوە! خوای گەورەیش ئەجرتان دەداتەوە.

سەید بیری کردەوە قسەکانی وەستاحاجی زۆریش خراپ نەبوون. بیری کردەوە کە بەڕاستی حاجی ئەگەرچی بەردەوام سەری لە سەر سندانە رەق و تەقەکەیە، بەڵام خەیاڵی بۆ زۆر شوێن دەڕۆیشت. زانی زۆر جار بیری لە کوڕەکەی ئەو کردووەتەوە بێ ئەوەی هیچ بدرکێنێ. بە خۆی گوت پیاوی موسوڵمان دەبێ ئاوابێ! ئەوسا ئەوەندەی تر رقی لە حاجییە کوتاڵفرۆشەکەی ئەوبەر جادەکەوە بووەوە کە بەردەوام بێ شەرمانە هەر ژنێک لەوێوە تێدەپەڕی سەیری لەش و لاری دەکردن و لەکەسیش نەدەسڵمییەوە. چەند بێ چاو و ڕوو بوو! بەو کەشییە و بەو تەسبێحە

دەنک زلەیەوە کە وەک مار لەناو پەنجەکانیدا پێچ و لوولی دەخوارد. بەو کەوا و پانتۆڵە قوماش فاسۆنییەوە کە قەراغەکانی ئەوەندە رەق و تازە بوون ملیان دەبڕی! ئەو حاجییەی قڕان چییە لە دەستی نەدەبووەوە.

باوکم بۆ شەوەکەی لای دایکم باسیکردبوو. لەدووای ئەوەی من خەوتم. دایکم قوت ببووەوە. باوەڕی نەدەکرد. لە کاتێکدا باوکم دەدوا هەستا و چوو دەخیلەکەی هێنا. پارەکانی پیشانی باوکم دا گوتی ئەمانە هی خۆیین. پێی داوم و بەڵام من خەرجم نەکردوون و هەڵمگرتوون. بیرم لە وەها رۆژێک دەکردەوە. گوتی سەیرکە ماشاڵلا چەندەن! ئەسکەناسەکان نارێک لەسەر یەکتر کەوتبوون. دایکم کە فرمێسکی شادی نیگاکانی لێڵ کردبوون هەر بەو نیگایانەوە کە بەزەحمەت دەخیلە ئاسنینەکەیان دەبینییەوە، پووڵەکانی خستەوە جێی خۆی. باوکم گوتی پەکناکەوێ، بەڵام قسەت نەکرد، نەتگوت رات چییە؟ دایکم گوتی سەید گیان وەک دەزانی من ژنم، ئێمە ژنان گەر یەکتریش نەبینین باش یەکتر دەناسین! مەگەر ئارەزووی گەورەی کچێک چییە جگە لەوەی بچێتە ماڵە مێردێک کە بەکەڵکی بێت و بتوانێ باقی ژیانی سەر بە سەرییەوە بنێ! ژن تەنیا بیر لە ژوورێک و پارووە نانێک و پیاوێکی حەیابەخۆ دەکاتەوە. ئەلحەمدولیلایش کورەکەی ئێمە کوڕی چاکە و خەریکی ژیان و کەسابەتی خۆیەتی و خەیاڵیشی نارِوا، جا با ناوی خوای لێ بێنین و کارەکە جێبەجێ بکەین، مادام حاجیش لە نێواندایە و پیاوێکی چاک و خواترس و خەڵک خۆشەویستە جا بێگومان خێرێکی خودایی لەم وەسڵەتەدایە و با قسەی لە عەرزنەدەین! باوکم هەر وا لە دیوارەکەی پشت سەری دایکمی دەڕوانی. گوتی با ماوەیەک بیری لێ بکەمەوە. بیریشی لێکردەوە. دوو شتی بەرچاو کە لەم پێشنیارەدا بوو بێ کەس و کاریی پرشنگ و هەبوونی وەستاحاجی لە مەسەلەکەدا بوون. باوکم دەیزانی بەو وەزعەوە کە هەیە کچەکەمان دەدەنێ، بەڵام ترسی قۆلە گۆجەکەی

منیشی هەبوو. ئەو قۆلەی نەدەشاردرایەوە. داخۆ بڵێی کچەکە بێ حەیا نەبێ و ژیان بە کوڕەکەم تاڵ نەکا؟ ئەوسا بیری ژنە کۆنەکەی خۆی کەوتەوە، ئەوەی وا بەجێی هێشتبوو. لەبیری دێ چەند نەگبەت و چەند نەحەواوە بوو. هەمیشە کێشە و بەزم. چەندین جار تۆرابوو. ئەوەی لای گرینگ نەبوو منداڵەکانی بوون. باوکم بیردەکاتەوە گەر وەها نەبووایە رەنگە قەت دڵی دایکمیشی نەدەگرت و ئاشق نەدەبوو. گەر وا نەبووایە رەنگە ئەو ئیستایش لە توتمە خەریکی ژیان و بەدبەختیی خۆی دەبوو، وەک هەموو خەڵکی دیکە. ئەوسا زانی ژنهێنان وەک بەخت و نسیب وایە. جاری وایە پووچە و جاری وای نا. کە پووچیش بوو هەر پووچ دەمێنێتەوە و بە کەسیش بگرە بەو خودایەی بان سەریش ناگۆڕدرێ! ئەوسا ئەو رێگایەی هاتەوەبیر وا لەگەڵ دایکم هەتا ئێرە پێوابوویان. باوکم کە سەروبەری شتەکە یەک دەهێنێتەوە دەبینێ بەگشتی خراپ نەبووە، لانیکەم لە بەلایەکی گەورە نەجاتی ببوو. هیچ شتێک وەک کێشەی ناو ماڵ نیە. هیچ شتێک وەک کێشەی ناو ماڵ ژیان ناکاتە شەوێکی ئەنگوستەچاو، شەوێکی وەک ئەو شەوەی لەگەڵ دایکم بە کەرێکەوە لە دۆڵ و شاخەکانەوە بەرەو رانیە تێپەڕیبوو. ئەو کەرەی لە رانیە فرۆشتبووی و پارەکەیشی هەر بەدەم رێگاوە سەرفکردبوو. سەیرە گوێدرێژەکە هەر عەینی خەیاڵیشی نەبوو کاتێک ساحیبی گۆڕیبوو، تەنیا بەلا چاو لێی روانیبوو هەتا دوورکەتبووەوە. رەنگە لای وابووبێ سەید دەگەڕێتەوە، وەک هەمیشە؛ بەڵام باوکم نیشتمانیشی وەک کەرەکەی جێ هێشتبوو. بۆ هەمیشە.

روودەکاتە دایکم و دەڵێ پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر نیە، سبەی لەگەڵ وەستاحاجی قسەدەکەمەوە. پێم وابێ بەقسەی بکەین باشترە. من کە خۆم و خێزانم لە خێر زیاتر چییە لەم پیاوە بەڕێزە نەمانبینیوە. ئینشاڵلا ئەمەیش خێر دەبێ، یەعنی

خێری لێدەکەوێتەوە. هەرچەند هەموو شتێک لەدووابڕیاردا لە دەست خودای گەورەدایە و هەر ئەو دەزانی چی بۆ عەبدەکانی بڕانووەتەوە.

دایکم بەو شەوە درەنگانە لەبن لێفەکەدا بزەیەک دەیگرێ. ئەوەی وا بیری لێدەکردەوە زۆر دوورە و دەست پێڕاگەیشتنی مەحاڵە، هەنووکە لەبەر دەرگاکەدا بوو، چاوەڕوان بوو دەرگای لێ بکرێتەوە. دایکم دڵنیایە کە ئەم خانووەی ناو ئەم دەشتەی رۆژهەڵاتی شار ئەوەندە میوان خۆشەویستە کە دەست بە رووپەوە نەنێ. ئەمە یەکەم دەرفەتە بۆ ئەوەی ئەویش بیسەلمێنێ جیاوازییەکەی ئەوتۆی لەگەڵ خەڵکی ناو شار نیە. ئەوەیکە ئەوانیش وەک خەڵکی تری ناو ئەم شارە وان، بە بێ هیچ کەم و زیایەک.

(١٦)

بەکرەی زێڕنگەر ترۆمبیلێکی تایبەتی لە حەوشەکەیدایە کە مێرسێدێس بێنزێکی مودێل (٢٢٠ د)ی ١٩٧٣یە. ئەو لەم ترۆمبیلە بۆ سەفەرە تایبەتییەکانی بەرەو شارە گەورەکانی ناوەند کەڵک وەردەگرێ. پێش ئەوەی بڕوا، مێرسێدێسەکە لە حەوشە دێنێتە دەرەوە، لەبەر دەرگا رایدەگرێ، بە کچەکانی دەڵێ دەستماڵێکی پیابێنن. ئەوسا لە دووای نیوسەعاتێک کاتێک جانتایەکەی بەکۆڵەوەیە، سواری دەبێ، سویچ لێدەدا و بەڕێدەکەوێ. ژن و منداڵەکەی تا دووردەکەوێتەوە لێی دەڕوانن. ژنەکەی جامۆڵکەیەک ئاوی بەدووادا دەپڕژێنێ. بەکر بە گردەکەی بانەکۆندا سەردەکەوێ و لەچاوان وندەبێ.

بەکر لە زۆربەی شارەکانی سەر رێگای لادەدا و سەردانی هاوڕێ و ئاشناکانی دەکا کە هەموویان پیاوی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوون. هەڵبەت کەمتر بۆ شەو لە لایان دەمێنێتەوە. حەزی لێیە تەنیا بێت. لە سنە لە یەکێک لە باشترین هوتێلەکان شەوێک دەمێنێتەوە و لە دووای ئەوەی سەردانێکی خیابانی بیست و شەشی بەهمەن و سەیرانگاکەی کۆتایی شەقامەکە دەکا کە پڕی کچی جوان و مۆدەن، لە دووای ئەوەی لە یەکێک لە باشترین چڵۆکەبابییەکانی شار خواردنێکی بەلەزەت دەخوا و شاگردانەیەکی باشیش بە گارسۆنەکان دەدا، بۆ رۆژی دوواتر بەرەو تاران بەڕێدەکەوێ. هەتا ئەوێ راناوەستێ و هەر دەیشگات دەچێ بۆ هوتێل شیراز لە

خیابانی سەعدی شومالی. وەک هەمیشە حەزدەکات لە دوواقات ژووری بدەنێ و ئەوسا دەستدەکا بە خۆشگوزەرانییەکانی. زۆرتر حەزی بە کابارەی 'مولن روژ'ە کە جەمیلە باشترن سەماکەری ئێرانی رەقسی تیادەکا و بەناوبانگترین گۆرانی بێژە فارسەکانی وک عارف و سووسەن تیایا گۆرانی دەڵێن. بەکر کە زۆر حەزی لە رەقسی 'باباکەرەم'یشە هەمیشە دەچێتە لای ئەو ژنانە کە ئەم سەمایەی بۆ دەکەن، بەو کڵاوە جاهلانەوە وا جاهلەکانی تاران لەسەریدەکەن و لە فیلمە فارسییەکانی ناو سینەماکانیش باوە. ئای کە چەندە حەزی بە ناز و نووز و عیشوەیانە. لای ئەو گەر خوا ژنی دابێ ئەوا لە ژنی فارس زیاتر نیە. دەیشچێ بۆ بازاڕی زێڕنگەرەکان لە بازاڕی گەورەی تاران. لە نرخەکان دەپرسێ، مامەڵە دەکا و جگە لەمە تەرەف مامەڵەکانیشی بەم شێوەیە بەسەردەکاتەوە. لەوێ پێێ دەڵێن کاک بەکر، "برای شاه شاهان، مرد مردان یە چایی بیارید!" ئەوسا سەڵەواتێکیشی بۆ دەدەن! بەکر بزەیەکی دێتێ. چەندە بە زمان لووسیی ئەم پیاوانە خەنیە! ئیوارەیانیش تا دونیا تاریک دەبێ بە ماشینەکەی بێ ئامانج دەسووڕێتەوە. بە تایبەت بە ناوچەی باکووری شاردا. بەکر زۆر حەزی لە تارانە. لێی تێرنابێ. زۆر جار بڕیاری داوە بگوازێتەوە و لێرە بژی، بەڵام نازانێ بۆچی هەر بۆی جۆر نابێ. تەنانەت خانوویەکیشی لێرە لە تەجریش کڕیوە. خانووەکە هەرواچۆڵە و هیچی تیانیە. تەنانەت بۆ مانەوە کاتێک روو لە تاران دەکا تیایا نامێنێتەوە. لەبەر خۆیەوە دەڵێ با جارێکە لەوێ بێ، ماڵی زیایی سەرناشکێنێ! جاری وایە شێتانە و لە بڕیارێکی کتوپڕیش دا سویچ لێدەدا و دەچێ بۆ شومال، بۆ قەراخ دەریای مازندەران. پێچەکانی جادەی هەراز بیری کوردستانی دەخەنەوە. چەندە لە ئەم دیواودیوی ئەو شاخە دونیا دەگۆڕدرێ. سەیری دارستانە سەوز و چڕەکانی شومال دەکا و وەک کراسێکی مەخمەڵی سەوز دێنەبەرچاوی کە نیگا دەلاوێننەوە.

دەبێ بڵێین بەکر زۆرتر لەبەر ئەودیوە بۆ تاران راناگوازێ ، واتە عێراق. روو لەوێیش دەکا. ئەگەرچی ناتوانێ بێنزەکەی بۆ ئەوێ ببات، بەڵام هەتا سنوور بە ماشین دەچێ و لەوێوە بە پیادە و بە سواری هێستر لە سنوور دەپەڕێتەوە و ئەوجا دیسان بە سەیارە دەچێ بۆ سلێمانی. جاری وایە لە رێگای چوارتا و قەڵاچوالانەوە دەڕوا و، جاری وایە لە رێگای سەیدسادق و عەربەتەوە. هەر دوو رێگاکەی بەدڵە. ئەگەرچی یەکیان لە شاخ و لێڕەوارەکانەوە تێدەپەرێ و یەکیان لە دەشت و گەرمێنەوە، بەڵام لای وایە لەیەک شتدا لە یەکتر دەچن ئەویش ئەویکە لە هەر دووکیاندا کتوپڕ سلێمانی لە خاڵێکدا دەردەکەون. لە رێگای قەڵاچووالانەوە لە سەر شاخی ئەزمڕەوە و لە رێگای عەربەتەوە رێک لە سەیتەرەکەی قەراخ شاری سلێمانییەوە. جنسیەی عێراقیشیان لە رێگای پارەو و ئاشناکانییەوە بۆ سازکردووە. زێڕنگەرێکی گەورەی شاری سلێمانی هاوڕێیەتی کە دەستی یەکجار زۆر دەڕوا. بگرە بەکر خۆیشی بە عێراقی دەزانێ. دەڵێ لە دایکمەوە خزمم لێرە هەیە. دیارە بۆ خۆیشی نازانێ کێن و قەت سەردانی نەکردوون. وەک دەڵێن لە ماوت دادەنیشن. بەکر دەڵێ هەر رۆژێک بێت سەردانێکیان دەکەم. ئەگەرچی هێشتا ئەو رۆژە نەهاتووە.

بەکر بیرەی سلێمانی و دانیشتنی بارەکانی زۆر لا پەسندە. دەڵێ خۆشترین بیرەی دونیا هی سلێمانییە. حەزیشی لە مەززەکانە. بەڵام حەزی لە کچی کورد نیە و دەنێرێ کچە عەرەبی بۆ بێنن. دەڵێ شتێک یاخود نازێک لە کچە فارس و عەرەبدا هەن لە ژنە کورددا نیە. زۆر جار کە ویستوویەتی شیبکاتەوە گوتوویەتی پێم وابێ بۆ زمانەکەیان دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەوەی کەمڕوو نین، سەیری جۆری قسەکردنیان بکە، چ ناز و ئەدا و ئەتوارێکیان لێ هەڵدەوەرێ! فارس بە جۆرێک و عەرەب بە

جۆرێک، ئەوسا دەچێتە ناو باسی سیاسییەوە و دەڵێ رەنگە بەم هۆکارەوە ئەوان بوون بە شت، ئەوسا قاقا پێدەکەنێ و دەست بۆ خۆی دەبا.

بەکر زۆر بەناو سلێمانیدا ناگەڕێ. جگە لە 'سەرچنار' لای وایە ئەم شارە هیچی تری بەکەڵکهاتووی نیە. بۆیە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئاشنا و رۆشناکانی بەسەردەبا. حەزی بە فشەی خەڵکی سلێمانییە، بە گاڵتە و جەفەنگیان، لای وایە جۆرێک لە ئازایەتی، بێ خەیاڵی، رووهەڵماڵاوی و شێوازی بەکارهێنانی زمانیان لایە کە کەمتر لە شوێنانی تر دەبینرێ. دەڵێ شەرمیان نیە و ئەوەی بیانەوێ دەیڵێن. بە قسەکانیان شێتانە پێدەکەنێ و لێیان تێرنابێ. وەک یەکێک لە هاوڕێکانی باسی بۆ کردووە هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە خەڵکی سلێمانی هەر لە سەرەتای دروستکردنی ئەم شارەوە خەڵکێکی جۆراوجۆر لە شوێن و کلتوری جیاوازەوە بووەوە و بۆیە قەت شەرمیان لەیەک نەکردووە و ئەوەی حەزیان لێبووە گوتوویانە. جگە لەمە حەزی بە چاییەکەیشیانە، یەعنی جۆری لێنانی. حەزدەکا لە چاییخانەکانی شەقامی پیرەمێرد لابدا و دوو سێ چایی مزری پیاکا! بەکر هەڵبەت حەزی لە سیاسەت نیە. ئەوەی لەم وڵاتە ئەو لێی بێزارە سیاسەتە. قەتیش سیاسەت لێرە نەبڕاوە. هەمیشە کوردەکان خەریکی بەگژاچوونەوەی حکومەتن. ئەو هەتا دەتوانێ خۆی لە قسەوباسی سیاسی دەبوێرێ و خۆی لێنادا. لە قووڵایی دڵییەوە لای وایە کورد ئاسنی سارد دەکوتێ و قەت بە هیچ شوێنێک ناگا. باوەڕی وایە هەر ئەو دەوڵەتانەی وا یارمەتیی دەدەن لێیشی دەشێوێنن. لە دڵەوە لای وایە هەر لە ئەزەلەوە بەشی کورد نەدراوە و بۆیە بەمەی کە هەیەتی دەبێ رازی بێت. هەڵبەت هاوڕێکانی وەها نین و کاتێک دادەنیشن باسی سیاسی گەرم و گوڕە، بەتایبەت کە ئێستاکە شەڕیش گەرم و گوڕە. بەڵام دەزانن بەکر ئەم جەوەی بەدڵ نیە بۆیە زوو وازی لێدێنن. راستییەکەی ئەوەیە ئەوەی بەکری زێڕنگەر بە سیاسەتەوە یاخود

باشتر بڵێین بە پیاوە سیاسییەکانی هاوڕێیەوە دەبەستێتەوە ئەو ئاسانکارییانەیە وا ئەوان دەبێ بۆ کەسابەتەکەی، واتە ئیش و کاری قاچاخەکەی، دەیکەن. قاچاخی ڕۆن.

سەفەرەکانی بەکر دوورودرێژن. ئەو ڕەنگ و ڕووی زۆر شوێنی گرتووە. بگرە سەفەرێکی ئاڵمانیشی کرد و ئیتر ئەمە ئەوەندەی تر لە بەر چاوی خەڵکی شاردا ئاستی بردەسەرەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بەکر یەکەم دەوڵەمەندی شار بوو کە خۆی لە دەوڵەمەندەکانی تر جیادەکردەوە و لەوان نەدەچوو و بەشێوازی تر دەژیا. ئەوانی تر لە شێوازی ژیانا زۆر لەگەڵ خەڵکی فەرقیان نەبوو، نە خانووی وەها کەشخەیان هەبوو، نە ڕایاندەبوارد، نە بەو شێوەیە دەچوون بۆ سەفەر و نە لە جل و بەرگ و جۆری خواردنیشیاندا جیاوازبوون. تازە ڕۆژ تا ئێوارە لە ناو دووکانەکانیان دەکەوتن و هەر لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاساییە لە هەڵسوکەوتدا بوون. سەریان بڕۆیشتایە نوێژیان نەدەڕۆیشت. زۆربەیان دەستیان بە خەڵکی هەژارەوە بوو و خەڵکانێکی خواترس بوون. بەکر گاڵتەی پێدەکردن و دەیگوت جا گەر بەڵێن بێت ئاوا وەک ئەوان بژیم ئیتر پارەو پوڵم بۆچییە! بەکر ئەوانی سواڵکەرمەنش دەهاتەبەرچاو و دەیگوت حەیای ئێمەیشیان بردووە. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی دەوڵەمەندەکانی شار بەکریان خۆش نەوێت. زۆر کەس لەگەڵ ئەوەی لێی دەترسان و بەخیلیان پێدەبرد، بەڵام وەک کەسێکی شەڵوارپیس و بێ چاوڕوو سەیریان دەکرد و خۆیان لێدەبوارد. لایان پیاوێکی خواترس نەبوو. بەکرەی زێڕنگەریش هەر بە خەیاڵیدا نەدەهات و خەریکی ژیان و ڕابواردنی خۆی بوو.

منیش وەک زۆربەی خەڵکی شار ئەم قسانەم بیستبوو. بۆیە دراوسێتی بەکر جۆرێک لە دڵەڕاوکێی تیا دروستدەکردم. بگرە هەر لە سەرەتاوی گواستنەوەی بۆ ئێرە. من لەسەر ڕێگای ماڵەوە بەتووش ئەو پیاوەوە لە ناو ماشینەکەیدا ببووم. بەو

چاوە بۆقانە و بەو دەموچاوە هەمیشە ساف و لووسەوە کە سێ تیغەی دەکرد. ئەو تەنیا یەک چرکە لێمی دەڕوانی و بەس. ئیتر وەک بڵێی هەر نەبم. دیارە جاری وایش بوو پێم خۆش بوو، لەبەر ئەوەی بەکر قەت سەرنجی قۆلە گۆجەکەی نەدام. ئەوەی کە من چۆنم هەر بەلایەوە گرینگ نەبوو. دیارە دەیزانی دراوسێیم. سەیری خانووە کۆشک ئاساکەیم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن چۆنی دەکرا لە نێوان ئێمە و ئەودا ئەو مەودا گەورەیە هەبێ. شتێک لە دەروونمەوە ئازاری دەدام و گێنگڵم پێوەدەدا. شتەکە بەتایبەت لەدووای ئەوەی بێزاد کتێبی کەچەڵی کۆتربازی پێدام، گەورە و گەورەتر دەبووەوە. بیرم لە تاران دەکردەوە، لە شومال و لە سلێمانی. تۆ بڵێی خەڵک هەبن بەم شێوەیە بۆخۆیان بگەڕێن و تەواوی دونیای منیش لێرەوە بێت هەتا کۆڵانەکانی شار بەو سینی ماجوومییەوە کە ئیستاکە هەر لێیشم نەدەڕوانین! ئەوەی منی تا رادەیەک دڵخۆش دەکرد شێوەژیانی ژن و منداڵەکەی بوو. ئەوان راستە لەو خانووە گەورەیەدا دەژیان و خواردنی باشتریان دەخوارد، راستە ژن و منداڵی دەوڵەمەندترین کەسی شارەکە بوون، بەڵام زۆر لە ئێمەیان دەکرد. بەتایبەت کاتێک خاتوونی زێڕنگەرم لەبەر چەپەرەکەدا لەگەڵ دایکم دەبینی، ئیتر هەستم دەکرد سنوورێک لە نێوان ئێمە و ئەواندا نیە. هەستێکی سەیر کە نەمدەتوانی لێی تێبگەم و وەک پاروویەکی ئاسان قووتی بدەم. دانیشتنەکانی بێزادیش لەسەر ئەو باڵکۆنە کە ئیتر هەر هیچ کە تەواو وێنەکەی لێ دەشێواندم. زۆر جار بیرم دەکردەوە نەکا ژیانی ئێمە خۆشتر بێت، نەکا ئێمە شتێکمان هەیە کە ئەوان نیانە؛ بەڵام زۆر خێرا وازم لەم خەیاڵانە دەهێنا و دیسان رۆدەچوومەوە دونیای ئەفسانەیی بەکری زێڕنگەر و گاڵتەم بە سادەیی خۆم دەهات. ئاڵتوونەکانم دەهاتنەوە بەرچاو کە من زۆر جار چووبووم و لەبەریاندا لە پشت ویترینەکە راوەستابووم و سەیریانم کردبوو. راستی چ راز و چ هێزێکیان تیا بوو کە

دەیانتوانی ژیان ئاوەها بە بارێکی تردا بخەن. ئەم ڕەنگە زەردە جوانە پاڵی بە کوێوە دابوو؟

ماشینەکەی بەکر تۆزدەکا و وەک مارێک پێچ و لوول دەخوا و پاشان بە دەشتەکەدا پرش و بڵاودەبێتەوە. بەکر سەرئەنجام شارەداری هاوڕێی ناچاردەکا ڕێگاکەی بۆ ئیسفاڵت بکا. بەم شێوەیە لە بلوارەکەوە تا بەر ماڵەکەی ئەوانیش دەبێ بە قیرەتاو. قوڕ و چڵپاوی زستانانمان لەکۆل دەبێتەوە، هەرچەند لەوە پێش جادەکە خۆشکرابوو و کرابوو بە وردەبەرد و زیخ. باوکم بزەیەکی دێتێ. ڕێگای دووکان ئاسانترە. ماجوومییەکانی منیش ئەوەندیان تۆز لێ نانیشێ. دایکم دەڵێ هەر لە قەدیمەوە وەها بووە خێر بە دەوڵەمەندانەوەیە. بیردەکەمەوە گەر دایکم کتێبەکەی بێزادی بخوێندایەوە داخۆ هەروا بیری دەکردەوە؟ دایکم خوێندەواریی نیە. قەتیش نەمبینیوە حەسرەتی خۆی دەربڕێ. وەک بڵێی لای ئەو شتێک بەم ناوەوە هەر بوونی نیە. وەک دەڵێن بەکریش خوێندەواریی نیە. گوایا ئەویش سێ چوار کلاسێکی هەیە و گوتوویەتی هەرچی خوێندەواری دونیایە دەیخاتە گیرفانییەوە. بەڵام فارسییەکی باش قسەدەکا. وەک خەڵکی سلێمانی شەرمی نیە و دەدوێ و بۆیە باشی بۆ دێ. هاوڕێ تارانییەکانی حەزیان بە لەهجەکەیەتی. دەڵێن لە لەهجەی تورکی خۆشترە چونکا ئەوەندە غەلیز نیە. ئەو 'واو'انەی وا قەت بەکر بە 'ڤ' تەلەفوزیان ناکا، بۆیان سەرنجڕاکێشە. بەکر کاتێک بە فارسی دەدوێ بەشێکی وشەکان دەخوا، کورت و موختەسەر قسەدەکا. تەنیا مەبەست دەگەیەنێ. ئەو زۆرتر ئەهلی کردەیە و حەزدەکا ئیشەکەی زوو بە ئەنجام بگا. دەبێ بڵێم عادەتێکی باشیشی هەیە. بە شاگردەکانی گوتووە دەست بە رووی سواڵکەرەکانەوە نەنێن. لای وایە خێری ئاشکرا بەلاڕەوێنە، ئەگەرچی خۆی ڕاستەوخۆ قەت دەست بە گیرفانیدا ناکا.

وەک بیستوومە دەڵێن لە شوێنان ژنی تریشی هەیە. ئەمە وەباڵی بە ئەستۆی ئەوانەی وا دەیڵێن. من کە نەمبینیوە. زۆرجار کاتێک لەگەڵ بێزاد یەکدەکەوم حەزدەکەم لەسەر زاواکەی لێی بپرسم، بەڵام هەموو جارێک دەمم لێدەبێ بە تەڵەی تەقیو. قسەکان نایەن. بێزادیش دەڵێی هەر زاوای وەهای نیە. جاری وایە لام سەیرە چۆن چۆنی بێزاد دەتوانێ بچێتە ئەو ماڵە. بێزادێک کە خەیاڵی زۆرتر لای کۆتربازەکەیە تا زاواکەی. ماڵە دەوڵەمەندان و خۆیان و خوای خۆیان!... کەس تێیان ناگا!

دایکم ئەوەندە سادە و مەزڵوومە کە جاری وایە کاتێک چێشت لێدەنێ قاپێک بۆ وێنە نیسکێن لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و بۆ خاتوونی دەبا. هەڵبەت خاتوون قەت دەستی بە رووی دایکمەوە نەنا و هەمیشە دیارییەکەی لێوەردەگرێ. خاتوون کاتێک قاپەکە دەنێرێتەوە، یان مشتێک نوقڵ یان گەزیان تێدەکا، یان چەند دانە شیرینیی شیرینخانەی مەجیدی کە لە دەوری فەلەکەی ناوەڕاست دووکانیان هەیە تێدەهاوێ. باقلاوە، شیرینیی خامە، زمان و... کە رەمەزانانیش دێت بامیە و زولوبیا. ئەو شیرینیەی وا من دەتوانم دەستەکانیشمی پێوە بخۆم! دایکم دەڵێ ئەیەڕۆ لە خاتوون خانم! منیش چاوەکانم پێدەکەنن.

لە یەکێک لە سەفەرەکانی بۆ سلێمانی بەکری زێڕنگەر رێک لە ناوەراستی جادەی گۆران لە ناو شاردا بە دەمانچە تەقەی لێدەکەن و بەختی دەبێ و گۆشتی بن باڵی و رانی دەگرێ و نامرێ. هەواڵەکە لەناو شاردا کاتێک هاتەوە دەنگی دایەوە و بۆیە سەرۆک شارەبانی بەناچار بانگی لێکرد و لێکۆڵینەوەیەکی ساختەیان لەگەڵ کرد و سەروبنی پەروەندەکەیان یەک هێنایەوە. سەرۆک پۆلیس نووسیبووی کە ئاغای ئەبووبەکر یەزدانی بەهۆی تەقە ئەشرار و جەردەکانەوە کاتێک لەسەفەری گوندی بلەکێ بووە بریندار بووە و ئیستایش دەوڵەت بەشوێن دۆزینەوەی بکەرانی ئەم تاوانە و دەستگیرکردنیانەویە. بەم شێوەیە بە شێوەی رەسمی بەکریان لە خەتری

دروستکردنی کەیسێکی دەرەوەی وڵات بۆ هەمیشە دوورخستەوە و ئەسڵی ڕووداوەکەیان دیزەبەدەرخوونە کرد. ئەوەی تەقەی لە بەکر کردبوو سەر بە یەکێک لە شەریکەکانی خۆی دەبێ کە بەکر ماوەیەکی زۆرە پارەی قەرزداردەبێ و کەچی بۆ دانەوەی لاساری لێدەکا. دووای ئەوەی بەکر چاک بووەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هاتوچووی ئەودیوی نەکرد، بەتایبەت کە لەم دووایيانەدا شەڕ و کێشە لە ناوچە جۆربەجۆرەکان یەکجار زیادی کردبوو. بەکر کەمێک بە زەحمەت چاکبووەوە. لەگەڵ ئەوەی فیشەکەکان ئێسکیان نەپێکابوو، بەڵام برینەکانی درەنگ خۆش بوونەوە. وەستاحاجی دەلێ هەندێ کەس وەهایە، خۆش برینن! شاگردەکەی دەڵێ هی خوێن تاڵییانە، تاڵی برین دەکولێنێتەوە. حاجی لە ژێر چاوەوە لێی دەڕوانێ و دەڵێ چەکۆچەکەت لێدە! باوکم هیچ ناڵێ، وەک بڵێی ئەرکی دراوسێتی جێبەجێ دەکا. بەڵام وەک دەڵێن فیشەک فیشەکە و هیچ شتێک وەک برینەکەی نیە. داغ داغ ئەم دیواودیوی جەستە دەسمێ و تازە گۆشت و رەگەکانیش، ئەو بەشەی وا پێکاویەتی، لەگەڵ خۆی دەبا و بەداروبەردەیاندا دەپرژێنێ. بۆیە خۆشبوونەوەی یەکجار زەحمەتە. پێدەچێ بەکرەی زێڕنگەر زیا لە رادە خۆش بینیانە دەروانێتە دونیا. وادیارە لای وایە وەک سوێچلێدان و لێخوڕینی ترۆمبیلەکەیەتی کە هەر کاتێک ویستی و حەزی کرد بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی وا دڵی پێوەیە. برین بەگوێرەی خۆی هەڵدەکا. لەو ژوورەیدا وا بەکر تەختەکەیان تیا داناوە، ئەو هەندێ جار بیر لەمەدەکاتەوە. ئەگەرچی هەست بە تووڕەییەکی سەیر لە دەروونی خۆیدا دەکا، بەڵام جاروبار بە خۆی دەڵێ کە دەبێ وشیارتر بێ و زیاتر ئاگای لە دەورووبەری خۆی بێت. خەڵکی ئەوەی نین وا دەینوێنن!

(١٧)

خانووەکەی ئێمە شێری ئاوی ناو شاری نەدەگەیشتێ. تەنانەت خانووەکانی دیوی رووەو ئێمەی سەر بانەکۆنیش نەیانبوو، جا چ بگا بە ئێمە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە، پێش ئەوەی منیش لەدایک بم، باوکم بیرێکی تیا هەڵکەندبوو. بیرەکە زۆر قووڵ نەبوو و رەنگە هەر پێنج تا شەش میترێک بووایە. بیرەکە چوونکە لە چەمی گەورە و هەروەها چەمی زری زێن نزیک بوو وەستاکارەکە لای وابوو زوو دەگاتە ئاو. راستیشی کردبوو، زوو گەیبووە ئاو. ئاوێکی زوڵاڵ و جوان و خۆش تامی هەبوو. ساردیش وەک بەفراوی کوێستان. کە تەواوبوو بە وەرەقە ئاسنێکی ئەستوور سەرەکەیان گرت و کونێکیان تێکرد و تروپمایەکیشیان تێ خست. ئیتر ماڵ ئاوەدان بووەوە و چیتر دایکم پێویست نەبوو بچێ و لە کانییەکی نزیک خانووەکەمان کە لە چەمی گەورە نزیک دەکەوتەوە بە تەنەکە ئاو بێنێ. باوکم پێش ئەوەی بیرەکە بە ئاو بگا، چەند جار خەوی پێوە بینیبوو و دڵی یەکجار خۆش بوو. چونکە وەک پرسیبووی خەو بە چاڵە ئاوەوە بینین باش بوو. دیارە گوتبوویان تەعبیری خەوەکە لەوەدایە کە ژن دێنێ! باوکم پێکەنیبوو و گوتبووی شوکر بۆ خوا تازە ژنی خۆم هێناوە و ئینشائەڵلا بۆ کوڕەکەم کە قەرارە لە دایک بێ!

بەڵام لە دووای ساڵان کتوپڕ تام و رەنگی ئاوەکە گۆڕا. کاتێک دایکم باسی کرد، باوکم گوتی پێش ئەوەی تەنەکەی لێ پڕکا وا باشتر کەمێک ئاوی زیاتر لەبەر

بیرەکە بڕوات. بەڵام ئەمەیش چاری کێشەکەی نەکرد. باوکم لە دووکان لەلای وەستا حاجی باسی کرد و حاجیش گوتی واچاکە وەستا بباتە سەری و رەنگە یەک دوو میترێکیش زیاتری بۆ هەڵکەنێ. باوکم دەستاودەستی دەکرد و بە دایکمی گوت ماوەیەک بۆ خواردنەوە ئاو بکوڵێنێ. بەڵام دایکم وەک جاری جاران دەستی کرد بە ئاوهێنانەوە لە کانیەکە و لە ئاوی بیرەکە تەنیا بۆ قاپ و قاچاخ شۆردن و خۆشۆردن کەڵکمان وەردەگرت. باوکم سەرئەنجام هەر بەقسەی حاجی روویکردە ئیدارەی ئاو و ئەوانیش دەرمانێکیان بەناوی کلۆر دایە تا لە ئاوەکەی هاوێ. کلۆرەکە کەمێک فەرقی پێکرد، بەڵام بەتەواوی چارەسەری نەکرد.

رۆژێکی هەینی، نزیکەو نیوەڕۆ لەدەورووبەری سەعاتی یانزە، هەروا کاتێک باوکم لە ژوورەوە دانیشتبوو و بیری لە بیرەکە دەکردەوە، بەخۆی گوت رەنگە هی ئەوە بێت دەعبای تێکەوتبێ و مردارەوەبووی تیابێ و بۆیە وا تام و بۆنەکەی ناخۆش بووە. من وەک هەمیشە لە ماجوومفرۆشی دەبم. باوکم داوا لە دایکم و پرشنگ دەکا یارمەتی بدەن و سەری بیرەکە لابەرن. دایکم دەڵێ پیاوەکە تۆ پشتت دێشێ و کارت بەم بەزمە چییە و بۆ وەستای ناهێنیتەسەر،... ئەمە کەی ئیشی تۆیە. باوکم پێدادەگرێ. وەرەقە ئەستوورەکە و ترۆمپاکە لادەبەن. باوکم بە کوڕەکوڕ دادەموکێتەوە و هەوڵدەدا لە بنی بیرەکە بڕوانێ، بەڵام چاڵە ئاوەکە لەوە قووڵتردەبێ نیگا بتوانێ بگاتە بنەکەی. تەنانەت داوای چراقووەکەی جارانیشی لەدایکم کردبوو، بەڵام بێسوود دەبێ. ئەوسا بڕیاردەدا بە بیرەکەدا بچێتە خوارەوە بۆ ئەوەی باشتر ببینێ. دایکم هاواری لێدەکا کوڕە پیاوەکە ئەمە کەی کاری تۆیە و بەم پشت ئێشەوە واز لەخۆت بێنە و مەکە! بەڵام باوکم لەوە مکوڕترە گوێ لە دایکم بگرێ. دەڵێ کچێ خۆ ئەمە یەکەم جارم نیە و لەوە پێشیش هەر ئەمەم کردووە. دایکم دەلێ لە کوێ، کوا خۆ ئێمە لە گوندیش بیرمان نەبوو و هەر لە کانی ئاومان دێنا. باوکم

چراقووەکە دەخاتە گیرفانی هەراوی پانتۆڵە فشەکەیەوە و هەوڵدەدا قاچەکانی یەک لەدووای یەک بخاتە ئەو کوونە بچووکانەوە کە کاتی خۆی بیرهەڵکەنەکە لە دیواری چاڵەکەدا سازیکردبوون. دایکم دیسان دەنگی دەدا، پرشنگ وەک هەمیشە بە بێدەنگی لە خەزووری دەڕوانێ و لە کاتێکا دڵی لە مشتیدایە هەنگاوێک بەرەو دوواوە دەکشێتەوە. باوکم دەڵێ کچێ خەمت نەبێ خۆ زۆر قووڵ نیە، هەر ئەوەندەی بتوانم بنەکەی ببینم و بزانم چی تیایە، کەلاکیش بەسەر ئاوەوە دەوەستێ و زوو خۆی دەردەخا. دایکم هاواری لێکردەوە پەک ناکەوێ و لە کانییەکە جارێکە دەتوانم ئاو بێنم و ئەوا پرشنگیش هەیە و یارمەتیم دەدا.

ئەو ساڵە کە دەیانەوێ بیرەکە هەڵکەنن، وەستاکە لەپاش تاقیکردنەوەی حەوشەکە دەڵێ واچاکە لە دیوی پشتەوەی خانووەکە بە دیوی رۆژهەڵاتدا لێیدەن، دەڵێ ئەوێ شێی زیاتری هەیە. باوکم دەڵی شتی وا چۆن دەبێ، بیرەئاو دەبێ لەبەر دەرکەی ماڵ یاخود لێی نزیک بێ بۆ ئەوەی ژن باشتر دەستی پێڕابگا. وەستاکارەکەیش هیچی تر ناڵێ و لەو شوێنەی باوکم قاچی سەردەخا دەستدەکا بە هەڵکەندنی بیرەکە. عەرزەکە تا یەک میتری ئەوەڵ هەڵکەندنەکەی ئاسان دەبێ و پاشی ئەمە دوو جار دەگاتە بەردێکی سەختی سپی و خۆڵەمێشی. لە کۆتاییشدا کاتێک دەگاتە ئاوەکە دیسان بەتووش بەردەوە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە رەش و یەکجار رەقتر. بەدەم هەڵکەندنەوە بەرەبەرە هوروژمی ئاوەکە وەها دەبێ کە بەزەحمەت بۆ دڵنیایی زیاتر دووای ئەوەی نیومیتری تر لە هەمان بەرد دادەدڕێ، واز لە هەڵکەندنی بیرەکە دێنێ و بەم شێوەیە ماڵی ئێمە دەبێ بە خاوەن بیرەئاو.

باوکم گوتی بنەکەیشی شاخەبەردە، سەیرە گەر دەعبای تێکەوتبێ! دایکم گوتی پیاوەکە وازبێنە، بەڵایەک بەسەر خۆتدا دەهێنی. باوکم دەست بەم لاولای بیرەکەوە دەگرێ و قاچی راستی دەخاتە یەکەم کونی دیواری بیرەکەوە. خۆڵ و چەند

وردەبەردێک بەردەبنەوە ناوی. ئەوسا قاچی چەپی هەڵدەگرێ. ئەویش دەخاتە ناو کوونەکەی بەرامبەری قاچەکەی تربیەوە. دەڵێ ماڵی وەستا ئاوا جێ پێکانی باش هەڵکەندوون! دووای ئەو هەموو ساڵە هەروا باش و قایمن. دایکم دەڵێ کوڕە پیاوەکە! پرشنگ هەنگاوێکی تر دەکشێتەوە.

پرشنگ هەروا بوو. لە ماڵی رەحیمی میکانیکی مامیشی کاتێک شتێک دەبوو، دەکشایەوە. ئەگەر لە ماڵی باوکی بە منداڵی تەنیا دەوەستا و دەیڕوانی، ئیستا دەکشێتەوە و دەڕوانێ. وەک بڵێی دەڵی خەبەری شتێکی دەدا و ئەو پێش لەهەر کەسێکی تر بەوەی بەڵێن بوو رووبدات، دەیزانی. نازانم بۆ، بەڵام باوکم قەت وا مکوڕ و یەکدەندە نەببوو. ئەو رۆژە بۆ وا بەو بیرەوەی گرتبوو، نازانم. بگرە هەر کەس نازانێ. باشە با وای دابنێین ئەگەر کەلاکی حەیوانێکیشی تیا بدیایە، ئەوسا چی دەکرد؟ چی لەدەست دەهات، مەگەر غەیری ئەوە بوو دەبێ بچێ و هەمان وەستای بیرەکە بێنێتەوە بۆ ئەوەی دەریبێنێ؟ باشە مەگەر نەدەکرا هەر ئەو وەستایە کەلاکەکە ببینێتەوە؟ یان رەنگە باوکم بەتەمای بینینی شتێکی تر بوو! ئەوەیکە هیچ نیە و تەنیا ئەوەیکە لە دووای ماوەیەکی تر ئاوەکە بۆخۆی باش دەبێتەوە و وەک جاری جاران زوڵاڵ و خۆش تامی لێدەردەچێتەوە. هەر لەو شوێنەوە دەستدەبا بە کاوەخۆ چراقووەکەی لە گیرفان دەردێنێتەوە و لە بنی بیرەکەی دەگرێ، بەڵام دیسان بێسوودە. دایکم سەری لێبادەدا. ئەم جارە لە جیاتی ئەوەی چڕاقووەکە بخاتە گیرفانییەوە، دەیخنێتە دەمییەوە. چراقووەکە گەورەیە و جێکردنەوەی ئاسان نیە، بەڵام هەر چۆنێک بێت جێبەجێی دەکا. هەنگاوێکی تر دەچێتە خوارەوە. ناوچاوی تێکدەنێ، وەک بڵێی یان پشت ئێشەکەی کتوپڕ دێتەوە، یان چراقووەکە خەریکە لەدەمی دەترازێ. سەری کەمێک بۆ پێشەوە دەلەقێنێ. ئیتر هەر ئەوەندە. کتوپڕ لاقی چەپی دەترازێ، دەستەکانی لە سەر عەرزەکە چیتر گیرنابێ و بەردەبێتەوە.

دایکم دەقیژێنێ و پرشنگ دوو هەنگاوی تر دەکشێتەوە. دایکم شێتانە لادەکاتەوە و لە پرشنگ دەڕوانێ. پرشنگ لێی دەڕوانێ. باوکم لە چاڵە ڕەشەکەدا وندەبێ. دەنگی جەستەی کە بە توندی و بە قورسی بەر دیوار و ئاو دەکەوێ، دەبیسترێ. دایکم هاواری لێدەکا سەید،... سەید! وەڵام نیە. دایکم دڵی بەوە خۆشە کە کەوتووەتە ناو ئاو و بۆیە هیچی لێنەهاتووە. هاوار لە پرشنگ دەکا بچێ یارمەتی بێنێ. پرشنگ لادەکاتەوە و لە ماڵی بەکرەی زێڕنگەر دەڕوانێ. پرشنگ هەروا پاشەوپاش دەڕوا تا کتوپڕ وەک بڵێی کەسێک بەخەبەری بێنێ، ئەوسا بە راکردن بەرەو ماڵی خاتوون دەڕوا و دەقیژێنێ. ماڵی بەکر کەسیان بەدەرەوە نیە. باڵکۆنەکەیش خاڵییە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئەو ڕۆژە قەراربوو میوانێکی زۆریان بێ و خەریکی سازکردنی چێشت و نان دەبن.

دایکم شێتانە بەرەو بیرەکە دەچێ. دەچێتە سەر چۆک و دادەنەوێ. بەڵکو سەیدی ئاسنگەر زۆر دوور نەکەوتبێتەوە و ئەم بتوانێ دەستی بیگاتێ و ڕاییکێشێتەوە دەرەوە؛ بەڵام جگە لە تاریکی و لە بێدەنگی و لە هەناسەی فێنکی بیرەکە چیتری لێنابێ. ڕێک وەک ئەو شەوەی بە گوێدرێژەکەوە لە گوند دەرکەوتبوون. دیمەنەکان چەند دەتوانن لەیەکتر بکەن. سەید... سەید گیان!... دیسان وەڵام نیە.

پرشنگ شێتانە بە دەرگای ماڵی خاتووندا دەکوتێ. کوڕەکانی دەیکەنەوە. پرشنگ ئەژنۆی شکاوە و لەسەر عەرز دانیشتووە و لەخۆی دەدا. کە دەگەنەوە دەبینن دایکیشم لەوێ نیە! دایکم ئەوەندە بەرسەر چاڵەبیرەکەدا نەوی ببووەوە، ئەوەندەی ملکێشابوو و ئەوەندەی قیڕاندبوو کە ئەویش دەترازێ و بەردەبێتەوە. بەکرە بەپەلە سوار ماشینەکەی دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە ناو شار. پۆلیس و بیمارستان خۆیان دەگەیەنن. لەدووای چەند کاتژمێر تەرمی دایکم و باوکم دەردێننەوە و بەرەو بیمارستانیان دەبەن. من لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ئامبولانسەکە بوو کە بەناو

شەقامەکاندا شێتانە تێدەپەڕی. ئەو دەنگەی هەمیشە رقم لێی بووە. رۆح و گوێ دەسمێ. ئەو دەنگەی کەمتر لەم شارەی ئێمە دەیبیستی. دوای نیوەڕۆ بوو کاتێک لە گەڕەکی خوارووەوە بەرەو گەڕەکی سەروو بە نیەتی ماڵەوە دەڕۆیشتمەوە، دووکاندارێک هاتە سەر رێگام. بردمیە ناو دووکانەکەی. دەیزانی ئاگام لە هیچ نیە. هەوڵیدەدا سەیرم نەکا، بەڵام رووی هەر لە من بوو. گوتی لە کوێ بووم و چیدەکەم! هەڵسوکەوت و پرسیاکانی چەند سەیربوون! لێی وردبوومەوە. بەرەبەرە خەڵک لەبەر دووکانەکەیدا کۆبوونەوە. وەک بڵێی یەکەم جارە من دەبینن. هەموویان بێدەنگ و بە نیگا پڕ لە چاوەڕوانییەکانیانەوە. دووکاندارەکە سەرئەنجام گوتی بچۆوە بۆ ماڵەوە، زوو بڕۆوە! من سەیری خەڵکەکەم کردەوە. لەم شارەدا هەواڵ چەند سەیر خێرا بڵاودەبێتەوە!

کارەسات شاخ و باڵی نیە. کە دێت، با راستەوخۆ نەیشیبینی، بەڵام دەزانی لێرەیە. رێک لەم نزیکانە بە هەناسە و بە ودم و بۆنی تایبەت بە خۆیەوە. نایبینی، بەڵام دەزانی لە ئامێزیدای. ئەو لەناو خەڵکەکەوە سەرەتاتکێی بوو. من هەستم بە نیگاکانی دەکرد. هەندێ لەوانەی پشتەوە هەڵدەبەزینەوە بۆ ئەوەی باشتر من ببینن. دەیانویست جۆری کاردانەوەی کارەسات لە مرۆڤدا ببینن. داخۆ هەر لەوێدا دەیخا و دەیکا بە تۆز و بە دووکەڵ و ئاسمان لەگەڵ خۆی دەیبا، یان لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ رێک تا ئەو شوێنەی تەنیا خۆتی لەگەڵ جەستە و بیری هەلاوساوت بەقەدەر هەموو جیهان. یان رەنگە من تازە ئەوەندە لەوان لەو خەڵکە دوورکەوتبوومەوە کە تەواو غەریب و نامۆ دەمنواند. منێک کە هەر غەریب بووم و پێش ئەوەی لە دایک بم لە پشتی باوکمەوە لەو شەوە نووتەکەدا بەرەو غەریبی سەفەرم کردبوو.

هاتمەدەرەوە. خەڵکەکە ئارام ڕێگایان بۆ کردمەوە. لە کەسم نەڕوانی. کابرای دووکاندار هیچی نەدرکاند. پێویست نەبوو بیدرکێنێ. قۆلە گۆجەکەمم لێ قورستر ببوو. بیری ئاژیری ئامبولانسەکە کەوتمەوە. یەکێک لە دووامەوە هاواریکرد بچۆ بۆ بیمارستان، لەوێن. پەلەم نیە. سینییەکە ماجوومی تیانەماوە و، هەرچۆنێک پێم خۆش بێ رایدەگرم. بە دەستی راست بە دەستە گۆجەکەی چەپم، بە هەردووکیان. پەرۆکەم خستووەتە گیرفانمەوە و هەندێ لە پەنجەکانم شیلاوین. بۆنی جۆگەلەکانی ناو شار کە لەبەر دووکانی میوەفرۆشی و سەوزەفرۆشییەکاندا جۆرێکی ترە، دەگەنە لووتم. زەردەواڵەیەک بەدەوری سەرمدا سووڕ و خولیەتی. کەس بە پشت سەرمەوە نیە. ئەوانەی بەر دووکانەکە پێکەوە دەکەونە قسەکردن. یەکیان گوتبووی واباشە نەفەرێک لەگەڵیا بچێ. کەس نایەت. پێویستیش ناکا کەس بێت. هەنگاوەکانم هی خۆمن. تەنیا خۆم تیایاندا جێمدەبێتەوە. وەک چۆن دایکم و باوکم ئەو شەوە تەنیا خۆیان لە هەنگاوەکانی خۆیاندا جێیان بووەوە. راستی پێویست بوو مرۆڤ ئاوا جەستەی خۆی بدا بە کۆڵی خۆیدا و بچێ لە شوێنێکی تر بەو شێوەیە بیداتەوە بە عەرزدا؟ بەڵام کێ دەزانێ. رەنگە نەیانزانیبێ چییان بەسەردێ، بەڵام دەیانزانی کە دەتواننساڵانی ساڵی تر بژین. مرۆڤ کە دوورکەوتەوە هەستدەکا دووری دەبێ بە کاکڵی هەموو شتێکی ژیانی.

بیمارستان شارەزا بووم. لە کۆتایی خیابانێک بە هەمان ناوەوە و لە تەنیشت چەمێکی وشک بەناوی شیوی گۆڕستانی غەریبان کە پردێکی بەسەردا دەڕۆیشت. ئەو چەمەی بەشێکی سەرەکەی گیرابوو و بەشێکی هێشتا رەها. بەستێنێکی قووڵ کە تەنیا بە کاتی بەفر و باران کەمێک ئاوی تێدەزا. چەمەکە بە دیوی رۆژهەڵات بە درێژایی حەسارەکەی بینای بیمارستانەکەدا دادەگەڕا و ئەویش وەک چەمی گەورە و زری زێن خۆی دەگەیاندەوە چەمەکەی ناو شار. بە بێ ئاو! ئەم خیابانە

کۆمەڵێک منداڵی چەتوونی تیایە کە حەزیان بە قڕە و بەزمە و یەخەی منداڵانی تر دەگرن. من شەڕ و ئاژاوەکانیانم بینیوە. هەڵبەت وەک گوتم ئەوانیش وەک منداڵانی تر قەت کاریان بە من نەبووە. ئیستایش کە گەورە بوونە هەر وەهان، بەڵام بە شێوازی تر. من حەزم لێیان نیە. ئەمڕۆیش ئەوان من وەک جاری جاران، وەک ساڵان، نابینن. بەرەوڕووبوونەوەی گۆجێک نە ئەو ساڵانە شانازی پێدەبەخشین و نە بینینیشی ئیستا شتێکی ئەوتۆ دەدات بە دەستەوە. من خەڵکی خانوویەکی دەوری شار، وەک هەمیشە نەبووم و نیم. پێویستیش ناکا بۆ ئەوان هەبم.
لە چایخانەکەی سەر پردەکە خەڵکی لە سەر کورسییەکانی دەرەوە دانیشتوون و قلیان دەکێشن و چایی دەخۆنەوە و دۆمینەدەکەن. بێگومان بەشێکی گرینگ لە قسەباسی ئەمڕۆیان ئێمەین،... باوکم و دایکم و خانووە پەرپووتەکە. شتێک وەک بەزەیی دەڕژێتە گیانمەوە. من کە قەت بەزەییم بە خۆمدا نەهاتووەتەوە، من کە قۆلیشم تەنانەت ئەم هەستەی تیا نەبزواندبووم ئەمڕۆ قوڵپێک بەربینم دەگرێ. وەک ئاگر لە هەناومەوە دەکشێ و سەردەکەوێ تا دەگاتە ناو گەرووم. باشە چی روویداوە؟ ئەگەریش روویدابێ بۆ لە ئێمە؟ مەگەر بەڵێن نەبوو ئەوانەی وا دووردوور لە خەڵکی دەژین و خۆیان تێکەڵاوی بەزم و رەزمی خەڵکی ناکەن، کەمتر بەڵایان بەسەردا بێت؟ باشە ماون یان تەنیا شتێک روویداوە و دوواتر ژیان وەک جاری جارانی لێدێتەوە! باوکم ئەوەندە دوورکەوتەوە تا دووری گرتی! چەندە حەزدەکەم بگریم، بەڵام بەر بە خۆم دەگرم. لێرە لەناو خەڵکیدا نابێ. چیم پێ دەڵێن؟ منێک کە سەرما و گەرما بەم قۆلە گۆجەمەوە نەیگریاندووم،... چۆن شتی وادەبێ. هەوڵدەدەم قوڵپەکە قووتبدەمەوە. ئاگرەکە دەنیشێتەوە و کەچی ئەوەندە ناخایەنێ دیسان گڕدەهاوێتەوە. وادیارە تا دەگەمە ئەوێ دەبێ لەگەڵیا بژیم.

جارێکیان باوکم لەسەر بەردەنوێژەکە لەدووای ئەوەی لێبووەوە گوتی رۆڵە خۆ دەزانی دونیا مردنە؟ من دەمزانی، بەڵام زۆرم بیرلێنەدەکردەوە. ئەوەندەی بیرم لای ماجوومییەکان و سینییەکە بوو، بیرم لەوێ نەبوو. باشە با دونیا مردنیش بێت، کەچی!؟ مەگەر غەیری ئەوەیە دەبێ من ماجوومییەکانم بفرۆشم و ئێوارە بە خێرەکەیەوە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟ هەستم دەکرد باوکم جاری وابوو زیا لە رادە بیری لە هەندێ شت دەکردەوە. هەندێ شت کە بەکەڵکی ژیانی ئێمە نەدەهات.

لەبەر دووکانی وەستا مارف کە وردەواڵە فرۆشە تێدەپەڕم و، دەڵێ کوڕم خوای گەورە بیانبەخشێ، خواست و قەدەری خواوەند بووە! هەستدەکەم جەستەم هی خۆم نیە. وەک بڵێی کەسێکی ترە خەریکە رێگادەبڕێ. من سەیری وەستا مارف ناکەم. ناوێرم سەیری بکەم. تەنانەت هەنگاوەکانیشم خێراتر ناکەم. گوێم لێیە دەڵێ بەستەزمان، خوا رەحمی پێ بکا! بیمارستانم لێدەردەکەوێ. سپی سپی بەو بینا درێژەوە و بە پەنجەرە گەورە و بێ ئەژمارەکانییەوە. بە حەوشە گەورە و پڕ درەخت و گووڵەکانییەوە. حەشیمەتێکی زۆر لەبەر دەروازەکەیدا راوەستان و پچەپچیانە. سەردەکێشن و رادەمێنن. ناو حەوشەکەیش جووڵەیەکی غەریبی تیایە. ئامبولانسەکە دیارە.

ئیتر دڵنیام کە شتێکی ترسناک روویداوە. بەڵام هەر ئەوەندەی کە بە وردی نازانم چییە. ئاربەبا بەلای چەپمەوە بەهەیبەت راوەستاوە و مێشێکیشی میوان نیە. کارەساتیش بەشی وردی نیە. دەبێ وەک خۆی گەورە و گران بەرەوڕووی بیتەوە و وەریبگری. جا گەر چکە چکە بووایە خۆ کەس بەرگەی نەدەگرت. لەبەر دەرگا کەسێک پێم دەڵێ ژنەکەت لە ماڵی بەکری زێڕنگەرە، دەڵێ بە خۆشییەوە سەلامەتە. بیردەکەمەوە بەکری زێڕنگەر!

(١٨)

ماوەیەک هەواڵی سەیروسەمەرەوە لە شارانەوە دێت. باس باسی خۆپیشاندان و بانک سووتاندن و گرتن و کوشتنە. من لەسەر رۆژنامەکان وێنەکان دەبینم و سەردێڕەکانیش دەخوێنمەوە. حاڵ و هەوای ژیان گۆڕاوە. بۆنی گۆڕان دێت. خەڵک کتوپڕ زیاتر بە هەواڵەکانی حکومەتەوە سەرقاڵن. نەفرەتێکی سەیر لە دەسەڵات لە قسەوباسی ناو خەڵکیدا خۆی پیشاندەدا. کەس بەقەدەر بێزاد لەم دۆخە خۆشحاڵ نیە. دەڵێ ماسییەکەی سەمەد خەریکە دەگاتە دەریا! ئەو کتێبەیشی کاتی خۆی دابوومێ. خوێندمەوە. بێزاد دەڵێ ئەمە باشترین کتێبی ئەو نووسەرەیە و جایزەیشی لە خاریج لە وڵاتێک بەناوی ئیتالیا وەرگرتووە. لەبیرمە ئەوەی لە کتێبەکەدا زۆر سەرنجی راکێشام سەرەتاکەی بوو، کاتێک ماسییە پیرەکە دوانزەهەزار لە منداڵ و لە نەوەکانی بەدەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە و چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە. چەند خۆش هاتەگوێم. ئەوسا سەفەرەکەی ماسییە رەشە بچووکەکە. بەتەنیا بە رێگا نامۆکاندا. ئەو زۆر بڕیاردەرانە زێدی خۆی بەجێدێڵێ و دەیەوێ بگاتە شوێنێکی تر. لە دڵەوە چەندە لەو بڕیارەی دەترسام ئەوەندەیش بەخیلیم پیایا دەهاتەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆت منیش بەیانییەک لەخەو هەستم و بە دایکم و باوکم بڵێم من چیتر لێرە ناتوانم بژیم و، دەبێ بڕۆم! ئەویش بۆ شوێنێک کە تەنیا ناوەکەیم بیستووە. بە بێزادم گوت من کتێبەکەم پێ خۆش نەبوو. بێزاد بزەیەکی هاتێ و گوتی خۆ ئەمە حەتمەن بەو مانایە نیە ئێمە دەبێ دایک و باوکمان جێ بێڵین و بڕۆین، کتێبەکە باس لە شتی تر

دەکا. ئەوسا باسی ئەوەی کرد ئێمە نابێ بەوەی هەمانە رازی بین و دەبێ بۆ ژیانێکی باشتر تێبکۆشین، باسی سەرکوت و بێ مافیی خەڵکی کرد، ئەوەیکە بە بێ خەباتکردن کەس ناتوانێ بگاتە مافەکانی خۆی. گوتی مەسەلەن تۆ هەر لە منداڵییەوە خەریکی ماجوومفرۆشیت و ئەمە لە کاتێکدایە کە تۆ دەبووایە دەرس بخوێنێ و حکومەت ژیانت دابین بکات. گوتی تۆ نابێ رۆژ تا ئێوارە بە سینییەکی ماجوومییەوە بە شاردا بگەڕێی، ئەمە ژیان نیە! گوتم پێویست ناکا کەس ژیانی من دابین بکا، من دەتوانم لەسەر پێی خۆم راوەستم. گوتم ئەو ماسییە بچوکە رەشە بێڕەحمەو بیر لە دایکی ناکاتەوە و جێی دێڵێ. بەڵام بێزاد هەوڵیدەدا بە جۆرێکی تر بچێتە ناو باسەکەوە و بە منی بسەلمێنێ کە ژیان هەر ئەمە نیە ئەم خەڵکە دەیکەن و ئەوان شیاوی ژیانی باشترن. خۆی گوتەنی ژیانێکی ئینسانی. سەروبەری بیرەکانیم بۆ ناگیرێتەوە. بیر لە دایک و باوکم دەکەمەوە کە کاتی خۆی بۆ ژیانێکی تر روویان لێرە کرد. نایشزانم تا چەندە بەڕاستی بەم ژیانەی ئیستایان خەنین. ئەوان هەمیشە بە جۆرێک دڵیان لای رابردووە. راستە یەکتریان دۆزییەوە، بەڵام زۆر شتی دیکەیشیان لەدەست داوە. تازە ئەگەر کۆتایی ژیان نەگاتە چاڵەبیرێکی کە ساڵانی ساڵ ئاوی ماڵەکەیشی داوە! بێزاد بەمە نازانێ. ئەو ئاگای لە شتی وا نیە. هەڵبەت من باسی ئەمەی بۆ ناکەم. هەستدەکەم لای ئەو ئەم نموونەیە ناخوات. بێگومان ئەو دیسان پێم دەڵێتەوە کە خراپ لێکی دەدەمەوە.

هەر لە کەین و بەینی هەواڵی سەیروسەمەرەی شاراندا بوو رۆژێک ساواک بێزاد دەگرن و دەیبەن. سەرەتا گوتیان لە شارەبانییە، دوواتر گوتیان نا لە ساواکە کە خانوویەکی سپیی دووقات بوو لە ناوەڕاستی شار لە کۆڵانێکی تەنیشت فەلەکەکەی ناوەڕاستدا. باوکی کەوتەخۆ و رووی لە زاواکەی واتە بەکری زێڕنگەری کرد. بەکر توانی لە دووای دوو رۆژ بیهێنێتە دەرەوە. لەدووای پرسوجۆیەکی زۆر

هەڕەشەیان لێکردبوو کە دەبێ دەمی داخا و چیتر لەم لاولا قسە بە بنەماڵەی پاشا نەدا، گوتبوویان لە هیچ کۆبوونەوەو خۆپیشاندانێکی دژە حکومیدا بەشداری نەکا و بەتایبەت لە چاخانەکە ئەوەندە دانەنیشێ و قسەی هەڵیت و پەڵیت بکا. هەموو ئەمانەیان لەسەر کاغەزێک نووسیبوو و پێشیان ئیمزاکردبوو. بێزاد ئیمزای کردبوو و هاتبووە دەر. هەر لە دەرگاکە ناترازێن کە بەکری زاوای پێی دەڵێ چەند جارم وت واز لەم شتە قۆڕانە بێنە، مەگەر نەموت بە ئاگر کایە ئەکەی و ئەم شتانە ڕۆژێ سەرت ئەخۆن؟ نەموت باشتر نیە سەرت بە ژیانی خۆتەوە بێ و یارمەتی باوکت بەی! بێزاد وەڵامی نەداتەوە. لە چاوەکانیدا هەمان نیگاکانی پێش دەسگیرکردنەکەی دەبینرێن. دڵنیایە تازە زەمانە گۆڕاوە و بەلایەکی تردا تلی داوە و ئیتر ئەم گرتن و هەڕەشەلێکردنەکانی حکومەت و نەسیحەتەکانی زاواکەیشی با لە رووی خێرەوە بن، تازە ناتوانن بەر بە رەوتی ڕووداوەکان بگرن. ڕاستییەکەی ئەوە بوو هەتا دەهات وەزع لە شارەکانی تر زیاتر دەئاڵۆزکا و، حکومەتیش کارێکی وەهای پێنەدەکرا.

من کە هەواڵی گرتنی بێزادم بیست، داچڵەکام. وەک مەرگی بێ مانا و لەخۆڕایی دایک و باوکم جووڵاندمی. نەکا شتێکی لێ بەسەر بێنن؟ ئیستا بوو دەمزانی سەرەڕای هەموو مەوداکانم لەگەڵ ئەو پیاوە، بەڵام بەشێکی گرینگی لە ژیانی من داگیرکردبوو. من ئەو بینا خۆڵەمێشییە چیمەنتۆییەم بینیبوو، بەڵام قەت نەمزانیبوو چییە. کاتێک گوتیان ئەوە خانوویەکی ترسناکە و لە هەموو ئەم ساڵانەدا چاوەدێریی شارەکەی کردووە و خەڵکیان تیا ئازار و ئەزیەت داوە، ئەمجارە بەتایبەت لەوێوە تێدەپەڕیم بۆ ئەوەی باشتر سەرنجی بدەمێ. دەڵێی یەکەمین جار بوو دەمبینی. باشە دەکرا لەم ژیانەدا خانووی وەها و خەڵکی لەو چەشنەیش دەستکەون؟ دەڵێن ئەوانەی لەوێ کار دەکەن و سەر بەوێن، نادیارن و خۆیان ئاشکراناکەن و بەڵام کاریان

ئەوەیە لە سڕوتڕی خەڵکی بگەن. من شارەبانی و زیندانەکەیم بینبوو، بەڵام وەک ئێرە ترسناک نەدەهاتە بەرچاوم. لێرە هیچ نیگابانێکت لەبەر دەرگادا نەدەبینی، بیناکە تەواو لە بینایەکی ئاسایی دەکرد، بەڵام سارد و سڕ و ترسناک دەینواند، بەو پەنجەرە گەورانەوە کە بەرزبەرز بەسەر کۆلانەکدا دەیڕواند و دەڵێی هەمیشە کەسێک لە پشتیانەوەیە بێ ئەوەی بیانبینی خەریکی چاوەدێری کردنی هەموو شتێکن. من تەنانەت نەموێرا زۆر لێی بڕوانم. هەستم دەکرد کارێکی باش ناکەم و هاکا کەسێک کتوپڕ دەرگا یان پەنجەرەکان بکاتەوە و بڵێ ئەوە بۆ دەڕوانێ، ئا وەرە ژوورەوە! تا تێدەپەڕیم بە لاچاو هەر سەرنجێکم لەسەری بوو. بێزادیان هێنابووە ئێرە. من بەتەمای بینینی بێزاد روومکردە چایخانەکە. لەوێ نەبوو. لەسەر باڵکۆنەکەی ماڵی خاتوونیش نەبوو. لەبەر دووکانەکەی باوکیشیا نەبوو. دوواتر زانیم چەند رۆژ لە دووای مەرەخەس بوونەکەی زاواکەی بەزۆر دەینێرێ بۆ سەفەر بۆ سەقز بۆ ماڵی یەکێک لە خزمەکانیان. بەو نیازەی کەمێک دۆخەکە ئارام بێتەوە. بەڵام دوو رۆژ دووای سەفەرەکەی، لە سەقز خۆپیشاندان دەبێ و رۆژی دوواتریشی دەگاتە بانە. بۆیە ئەوەندەی پێنەچوو بێزاد هاتەوە و بنەماڵە و زاواکەیشی ئیتر بەڕاستی نەیاندەزانی چی لێبکەن. هەموو شوێنێ وەک یەک بوو. کەواتە وا باشتر بوو لای بنەماڵەکەی بێت و بەم شێوەیە باشتر ئاگاینن لێ دەبێت. بە تێپەڕینی رۆژەکان و هەفتەکانیش دۆخەکە هەتا دەهات خراپ و خراپتر دەبوو. تەنانەت کاتێک بەکر چاوی بە سەرۆک پۆلیس و فەرماندەی سەربازخانەکەی شار دەکەوێ، دەبینێ ئەوانیش هەڵوێستیان نەرم بووە و سەرۆک پۆلیس باس لە پێویستیی نەڕژانی خوێنی خەڵکی دەکا و فەرماندەیش باس لەوەی کاری ئەرتەش دەخالەت لە سیاسەتکردندا نیە. بەم شێوەیە پۆلیس قەت دەخالەتی لە خۆپیشاندانەکاندا نەکرد و ئەرتەشیش تەنیا بۆ چاوەدێری رووی لە ناو شاردەکرد. فەرماندە گوتبووی

ئێره شارێکی سەرسنووره و بۆیە دەبی زیاتر ئاگایان لە وەزعەکە بێت. بەکر بە غەریزەی وریای خۆی دەستبەجێ تێگەیشت کە بەردە زلەکە تلی داوە و تازە مەحاڵە بچێتەوە جێی خۆی، بەڵام نەیدەزانی کە ئەم تلدانە سەرئەنجام بەرەو کوێی دەبا. بۆیە زۆر زیرەکانە پێوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆک شارەبانی و فەرماندەی پادگان پچڕاند و خووی دایە ژن برا شێتەکەی کە ئیستاکە زیرەک دەهاتە بەرچاوی. ئەقڵی پێی دەگوت داهاتوو هی ئەم سەرزلەی برایەتی، بەڵام شتێک کە کەمێک لەم بڕیارەیدا خاوەی دەکردەوە ئەوە بوو کە ئەو دروشمانەی لە شارە گەورەکان و بەتایبەت لەناوەند دەگوترانەوە بەئاشکرا جیاوازبوون لەو بیروبۆچوون و حاڵ و هەوایەی بێزاد دەیدرکاند. نیشتمان ببوو بە چەند کەرتەوە.

ئیستا بینینی بێزاد ئەوەندە ئاسان نەبوو. بەتێپەڕینی مانگەکان بوو بە کەسایەتییەکی گرینگ و جێی سەرنج. لە هەموو شوێنێک باسیان دەکرد. ئاگام لێبوو لە رێپێوانەکاندا لە پێشەوە بوو، دروشمی دەدا، خەڵکی رێکدەخست، هاوڕێیەکی زۆری بەدەورەوە بوو و دڵنیاتر لە هەمیشە هەڵدەسووڕا. من بە سینی ماجوومییەکەمەوە لەسەر پیادەڕەوەکان رادەوەستام و سەیری حەشیمەتەکەم دەکرد، سەیری بێزاد کە چەندە پڕ لە وزە و بە شەوقەوە دەیڕوانییە ئەوەی وا خەریک بوو روویدەدا. نازانم بۆ، بەڵام هەستم بە هیچ جۆرە پێوەندییەک لەگەڵیانا نەدەکرد. لەگەڵ خەڵکەکە و بێزاد دەڵێم. باشی ئەم خۆپیشاندانانە لەوەدا بوو کە دەمتوانیّ بە بێ ئەوەی زۆر بگەڕێم، ماجوومییەکانی خۆم بفرۆشم! من کە زۆر هەستم بە شێوەی دەسەڵاتی حکومەت لە تەواوی ئەم ساڵانەدا نەکردبوو، لام سەیربوو خەڵکی ئەوەندە تووڕەن. باشە چیان دەویست. سەیری دروشمەکان دەکەم، گوێ لە دەنگ هەڵبڕینەکان دەگرم. باسی نان و ئازادی و کار و رووخانی رژێمە، باسی یەکگرتن، باسی مافەکانی گەلی کورد. باشە مەگەر نان بە کار و ئیشکردن پەیدا

نابێ؟ ئیتر ئەمە بە حکومەت چی! ئازادی ئەوە هیچ، بۆم سەر یەک ناخرێتەوە، بەڵام کاریش وەک نان وایە، بە خۆتە. ئەوسا باسی مافەکانی کورد، من بیستوومە باسی خوێندن بە زمانی کوردی و کتێبی کوردی و شتی وا دەکەن. ئەوسا دێتەوە بیرم لە قوتابخانە بە فارسی دەمانخوێند. یەکەم ساڵم لەبیرە چەندە بە زەحمەت رێکەوتم. حاڵی بوون و تێگەیشتن لەو زمانە چەندە دژواربوو، بەڵام بە من چی بە کوردی بخوێنی یان بە فارسی! منێک کە هەر لە سەرەتاوە لە مەدرەسە وازم هێنابوو و پەڕیوەی ئەم کۆڵان و جادانە ببووم. سەیری ماجوومییەکانم دەکەمەوە. هەستدەکەم ناتوانم هیچ شتێکی ئەم دونیایە بەمانە بگۆڕمەوە.

بێزاد کە هەمیشە سەرنجی تایبەتی لەسەر من هەبوو، ئیستاکە ئیتر دەڵێی هەر نامبینێ. من لە قەرەباڵغییەکانی ئەو رۆژانەدا ونبووم. هەڵبەت دەزانم بە هۆی سەرقاڵییەوەیە نەک شتی تر. ئەو هەمیشە دڵ و دەروونێکی باشی هەبووە. دەزانم لەخۆبایی نیە، بەڵام هاوکات دەیشزانم من بۆ ئەو شتێک بووم کە ئەو دەبا کاری لەسەر بکا بۆ ئەوەی بیکا بەو شتەی وا بۆخۆی دەیویست. ئەمە هەستێکی ناخۆشم تیا دروستدەکا. بیری کتێبەکانی دەکەومەوە وا پێی دەدام. تەنانەت جارێکیان گوتی ئەم کتێبانە لە کتێبخانەی شار دەستدەکەون و باشە من خۆم بکەم بە ئەندامی ئەوێ و بچم لەوێ وەریانبگرم. گوتی کتێبی زۆر هەیە و پێویستە ئێمە بیانخوێنینەوە. کتێبخانەکە لە گەڕەکی سەروو لە نزیک ئاربەبا بوو. منداڵان و مێرمنداڵان روویان تێدەکرد. چیرۆکەکان راستە دەیانبزواندم و سەرنجیان رادەکێشام، بەڵام نەمدەتوانی ببم بەوەی وا ئەوان هەبوون. من هەمیشە لام وابوو وەک خانووەکەمان لەدەرەوەی شارەکە و خەڵکین و ئەوەی وا لەناو شار روودەدا پێوەندی بە ئێمەوە نیە. من دەبووایە تەنیا بڕوانم، سەیربکەم بزانم چی دەبێ. هەڵبەت نەیشبێ زۆر گرینگ

نەبوو. سینییە ماجوومییەکە دەیگوت ئاگام لێی بێت لەسەر شانم نەکەوێتە خوارەوە. منیش ئاگام لێی بوو.

رۆژێک خانووەکەی ساواکیان سووتاند. دووکەڵەکەی بە شاردا بڵاوبووەوە. گوتیان لەمێژە رەئیسەکەی رۆیشتووە. کاغەز سەرتاسەری حەوشەکە و کۆڵانەکەی لەخۆ گرتبوو. هەر لەو کۆڵانەدا بێزادیان خستە سەرکۆڵ و ئەویش مشتی رادەوەشاند و دەیگوت سەرئەنجام رۆژی ئازادی هات. تفەنگەکان تەقەدەکەن و فیشەکەکان بە ئاسماندا بڵاودەبنەوە. شەو پرشنگ دەڵێ ئەمڕۆ لە حەوشێ شت لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارەوە. لە ترسا خۆی بە ژوورەوەدا کردبوو. دەڵێ بەکری زێڕنگەر ئەمڕۆ کڵاشینکۆفی لە خۆیدابوو، بە چەندین خەشاب بە دەوری کەممەرییەوە. منیش دوواتر دەیبینم. مزەللیە. لە دوورەوە لەبەر هەتاودا دەبریقێتەوە. دەڵێن لەو دیوەوە بۆیان هێناوە. رووسیی ئەسڵە. بەکر دەڵێ هەر لە سەرەتاوە ئەمزانی ئەم سەگبابە خۆی ناگرێ و رۆژێک سەرونقوم ئەبێ، دەڵێ مەگەر ئەکرێ کوڕی خەڵکی بکوژی و پێت وابێ هەتاهەتایە دەتوانی پاڵی لێ بەیتەوە! خاتوون پێی دەڵێ تکایە تفەنگەکە لەبەر دەستدا دامەنێ کوڕەکان دەستی دەدەنێ و... بەکر سەیریان دەکا و دەڵێ بۆخۆیان بوونەتە پیاو.

ئێوارەیەک رادیۆ کۆنەکەی باوکم دەکەمەوە و بێژەرێکی دەنگ خۆش بە حەماسەتەوە دەڵێ شا رۆیشت. هەواڵەکەم پێشتر ئەو رۆژە بیستبوو. شار خرۆشابوو. سەرۆک شارەبانی بۆ خەڵکی قسەی کردبوو و خەڵکی دڵنیا کردبوو کە پۆلیس وەک هەمیشە لەگەڵ جەماوەرە. بێزاد دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ ئیتر دەبێ ئێوە بڕۆن و شارەبانی بدەنە دەستی ئێمە، دەست جەماوەر. هەر ئەو رۆژە پۆلیسەکانیان مەرەخس کردبوو و کۆمیتەیەکیان دامەزراند. سوپایش لە سەربازخانەکەوە چیتر یەک تاقە سەرباز و زرێپۆش چییە نەینارده ناو شار.

تەواوی ئەو رۆژانە ماجوومفرۆشیی من بەردەوام بوو. یەک تاقە رۆژ چییە، تەنانەت لە گەرمەی رووداوەکانی ساڵی ٥٧، رانەوەستا. خەنی لەوەی من کارێکم دەزانی کە لەو رۆژە پڕ لە بێنەو بەرانەدا نانی خۆی پەیدادەکرد و بەردەوام دەمتوانی ژیانی خۆم و خێزانمی پێ دابینبکەم، ژیانمان تێدەپەڕاند. جارێکیان پرشنگ گوتی لە ماڵی مامی خەیاتی فێربووەو دەتوانێ کراس و دەسماڵی ژنانە بدورێ. گوتی دەتوانێ یارمەتیدەر بێت، بەڵام خانووەکەی ئێمە هێشتا ئەوەندە دوور بوو کە نەتوانێ بیر لە مشتەری بکاتەوە. گوتم پێویست ناکا. ئاوایش دەیگوزەرێنین. پرشنگ لە ئاژەڵداری نەدەزانی و بۆیە مانگاکەمان فرۆشت و لە جیاتی مریشک و کەڵەشێرمان راگرت. بیردەکەمەوە باشە بۆ کاتی خۆی دایکم مریشک و کەڵەبابی رانەدەگرت! رەنگە بۆ ئەوەی سەرنجی ئاژەڵی وەک رێوی بۆ تاقەخانووەکەی دەرەوەی شار نەقۆزێتەوە. سەوزەیشمان لە حەوشەکەدا چاند. لە ماڵەوە بە پێچەوانەی دەرەوە هەموو شتێک ئارام بوو و لە جێی خۆیدا. من جاری وابوو لە دڵەوە سوپاسگوزاری ئەوە بووم لەم دەشتەدا دەژیاین. ژاوەژاوی شار، ئەوەی وا ئەم چەند مانگەی دووایی سەری هەڵدابوو دەیترساندم. بەڕاستی بێزاد لە بیری چیدا بوو. دەیویست ژیان و دونیا بە چ بارێکدا بڕۆن؟ بۆ ئەوێک کە قەت نەمبینیبوو کاسبی بکا و هەمیشە کتێبێکی لە بن باخەڵدا بوو و خەیاڵی دەڕۆیشت، ژیان چۆن دەهاتەبەرچاو؟ کتوپڕ بەو ئاکامە گەیشتم دەبێ بەتەواوی بیری بێزاد لە مێشکی خۆم دەرهاوم. رۆژانی سەر باڵکۆنەکە و چاخانەکە تەواوببوون. نا، من جۆرێکی تر بووم. جۆرێک وەک ئەم دەشتە و ئەم خانووە تەریکە. گەر ببێ بە سەرۆک حکومەتیش بە من چی! هەر ئەوەندەی ئێمە تەنیا ببین بە خاوەن منداڵ، ئەوەندەی پرشنگ زاوزێ بکا و ئەم خانووە دڵتەنگە ئەمما بێدەنگ و ئارامە لە قریوە و لە هاتووچۆی خۆیان پڕبکەنەوە. مەگەر من چ چاوەڕوانییەکی ترم لە ژیان هەبوو. نا،

چاوەڕوانییەکانی من وەک بێزاد نەبوون. نە حەزم بە دزییەکانی کەچەڵی کۆترباز بوو و نە بە جێ هێشتنی زێد لە لایەن ماسییە رەشە بچووکەکەوە. یەک جار ئاکامی جووڵەی دایک و باوکم بینیبوو و بۆ حەوت پشتم بەس بوو! هەتا ئێوارە بێزادیش بۆم شی بکاتەوە کە نا خراپ تێگەیشتووم، بە گوێمدا ناچێ. راستی بۆچی ئەو لای وایە هەمیشە ئەوە راست بیردەکاتەوە؟ وەستاحاجی جارێکیان گووتی لەگەڵ ئەوەی حەزم پێیە منداڵ بخوێنن، بەڵام لە خوێندەواری ئەم سەردەمە دەترسم، حەزم پێیان نیە، زۆر دەڵێن و زۆر داوادەکەن و کەمیش گوێدەگرن، زۆریش خەڵکی تر بەکەمدەگرن، ئیشکەریش نین، زۆر چاویان لە حکومەتە و لایان وایە دەبی هەمیشە لەوێ دامەزرێن، دەڵێی رزقی دونیا لای حکومەتە!

حاجی راستدەکا. ئەوەی چاوی لە شوێنی تر بێت، هەم سەری خۆی بە قوڕدا دەکا و هەم سەری خەڵکی. لە سینییەکان دەڕوانمەوە. ئەمڕۆ بڕیادەدەم بە فافۆنیش جوان جوان بیانکرێنم و بیانشۆم. ناوەناوە پێویستە.

(١٩)

لە سەرەتاوە من و پرشنگ زۆر لەگەڵ یەکتر نەدەدواین. یەکێک لە ژوورەکان درا بە ئێمە و ئەویش زۆر ئاسان بوو بە ئەندامێکی تازە بنەماڵەی. دایکم چەند خەنی و خۆشحاڵ بوو. وەک فڕفڕە بەدەوریدا دەهات. باوکم شەوێکیان کاتێک پرشنگ لە حەوشە بوو بە دایکمی گوت ئاگات لەخۆت بێت، یاخی مەکە! دایکم بە تەعەجوبەوە لە باوکمی ڕووانی، ئەیەڕۆ بووکتە، سەید، کچمانە ئەم قسانە چییە! من لە جوانی ژنەکەم سەرم سوڕدەما. زۆر جار لەگەڵ ئەو ڕۆژەی بە منداڵی لە پشت درگاکە لەتەنیشت باوکییەوە بینیبووم، هەڵمدەسەنگاند. تەنیا چاوەکانی وەک جاران بوون. چەند جوان خۆی داڕشتبوو. وەک بڵێی سروشت تۆڵەی هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی پرشنگی کردبێتەوە و بە بەخشینی باشترین دیارییەکانی خۆی هەموو شتێکی بۆ قەرەبوو کردبووەوە. بەڵام وا دەهاتە بەرچاو پرشنگ ئاگای لەم بەشە نەبێ. دەڵێی نەیدەزانی چەندە جوانە. زۆر کەم دەچووە بەر ئاوێنە و هەمیشە خەیاڵی دەڕۆیشت. لە ژن نەدەچوو! داوای هیچی نەدەکرد. نە جل و بەرگ و نە لە خواردندا. ژیان و هەڵسوکەوتی تەژی بوو لە قەناعەت. باوکم گوتی ڕۆڵە دەحەسێیتەوە، خوا ڕەحمی کرد و ژنێکی باشی پێ بەخشی، گوتی دیسان ماڵی حاجی ئاوا. منیش دەڵێم ماڵی وەستاحاجی ئاوا، ئەو پیاوە بەو تەمەنەی خۆیەوە و لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە دووکانەکەی بوو و کاری خەڵکی ڕێدەخست کەچی بۆ

شتی تریش هەر بەو رادەیە وریابوو. کەس نازانێ چۆن دەیتوانی بەم شێوەیە دوو کەس یەکبخات کە هەر کامەیان بە جۆرێک لە کۆمەڵگا دابڕابوون، یەک بە قۆلە گۆجەکەیەوە و ئەوی تریشیان بەو بەسەرهاتە سامناکەی ژیانی منداڵییەوە. بەڵام من بە جۆرێک بێ ئۆقرە بووم. جاری وابوو هەستم دەکرد ئەمە بۆ من پارچەیەکی گەورە بوو کە بۆم قووت نەدەدرا، چ ئیستا و چ لە داهاتوودا. زۆر جار دادەنیشتم و بیرم دەکردەوە، بەتایبەت بەدەم گەڕانی ناو کووچە و کۆڵانان و هەڵگرتنی سینییەکەوە. سەیری قۆلە گۆجەکەی خۆم دەکرد و دەمپرسی داخۆ هەڵەم نەکردووە، داخۆ حاجی کاتی خۆی بیری لەم بەشە کردبووەوە؟ ئەوسا شوکر بووم لەوەی لەم دەشتەدا بەدوور لە خەڵکی دەژیاین و کەسی وەهامان بە دەورەوە نەبوو. ئیستایش نە بێزاد هاتوچۆی ماڵە خوشکی دەکردەوە و نە قەتیش بەکرم لە سەر باڵکۆنەکە بینیبوو کە دانیشێ و چاوی لە حەوش و ماڵەکەی ئێمە بێت. کوڕەکانیشی هەر دەڵێی سەر بان و باڵکۆنیشیان نەبێ. بیرم دەکردەوە نەکا پرشنگ شەوێک لە شەوەکانی ژیان وەک دایکم لە گەڵ کەسێکی وەک باوکم رێبکەوێ و لە شەوێکی نووتەکدا سنوور ببڕن و بۆ هەمیشە قوڕ بەسەرمدا بکەن. بەم بیرانە ئارەق دەنیشتە ناو پشتم و ئەژنۆکانم دەلەرزین. داخۆ من بەرگەی وەها تەکانێکم دەگرت؟ بێگومان نا. جاروبارەیش بەم بیرانەی خۆم پێکەنینم دەهات و بە خۆمم دەگوت بیبڕێنەوە هەستە بڕۆوە بۆ ماڵەوە و ئاگات لە ژیانی خۆت بێت. بەخۆشییەوە هیچیشم لە ژنەکەم نەدەبینی کە ببێتە هۆکاری نادڵنیاییم. هەموو شتێک تا ئەوپەڕی خۆی ئارام و دامەزراو و لە جێی هەمیشەیی خۆیدا بوو. بەڵام جوانییەکەی پرشنگ و قۆڵە نەگبەتەکەی من لەوێ بوون. وەک راستییەکەی خۆسەپێنەر هەمیشە لەبەر چاودا بوون. بەڵێنیش نەبوو هیچ گۆڕانێکی وەهایان جارێکە بەسەردا بێت، بەتایبەت جوانییەکەی ئەو کە هەتا دەهات هەڵیدەدا و وەک باغێک زیاتر بە دیمەنی نوێی

خۆی سەرسامی دەکردم. راستییەکەی ئەوە بوو من بە جوانیی پرشنگ رانەدەهاتم، عادەتم پێنەدەگرت. هەمیشە یان بەلاچاو سەیرم دەکرد یا بەتووندی بیرم لێدەکردەوە. من بە بێ ئەو نەمدەتوانی بژیم. دایکم پێی دەگوت پەرییەکەم،... پەرییە شۆخ و شەنگەکەم! پرشنگ حۆرییەک بوو لە ئاسمانەکەی سەر سەری بابۆسەوە دابەزیبووە سەر زەوی رێک بۆ ناو ماڵی ئێمە. دایکم دەیگوت وەی لە مندالە نازدارەکانتان، داخۆ چەندە جوان دەبن، هەموو خەڵکی دێن بۆ بینینیان! باشە ئەمە چۆن بووە رەحیمی میکانیک و بگرە خودی پرشنگیش بەوە رازی بوون ئەم کچە پەری ئاسایە ببێتە ژنی من! نەکا خوا کەڕ و کوێری کردبوون! بەڵام پرشنگ لەوە ناچێ هەر بیر لەم جۆرە شتانە بکاتەوە. ئەو لە شوێنێکی ترە. ئەوەندە ئاساییە من سەرم لێ سوڕدەمێنێ. نەکا ئەوە منم کە جوانیم بەلاوە شتێکی عەجایبە، ئەگینا جوانی شتێکە وەک هەموو دیاردەکانی تری دونیا، وەک ماجوومییەکانی من، وەک خانووەکەمان، وەک لێڕەوارەکەی رۆژهەڵاتی ماڵەکەمان و وەک دوو چەمی گەورە و زری زێن. نا، من دەبێ فێربم جوانیی پرشنگیش وەک هەموو شتەکانی تر ببینم. بەڵام دڵەڕاوکێکە لەوێیە، لە جێی خۆیدایە، نیازی نیە ببزوێ. حەزدەکەم بیدوێنم. ئەوەیکە چۆن دەڕوانێتە ژیانی جارانی خۆی و ئیستا. ماڵە باوکی و ماڵە مامی و ئیستایش ماڵی ئێمە.

رۆژێک وێنەیەکی دایکیم پیشاندەدا. وشک دەبم! ئای کە چەند جوانە! لێی ورددەبمەوە. پرشنگ زۆر لە دایکی دەچێ. دەڵێم دایکت ئەوەندە جوان بوو؟ پرشنگ لێم دەڕوانێ. وەک بڵێی لەلای پرسیارێکی سەیرە. دەڵێ لەبیریەتی دایکی زۆر حەزیدەکرد لەبەر ئاوێنەدا دانیشێ. بەشێکی بەرچاوی ژیانی رۆژانەی لە بەر ئاوێنەیا دائەنیشت. بە شانە، قژە رەشە و خاو و درێژەکانی دائەهێنا. ئاوێنەکەی دائەگرت، پەڕۆیەکی بەسەر کۆشیا بڵاوئەکردەوە و ئەوسا بە شانە سەوزە

گەورەکەی دەستی ئەکرد بە داهێنانی قژی. زۆر بە خۆیا ئەهات. باوکم کە ئێوارەیان ئەهاتەوە و ئەمەی ئەبینی شێت ئەبوو، هاواری ئەکرد و ئەیوت رۆژ تا ئێوارە لەبەر ئاوێنەیا دائەنیشی و قژ دائەهێنی، هەی عەمرت نەمێنێ، ئەی کوا سفرە و نان و چاییت، کوا ویزەی سەماوەرت، بەڵام مەگەر دایکم گوێی لەم قسانە بوو، زۆر بێ منەتانە بە رووی باوکما ئەتەقییەوە و ئەیگوت ئەی ئەوە نیە ماڵەکەی ماشاڵڵا سەد ماشاڵڵا پڕی رزقی خوایە و نازانم کامیانت بۆ سازبکەم! ئەم نەڕەنەڕەت لە چییە و... ئیتر ئەبوو بە بەزم. باوکم لەو ئاخرانەیا وازی هێنابوو، زۆر کاری بە دایکم نەبوو، جگە لەو رۆژە کە شتەکە قەوما،... من بە وردی گوێم لە پرشنگ دەگرت، من کە خۆم بە تاوانبار دەزانی قەت پێم نەگوت کە ئەو رۆژە من بووم چەقۆ تیژکراوەکەم لە دووکانی وەستاحاجییەوە بۆ بردنەوە. نەمگوت ئەو رۆژە لە تەنیشت فەقێی باوکیدا بینیبووم. نەمگوت ئەو رۆژە چاوەکانی و حاڵەتی گرتمی ئەگەرچی هێشتا منداڵ بوو. گوتی باوکم گوناح بوو. لەگەڵ ئەوەی من رۆژ تا ئێوارێ لەگەڵ دایکم بووم کەچی ئەمزانی شتێک لە رەفتاری دایکما هەڵە بوو. من باوکم بینیبوو کە ئەگریا. باوکم چاوەڕووانییەکی زۆری لە ژیان نەبوو. ئەیویست وەک هەموو خەڵکی تر بێت.

بیردەکەمەوە نەکا تاوانی جوانی بێت، نەکا جوانی رۆژێک لە رۆژەکان وەها لەگەڵ خۆی بتبا کە شتە ئاساییەکانی دەورووبەرت لەبیربەریتەوە، نەکا خەیاڵت وەها بڕوات ک هەموو شتێک ببێ بە شوێنەکانی تر و بە دونیایەکی تر، ئەو دونیای وا تەنیا لە خەیاڵدا دەستدەکەوێ! پرشنگ وێنەکەی لە ناو یەکێک لە کراسە قەدکراوەکانی ناو چەمەدانەکەی هەڵگرتبوو. دەیخاتەوە جێی خۆی و دەڵێ دایکمە، ناتوانم لەبیری بکەم. ئەو کاتانە دایک و باوکم زیندووبوون و هێشتا بە جوانی هەستم بە قسەکانی نەدەکرد. جاری وابوو هەستێکی بێڕەحمانە رووی تێدەکردم و

پێم خۆش بوو خەسووم نەمابوو! هەستم دەکرد بە هۆی نەمانییەوە ژیانم ئاسوودەترە. خوا دەزانێ پرشنگی چۆن باردەهێنا، تازە بە کەسی وەک منیشی هەر نەدەدا. من لەو جۆرە ژنانەم لە کاتی ماجوومی فرۆشتندا بینیبوو. چەند بەرامبەر بە منداڵیان بێڕەحم بوون! چەند پێیان ناخۆش بوو منداڵیان داوای ماجوومیان دەکرد. پەلیان رادەکێشان و هاواریان دەکرد کە ئەو شتە بۆگەن و پیس و تۆزاوییە چییە دەیکڕن و دەیخۆن! بە بێ ئەوەی سەیری من بکەن، بگرە جاری وابوو لە منیش توورە دەبوون، کاکە بیگوێزەوە، لێرە بڕۆ، دەی یاڵڵا! منیش دەڕۆیشتم.
گوتم باوکت چی، ئاگات لێیە؟ بزەیەکی هاتێ. گوتی خۆ بیست و چوارسەعاتە لە ماڵی تۆم، چۆن چۆنی ئاگام لە باوکم بێت! تەریق دەبمەوە. گوتی لەو ساڵەوە نەمبینیوە. لە ماڵی مامم قەت باسیان نەئەکرد. ئەوەندەی نەبێ جاروبارە رەحیمی مامم جوێنێکی پێ ئەدا! گوتم بۆ جوێنی پێ دەدا. گوتی قەت نەمزانی، قەت باسی نەکرد، رەنگە لەبەر ئەوەی منی بە تووشییەوە کردبوو. لە ژیانکردنی ماڵە مام بەگشتی رازی بوو، لە ئامۆژنی... لە کچەکانی ئامۆزای. دەیگوت ئەمە گەورەترین شانسی ژیانی ئەو بووە. دەیگوت خوا کە دەروویەک دەبەستێ، دەرووییەکی تر ئەکاتەوە. پرسیم قەت بێتاقەتیی باوکی کردووە. بزەیەکی تاڵی هاتێ. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. گوتم خوا یاربێ هەر دەیبینیتەوە، دێتەوە، ئەوەندەی نەماوە. چاوەکانی پێدەکەنن. دەڵێ جا تازە کەچی. ئەوسا بە گۆشەی لەچکەکەی چاوەکانی دەسڕێ. هێزێکی سەیرم تیا دەسووڕێ. بڕیاردەدەم هەتا هەم کاسبێکی باش بم، هەتا هەم لە ماجوومی فرۆشتن ماندوونەبم، وەڕەزنەبم. چێ بیەوێ بۆی دابین بکەم.
بە پێچەوانەی من، پرشنگ قەت پرسیارێکیشی لەسەر بنەماڵەی من نەکرد. ئەو ئێمەی وەک خۆمان، وەک خانووەکەی دەرەوەی شار وەرگرت. وەک بڵێی هەر ئەوەندەیشی بەس بوو. وەک بڵێی خواخوای بوو لە ماڵی مامی بێتەدەرەوە و

سەربەخۆ و بێ منەت بێت. جا لە کوێ دەگیرسایەوە، بۆی زۆر موهیم نەبوو. من لە رفتار و کردار و نیگاکانیدا نە خۆشحاڵیم دەبینییەوە و نە وەڕەزی. وەک بڵێی هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە بۆ ئەو وەک یەک وابوون. لەسەر هیچ شتێک لەگەڵ دایکم و باوکم بەکێشە نەدەهات. هەموو شتێکی بەقسەدەکردن. دایکم رۆژی سەد جار خۆی بەقورباندەکرد. باوکم وەک بڵێی لە پرشنگ دڵنیابووبێ ئیستا ئیتر بەگژ دایکما نەدەچووەوە. پرشنگ پەپوولە بوو. لەو پەپوولانەی کاتی خۆی من لە دەشتەکەدا بەهاران شوێنیان دەکەوتم و بۆم نەدەگیران. پەپوولە سەرکەکانی ئاشقی گووڵ. سەرینەکانی پشتی باوکمی رێک و پێکتر دەکرد بۆ ئەوەی باوکم راحەتتر دابنیشێ. پێش ئەوەی دایکم ویستبای دەست بداتە شتێک، ئەو خێرا دەیگەیشتێ و دەیکردن. راستە زیادبوونی یەک کەس بە بنەماڵەیەکی سێ کەسی زۆر نەدەهاتەبەرچاو، بەڵام چوار کەس لە خانوویەکی دوور لە شار یەکجار زیاتر بوو لە سێ کەس و بۆیە دڵنیاییەکی زیاتری دەبەخشی. من هەستم بە هیچ کەموکووڕییەک نەدەکرد. ئێوارەیان کاتێک لە گردەکەی بانەکۆن دادەگەڕام لە دوورەوە چاوم بە پرشنگ دەکەوت کە وەک هەیکەلێکی ناڕوون لە حەوشەکەدا دەهات و دەچوو، بزەیەکم دەنیشتە سەرلێو. دڵم گەرم دادەهات. ئەو بۆ هیچ شوێنێک نەدەچوو، بگرە یەکجار کەم سەردانی ماڵە مامیشی دەکرد. ئەوان جاروبارە دەهاتن. رەحیم بە جیبەکەی دەیهێنان بێ ئەوەی خۆی دابەزێ. هەر بۆخۆیشی دەیبردنەوە. ئەو جارانەیش کاتێک پرشنگ دەچوو بۆ سەردانی ماڵە مامی، باوکم دەیبرد. دەیگوت با کوڕەکە کاسبیی خۆی بکا. بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو باوکم حەزی نەدەکرد خەڵکی، خەڵکی بەرچاوتەنگ و نیگا پیس، من و پرشنگ پێکەوە ببینن! پرشنگیش بەمە رازی بوو. کە دەڕۆیشت دایکم وەک چۆن ماڵی بەکر کاتێک بەکر دەچوو بۆ سەفەر جامۆڵکەیەک ئاویان بە دووادا دەڕشت، ئەویش

جامۆڵکەیەک ئاوی روونی بیرەکەی بە دووای پرشنگ و باوکمدا دەڕشت. دیارە لەبەر پرشنگ خۆی. باوکم هەر ئەو ساڵە ماشینێک بەردی کڕی و چەپەرەکەی دیوی پشتەوەی خانووکەی تێکدا و کردی بە دیواری بەرد. دەستێکی باشیشی بە چەپەرەکانی تردا هێنا. بەکریش دەستێکی بە دیوی دەرەوەی خانووەکەی خۆیدا هێنا. لەگەڵ ئەوەی دونیا گۆڕابوو، بەڵام گەڕەکی ئێمە هەر وەک جاران بوو. وەک جاران هەتاو لە پشت بابۆسەوە سەری دەردێنا و بە ئاسماندا دەسووڕایەوە هەتا لە پشت سەربازخانەکەوە دیسان ئاوادەبووەوە. پێنجەکەی بابۆس وەک هەمیشە گوێزی دەدا و منیش جاروبارە کاتێک زەوقی پیاسەیەکم دەکرد، دەچووم و برێکم لێدەهێنانەوە. خەڵکی ترخاناوا پێیان ناخۆش بوو، بۆیە بەشی ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو. دەستە ناسکەکانی پرشنگ کاتێک بەهۆی لێکردنەوەی پێستە سەوزەکانەوە رەش دەبوون چەند لەبەر چاومدا جوان دەبوون. لە خەنە جوانتر بوون. شەوانە ژێر لێفەکە پڕدەبوو لە بۆنی گوێز.

کاتێک شۆڕش سەرکەوت و فەقێ ئەحمەد لە زیندان هاتە دەرەوە (دیارە هەر حوکمەکەی تەواوببوو)، قەت رووی لە ماڵی ئێمە نەکرد! بەو قاچە گێڕ و خواروخێچانەوەی کە بەزەحمەت بە یارمەتیی چێوشەق پێیانەوە بە رێگادا دەڕۆیشت، ژوورێکی لە خانوویەکی گەڕەکی ساتاوا گرت و کەوتە جگەرەفرۆشی. من بەتووشییەوە دەبووم. خۆی لێ گێل دەکردم. منیش خۆم تێنەدەگەیاند. پرشنگ سەرەتا کەمێک گریا، بەڵام بەڕواڵەتیش بێت زۆر خێرا فەرامۆشی کرد. من کە نەمدەزانی چی بکەم، یەک دوو جارێک ویستم لێی پرسم بەتەمای چییە، بەڵام قەت نەمپرسی. چۆ راحەتە با وابێ! باوکی خۆیەتی. نازانم فەقێ ئەحمەد شەرمی لە کچەکەی دەکرد، یاخود ئیتر بەرەبەرە هیچ شتێک لە لای خاوەن مانا نەمابوو. یان رەنگە بیستبووی چەندە کچەکەی لە دایکی دەچێ و دەترسا بەرەوڕووی کەسێک

بێتەوە کە کتومت رابردووی لا بژیێنێتەوە. فەقێ ئەحمەد لە شوێنێک لە نێوان ژیانی پێش هاوسەرگیری و زیندانداندا مابووەوە و لەوێش دەچوو بەمەیش رازی بوو. جگەرەکانی کە لە ناو سندووقێکی نە زۆر قووڵدا بوون و بە پەتێک بە ملییەوە ئاوێزان بوو لە ملی دەکرد و دەچوو لەبەر هەمان چایخانەکەی جاران، واتە چایخانەکەی حاجی جەمیل دادەنیشت و چاوەڕوانی مشتەری دەمایەوە. حاجی جەمیل وەک جاران چاوی لێی بوو و هەتا ئێوارە چەند چاییەکی دەدایە. خەڵکەکەیش باش بوون. فەقێ کەسابەتی خۆی دەکرد و پەک نەدەکەوت. بەڵام خراپییەکەی ئەوە بوو زۆر تووڕە و نەگبەتی لێدەرچووبوو. دڵی کەسی بە خۆیەوە رانەدەگرت، دیارە جگە لە حاجی جەمیل نەبێت. وەک بڵێی تەنیا بیرەوەرییەکی خۆش کە لای بوو هەر ئەمە بوو: حاجی و چایخانەکە. کە زستانیش دەهات حاجی جەمیل رێگای دەدا لە یەکەم کورسیی نزیک درگاکە لە ناوەوەی چایخانەکە دانیشێ و کاسبیی خۆی بکا. ئەو رۆژانەی وا فەقێ لەبەر خۆیەوە دۆعای دەکرد ئەوەندە بەفرنەبارێ کە نەتوانێ نەچێتەوە بۆ ژووورە تەنیاکەی.

جاری وابوو هەستم دەکرد ئەو غەریبییەی وا دایک و باوکم بە کۆڵیاندا دابوو و لەگەڵ خۆیان بۆ ئێرە بۆ ئەم شارە خنجیلانەیان هێنابوو، نەک تەنیا بەرۆکی بەرنەدەدام، بەڵکو زۆر بە ئاسانی پەلی دەکوتا و خۆی دەهاوییە گەلێک شوێنی دیکە. ئەوانەیشی دەگرتەوە وا خەڵکی ئەم شارەیش بوون و هەر رەنگە بە تەواوی تەمەنیان ناوی خۆشناوەتی و توتمەیشیان نەبیستبێ. لە ئێمەوە بۆ ئەوان دەچوو. هەستمدەکرد دەست یاخود رۆحێکی نادیار بە دەورمەوەیەوە بە بێ ئەوەی ببینرێن دەڵێن بۆ کوێ بڕۆین و چ چارەنووسێک چاوەڕوانمان بێت. نەکا غەریبایەتی وەها بێت؟ نەکا نەگبەتیی غەریبایەتی وەها بێت کە وەک پەتا بەئاسانی بڵاودەبێتەوە و هەموو شوێنێک دەتەنێتەوە؟ من باوکمم زۆر جار لە ژێر تاقە درەختەکەی حەوشەدا

بە کاتی شەو بینیبوو کە وەک هەیکەل یاخود سێبەرێکی تاریک جگەرەی دەکێشا و دەیتوانی تا ماوەیەکی بەرچاو بێ جووڵە لەوێ راوەستێ. بیری لە چی دەکردەوە؟ باوکم قەت لانیکەم لای من بە حەسرەتەوە باسی رابردووی خۆی و ژیانی ساڵان و نیشتمانی نەکرد. وەک بڵێی هەر نەیشبێ، بەڵام هەبوو. نیشتمان بۆخۆی دێت. پێویست ناکا پرسیاری لێبکەی. بەتایبەت گەر نەتوانی سەردانی بکەیتەوە. ئەو دێت بۆ ئەوەی زۆر هەست بە غەریبایەتی نەکەی. دەزانێ گەر بوو بە بیربیرە ئەوا دەتوانێ قەرەبووی هەندێ شت لە دەروونی تۆدا بکاتەوە.

دایکیشم دەیگوت ژنی مێردان لە بن بەردان! نیشتمانی ژنیش پیاوەکەیەتی.

سەرئەنجام جارێکیان بە پرشنگم گوت گەر بتەوێ دەتوانم بتبەم و باوکت ببینی. پرشنگ وەڵامی نەدامەوە، تەنیا چاوەکانی پڕ بوون لە باران. بیستم جارێکیان فەقێ ئەحمەد بە دارشەقەکانی خۆی گەیاندبووە سەر بانەکۆن و لەوێوە لە دەشتەکەی ئێمەی رووانیبوو. گوتبوویان ماوەیەکی باش راوەستابوو و لە کاتێکدا بەسەر چێوشەقەکانیدا خوارببووەوە رووانیبووی. من دڵنیام رۆژێک لە رۆژان هەر بەتووش کچەکەیەوە دەبێتەوە و دەیبینێ. ئەو ناتوانێ هەتاهەتایە خۆی لەمە بپارێزێ. عەزابی ویژدانیش تەنانەت بەری پێناگرێ. جاری وایە رابردوو بەهێزترە لە هەر شتێکی تر. تەنانەت لە بڕیارەکانیشمان. جاری وایە بیری بێزاد دەکەومەوە کە ئیستاکە یەکجار سەرقاڵە. سەیری لاقەکانی خەزوورم دەکەم و بە خۆم دەڵێم بەرنامەی بێزاد چییە بۆ ئەمە؟ داخۆ لە بیریەتی؟ هەڵبەت شتێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ ئا لە بیریەتی، بەڵام چۆن چۆنی نازانم. کە دانەوێڵەکە رۆدەکەم مریشکەکان لێم دەئاڵێن. قدقدیانە. چەند تەمەحکارن، جاری وایە بە دەندووک بە سەری یەکتردا دەکێشن لەگەڵ ئەوەی من ئەو هەموو دانەوێڵەیەم بۆ رۆکردوون! پرشنگ دەڵێ ئەمڕۆ سێ هێلکەم لە هێلانەکەیان دەرهێناوە. پێم خۆشە.

ئەمشەو حەزم لە هێلکەوڕۆنە. لە سەر دەوری فافۆن بە سەلکە پیازێکی شکاوەوە،... شکاو بە مشت. یاخود بە بەری دەست. بۆنی پیاز تێکەڵ بە بۆنی هێلکەوڕۆن دەبێ. ویزەی سەماوەرەکە دەگاتە گوێ. سەرەڕای هەموو شتێک بەڵام مرۆڤ دەتوانێ هەست بە بەختەوەری بکا. روخساری پرشنگ بە شەوانە ئەوەندەی تر گەش و جوان دەنوێنێ. گڵۆپە زەردەکەیش دایناپۆشێ. ژیانێکی تاڵ، مەخلوقێکی ئاوەهای لێکەوتووەتەوە. کتوپڕ ترسێکی سەیر دەمگرێتە خۆی. نەکا کاتێک من لە ماڵەوە نیم شتێک رووبدات؟ لە دووای ساڵان بیری گواستنەوە لە مێشکم دەدات. ئەرێ چۆنە راگویزم؟ چۆنە بچم و لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ناو شار خانوویەک بکرم؟ بیردەکەمەوە بڕیارێکی خراپ نیە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە راگوێزم. هەتا دایک و باوکم مابوون بەهەرحاڵ، بەڵام ئیستا دۆخ گۆڕاوە، یەکجار گۆڕاوە!

(٢٠)

ساڵی دووای شۆڕش دیسان ساڵێکی پڕ لە رووداو و پڕ لە هەراوهوریا بوو. دەسەڵاتی نوێی ناوەند لێرە نەبوو. گروپ و حیزبی جۆراوجۆر سەریانهەڵدابوو و هەر کامە لە گەڕەک و لە شەقامێک بنکەیان لێدابوو. جەماوەری شار بەتایبەت زۆربەی گەنجەکان بەسەر حیزبەکاندا دابەشکرابوون. لە هەموو شوێنێک کۆبوونەوە و گفتوگۆ و مشت و مڕی سیاسی بەگەرمی دەبینرا. جگە لەمە بێجگە لە کۆمیتە کە لە جیاتی شارەبانی دامەزرابوو، هێزی چەکداری حیزبەکانیش سەریانهەڵدابوو. لەو یەکگرتوویییەی کاتی شۆڕش خەبەرێک نەمابوو و هەموو خەریکی ساخکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بوون، بەڵام کێشە ئەوە بوو هیچ کامیان لە ناوەند خاوەن هێزی ئەوتۆ نەبوون و بۆیە لێرەیش لەم شارە بچووکە نەیاندەتوانی کێشەکە بەلایەکدا ساخبکەنەوە. تەنانەت گەورەترین و کۆنترین حیزبیشیان ئەمەی پێنەدەکرا. جۆرێک لە بێ سەرەوبەرەیی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو. لەو لایشەوە هەواڵ هەبوو ناوەند هێزی کۆکردووەتەوە و دەیەوێ هێرش بێنێ. بگرە شەڕ لە هەندێ شوێن دەستی پێکردبوو. راستییەکەی ئەوە بوو دۆخەکە کەوتبووە ناو شەڕێک بە ناوی شەڕی سێ مانگەوە. کوردستان خرابووە بەر ئابلۆقەوە و هەروەها بە هۆی شەڕەوە کاروباری بازرگانی وەک جاران نەمابوو. ئەو بووجەیەی وا دەوڵەت هەموو ساڵێک بۆ کوردستانی تەرخاندەکرد، ئیستا وەک

جاران تەرخاننەدەکرا، ئەگەریش بکرایە ئەوا لە خەرجکردنی و لە جموجۆڵی ئابووری و بازرگانی وەک جاران خەبەرێک نەمابوو. بەشێک لە خەڵکی بەتایبەت ئەوانەی تەمەنێکیان هەبوو و حەزیان بەم پاشاگەردانییە نەدەکرد حەزیان بە گەڕانەوەی ناوەند بوو، بەڵام بێدەنگ دانیشتبوون و چاوەڕوانی دۆخیان دەکرد. بەتایبەت جموجۆڵی دژە ئایینیی و رەخنەگرتن لە دین لەلایەن هەندێ لە رێکخراوەکان و هەروەها بەعزێ کەسەوە دڵگرانیان دەکردن و بە دڵەڕاوکێوە لە داهاتوویان دەڕوانی. لەسەرێکی ترەوە کەس نەیدەزانی دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی ناوەند چۆنە و بەتەمای چییە. راستییەکەی ئەوە بوو دۆخ گۆڕابوو و زۆرینەی خەڵک لە رووخانی رژیمی پاشایەتی خۆشحاڵ بوون، بەڵام نادڵنیا لە داهاتوو و لەم پشێوییەدا ساتەکانیان بەسەردەکرد. تەم و مژ وڵاتی داگرتبوو. لەسەر دیوارەکان، هەموو شوێنێ پڕی دروشم بوو، دروشم لەسەر مافە نەتەوایەتی و مافە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان.

لە وەها دۆخێکدا بوو کە خاتوونی زێڕنگەر لە پرشنگ نزیک کەوتەوە و وەک چۆن جاران لەگەڵ دایکم لە تەنیشت چەپەرەکەدا رادەوەستان و پێکەوە قسەیان دەکرد، ئاوەها لەگەڵ پرشنگیش پێوەندی گرت. ئەگەرچی بە تەمەن فەرقیان زۆر بوو، بەڵام پرشنگ پێی خۆش بوو و زۆر جاران بە دڵی خۆیان هەتا درەنگان قسەیان دەکرد. ئەو نادڵنیایەی لە هەوادا دەهات و دەچوو لە خاتوونیش دا هەبوو و بۆیە هەستی دەکرد دەبێ سەرلەنوێ لەگەڵ تاقە دراوسێکەیان کە ئێمە بووین تەماس بگرێتەوە نەکا رۆژێک شتێک رووبدات و پێویستیمان بەیەکتر بێت. تەنانەت ئەو رۆژەی ئەرتەش لە رێگای گوندی 'بۆیەن'ەوە هاتەوە و بە هێزێکی زەبەلاحەوە شاری گرتەوە، کاتێک کۆپتەرەکان بەسەر شار و دەورووبەریدا دەسووڕانەوە و ستوونێکی زۆری زیل و سەرباز لە نزیک شار لەسەر جادەی بەرەو گوندی بۆیەن

راوەستان، خاتوون داوای لە پرشنگ کرد بچێ بۆ لای ئەوان و لەگەڵ یەکتر بن. من ئەم لێک نزیکبوونەوەیەم لا خۆش بوو. بە جۆرێک بیری جارانی دەخستمەوە. هەروەها دڵنیا لەوەی کەسێک هەیە و ئاگای لە پرشنگە ئەوەندەی تر خۆشحاڵی دەکردم. بەڵام هەر لەو کاتەوە پرشنگ لە ماڵی خاتوون دەستی کرد بە حەمامکردن و ئیتر هەفتەی جارێک بوخچەکەی دەپێچایەوە و بۆ خۆشۆردن رووی لەوێ دەکرد. دیاردەیەکی تازە کە من هێشتا زۆرم لا گرینگ نەبوو و بگرە نەیشمدەزانی کە داخۆ باشە یان نا. من کە وەک خەڵکی گێژی رووداوە یەک لە دووایەکەکانی ئەو رۆژانە بووم، ورد بیرم نەدەچووە سەر کردەی لەم جۆرە. دەمبینی پرشنگ جل و بەرگ و خاولییەکەی هەڵدەگرێ و دەڕوا بۆ ماڵی بەکر، بەڵام تەنیا بینین بوو ئەم کارەی ئەوی بە منەوە گرێدەدا، نەک هیچی تر.

شار گیرایەوە، بەڵام شەو نەبوو شەڕ نەبێ. پێشمەرگە دەهاتنە ناو شار و لە پایگاکانیان دەدا و دەبوو بە تەقە تفەنگ و زرم و هوڕێک نەبێتەوە. یەکێک لە رێگا سەرەکییەکانی هاتوچۆشیان دەشتەکەی ئێمە بوو. بۆیە شەوانە دەرگامان دادەخست و پەنجەرەکانمان بۆ دڵنیایی زیاتر بە پەتێک گرێدەدا نەکا لەو ئاڵۆزییەدا ناحەزێک هەل بقۆزێتەوە و بیەوێ شتێکمان بەسەردا بێنێ. زیاتر لە ئێمە ماڵی بەکر دڵنیگەران بوون. لە یەکێک لە شەوەکانی سەرەتای پاییزی ساڵی ٥٨دا بوو شەوێکیان هەستمان بە دەنگەدەنگێک لە ناو حەوشەکەماندا کرد. پرشنگ بە ترسەوە لە منی رووانی. کتوپڕ کەسێک لە دەرگای دا. کێیە؟ دیسان لە دەرگایان دایەوە. کێیە؟ ئەوسا نەفەرێک کە دەنگی ئاشنا دەهاتە گوێم گوتی بیکەوە خۆمانین. کردمەوە. جامانە لە ملێک بە چاویلکەوە و بە تفەنگێک بە شانەوە لەبەر دەرگا لەناو تاریکییەکەدا راوەستابوو. گڵۆپی ژوورەوە بەشی ئەوەندەی رووناک کردەوە. کە جوان لێم رووانی، ناسیمەوە. بێزاد بوو. سڵاوی کرد. دەستمان لەگەڵ یەکتر دایەوە.

سەری بە قژە کاڵەکانییەوە زیاتر لە جاران رووتابووەوە. گوتی لێرەوە تێ ئەپەڕیم حەزمکرد سەردانێکت بکەم. فەرمووم کرد. لایکردەوە و لەگەڵ نەفەرێک دووا. ئەوسا هاتە ژوورەوە. گوتی زۆر نامێنمەوە. داوام لە پرشنگ کرد ئاوی بۆ بێنێ. گوتم برسیت نیە. گوتی نا. گوتم لەمێژە دیارت نیە. گوتی من یان تۆ؟ تۆی هەر خەریکی ژیانی جارانتی و منیش وەک ئەبینی جۆرێکی تر. گوتم تۆیش هەر خەریکی ژیانی جارانتی. پێکەنی. گوتم سەردانی ماڵی خۆشکت کرد؟ گوتی ئەرێ ئیستا لەوێوە دێم. ماوەیەک بێدەنگ بووین. ئەوسا گوتی ئەم دۆخە کاتییە. دەوڵەت ئەوەندە خۆی ناگرێ، ئەکشێتەوە، یەعنی ئەڕوخێ، خەڵک ناتوانن رژیمێکی وا قبوڵبکەن. گوتم ئاگات لەخۆت بێ، هیچت بەسەر نەیەت. گوتی خەمت نەبێ هاوڕێیان زۆرن. بۆنی ئارەقی لێدەهات و روخساری چیتر وەک جاران گەنجانە و بەدوور لە سەخڵەت نەمابوو. بێزاد ئەو کوڕە هەتاو نەدیتووە و سپی و سۆڵەی جاران نەمابوو. سیمای پیاوانەتر بوو. جۆرێک لە خەم کە جیای دەکردەوە لە خەمەکەی جاران بە چاوەکانییەوە بوو. من کە هەمیشە لام وابوو بە گۆڕانی دۆخ ئەوە ئەوانن دەبنە هەموو کارە، ئیستا دەمبینی بە تفەنگێک بە شانییەوە، گیانی لەسەر دەست ئاوارەبووە و تەنانەت ناتوانێ وەک جاری جاران بچێتەوە ماڵە خوشکی و لەسەر باڵکۆنەکەی خانووەکەی بەکر بە کتێبەکانییەوە دانیشێتەوە، بەڕاستی لام سەیربوو. زەمانەم زۆر بێ بەزەیی هاتەبەرچاو. حەزمدەکرد بپرسم بێزاد بە تەمای چیت؟ ژیانت بەرەو کوێ دەڕوات؟ بەڵام هەروا بێدەنگ چاوەڕوان بووم ئەو بدوێ. بێزاد گوتی دەزانم چی لە مێشکتدا دەگوزەرێ، بەڵام دڵنیابە ئەمە کاتییە، هەتا سەر نامێنێ. گوتم چی کاتییە. گوتی دەسەڵاتی ئەمانە. وەک 'شا'یان بەسەر دێ. بێزاد وەک هەمیشە هومێدەوار بوو. ئەو هێشتا ماسییەکەی رەشی بچووک بوو. من کە بۆم لێک نەدەدرایەوە بەڕاستی خەریکی چییە و بەتەمای چییە،

لەگەڵ ئەوەی کاتی خۆی کتێبەکانیم بە زەحمەت خوێندبوونەوە، گوتم سەرکەوتوو بیت! هاوڕێکەی لە دەرگاکەوە سەری کێشا ژوورەوە و گوتی لەسەر بانەکۆن هەست بە جموجۆڵ دەکرێ. بێزاد هەستا سەرپێ. ماڵئاوایی کرد و لە ناو تاریکیدا ونبوو.

لەگەڵ ئەوەی من قەت نەمتوانی لە بێزاد و لە بیرەکانی بگەم، بەڵام سەردانەکەی مایەی شانازیم بوو، هەستی غروری پێ دەبەخشیم. بێزاد ناوبانگی هەبوو و ئەوەیکە رووی لە ماڵی من کردبوو، بەتایبەت دەرگاکەمی کوتابوو بۆ ئەوەی سەردانێکی کورتی نابەوەختم بکا، جۆرێک لە هەستی لەخۆبایی بوونی تیا دەگەڕاندم. منێک کە ماجوومی فرۆش بووم و هیچ شتێکی ئەوتۆم تیا نەبوو سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشێ هەبوونی بێزاد بیری ئەوەی دەخستمەوە کە منیش دەتوانم ببینرێم. هۆکار یان هۆکارەکان چی بوون، نازانم. رەنگە سادەیی لە رادەبەدەری من بوو سەرنجی بێزادی رادەکێشا، یاخود ئەوەیکە ئەو زۆر کەسی کردبووە لایەنگری خۆی و کەچی نەیتوانیبوو کەسێکی گۆجی پەراوێزنشینی وەک من کە زیاتر لە هەر کەسێکی تر بە بۆچوونی بێزاد دەبوایە لایەنگری ئەو بکا، بەم شێوەیە لەسەر باوەڕی خۆی، دیارە گەر بتوانین ناوی باوەڕی لێ بنێین، مابووەوە و ئامادەنەبوو دەست لە ژیانی ئاسایی خۆی هەڵبگرێ، یان رەنگە بێزاد بەخیلی بە مندا دەهاتەوە، منێک کە هیچ شتێک نەیدەجووڵاندم و دەمتوانی هەتا کۆتایی عومرم بەهەمان سینیی سەر شانەکانمەوە بژیم. ئەگەرچی من هیچ شتێکی ئەمانەم نەدەزانی، بەڵام لە دەروونەوە خۆشحاڵ بووم بەردەوام جێگای سەرنجی بێزادم. ئێمە بەجۆرێک هاوڕێ بووین. ئەو مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو. بیری بۆ هەموو شوێنێک دەڕۆیشت جگە لە خۆی. بیری لە ژیانێک و لە دونیایەک دەکردەوە کە من هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی بیهێنمە بەرچاوەکانم. تازە جاری وابوو رقیشم لێی

هەڵدەستا. وەرە باوکت خاوەن دووکان بێت و لە ناو شار ماڵت هەبێ، وەرە خوێندەوار بیت و زاوایەکی دەوڵەمەندی وەک بەکرت هەبێ، کەچی بە شوێن کڵاوی بابردووەوە بیت! ئاخر کێ تا ئیستا بە تفەنگە شڕەیەکەوە دەرەقەتی حکومەت هاتووە تا بێزاد دەرەقەتی بێت؟ هەندێ کەس چۆن چۆنی ژیان و جەوانیی خۆیان دەفەوتێنن!

هاتنی ئەو شەوەی بێزاد ئەوەندەی تر نێوان پرشنگ و خاتوونی خۆشتر کرد. بێزاد بوو بە رازێکی نهێنی، رازێکی پڕ لە مەترسی و، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆش. بگرە جۆرێک لە هەستی خزمایەتیشی لە نێواندا دروستکردبوو. ئیتر ئەوە تەنیا دراوسێتی و بیرەوەرییەکان و ئەو دەشتە نەبوو ئێمەی پێکەوە گرێدەدا. بەکر کە بە شێوازی ژیانی ژنبراکەی رازی نەبوو و بگرە زۆریش لێی تووڕە بوو، وەک هەمیشە هەوڵیدەدا بە سازکردنی تۆڕێکی پێوەندیی لە نێوان خۆی و ئەوانەی وا دەستیان دەڕۆیشت دۆخی خۆی بە ئارامی راگرێت و کەسابەت و ئاسایشەکەی لێ تێکنەچێ. هەمیشەیش لەم کارەیدا سەرکەوتوو دەبوو.

لە دەرەوە بارانێکی قورس دەبارێ. هەور دەگرمێنێ و هەورەتریشقە تاریکایی ئاسمان دڕپێدەدا. تاقەدرەختەکەی حەوشە لەبەر تیشکە کتوپڕییەکاندا لە ژێر لێزمەی باران بۆ چرکەیەک دەردەکەوێ و وندەبێتەوە. مانگی گەڵارێزانە. بێگومان ئیستا گۆڕەکانی باوکم و دایکم کە لە قەبرستانەکەی بانەکۆن لە تەنیشت یەکترەوە نێژراون، لەبەر ئەم بارانەداخووساون. بەو کێلە بێ ناوونیشانانەوە کە تەنیا من و پرشنگ دەیانناسینەوە. شوێنی گۆڕەکان بەدیوی ئەودیودا، دیوی ناو شارە. لە ئێمەوە دیارنیە. دڵم تەنگە. بە پرشنگ دەڵێم بەتووش ساڵانێکی سەختەوە بووین. پرشنگ هیچ ناڵێ. دەڵێم مەعلوم نیە تا کەی ئەمە درێژەی دەبێ. دەڵێم باوەڕناکەم ئەوەندە زوو کۆتایی پێ بێ. شتێک لەدەروونمەوە هاواردەکا دونیا چیتر تەنیا بە

دەست یەک کەسەوە نەماوە. من ئەمەم لە کاتی فرۆشتنی ماجوومییەکانیشمدا هەست پێکردووە. ئەگەرچی حکومەت هاتووەتەوە، بەڵام ناو شار پڕبووە لە چەکدار. لای من ئەمە نیشانەیەکی باش نیە. تەنیا ئەوەندە بەسە یەک لەو چەکدارانە تفەنگەکەی لە شان بکاتەوە و بیەوێ بەکاری بێنێ. ئیتر هەر هیچ! من جاری وایە زۆر رووناکەمە جادەکان. زیاتر بە کۆڵان و گەڕەکەکاندا دەگەڕێم. ئەوێ ئەهوەندترە. زیاتر بیری جارانم دەخەنەوە. ژن و منداڵ و کۆڵانە خۆڵاوییەکان و دەرگا و پەنجەرەکان زۆربەی زۆریان وەک خۆیان ماون. چەندە نەفرەتم لە ئیستایە. گەر بێزاد گوێی لێ بێ، بێگومان پێی خۆش نیە، بەڵام مەگەر ئەو گوێ لە کەسی وەک من دەگرێ، لە من لە ئێمە،... لە بەناو گەمژەکان! نا، بێزادیش تاوانبارە. زۆر جار خۆشحاڵم دەرسم نەخوێندووە. گەر درێژەم پێ بدایە رەنگە کەسێکی وەک ئەوم لێدەردەچوو، سەرەڕۆ و بزۆز، بێ ئەوەی زۆر بیری لێ بکاتەوە ئامادەیە دونیا تێک و مەکان بدات بەس بۆ ئەوەی بیکا بەو شتەی وا خۆی لای وایە راستە! توخوا پیاوی ئاقڵ لەم دونیایەدا دەست لە کاری خودا دەدا! لە کۆڵانەکانیشەوە جاری وایە گوێم لە دەنگی بەسامی ماتۆڕی ماشینە سەربازییەکانە کە دەهۆڕێنن و بێ گوێدانە خەڵک شێتانە لێدەخوڕن. کەس ئاگای لە خەڵک نیە. جاری وایە ئەوەندە لە ماجوومییەکانم رادەمێنم کە چاوەکانم دێشن. ماجوومییەکانم چەند لە جاران دەچن. ئەوان چەند وەک خۆیانن،... وەک خۆیان ماون. مێژوو ئەوان ناگرێتەوە. ئارامیم پێدەبەخشن. جارێکیان بێزاد قسەیەکی سەیری کرد، قسەیەک کە من لێی تێنەگەیشتم. گوتی تۆ وردەبۆرژوایت، دیارە لە قشری خوارەوەیان، واتە ئەوانەی وا لە چینی کرێکار نزیکدەکەونەوە،... گوتی لە ژیانا وەک کرێکارانی، بەڵام لە باری وشیارییەوە وردەبۆرژوایت. سەرم تەقەی دێت. بەڵام رووم نایەت لێی پرسم تکایە

بۆ روونبکەوە، تێناگەم! ئیستا خۆشحاڵم کە نەمپرسی. بیرێک ببێتە هۆی شێوەژیانێک وەک ژیانی ئەو، حاشا لێی!

رۆژێک چەند ماشینی پڕ لە چەکداری حکومەت دێنە بەر دەرگای ماڵی بەکر و ماڵی ئێمە. لە دەشتەکە تێدەپەڕن و بەپەلە خۆیان هەڵداوێنە خوارەوە. هەموو شوێنێک دەپشکنن. تەنانەت کولانەی مریشکەکانیش. ترۆمبیلەکەی بەکریش لە کۆتاییدا لە گەڵ خۆیان دەبەن. مێرسێدێسەکە دەڵێم. ئەو ترۆمبیلەی وا لەمێژ بوو، واتە لە سەردەمی دەستپێکردنی شۆڕشەوە، بەکر نەیهێنابووە دەرەوە. حەزی نەدەکرد پێی بڵێن ماشینەکەی سەرمایەدارانە یاخود تاغووتیانەیە. تا پێیاندایەوە زۆری پێچوو. هەر کە وەریگرتەوە، دەستبەجێ فرۆشتی. لە سنە فرۆشتی. نازانم شوکر بم یان نا باوکم و دایکم کەوتنە ناو بیرەکەوە و ئەم رۆژانەیان نەبینی. دەلێم پرشنگ ماڵ دەگوێزینەوە. دەڵێ بۆ کوێ. دەڵێم بۆ ناو شار. پرشنگ هیچ ناڵێ. هەستدەکەم پێی ناخۆشە. منیش لام وایە ئێرە ئاسوودەتر بێت. ئا، وەک هەمیشە ئاسوودەترە. چ جاران و چ ئیستا. باوکم عەجەب شوێنێکی هەڵبژاردووە! لێرە ئاگامان لە هەموو ئەو شتە ناخۆش و ترسناکانە نیە کە رۆژانە لەناو شار روودەدەن. نە لە گرتن، نە لە ئیعدام و نە لە پشکنین. ئێمە تەنیا هەواڵەکان دەبیستین. وەک چۆن باوکم کاتی خۆی رادیۆکەی دەکردەوە و گوێی بۆ رادەگرت.

دەڵێن کەس بە قەدەر رەحیمی میکانیک لەم دۆخە تووڕەنیە. گوایا گوتوویەتی هەموو ئەم بەزمە بۆ ئەوە بووە کانی مەڵاحمە لە ئەو دابخەن، ئەوەیکە چیتر ئابجۆکان بە سەر ئاوی حەوزە ساردەکەوە نەبینێ، ئەوەیکە چیتر لەوێوە هەتا ناو شار بەدەم رێگاوە گۆرانی نەڵێ و رۆحی حەسەن زیرەک شاد نەکا! بەڵام فەقێ ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی قاچەکانی خوارو گێڕن و بەزەحمەت بە رێگادا دەڕوا، بە گۆڕینی دۆخ رازییە. لای وایە گەر ئەمە نەکرایە ئەوا زیاتر لە ناو زینداندا

دەمایەوە. ڕاست دەکا ئەو شەش مانگ زووتر ئازادکرا. تەنیا شەش مانگ. بەڵام فەقێ لای وایە گەر وا نەبووایە لە دووای ئەو شەش مانگە بەتەواوی قاچەکانی لەکاردەکەوتن و بۆ ئەبەد خانەنشین دەبوو. وەستاحاجی دەڵێ لە بەراز موویەکیش کەم بێتەوە زۆرە! (مەبەستی حکومەتە). فەقێ کە زۆرتر جگەرەی زەڕ دەکێشێ، هەموو دووکەڵەکەی هەڵدەمژێتە ناو سییەکانییەوە و دەڵێ لە چوار پەلم هەر ئەمانەم ساخە و دەڵێم گەڕێن با بەکەیفی خۆم قانیان بدەم! نازانم فەقێ بۆ دەڵێ دە لێم گەڕێن. ئاخر خۆ کەس دەست ناهێنێتە سەر ڕێگای! بەم شێوەیە لە زستانی ساڵی پەنجاوهەشت نزیک دەکەوینەوە و تاقە درەختەکە وەک ساڵان سپی پۆش دەبێتەوە. جاری وایە زوقمی چەمی گەورە و زری زێن دایدەپۆشن. پاشماوەی جگەرەکانی باوکم لەمێژە لە بنیا ونبوون. توتن و پەڕەکانی دەڵێم. وەک دەڵێن بێزادیش فێرە جگەرە بووە. پارتیزانێکی جگەرەکێش کە بە شەودا گڕی جگەرەکەی لە مشتیا دەشارێتەوە بۆ ئەوەی دوژمن پێی نەزانێ. هیچ شتێکیش وەک ئاگری جگەرە بەتایبەت کاتێک مژی لێدەدەی نیە، لە مەودایەکی یەکجار دووریشەوە دەبینرێ. بێزاد هاوڕێکانیشی دەنگ دەدا. ئەگەرچی جاری وایە مەترسییەکانیش ناتوانن گڕەکان داپۆشن. یەکیان دەڵێ دەکوڕە لێگەڕێ مەگەر قەرارە چەندە بژین! لەوەیش ناخۆشتر نیە کە هاوڕێیەکی وەک هاوڕێیانی بێزاد ئەوەندە بە کەمی ژیان وەربگرن.

ساڵی پەنجا و هەشت بەرەو کۆتاییەکانی دەڕوا. زستانێکی تووشە، بەڵام هەوا جوان و خاوێنە. ئەو ساڵانە وەها بوون. تەنیا هەوا کتومت وەک خۆی مایەوە. تەنانەت ئەوانەی وا لە شارانەوە بە مەئموورییەتیش دەهاتن باسی جوانی و خاوێنیی ئەم هەوایەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی لە دەروونەوە نەفرەتیان لەم ناوچە یەکجار دوورە هەبوو. دیارە ئەمەیش بۆخۆی نیعمەتێکە. ڕوودەکەمە پرشنگ و دەڵێم پەشیمان

بوومەتەوە، راناگوازین. دەشتەکە وەک هەمیشە باوەشی ئاواڵەیە. لەبەر بابۆسدا سپی سپی راکشاوە و بە دەنگی چەمی گەورە و زری زێن ئەگەرچی هێشتا نوقمی بەفر و شەختەیە لەگەڵمان دەدوێ. دەنگێکی کۆن و خۆش ئاواز. دڵم سەرەڕای هەموو شتێک خۆشە. دیسان خۆشحاڵم ئەم بەراوبەرم نەبووە. تەنیا ئەوەیکە راستی ئەوە بۆ پرشنگ منداڵی نابێ،... ها بۆ؟

(٢١)

ئەوە چەند ساڵێکە من و پرشنگ زەماوەندمان کردووەو کەچی منداڵمان نابێ. من سەرەتا زۆرم بیر لێنەدەکردەوە، ئەگەرچی ساڵی یەکەم دایکم رۆژ تا ئێوارە باسی ئەو منداڵەی بوو وا بەڵێن بوو لە دووای نۆ مانگ و نۆ رۆژ و نۆ سەعات لە دایکبێ. ئەو منداڵەی تا ئەو ژیا لەدایک نەبوو و کەمکەم دایکمی نیگەران کردبوو. بەڵام هەر دڵخۆشی خۆی دەدایەوە و دەیگوت کاری خوداگیان خۆیەتی و جارێکە بووکەکەمان منداڵە و جگە لەمە روحمی خودا گەورەیە و ئەم منداڵە هەر پێ دەنێتە ماڵمانەوە. باوکم کە هەر هیچی نەدەگوت و منیش راستییەکەی ئەوە بوو بە جۆرێک حەزم نەدەکرد ببینە خاوەن منداڵ. لەبەر ئەوەی دڵنیا نەبووم کە داخۆ ساخ دەبێ یان نا. هەمیشە دەترسام ئەویش وەک من قۆلێکی گۆج بێت، یان لاقی یاخود شوێنێکی بەهەرحاڵ سەقەت بێت. من نیگاکانی دایک و باوکم بینیبوو کە چەندە بە منەوە خەفەتیان دەخوارد و بەڵام هیچیان نەدەدرکاند. ئیتر خۆم هەر هیچ. بۆیە کێشەم نەبوو. منداڵ با هەر نەبێ. منداڵمان بۆچییە؟ مادام پرشنگ وەک پەری لەو حەوشە و بانەدا دەهات و دەچوو، جا منداڵ با هەر نەبێ. جگە لەمە من لە منداڵیی خودی پرشنگیش ترسابووم. نەکا منیش کەسێک بم وەک فەقێ ئەحمەد! کێ چووزانێ.

گەر دونیای دەرەوە ئاوا لە ماوەی چەند مانگدا سەرەوژێر بوو و لەم رووەوە بۆ روویەکی بەتەواوی جیاواز گۆڕا، رەنگە منیش لەمە خراپترم بەسەر بێت.

بەڵام لە دووای مەرگی دایک و باوکم بەرەبەرە دۆخم گۆڕا، بیرم گۆڕا. راستە رووداوەکان ئەوەندە زۆر بوون و ئەوەندە بە چڕی دەهاتن کە دیسان دەبوونە هۆکاری ئەوەی زۆر بیر لە منداڵ نەکەمەوە، بەڵام وەک بڵێی عادەتم پێیانکردبێ یاخود ژیان بەرەبەرە ئارامتر بووبێتەوە، ئیتر زەینم چووە سەر منداڵ. ئەمە بەتایبەت لەساڵی شەست تیاما تەواو گەورە بووەوە. لە دووای شەڕی بەهاری ساڵی پەنجاو نۆی ناو شارەکان، ئەگەرچی شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکردبوو، بەڵام هێشتا نەگەیبووە لای ئێمە. بۆیە ئەو ساڵە دونیا لە چاو دوو سێ ساڵی پێش خۆی ئارامتر دەینواند.

من بەردەوام نیگام لەسەر سکی ژنەکەم بوو. بەڵام بە تێپەڕینی رۆژ و هەفتە و مانگەکان هیچ گۆڕانێک نەدەبینرا. نا، ناکرێ،... زەمەن وەک بای سەرسەر دەگوزەرا و نەدەکرا بێ منداڵ بین. نەدەکرا ماڵ چرای تیا نەبێ. ئیتر ئیستا من بیرم لە قوڵی خۆم و لە فەقێی خەزوورم نەدەکردەوە. تازە با وای دابنێین منداڵەکەی منیش وەک من و وەک ئەویان لێ بێت، کەچی!؟ نا، دەبێ ئێمە ببین بە خاوەن منداڵ! باش نیە ئەوەندە جێگای دایک و باوکم بەتاڵ بێت. دەزانم پێش ئەوەی نەسڵەکانی پێشوو بمرن و ژیان بەجێ بێڵن دەبێ لەوە پێش نەوەی تر پێیان نابێتە ناو ماڵەکەوە.

پرشنگ نیگاکانم دەناسێتەوە. دەزانێ چی لەدەروونمدا دەگوزەرێ. هەوڵدەدا خۆی بدزێتەوە. بۆ خۆی لای وایە هەرچی پێویستە ئەنجامیداوە، هەر لە نووشتەنووسینەوە بگرە هەتا دەواو دەرمانی پرِوپیرەژنانی ئەم گەڕەک و ئەو گەڕەک. کاتێک من ئاگام لێ نەبووە بەدوور لە چاوەکانی من هەموویانی بەرسەر

کردووەتەوە. هەر هەمووشیان هومێدەواریان کردووە کە گەنجە و جوانە و بۆیە ئینشاڵڵا منداڵ بەڕێوەیە. تەنانت هەندێکیان دەڵێن بەر چاوی پیس کەوتووە و نووشتەی تری بۆ دەنووسن. چاوەزاریشیان پێداوە. بە ماڵەکەیشدا هەڵمانواسیوە! بەڵام منداڵەکە هەر بەڕێوە نیە. هیچ نیشانەیەک نابینرێ، نە سەرگێژەیەک، نە رشانەوەیەک و نە بێ ئیشتاییەک بۆ خواردن. ئەو زرپ و زیندوو دێت و دەڕوات. وادیارە تێناگا کە ئەمە چ کارەساتێکە. یەعنی لە مندا هەموو شتێک رادەوەستێ؟ یەعنی بە کۆچی باوکم و دایکم بۆ ئێرە ئیتر رەچەڵەکی ئێمە بۆ هەمیشە دەسڕێتەوە؟ نا، شتی وانابێ. ئاە، نەکا ئەو شێوە مەرگەی دایکم و باوکم ئیشارەت بێ بەمە؟ دیسان نامەوێ باوەڕبکەم. هەموو ئەم خانووە و ئەم ژوور و حەوشە و بانە هاوار لە منداڵ دەکەن. تەواو ئامادەن بۆ ئەوەی نەوەیەکی تر بەخۆیانەوە ببینن. سێهەم نەوە. هاوکات کاتێک ئەم کەلیمەیە بە دەممدا دێت، سەرم سوڕدەمێنێ. ژیان چەند خێرا تێپەڕدەبێ. ئەوانەی و ئەو شتانەی وا ئەو هەمووە هەمیشەیی و نەمر دیاننواند، چەند خێرا دەتوانن ونبن. بیری ئەوەی پرشنگ بەهۆی قەتڵی دایکی بە دەستی فەقێی باوکییەوە بەر لەعنەتی خودا کەوتبێ، دامدەچڵەکێنێ. مەگەر بەڵێن بوو مرۆڤەکان تاوانی یەکتر بدەنەوە! مەلای مزگەوتی سەیی دەیگوت هیچ شتێک وەک قەتڵی مەخلوقی خوڵقێنراوی دەستی خودا بەدەست خودی مەخلوقەوە نیە. ئەو لای وایە وەک چۆن خودا ژیاندەدا ئەوا ستاندنەوەیشی هەر مافی خۆیەتی و نەک کەسی تر. لای ئەو مەلایە کوشتنی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ گەورەترین تاوانی مومکینە. فەقێ لاسایی خودای کردووەتەوە. لاساییکردنەوەیەکی ترسناک و بە بێ ئیجازە. فەقێ یاسایەکی قورس و گرانی خڵقەتی شکاندبوو. نەکا منیش بە هۆی بردنەوەی چەقۆکە بۆیان لەو تاوانەدا شەریک بم و تاوانبار؟ ئەمە ئارامم دەکاتەوە لەوەی کە ئەوەندە گوناحی منداڵ نەبوونەکە نەخەمەوە سەر پرشنگ. ئای لە منی

تاوانبار كە چەند ئاسان بەرپرسایەتی خۆم لەبیردەبەمەوە. ئەوسا بیر لە ژن هێنانێكی تر دەكەمەوە. ئەگەرچی وەک ساڵان نەماوم و دڵنیاتر لەسەر قاچەكانی خۆم رادەوەستم، ئەگەرچی ئیستا بوومەتە پیاوێک و چیتر سیمای سەرەتای لاویەتی و سەردەمی منداڵیم نەماوە و تووكی سینگم رەش رەش لوول وەک قژەكانی جارانم لە كراسەكەمەوە خۆدەهاونە دەرەوە، بەڵام هەوڵدەدەم ئەم بیرە لە خۆم دووربكەمەوە. چی دەبێ جارێ پەلەم نەبێ و راوەستم؟ خۆ هێشتا زۆرمان بەبەرەوە ماوە. من منداڵانی سەر رێگای قوتابخانەم بینیوە، منداڵە شیرخۆرەكانی كۆشی دایكانم لە كاتی ماجوومفرۆشیدا بینیوە. ئەی بۆ منیش نا؟ بۆ ژنی منیش ئەمەی نەبێ؟ ئەوەیكە لەدەرەوەی ئەم یارییەدام، لەخۆ بێ خۆم دەكا. حەزناكەم بەشی من هەر ژیانێک بێت لە چەشنی تەنیایی ناو دەشتێكی دەوری شار. من دەبێ ئەم چارەنووسە نەگبەتە بگۆڕم. تەنیا منداڵیش دەیگۆڕێ. لای خۆم بەڵێندەدەم هەر ئەوەندەی ببینە خاوەن منداڵ، من دەگوێزمەوە. لە عەبدی بەشەریش پرسیارناكەم. دەگوازمەوە و تەواو رێک بۆ ناو شار، ئەویش بۆ تەنیشت هەمان مەدرەسەوا كاتی خۆی تیام دەخوێند. نەک تەنیا دوو كچەكەی بەكری زێڕنگەر، بەڵكو یەک لە كچەكانی رەحیمی میكانیكیش كە شوویانكردووە، بوونەتە خاوەن منداڵ. تازە ئەوان لە دووای پرشنگ شوویانكرد! لە بەر چەپەرەكە منداڵی هەر دووكیانم بە باوەشی پرشنگ و نەنكیانەوە بینیوە. چ دونیایەک! ئەوەی هەیەتی هەر زیاتری دەكا و ئەوەی نیەتی هەر كەمتر. جاری وایە رقم لە دایكم و باوكمە. نەكا ئەوان شتێكیان لەو دیو لە كاتی سەفەرەكەیاندا جێ هێشتبێ؟... شتێكیان لێ داكەوتبێ؟ من لام وایە هیچ شتێک لە سەفەری جێهێشتنی نیشتمان قورستر نیە. هەندێ شتت لە كاتی رۆیشتندا لێ دادەكەوێ كە بۆخۆیشت نازانی چییە. جاری وایە هەستدەكەم

بێزادیش لە دایکم و باوکم دەچێ. ئەویش شتێکی لێ ونە. بەو جیاوازییەوە ئەم بە شوێنیەوەیەتی بیدۆزێتەوە، بەڵام دایکم و باوکم کۆڵیان لێدابوو.

شتە ونبووەکان دەتوانن بە میرات بمێننەوە. بۆیە دەبێ ئەم خانووە جێ بێڵم. بگرە پێش ئەوەی منداڵیشمان ببێ. پرشنگ وەک هەمیشە لای گرینگ نیە. لەم لاولا پرسیارم کردووە. سەربەسەرم پێناکرێ، مەگەر لەگەڵ خانوویەک لە گەڕەکی ساتاوا. ئەوێم پێ خۆش نیە. هەستدەکەم ئەوێیش شوێنی نەفرینکراوەکانە. نا، ناچم. ئێوارەیان لە بەر چەپەرەکە رادەوستم، سەیری دووزین دەکەم و بیردەکەمەوە. باشە گەر دایکم و باوکم شتەکەیان لێ داکەوتبێ ئەوا لەو دیو سنوور بووە، جا بێرە چ مەربوت! سوکناییەک بە دەروونمدا دەگەڕێت. منیش جاری وایە لە خۆوە دۆ و دۆشاو تێکەڵدەکەم.

ئەمساڵ ساڵێکی قەرەباڵغترە. شار جم و جۆڵی زیاترە. پێموابێ بە هۆی ئەو دیوەوەیە. کاری قاچاخ گاڵە دەکا! بەکریش وەک ساڵانی زوو تێگلاوەتەوە. ترۆمبیلێکی تری کڕیوە. 'بیوک'ێکی سپیی مودێل ١٣٦٠. تازەتازەیە. سەفەریش بووژاوەتەوە. هەستدەکەم خانووەکانیش زۆرتر بوونە. ئەو خانووانەی وا جۆرێکی ترن و وەک جاران لە قوڕ و بەرد و گڵەبان سازناکرێن. شار کەمێک سیمای گۆڕاوە. نەخۆشی زۆرتر روودەکەنە شاران و بۆیە هەر دوو گاراژەکەی نەویدی و بەختیاری قەرەباڵغترە. بیستوومە خەڵکی بۆ کێشەی منداڵیش روودەکەن شاران. دەکەومە بیرەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ترسێکی یەکجار غەریبم لێ دەنیشێ: نەکا وەک قۆلەکەم کورتم هێنابێ! ئەژنۆکانم شلدەبن و لە گاراژەکە سینییەکە دادەنێم و هەڵدەتروشکێم. هەست بە بچووکبوونەوەیەکی سەیردەکەم. منداڵێک لە تەنیشت دایکیدا لەبەر دەمم رادەوەستن و دەڵێ ئەمەیانم ئەوێ! ماجوومییەکی زەردی بایەمدارە. لە منداڵەکە دەروانم کە تەمەنی تەنیا شەش حەوت ساڵ دەبێ. دەیکڕێ،

چاوەکانی لە خۆشیانا پێدەکەنن و سەرێک بەرزدەکاتەوە و دەڕۆن. دیسان بیری بێزاد دەکەمەوە. دوو ساڵ زیاترە نەمبینیوە، هەر هیچ هەواڵێکم لێی نیە. جاروبار ئاگام لە خەبەری شەڕەکانە. ئەو شەڕانەی دەزانم لانیکەم هەندێکیان ئەویش لەخۆدەگرن. بە خۆم دەڵێم رەنگە باشترین رێگا بۆ دۆزینەوەی ئەوەی وا نیمانە رۆیشتن بێت، وەک بێزاد کە رۆیشت و شوێنی کەوت. بەڵام من بۆ کوێ بچم؟ خاتوون دڵنەوایی پرشنگ دەداتەوە و دەڵی کچم خوا گەورەیە، ناشوکر مەبە، بە هیوای کرانەوەی دەرگای رەحمەتی بە! پرشنگ ئەمانە بۆ من ناگێڕێتەوە. ئەمە ئەو قسانەن لەناو چەپەرەکەدا جێدەمێنن و شەوانە دەتوانی کاتێک لە بێدەنگیدا لە حەوشە رادەوەستی، بیانبیستیتەوە. چەپەرەکان قسەکان هەڵدەگرنەوە و رایاندەگرن. من جاری وابووە لەوێ گوێم لە دایک و باوکم بووەتەوە. خۆیان لەو سەرەو و دەنگیان لێرە. ئەوسا خاتوون دەڵێ هەموو جارێک کە نوێژدەکا هەم دۆعا بۆ پرشنگ دەکا و هەم بۆ براکەی. دەنگی چڕ و بەردەوامی سیسرک و قرپۆک شەو دەتەنێنەوە. لە ترخاناواوە دەنگی وەڕینی سەگ دێت. رەنگە لە رێوی دەوەڕن. وەک دەڵێن گوێ رەش لێرە دەستناکەوێ. دەبێ بۆ ئەوەی هەبن دوورتر بڕۆی،... تەواو لە شار دووربکەویتەوە. گوێ رەش بێڕەحمە، کە خۆی بەسەر هێلانە مریشک و کەڵەشێر و جووجەکدا دەدا، وەک گورگ پێش ئەوەی دەست بکا بە خواردن هەوڵدەدا هەر هەموویان بخنکێنێ. جارێکیان لە گوندی 'سەربەرد' پەنجا شەست دانەی خنکاندبوو. خەڵکی تەڵەیان بۆ دانا و سەرئەنجام لە دووای مانگێک یاخود چل شەوێک پێوە بوو، شوێن پێیان هەڵگرتەوە و لە کاتێکدا تەڵەکەی هەروا بە قاچەوە بوو و خوێنی لێ دەڕژا لە قەراخ چەمەکەدا بە دار ئەوەندەیان لێدا تا کووشتیان. بێزاد لە جەولەیەکدا بە خەڵکی هەمان گوندی گوتبوو لە دەوڵەتێکی سوسیالیستیدا خانووەکانتان وەها دەبن کە گوێ رەش و گورگ و رێوی زەفەریان پی نابەن و

جگە لەوە کەسیش ناتوانێ هەر ئاوا لە خۆیەوە بچێ و حەیوان بکوژێ. خەڵکەکە لە مزگەوت سەریان بۆ لقاندبوو. جا نازانم بەڕاستیان بوو یان بە گاڵتە. من دڵنیام ئەوانیش وەک من لە زۆربەی قسەکانی بێزاد ناگەن!

شەوێکیان سەری باسەکە لەگەڵ پرشنگ دەکەمەوە. بە ئارامی. لەگەڵ ئەوەی دەڵێم دڵم زۆر بە منداڵەوەیە و یەکجار حەزدەکەم ماڵەکەم بە بۆنی هەناسەیان پڕبێتەوە، بەڵام لەسەر ئەوەیش پێدادەگرم کە من خۆیم لە هەموو شتێک لا گرینگترە و بۆیە گەر منداڵیش نەبوو ئەوا زۆر گرینگ نیە. پرشنگ بە پەنجەی بە گووڵی قاڵییەکە کایەدەکا. دەڵێم ژیانیش ئاوا دەگوزەرێ. دەڵێم زۆر بنەماڵە لەم ساڵانەدا بە هۆی شەڕ و فەرتەنەوە هەر تیاچوون و بەڵام شوکور بۆ خوا ئێمە زرپ و زیندوو ماوین و ئەمە لە هەموو شتێک گرینگترە. دەڵێم بنەماڵەیەک دەناسم کە ئەوانیش وەک ئێمە منداڵیان نابێ و بەڵام ساڵانی ساڵە بە خۆشییەوە دەژین و کێشەیان نیە، بگرە یەکجار لە ئێمەیش بە تەمەنترن. ئەو هەر بە گووڵەکە یاریدەکا. دەڵێم رەنگە لەوەی کە منداڵمان نابێ رەحمەتێکی خوای گەورەیشی تیابێ. کێ چووزانێ! ئەو کە بۆ خۆی زیاتر عالم و قادرە. فرمێسکەکانی پرشنگ دەبینم. بە پەنجەی ئاماژەی دەیانسڕێتەوە. بۆ بەیانی دڵخۆشترم. دەڵێی بارێکی قورس بەسەر شانەکانمەوە نەماون. دارماونەتە خوارەوە. خێراتر و چوست و چالاکتر بە ماجوومیەکانەوە هەنگاوهەڵدەگرم. تەنانەت هاوارکردنەکانیشم زەوقیان تیایە. وەستاحاجی کە پیرتر بووە و پشتی زیاتر نەویوەتەوە، بانگم لێدەکا و چاییەکم بۆ دەکرێ و بەگەرمی لە خۆم و خانەوادەم دەپرسێ. دووکانی ئاسنگەرییەکە وەک جارانە. تەنیا ئەوەندەی نەبێ لە جیاتی ئەو سەنگەی وا بۆ تیژکردنەوە بە قاچ هەڵدەسووڕا، ئیستا یەکی بەرقی لێبوو. دەوری کوورەکەیشی قوورەپەست کردبووەوە. لێرە بۆنی ژیان هەر وەک جاران بوو: ئاسن و دووکەڵ و گڕ و ئارەق. بۆنەکە ئەوەندەی تر دەمخاتە

سەر زەوق. ژیان چ توحفەیەکی نایابە! وەستاحاجی قەت باسی دایک و باوکم ناکا. دەزانم دڵی نایەت، ئەگینا مێشکی لایانە. کە دەڕۆم هەمیشە دەڵێ دۆعا بۆ ڕۆحی مردووەکان بکەن.

ڕۆژێک هەواڵی شەڕێکی سەخت هات. لەسەر ڕێگای بانە ـ سەردەشت. ئەو ڕۆژە کۆپتەر و ئامبوڵانس هەر لە هاتوچۆدا بوون. دوواتر خاتوون لای پرشنگ باسی کرد کە بێزاد لە شەڕەکەدا بەقورسی برینداربووە و هەر بەختیشی هەبووە نەکوژراوە. بێزاد لەدووای ئەوە نێردرا بۆ خاریج. لە وڵاتیکی ئورووپا گیرسایەوە و دامەزرا. قاچێکیان لە بنی ڕانەوە بڕیبووەوە و تیکە خومپارەیەکیش لە ناو سەریدا مابووەوە کە دکتۆرەکان لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی حەساسدا بوو و نەکا بیکوژێ نەیاندەوێرا دەریبێننەوە. دکتۆرەکانی ئۆرووپایش ئەمەیان بۆ چارەسەرنەکرا. ماسییە ڕەشە بچووکەکە هێشتا بەڕێوەبوو. من کە بە بیستنی ئەم هەواڵە یەکجار داچڵەکام و هەستمکرد یەکێک لە گرینگترین کەسەکانی ناو ژیانم لەگەڵ ئەوەی پێوەندیم لەگەڵ نەمابوو بۆ هەمیشە لەدەستداوە، شەوێکیان لە ژێر درەختەکەدا گریام. ئەو بایەی لە کەلی خان و لە دۆڵەکانی سونج و بنەخوێ دەهات، فرمێسکەکانمی وشک کردەوە، بەڵام دڵم هەروا کەیل بوو.

سەرەتای زستانی ساڵی شەست من بە تەواوی وازم لە خەونی منداڵبوون هێنابوو. ئەو زستانە کتوپڕ لە مانگی ڕێبەنداندا هەوا زۆر گەرمی کرد و لەگەڵ ئەوەی بەفرێکی زۆر لە عەرزدا بوو، بەڵام دونیا بۆنی بەهاری گرت. من ئەمەم دیسان بە نیشانەیەکی باش لێکدایەوە. بۆنی بەهار لەهەر کات و ساتێکدا هەمیشە خۆش ودمە. پرشنگ هەروا وەک جاران هەفتەی جارێک بۆ حەمامکردن دەچوو بۆ ماڵی بەکری زێڕنگەر. لەیەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەشەمێدا بوو کە کتوپڕ بیرم کردەوە کە ئەوە من خەریکی چیم و چۆن چۆنی هەتا ئیستا ئەمەم لێ قبوڵکردووە!

باشه چۆن پیاو ژنی خۆی دەنێرێته ماڵی خەڵکی بۆ خۆشۆردن! رقم له گێژیەتی و حەپەحۆلیی خۆم دەبووەوە. وەک بڵێی له خەوێکی قووڵ خەبەرم بووبێتەوە. ئەو شەوە به پرشنگم گوت ئیتر بۆ حەمام کردن نابێ بچێ بۆ ماڵی خاتوون. دەنگم ئارام بەڵام گڕ بوو. پرشنگ هیچی نەگوت. وەک بڵێی زۆر به جیددیی وەرنەگرتبێ. چەند رۆژ دوواتر چووەوە. گوتم وادیاره حاڵی نابی نابێ بچی. دیسان چووەوە! من جاری وابوو که دەچوومه ئەو ژووره بچووکەی وا وەک ئاشپەزخانه کەڵکمان لێوەردەگرت و لەوێ بەشێکیمان بۆ جل شۆردن و خۆ شۆردن لێ بڕدابوو، به بینینی جامۆڵکه و تەشتەکه تەریق دەبوومەوە و دیسان لەبیری خۆم دەبردەوە که پرشنگ بۆ حەمامکردن دەچوو بۆ ماڵی خاتوون. جاری وابوو لەوەی وا نەمدەتوانێ بەتووندی بەگژیا بچمەوە و سنووری بۆ دابنێم، له خۆم تووڕەبووم. لەبیرمه جارێکیان بێزاد باسی مافی ژنانی لام کردبوو. ئەوەیکه ژن و پیاو فەرقیان نیه و ژنانیش دەبێ وەک پیاوان کاربکەن و بچنه دەرەوە و له هەموو کارەکاندا وەک پیاوان بن. من زۆر سەرنجم نەدابووه ئەم بەشەی قسەکانی بێزاد. کەچی دەڵێی ئەم رۆژانه زیاتر بیریان لێدەکەمەوە. پرشنگ جارێکیان باسی حەمامەکەی ماڵی بەکری بۆم کردبوو، باسی کاشییه لووسەکان و خاوێنی و ئاوی گەرم و شامپۆ بۆنخۆشەکان. لەخۆمدا هەستم به تاوان دەکرد. راستی من له ژیانمدا چیم بۆ پرشنگ کردبوو؟ ها چیم کردبوو؟

(٢٢)

دونیا خەریکە بەرەبەرە تاریک هەڵدەگەڕێ. کاکی نووسەر لە پشت مێزەکەی دانیشتووە و لە کاتێکدا قەڵەمەکەی بەدەستەوەیە هەم لە کاغەزەکەی بەردەمی دەڕوانێ و هەم سەرنجیشی لەسەر منە، بیر لە شتێک دەکاتەوە. من لە گێڕانەوە راوەستام و ئەویش لە نووسین و لە یادداشت هەڵگرتنەوە. دەڵێم لەوە دەچێ لەگەڵ گێڕانەوەی من خەریکە بەسەرهاتەکەیش تەواودەکەی! جواب ناداتەوە. لە دەرەوە، لەو دیو پەنجەرەکەوە لە کۆڵان کەس نابینرێ. ژیان دامرکاوەتەوە. گەر هەڵەنەکەم سەعاتی سەر دیوارەکەیش راوەستاوە. نە چرکەژمێر و نە خولەکژمێر و نە سەعاتژمێر جووڵە چییە تیایاندا نەماوە. دووکەڵی جگەرەکەی بەردەمی کە لەسەر ژێرسیگارییەکەیە، راست بەرەو حەوا بەرزدەبێتەوە. من چاوێکی تر بە ژوورەکەدا دەگێڕم. ژوورێکی سادەیە کە تەنیا مێزێک، دوو کورسی، بەڕەیەک، گڵۆپێکی سەقف، چرایەکی سەر مێز و کاتژمێرێکی دیواری تیایە. دەڵێ نامەوێ شتەکان بیر و خەیاڵم بە لاڕێدا بەرن. بێدەنگییەکە قورسە و ئازارم دەدا. لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێ و بەرەو تەرمی پرشنگ دەچێ کە لەسەر عەرزەکە کەمێک دوورتر لە پەنجەرەکە دەمەونخون کەوتووە. لە ژێر چارشێوە گوولگوولیەکەیدا. بێ جووڵە. چۆکدادەدا و لێی دەڕوانێ. دەڵێ دڵنیای دەتەوێ بیکوژی؟ دەڵێم تازە کوشتوومە،... تازە کوشتووتە! ئەوسا ئاماژە بە چەقۆکە دەکەم کە هەتا دەسکەکەی لە ناو پشتی

تەرمەکە رۆچووە. ئەو چەقۆیەی وا بە شێوەیەکی عەجیب دەبینم دەسکەکەی رەشە! ئەوسا ئاماژە بە خوێنەکەی دەکەم کە هەتا دێ مەودایەکی زۆرتر لە سەر بەڕەکە داگیردەکا. دەڵێ دەتوانی نەیکوژی (نەیکوژین) و پەشیمان بیتەوە (پەشیمان بمەوە)، دەتوانی بگەڕێینەوە و جۆرێکی تر چیرۆکەکە بگێڕینەوە! دەڵێم بۆ سەرەتا یان تەنیا بۆ یەک دوو لاپەڕەی لەوە پێش؟ دەڵێ فەرق ناکا. کۆتاییەکەی دەتوانێ بە دڵی خۆت بێت بە دڵی خۆمان، هەرچۆنێک پێمان خۆش بێت! تووڕەییەکی سەیر سەرتاپام دێنێتە لەرزین. ئاخر چۆن دەبێت بە کەیفی خۆمان کۆتایی بگۆڕین؟ مەگەر ئەو رۆژە من بەڵێنم بە خۆم نەدا بیکوژم؟ مەگەر نەک ئەوەی لە نێوان سەرەتا و ناوەراست و کۆتاییدا هەمیشە رایەڵەیەکی توندوتۆڵی پێوەندی هەیە، وەها کە هەموو بەشەکان دەکا بە یەک پەیکەری لێکدانەبڕاو؟ دەڵێم پێت وایە من بە ئەنقەست کوشتم،... ها!... پێت وایە من بە حەزی خۆم چەقۆکەم کرد بە مۆرغەی پشتیدا. ئەوسا هۆڕەهۆڕ دەستدەکەم بە گریان. دەڵێ جوانە، ئەم گریانە جوانە، ئەم گریانە نیشانەی ئەوەیە ئێمە دەتوانین نەیکوژین و بە جۆرێکی تر داستانەکە بگەیەنینە کۆتایی. بۆ وێنە ئەو کاتێک لە ماڵی بەکری زێڕنگەر دەگەڕێتەوە تۆ سەرەڕای هەموو دڵ پیسییەکانت خۆت بە تاوانبار دەزانی کە نەتتوانی حەمامێکی بۆ دابین بکەی، یاخود ماڵەکەت لەناو شار بێت وەها کە پرشنگ بتوانێ بە راحەتی بچێ بۆ حەمامی گشتی وەک هەموو ژنەکانی تری ناو شار، یان کتوپڕ دەگەیتە ئەو بۆچوونەی کە منداڵەکە هی خۆتە و بەکر بە هۆی ئەوەوە هەمیشە ژنەکەی لە ماڵ بووە قەت ئەو دەرفەتەی بۆ نەگونجاوە خەیاڵە خراپەکەی تۆ جێبەجێ بکا، هەر وەها کوڕەکانیشی. کەمێک رادەوەستێ، چاوەکانی لە شوێنێکن. ئینجا دەڵێ راستی دڵنیای کوشتووتە؟... دڵنیای قۆلە گۆجەگەت ئەوەندە درێژە کە بگاتە پشتی؟ تەزوویەک بە جەستەمدا دەگەڕێ. دەڵێم ئەی چۆن سکی پڕبوو، ها ئەی چۆن؟ خۆ

لە من منداڵی نەدەبوو، نە نووشتە و نە دۆعا و نە دکتۆر چاریان نەکرد، تۆ پێم بڵێ چۆن چۆنی. ئەوسا لە قۆڵەکەم دەڕوانم. بۆ ئەمەیان وەڵامم پێ نیە. ئەم قۆڵەم بەدرێژایی ژیانم منی لە زۆر شتی هێشتبووەوە. ئەوسا دەسکی رەشی چەقۆکە دێتەوە بەرچاوم. نەکا فەقێ ئەحمەد ئەو رۆژە لە ماڵی ئێمە بووبێت و من نەمزانیبێ! دەڵێ مەگەر نەیانگوتبوو کە دەکرێ رۆژێک چارەسەر بکرێ، تەنانەت خۆیشت، جەستە جاری وایە خۆی خۆی چارەسەردەکا کەسیش ئاگای لێ نیە. دەڵێم گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە، دایکیشی هەر لەسەر ئەم شتانە مرد، یەعنی کوشتیان، لەسەر ئەمانە فەقێ ئەحمەد کوشتی، خۆ بۆ خۆت دەزانی بە شێوە و بە روخساریش چەندە لە دایکی دەچوو، ئەگینا فەقێی داماو شێت بوو بە دەستی خۆی ماڵی خۆی وێران بکا! دەڵێ زۆر کەس بە دەستی خۆی ماڵی خۆی وێران دەکا،... زۆر کەس!

من لە پەیکەری بێ گیانی پرشنگ دەڕوانم. چەن شێوەی راکشانەکەی ئاشنایە. دەڵێ ئەوەی کە هاواری نەکردووە و بە ئارامی مەرگی خۆی قبوڵکردووە بە پێچەوانەی دایکی کە بە قیژەکەی گەرەکێکی هێنابووە سەر سەری خۆی، نیشانەی ئەوەیە هەم چاوەڕوانی مەرگی خۆی بووە و هەم خۆی بۆ ئامادەکردووەو هەم وەک هەمیشە مەزڵومیەتی خۆی وەک چارەنووس قبوڵکردبوو! دەڵێ ئەمە هەروەها نیشانەی ئەوەیە بێ تاوان بووە و بۆیە خۆی بە شیاوی کوژران نەدەبینی. دەڵێ ئێمە دەتوانین بۆ یەک جاریش بێت چارەنووسی ئەو بگۆڕین، لەسەر داوای خۆی، من و تۆ پێکەوە. دەڵێ رەنگە هەر بەمەیش چارەنووسی گەلێک کەسی تری وەک پرشنگ بگۆڕین. نا، ناتوانم بەمە رازی بم. دەڵێ بۆ نا، ئەی ئەوە نیە لە پاش کوشتنی بەسەر تەرمەکەیدا گریای؟ راستدەکا گریام، بەڵام گریانەکە... گریانەکە، چۆن چۆنیی شیبکەمەوە کە تەنیا بۆ مەرگی ئەو نەبوو، گریانەکە بۆ زۆر شت بوو، هەر لەو

شەوەوە دایکم و باوکم بە گوێدرێژەکەوە لە خۆشناوەتییەوە بەڕێ کەوتن، هەتا خانووی ناو دەشتەکە و تەنیاییەکانی خۆمان و تا دەگاتە زۆر شتی تریش، تەنانەت بێزادیش، بێزادێک کە ئیستاکە زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستم پێیەتی. لەگەڵ ئەوەی قەت نەچوومە سەر بیروباوەڕی. لەبەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگە من زیاتر دڵم بدایە قسەکان و کتێبەکانی. ئەو لە شتێک هەڵدەهات کە ئێمە زۆر درەنگ پێمان زانی! بەڵام کاکی نووسەر زەینی لەسەر بێزاد نیە. لای ئەو، ئەو تازە چووە بۆ دەرەوە و ئیتر فڕی بەسەر ڕووداوەکانەوە نەماوە. فڕی بەسەر نیشتمانەوە نەماوە. دەڵێ لێیگەڕێ با بە یەک لاق و بە تیکەیەکی ترسناک وا لەسەریدایە ژیانی خۆ بگوزەرێنێ! کارمان پێی نەماوە!... ئەوسا بەحاڵ چارشێوەکە لەسەر روخساری پرشنگ لادەدا و لێی دەڕوانێ. پرشنگ لەگەڵ ئەوەی خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، کەچی روخساری هەروا سوور و سپییە و بگرە جەستەیشی گەرمە. هەستدەکەم جاروبارە بە ئاستەمیش دەجووڵێ. وەک بڵێی نایەوێ باوەڕ بە مەرگی خۆی بکا. کاکی نووسەر هەڵدەستێتەوە و دەچێتەوە پشت مێزەکەی. جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێ و مژێکی قووڵی لێدەدات. ژوورەکە هەتا دێت تاریکتر دەبێ و بە چرەدووکەڵەکەی ئەویش ئەوەندەی تر تاریکتر. لە جیاتی گڵۆپی سەقفەکە، چرای سەر مێزەکەی هەڵدەکا کە ملی بە سەر رووبەری مێزەکە و کاغەز و قەڵەمەکەی سەریدا شۆڕکردووەتەوە. دەڵێم دەکرێ شتەکان بۆ دوواوە بگێڕینەوە؟ دەڵێ ئەی بۆ نا. دەڵێم کەواتە حەزدەکەم هەر لە سەرەتاوە شتەکان بگۆڕین، هەر لەو کاتەوە توتمە دەبێ بە سەرەتای رێگا. دەڵێ یەکجار وایش نا، ئیتر ئەوە یەکجار دوورە، ئێمە دەتوانین هەندێ لە رووداوەکان بە بارێکی تردا بخەین بەڵام نەک هەموویان. بەتایبەت ئەمەی ئاخریان. دەڵێ هیچ شتێک وەک سەفەر نیە. من دیسان بێدەنگ دەبمەوە. دەڵێم ناکرێ من قۆلم گۆج نەبێ و ئیتر ئەوەندە لەحاست پرشنگدا هەست

بە کەمی نەکەم،... هەست بە شەرم نەکەم؟... دەڵێم نەدەکرا دایکی پرشنگ خەیاڵی بە لای تردا نەڕۆیشتایە، نەدەکرا فەقێ بەو چەقۆیەی ئەو ڕۆژە من بۆم بردەوە ژنەکەی نەکوشتایە؟ هەستدەکەم هەمووی ئەمانە پێکەوە گرێدراون. وەڵام ناداتەوە. کتوپڕ دەگەمە ئەو بیرە کە لە ژیاندا بۆ ئەوەی کارەسات روونەدا دەبێ لایەنێک بەتەحەمول بێت، لایەنێک هەمیشە دیان بە خۆیدا بگرێ و بکشێتەوە، تەنانەت بە قیمەتی خۆیشی. هەرچەندە هەست بە شکاوی و داڕمان بکات گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە بزانێ کە لەمەیش شتی خراپتر هەیە و دەکرێ ڕووبدات. هەندێ کەس دەبێ بەردی ناو خەندەق بن، بەردی بنی بنەوە، لەو ژێرژێرانەوە، لەو بەردانەی وا هەموو خانووەکە لەسەر ئەوان ڕاوەستاوە، بێدەنگ و نوقمی تاریکی. قوڵپێک خۆی دەگەیەنێتە قوڕگم. ماسییە گچکەکەم بیردەکەوێتەوە. ژیانێک پڕ لە غەریبایەتی لە دەریایەکی بێ سنوور و بێ بندا. داخۆ ئێمە هەموومان بەرەو وەها شوێنێک ناڕۆین؟ داخۆ هەر ئەمە نەبوو دایکم و باوکمی جووڵاند، ئەگەرچی ناوی ئەشقی لەسەر خۆی نابوو؟

دەمەوێ بڵێم بەقەدەر ماجوومییەکانم دڵم پێی خۆش بوو.، بەڵام هیچ ناڵێم. ئەوسا ئەو ڕۆژانەم دێنەوە یاد کە دەهات و لە ماجوومی دروستکردن یارمەتی دەدام. لەسەر کەشەفەکە بە وردی دایدەنان و هەموو ئێوارەیەکیش جوان جوان پەڕۆکەی سەرسەریانی دەشۆرد. قەت بە شۆردنی من ڕازی نەبوو. ئەوسا نیگاکانیم دێنەوە بیر کە قەت بە جۆرێک سەیری هیچ پیاوێکی تریان نەکرد. وەک بڵێی کاکی نووسەر ئاگای لەم خەیاڵانەی من بێت، ڕێک لەناو چاوانم دەڕوانێ و دەڵێ دەکرێ بە جۆرێکی تریشی لێبکەین، بۆ وێنە تێر و پڕی لێدەدەی، یاخود تەڵاقی دەدەی،... ها... پێت چۆنە؟ دوواتریش دەتوانی بیهێنیتەوە، یان... یان.... . نا، من قەت نەمدەتوانی دەستی لێ هەڵبێنم. من قەت نەمدەتوانی تەسەوری ئەوە بکەم لە پرشنگ

بدەم. جەستەی ئەو هی لێدان نەبوو؛... بەڵام تەڵاق،... ئا دەکرا تەڵاقی بدەم. دەڵێم ئەی رەحیمی میکانیکم چی لێبکردایە، ها... خۆ دەستبەجێ دەیکوشت! لێرەدا هەوڵدەدەم قسەکەم بخۆمەوە، بەڵام تازە درەنگە. سەرم دادەخەم. کتوپڕ دەستدەکەم بە گریان. هەنسک دەدەم و دەڵێم بێکەس بوو، کەسی نەبوو، تەنانەت باوکیشی کاتێک لە زیندان هاتەدەر قەت لێی نەپرسییەوە. هۆڕەهۆڕ دەگریم. بەڵام کاکی نووسەر دەست بە سمێڵە زلەکانیدا دێنێ و وردورد لێم دەڕوانێ. بە چاوە ورد و ساردەکانییەوە. وەک بڵێی دەیەوێ شتێکی تازە بدۆزێتەوە. ئەویش لە منێکدا کە لەم تەمەنەمدا تازە هەموو ژیانم ژیابووم. هەڵدەستێتەوە و دەڵێ کەواتە هیچ چارەیەکمان نیە و دەبێ چیرۆکەکە بەم شێوەیەی ئیستا تەواوبکەین، بە جەستەیەکی خوێناوی کە دەمەونخون لەسەر زەوی کەوتووە و بە مێردێکەوە کە بەسەر سەریا دەگری، لە کاتێکدا خانووە دووقات و گەورەکەی بەکری زێڕنگەر هەر ئاگای لێ نیە. لام وابێ دەبێ تا بەیانیش لە لای تەرمەکە بمێنیتەوە. ماندوو دەبی و خەویشت لێدەکەوێ. بەڵام ئیتر ئەم بەشەی نانووسینەوە. ها دەڵێی چی؟

هەستدەکەم نووسەران بەپێچەوانەی ناوەکەیان و بەپێچەوانەی هەموو ئەو شتە بەرواڵەت ئینسانیانەی وا باسی لێدەکەن، بێ رەحمترین بوونەوەرەکانی ناو جیهانن. تەنانەت بێ رەحمتر لە دڕندەکانی ناو جەنگەڵ کە تەنیا بۆ مانەوەی خۆیان هەڵدەدڕن و دەکوژن، بگرە بێ رەحمتر لە من کە توانیبووی خۆشەویستترین و نزیکترین کەسی خۆی لە ئێوارەیەکی ژیاندا بکوژێ. رقم لە خۆمە کە رووم لێرە کردووە. ئەسڵەن چ پێویست بوو من ژیانی خۆم بنووسمەوە! منیش وەک هەموو خەڵکی تر. بگرە ژیان هەیە زۆر لەمەی من سەرنجڕاکێشتر. کەچی کەسیش باسی ناکا. کتوپڕ هەستدەکەم بابایەکی لەخۆڕازیم. جا ئەم لە خۆ رازیبوونەم لە کوێوە هێنابوو، نازانم. رەنگە لە باوکمەوە. ئەو باوکەی وا ئەوەندە لە خۆڕازی بوو کە

ئامادە نەبوو شکستی خۆی لە ئەشقدا قبوول بکا، دەست بە سەر ماڵ و منداڵی خۆیەوە بگرێ و خۆی پەڕیوەی هەندەران نەکا. لەمەیش خراپتر لەوێیش منداڵێک دروستبکا گۆج. یان رەنگە لە بێزادەوە فێرببووم کە لای وابوو دونیا دەبێ بە باری بیری ئەودا بکەوێ. هیچیان لە راستیدا رۆژێک لە رۆژان بیریان لەوە نەکردەوە کە رەنگە هەڵە بن. کێ چووزانێ! ئەوان تا سەر رێگاکەیان بڕی. بە چ قیمەتێکیش، رەنگە خۆشیان نەزانن. رەنگە رۆژێک لە رۆژانیش پەشیمان بووبێتنەوە و بەڵام کەس پێیانی نەزانیبێ. ئێمە قەت باسی پەشیمانییەکانی خۆمان ناکەین، بەتایبەت کاتێک هێشتا لەگەڵیان دەژین و مانا بە ژیانمان دەبەخشن.

دەڵیم، نازانم،... نازانم چی بکەم،... تۆ بۆ خۆت چارەسەرێکی بۆ بدۆزەوە، بە لایەکی تریدا بخە!

ژوورەکە بێدەنگە. لە ژێر چاوەوە سەیری خوێنەکە دەکەم. ئەو خوێنەی وا هەر هی پرشنگ نیە. من چەندە گێلم،... من چ پیاوکوژێکی بێ بەزەییم! من دەتوانم بێتاوانەکانیش بەتاوانی تاوانباران بکوژم. بەڵام داخۆ بوونی بێتاوانێک لە ناو سکی تاوانبارێک بە مانای بێتاوان بوونی تاوانبارەکەیش نیە؟ سەرم دێشێ. هەموو شتێک لەبەر چاومدا سووڕدەخوا و سووڕدەخوا. بێکۆتا. ئەوسا ژیانی داهاتووم دێتەبەرچاو. من و پرشنگ و منداڵەکەمان، لە دەشتەکەدا. لە پیاسەیەکدا پێکەوە بەرەو چەمی گەورە و چەمی زری زێن. هەتاو لە پشت بابۆسەوە هاتووەتەدەرەوە و دونیا رۆژێکی بەهاریی ئەوەندە جوان و گەش و رەنگینە نەبێتەوە. منداڵەکەمان لە پێشمانەوە رادەکا و گووڵ دەچنێتەوە و دەنگی زوڵاڵی پێکەنینی بە دەرو دەشتدا بڵاودەبێتەوە. پرشنگ هەموو ئازای ئەندامی پێدەکەنێ و منیش بە شوێن گووڵێکی وەهادا دەگەڕێم شیاوی پێشکەشکردنی بێت. بەدەستە راستەکەم دەیچنم. ئێمە چەند ئاسان دەمانتوانی بەختەوەربین، چەندە ئاسان دەمانتوانی کۆتایی بە رابردوو بێنین،

رۆحی خۆشناوەتی لێرە درێژە پێبدەین و خاڵی کۆتاییش لەسەر کارەساتەکەی کۆڵانەکەی تەنیشت دووکانی ئاسنگەرییەکە دابنێین. هەتاو پێدەکەنێ و دەڵێ دەتتوانی،... دەتانتوانی.

چەند حەزدەکەم لەدەرەوە بارانێکی بەخوڕ داکا. لەو بارانانەی وا جۆگە هەڵدەبەستێ و بە کۆڵاناندا خوڕخوڕ دادەگەڕێ. بارانێک جەستە بشواتەوە و جێ هەنگاوەکان بۆ هەمیشە بسڕێتەوە. ویزەویزی مێشێکی زل کە بەسەر پەنجەرەکەوە تەراتێنیەتی، رشتەی خەیاڵاتم دەپچڕێنێ. لە کاکی نووسەر دەڕوانمەوە. نازانم وەک هەموو بوونەوەرەکانی تری ناو ژیان رقم لێی بێت یان نا. بەڕاستی ئێمە هەڵگری چین؟... بۆ دەژین و بۆ دەمانەوێ بژین؟ داخۆ هەموو شتێک سەلمێندراوێکی ئەزەلییە یاخود عادەتێکی قێزەون؟

ئەو چاوەڕوانی وەڵامە و من وەڵامم پێ نیە. یان پێمە و حەزناکەم جواب بدەمەوە. ئیستایە تێدەگەم کە بۆ ژیانکردن مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە پرسیار و بە وەڵام نیە. زۆر جار ژیان دەبێ وەک خۆی وەربگرین، بە هەموو دیوە روون و ناڕوونەکانییەوە، بە هەموو بەخت و نەهامەتییەکانییەوە، جا با بەشی هەندێ کەس زیاتر نەهامەتییەکانیش بێت. گرینگ ئەوەیە چۆنیان لەگەڵ هەڵدەکەی. گرینگ ئەوەیە ژیانت لێ ون نەبێت.

هەڵدەستمە سەرپێ. کتوپڕ هەست بە هێزێکی سەیر لەخۆمدا دەکەم. وەک ئەو کاتانەی لە دەشتەکەدا دەگەڕام و سروشتم تاقی دەکردەوە، ئەو کاتانەی وا هەموو شتێک دەبووە هۆی سەرسووڕمانم. سەیرم دەکا. دەزانم دەروونم دەخوێنێتەوە. ئاخر ئەو دەبێ ئەم دوواڕستانەیش بنووسێ و، سەری کتێبەکە بنێتەوە. ئەو وەک هەموو کەسێکی تر زیاتر بە کتێبەکەیەوە خەریکە هەتا من و پرشنگ و منداڵەکەم و هەموو ئەوانەی تر وا دەژیان، وا بەردەوام دەژین یاخود دەیانەوێ بژینەوە.

بڕیاردەدەم بڕۆم، بە بێ درکاندنی یەک تاقە وشەی تر. من لە گێڕانەوەکان پەشیمانم. ئیستایە دەزانم هیچ شتێک لەم ژیانەدا شیاوی گێڕانەوە نیە ئەوەندەی شیاوی ژیانکردنە. رەنگە گەر من ئەم چیرۆکەم نەگێڕایەوە ئەوا بەلایەکی تردا بکەوتایە، ئەوەیکە من و پرشنگ ئیستایش هەر بەردەوام دەبووین.

چاودەگێڕم ئەگەر شتێکم پێ بووە لەگەڵ خۆم هەڵیگرم و لە بیرم نەچێ، بەڵام هیچم پێ نەبووە. لادەکەمەوە و دەمەوێ بۆ دوواجار سەیری پرشنگ بکەم. کاکی نووسەر خەریکی نووسینە. پەلەیەتی. خێراخێرا وشەکان و رستەکان بە شوێن یەکتردا دەکشێن و دەخشێن. چەند شێتە! ناکەوێتەوە. لەعنەتت لێ بێت! نەفرەت لە رەچەڵەکت!

بە سەرسوورمانەوە دەبینم پرشنگ لەوێ نیە،... لەوێ نەماوە، نە جەستەی و نە خوێنەکەی و نە چارشێوە گوولگوولیەکەی. هەنگاوێک دەچمە پێشەوە. نا، چاوەکانم هەڵەناکەن. ئەوسا لە ناو کۆلان لە پشت پەنجەرە تەماوییەکەوە کەسێک دەبینم، کەسێک بە چارشێوێکی گوولگوولی کە لە من دەڕوانێ و دەستم بۆ رادەوەشێنێ. لە پەنجەرەکە نزیک دەکەومەوە، بە دەست تەمی سەر شووشەکە دەڕەوێنمەوە. تەوێلمی پێوە دەنێم و ورددەبمەوە.

ئا،... پرشنگە،... خۆیەتی! بە سکەکەیەوە. بە روخسارە هەمیشە جوانەکەیەوە. بەو بزەوە کە وەک هەتاوەکەی بەیانیانی شاری بانە کێوەکانی دەورووبەرت وەها لێ رووندەکاتەوە کە دەڵێی لە تەنیشتتدان. دەگەشێمەوە. دەستێک رادەوەشێنم. دەستە چەپەکەمە. بزەیەک روخسارم دەکشێنێ.

ـ پرشنگ راوەستە،... راوەستە ئەوا هاتم!

بەپەلە دەچمەوە دەرەوە. کاکی نووسەر هەر خەریکی نووسینە.

من ژانی قۆلە گۆجەکەم نامێنێ و بێ ئەوەی شەرم بکەم هەر بەو قۆلەم دەستی پرشنگ دەخەمە دەستی خۆمەوە. دەستە نەرم و سپی و گەرمەکەی دەڵێم. بەگۆشەی چاو لێم دەڕوانێ. چاوەکانیشی پێدەکەنن. ئاە من چەندە بەختەوەرم. دەڵێم ئیتر ئەو ئێوارەیە قەت دووپات نابێتەوە،... قەت قەت! دەڵێم خۆیشم بەلامەوە سەیربوو وامکرد. دەڵێم دەزانی ئەو دوادیمەنە هەڵە بوو و من وام نەکرد! ئەو چاوەکانی هەر خەریکی پێکەنینن. دەڵێ وازبێنە، ژیان کورتترە لە ئارەزووەکانمان. من بە دەم فرمێسکەکانمەوە دیسان پێدەکەنمەوە. من و پرشنگ لەو سەری کۆڵانەکە وندەبین.

کاکی نووسەر دێتە بەر پەنجەرەکە. دووای ئەوەی لە دواهەنگاوەکانی ئێمە دەروانێ، لادەکاتەوە و سەیری پرشنگ دەکاتەوە کە هەروا لە سەر عەرزەکە راکشاوە. لە دەرەوە دونیا تەواو تاریک بووە. کەس ئیتر لێرەوە، لەم کۆڵانەوە تێناپەڕێ بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکێکی تری لێ سازبکا. دڵنیایشە ئیتر من ناگەڕێمەوە. بەڵام داخۆ جارێکە بەسی نیە؟ چاری نیە. گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە، دەرگاکە پێوەدەدا و دەچێ بۆ ژووری دانیشتنەکە؛... نا، بۆ ژووری نووستن. یەکجار ماندووە.

چرکەی سەعاتی ژووری نووسینەکە دێنەوە گوێ. ژوورەکە لە تێپەڕینی کات پڕدەکەنەوە.

تەواو

٨ی مانگی نۆی ٢٠٢٠